# گەوهەری

یا

گۆرانی یەکانی حەسەن زیرەک

ئامادەکردن و نووسینی

عثمان شارباژێری

| صفحه | فهرست مطالب | عنوان |
| --- | --- | --- |

# کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی

## عثمان شاربازیری

### پێشکەش

* بە هونەرمەندی ڕەسەنی گۆرانیو مۆسیقای کوردی •
* بە ( پەیمانو سامانو چۆمانو دیلمانو ڤیانو ژوان ) •••
بە کۆرپەلەو جگەر گوشەکانم •

* کاری تاکە کەسیو تەنایيو سەروسۆراغ کردنو گەڕان بەدوای گۆرانیيدا لەسەر بەکرەو کاسێتو نەبوونی سەرچاوەو چاپەمەنی لەو بوارەدا ، بێگومانم کە ( کردوکۆشـی ) وا بێ کەمو کەسەر نابێ •

* لەو باوەڕەدام کە ئەمە هەمـوو گۆرانیەکانـی ( حەسەن زیرەك ) نین بەڵام باوەڕم هەیە کە بەشێکـی گـرنگو باشی گۆرانیەکانی خوالێ خۆشبوون ، لـە پاشەڕۆژیشدا چـی گۆرانیەکی کۆنەکراوەی ( حەسەن زیرەك )م چنگ کـەوت بە چاپی ئەگەیەنم •

# له «نووك»ەوە
# به پێنووسی «عثمان شارباژێری»
# «حەسەن زیرەك»

● حەسەن زیرەك، مامۆستایەكی هەڵكەوتەو و(1) قوتابخانەیەكی پێشكەوتوو بوو، كەللەی پڕی ئاوازی «فۆلكلۆری»و ناخی لێوڕێژی گۆرانیی میللی بوو ... زۆر ئاوازی نوێو ئاوازی نایە ناو گەنجینەی گۆرانیی كوردییەوە، لە قوتابخانەی «زیرەك»دا گەلێ كەس پێگەیشتوونو خزمەتیان بە هونەری گۆرانیی كوردی كردووە، زۆری تریشی تێدا پێئەگەن .

## بەسنەی حەسەن ڕەسەنە

● حەسەن زیرەك، دەنگی دلێری ڕەسەنی بەستەی كوردییە، هونەری ڕاستەقینەی ئاوازی نەتەوایەتیو خۆماڵی لە دوو توێی بەرگی تۆماركراوی ئەو گۆیندەیەدا پارێزراوە .

## حەسەنو فۆلكلۆر

● حەسەن زیرەك، زۆر بەستەی فۆلكلۆری كوردی لە تەفرو توونابوون، دەرباز كردووە، بەشێوەیەكی جوان تۆماری كردوون، هەندێكیان هەر بەهەمان هۆنراوەی فۆلكلۆرییەكە، چۆن ووتراوە وا ووتوویەتییەوەو لە هەندێكیانیشدا ناچار بووە كە خۆی هۆنراوەی بۆداناون، و زۆر لەو بەستانەی بەسادە نەهێشتووەتەوە، تامو چێژو ڕەنگو ڕوویەكی نوێی تری داونەتێ، هەروەها گۆرانیی زۆر هونەرمەندانی تری ووتووەتەوە، بەلام لەسەر شێوازو ڕێبازی قوڕگو دەنگی خۆی .

(1) مامۆستا : مەبەست لە «معلم» نییە، حەسەن نەخوێندەوار بووە .

## « بەستەکانی خۆماڵین »

❀ گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك زۆربەی زۆریان شەقڵو شێوەی کۆمەڵی کوردەواریو هونەری گۆرانیی ڕەسەنو ( زادەبووم)ی مەڵبەندی کوردی پێوە دیارە .

## گۆرانیی کوردی خوشەویست کرد

❀ حەسەن زیرەك ، سیمایەکی دلڕفێنو ئیقاعێکی هەستبزوێن ، بەزمێکی خەمڕەوێنی دا بە گۆرانیی کوردی ، لە کپوکزی گۆرانیی گۆڕی ..و بەرگێکی ساکارو دڵکێشیبەبەردا کرد .. وەك پەری ناوچیا ، یان بووکێکی شەنگی دێ نشین .. گوێگری کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو .. بەڵکوو گۆرانیی کوردی سەبارەت بە ئاوازەکانی (حەسەن زیرەك) .. نازو ڕێزی سەر لەنوێ پێدرایەوەو لای خەڵکی کورد گۆرانیی پتر خۆشەویستو کاریگەرتر بوو .

## زوربەی زوری کورد حەزلە گورانییەکانی ئەکەن

❀ گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك ، خوێندەوارو نەخوێندەوار ، پالەو جوتیار ، ڕۆشنبیرو کاسبکار ، دەولەمەندو هەژار ... پیرو هەرزەکار ، لایان خۆشەو بەگوێی دڵو دەروونی زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاشناو دۆستو خۆشەویستە ، ئاوازەکانی زیندوونو نایێژڕێن .

## «گۆرانیی حەسەنو گۆرانیی فۆلکلۆری

❀ گۆرانییەکانی ـ زیرەك ـ کە ( هۆنراوەو هەوا ) کلنیشیان [illegible] هی خۆیەتی ، تامی گۆرانیی فۆلکلۆری ئەدەن سەبارەت بەوەی : « کەتەڕو پاراون » ، ساوانو پیربوونیان بۆنییەو لەبیرناچنەوە گوێگری کورد حەز بە بیستنیان ئەکاتو ، زۆر کەس ئەوەندە گۆرانییەکانیان بەدڵە، کە بەسەر زارو زمانیانەوەیەو ئەیانڵێنەوە .

هەروەها بەستەکانی کۆن نابن‌و (مۆدە)یان بەسەر ناچێ ، کە ئەم دیاردەیە تەنیا لە گۆرانیی فۆلکلۆری‌دا هەیەو هەموو کەسێك بەگۆرانیی خۆی ئەزانێ ، گۆرانی‌یەکانی ( زیرەك )یش ئەوەندە قووڵ ڕەگیان لە ناخی دڵ‌و دەروونی زۆربەی خەڵك‌دا داکوتاوە لەبەر ئەم هۆیەشە کە لە گۆرانیی فۆلکلوری جیا ناکرێنەوە ..

## « بلیمەت بوو »

✻ حەسەن زیرەك ،بلیمەت بوو ، چونکە بەو نەخوێندەواری‌یەی خۆیەوە ، لەسەر ( هۆنراوە ) دانەئەما بۆ بەستەکانی ئەوەندەش دەستەوستان نەبوو کە تەنیا چاوی لە هۆنراوەی فۆلکلۆری بووبێ ، بەڵکوو خۆی هۆنراوەی داناوە ، کە زادەی بیرێکی ژیرو هەستێکی پڕ جۆشی عەشق‌و شەیدای ئافرەت‌و جوانی‌و دەروونێکی پڕی سۆزو سکاڵا هۆنراوەکانی زۆریان شایانی لێکۆڵینەوەن‌و یەکجار ناسك‌و جوان‌و پڕواتەن ، هەرچەند کەمێ لە هەڵبەستەکانی سەرپێ‌یی ووتراون‌و کز ئەنوێنن ، بەڵام ئەمە لەپلەی بەهرەمەندی حەسەن کەم ناکەنەوە ، چونکە چی بەدەمدا هاتبێ تۆماری کردووە ، هەر بیروهەست‌و دەماغی زیرەك بووە کەوا (تەڕدەست‌و ناکاو ) هەواو هۆنراوە دابنێ‌و ئاوا کەم هەڵەو کەم‌لەکەبێ .

## « هونەرمەندەکان‌و تیپە موسیقا کوردی‌یەکان »

✻ ووتم حەسەن زیرەك مامۆستاو قوتابخانەیە جا لەژێر دەستی مامۆستا قوتابی پێ‌دەگات لەقوتابخانەدا ، بەسەدان قوتابی‌یان دەردەچن‌و پێ‌دەگەن.
جا لەسەر قوتابی‌یەکانی ـ حەسەن زیرەك ـو ئەو هونەرمەندانەی حەز بە ووتنی گۆرانیی ئەو ئەکەن ... هەروەها تیپە هونەری‌یە کوردی‌یەکان .. کە گۆرانیی ـ حەسەن زیرەك ـ تۆمار ئەکەن ، لێرەدا مەبەستم لە گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی نی یە ، چونکە گۆرانیی فۆلکلۆری ماڵی میللەتەو هی هەموو کەسێکی گەلە هەموو گۆرانی‌بێژێك ئەتوانێ بەدەنگی خۆی تۆماری بکات‌و ڕەوای هەیە ..

من لێرەدا تەنیا مەبەستم ئەوەیە کـە ( حەسەن زیـــرەك ) زۆر لــە بەستەکانی هۆنراوەی خۆیو ئاوازی خۆیەتی ، لە کاتێکدا ئەو بەستەیەی تۆماری ئەکەن ئەگەر ( هۆنراوەکە ) یان ( هەواکە ) هی ــ زیرەك ــ بوو ، یان هەر دووکیان، کارێکی مەزنو بارێکی هونەرییانـە کـە لـەسەر ( تایتل )ی تەلەفزیۆن یان لەسەر پاکەتی شریتەکە ناوی حەسەن زیـرەك بنووسن •

چونکە موخابینە کە کارێکی هونەری دانراوو خاوەن زانـــراوو بە تایبەتی هی حەسەن زیرەك بکرێ •• بە ( فۆلکلۆر ) •

چونکە ــ فۆلکلۆر ــ بەرهەمێکی کەلەپوورە کە لە باوو باپیرانمانەوە بۆمان جێماوەو نازانرێ هی کێیەو بێخاوەنە •• بۆ نموونە بەستەکـانی ( خاڵەی ڕێبوار، خۆم قوربانی سوخمەی کۆنی ، بۆنی هـەڵاڵان دێ •• نەشمیل نەشمیل ، دیدەم زارا ، کاروانە ، گەلێکی تر •• ئەمانە •• نازانرێ کێ ئاوازەکانی داناون بوون بەماڵی گەل •• بەڵام زۆربەی بەستەکـانی حەسەن زیرەك گۆرانیی میللی دانراوانو شوێن پەنجەو مۆری قـوڕگی ــ حەسەن ــ یان پێوەیەو هی خۆیەتیو هی کەسێکی نەزانراو نـییە ، جا هیوام هەیە کە هەر کەسێك یان هەر تیپێك بەرهەمی خودی ــ حەسەن ــ یان تۆمار کرد ، مافی پێشێل نەکەن چونکە دەستپاکـیو پـیرۆزی •• لە هونەردا نیشانەی مەزنیو بەرزی هونەرمەندەکە دەردەخات •

## «بلیمەتی حەسەن»

● حەسەن بلیمەتە :

لە (عەرەب)دا دەنگێکی ئاوازو گۆینەیەکی قورگ سازو مەزن کە ئەویش ( ام کلثوم)ە کۆچی دوایی کرد کە تا دنیا دنیایە ئەو ئەستێرە ڕژاوە[1] هەڵنایەتەوەو ئەو هونەرمەندە هەڵناکەوێتەوە .

ئەم هونەرمەندە خوێندەوار بوو ، پارەدار بوو ، نازدار بوو ، دەسەڵاتدار بوو .

شاعیری گەورەی وەك (ئەحمەد ڕامی) و دەیانی هاوشانی ئەو هۆنراوەیان بۆ دائەناو بەدڵی خۆی لێی هەڵئەبژارد ..

مۆسیقارو ئاواززانی وەکو ( ریاض السنباطی )و (بلیغ حمدی )و ( عبدالوهاب )ئاوازیان بۆ دائەناو ( کلثوم )ی هونەرمەند بە ئارەزووی خۆی‌و بەپێی قورگ‌و چینەکانی دەنگی ئاوازەکەی هەڵئەبژارد .

ــ تیپێکی مۆسیقای بەتواناو شارەزا کە لەمەڕ خۆی بوو ، بە شانازی‌و شکۆوە پێشوازیان ئەکردو گۆرانییەکەیان بۆ ئەڕازانەوە ، لەپاش چەند مانگ ( پرۆڤە )و خولەگەلکدا خەریك‌کردن ..

ئەمجا لە چ ( کات‌و دەم‌و ناوێکدا ) کە خۆی لە بارێکی دەروونی بێگەردو دڵێکی خۆش‌و لەشێکی ساغ‌و کەشێکی سازدا بوایە ... گۆرانییەکەی تۆمار ئەکرد ....

تەنیا ( قورگ ) لەسەر ( کەلثوم ) بوو ...

(هەوا) ( هۆنراوە ) (دابەش‌کردنی مۆسیقا) ( کات دانین‌کردن ) (تۆمارکردن) ... هەمووی لە ئەستۆی کەسانی تر بوون .. بۆی ئامادە ئەکران ..

● بەڵام زیرەکە بلیمەتەکەی لەمەڕ خۆمان کە بەکەسەری گۆرانییەوە، سەری نایەوە ::

نەك لە (کلثوم) یێك بەڵکوو لە سەدان ( کلثوم ) لە دەرباری کۆمەڵی کوردەواری‌مان ئەبێ بە مەزنتری بزانین !!

---

(١) ڕژاو ــ کشاو .

چونکه .. کابرایەکی سادە .. نەخوێندەوار ، زادەی مەبەندێکی دوور لە مۆسیقاو شارستانێتی .

ـ دوور لە قوتابخانەو مامۆستا .. کەسێکی بێکەس و هەتیو ، دوور لە باوەشی دایك و باوك ... ئاوارەو وێڵ و سەرەڕۆ .. هەژارو بێ‌لانەو بێ‌دەرەتان ..

ـ لەکاتێکدا .. خۆی بەستەکانی دائەنا ،

ـ چ (هەواکەی) چ (هۆنراوەکانی) ..

ـ ئەگەرا بەدوای شوێنێکدا لێ‌ی تۆماربکا .

ـ بە پارەیەکی کەم و بگرە بەخۆڕایی

ـ نەخوێندەوار ،

ـ لە داخی ڕۆژگار .. خەفەتبار .. ومەست و خومار ..

## «نائومێدی»

– لە تافی لاوی‌دا چووە بۆ ئێستگەی تەوریز بیێ بە ( ئاوازەخـوان : گۆرانی‌بێژ ) وەرنەگیراوە .. لەسەرەتاوە سەرشکێن‌و دڵتەزێن‌و عەزم ڕوخێن کراوە .

## «کارەساتێکی سەمەرە»

– ساڵی ١٩٦٦ کە هاتووەتەوە عێراق لە بەغدا چووەتە ئێستگەی کوردی ( لیژنەی فحص )ی گۆرانی ، داوایان لێ‌کردەوە سەرلەنـوێ داوا پێشکەش بکا وەکوو گۆرانی‌بێژێ وەربگیرێ .. پاش ئـەوەی نزیکەی سەدان گۆرانی‌ی تۆمارکراوی هەبوو تازە بەتازە .. وەکوو ( یاری مارو پەیژە ) ..

( لەسەرەوە ) گەیاندوویانەتەوە لای کلکی مارەکـە .. جـا وەرە « سەری ڕەش لەم بەزمەی پێیان کردووە سپی نەبێ » ..

بەڵێ ( لیژنەی فحص ) بڕیار ئەدەن .. دەنگی باش نی‌یە (عیر صالح)! هیچی بۆ تۆمار ناکەن !

– زیرەك لەگەڵ هەموو ئەم کۆسپو کەسەرانەدا کۆڵـی نەداوە ... کە ئەمە نموونەی (بلیمەتی)یە .

(*) دلی ئەو هونەرمەندە ڕەسەنە لانکەیەك بوو کە سەدەها کۆرپەی جوانکیلەی ئاوازی تێدا راژێنراوەو تێ‌یدا پێ‌گەیەنراوە .

بە هەستێکی سپی خۆی هەموویانی گۆش کردووە ، گەرمـی‌و ساردی‌و شەونخوونی‌و برسێتی لەگەڵدا دیوون‌و تووشی بوون .

بەڵام لە (درووستکردن) و (راهێنان) و (پێگەیاندن) وەڕز نەبـووە تا ئەو دەمەی دڵی گوڕی هەبوو ..

---

(*) ئەم کارەساتە دڵتەزێنە برایان – احمدی شێخالی –و – قادر احمد – بۆیان گێرامەوەو ئاگاداربوون .

# حەسەن و « خواردنەوە »و « ئافرەت »

❁ حەسەن مەستو مەینۆش بـوو ، حـەسـەن ئافرەتویـسـت بوو ، شەیداو سەرەرۆ بوو ( بەزماوەر )و ( کۆڕ گـەرمکەر )و ( قسـە نەستەق)و ( خۆشڕوو) و( خۆشدوو ) بوو .. حەسەن ( شادی ) بـوو (ڕووناکی بـوو) ..

مەی .. زادی دڵو مێشکـی حەسەن بوو ئارامو ئۆقرەیان ئەدا بـە دڵی سەرکێشو شکستی ، هێزی ئەدا بە لەشی کفتـی کلۆلی (مەی) مامان بوو ، کۆرپەی جوانیی لە گەرووی سازوسافی حەسەن دەرئەهێنا ... زیانی بۆ خۆیو کەلکی بۆ خەڵکی بوو .

بەڵێ کە خودا لێخۆشبوو لە ژیاندا بوو ، کەمکەس دانی خێریـان پێدا ئەنا ... بەڵکو ئیشانەی تیری تەشەرو توانجی گەمژەو مێشـک بووتەکان بوو ، تەنیا تاوانی حەسەن ئەوەبوو کـە ( هەمیشـە مەسـتو ئافرەت پەرست) بوو !.

تاوانی یەکەم کە مەستییە لەسەدا شەستی ئەو کۆمەڵەی ڕەخنەیـان لێدەگرت بەو مادەیەی (حەسەن) یان تاوانبار ئەکرد ، خۆیان بەو مـادەیە تاوانبـارن !!

خۆ ئەگەر بە تاوانی ( عیشق )و (ئافرەت پەرستی ) حوکمی ( حەسەن زیرەك )یان ئەدا ، ئەوا لەو کۆمەڵەی کە بەو مادەیە تاوانباریان ئەکـرد لەسەدا نەوەدو نۆ ٩٩٪ خۆیان بەر لە حەسەن تاوانبارتر بوون !!

لەسەدا نەوەدو نۆی ( پیاو ) وەك حەسەن ( ئافرەت ) یان خۆش دەوێو ئەیانەوێو ، بگرە ، زۆر زیاتریش ، وەك ئەڵێن ، هەموو دڕندەیـەك گۆشت خۆرەو گورگ بەدناوە » !.

ئەوەندەی ئادەمیزدا مەڕو بزن دەخوات بە پاپیرە گەورەی گەڵەو سەد پشتی تریشی ڕادەیان ناکەوێ بەهەزاران سالی تر بگەنە (ئادەمیزاد) !!

بەلام [illegible] ( نەگبەتە ) وبەس !

❁ زیرەك ( دەرکەوت ) ێك بوو ( هەڵکەوت) ێك بوو (ڕێکەوت) ێك بوو ، لە تافێکی تاریکی ئاوازی کوردیدا ، هەڵهاتو ڕۆشناییەکـی

پڕتەوو پڕتاوی خستە سەر زەمینەی گۆرانیی کوردی بەری چاوی زۆر کەسی کوردی ڕووناك کردەوەو بوو بە ڕێنوێنو ڕێ نیشاندەرێك لە کاروانی گۆرانیی کوردیدا ..

✽ حەسەن زیرەك : بەهێزترینو جوانترینو بە ئاهەنگترین گۆرانییەکانی لە ئێستگەی کرماشان تۆمارکردووە بەپشتیوانو یارمەتی هونەرمەندانی مۆسیقازانی ئەو ئێستگەیە .. بەڵام داخەکەم ـ حەسەن ـ خۆی وازی لەو ئێستگەیە هێناوە تا لەدەرەوە سەربەست کار بکات .. بەڵام بۆی نەلواوە .

✽ حەسەن زیرەك تا ئەمڕۆ ترۆپکی بەستەی کوردی گرتووە کەس نەگەیشتۆتە ئەو شوێنە،گۆرانییەکانی شەونمی خۆشەویستی پاکیان پێوەیەو بەرامەی گوڵاوی دلدارییەکی پیرۆزیان لێدێ ، .. قرچەی دلی عاشقێکی بەکام نەگەیشتوویان لێدێ .. بەستەکانی ئەژینو بیرچوونەوەیان بۆ نییە .

✽ بەستەکانی زیرەك لە نلخی ئاخی کوردستانو کوردەوە سەریان هەلداوە ، ڕیشەیان لەناو کۆمەڵدا داکوتاوە ، دلدارو دلبەرەکان ، لەبەرو ، دلتەڕەکان لە سێبەرو دەروون گەشەکان لە بەرامەی ئەو درەختە سەوزە پەلوپۆ بلاوە .. چێژ وەردەگرن .

«کیژان دەچنە مێر گۆڵان» وەك فلیمێکی سینەما دیمەنی ، گەورەکچو کیژۆلەی کرچو کالی دێنشینی کوردستانمان پیشان ئەدا کە چۆن بۆ ڕنینی (گژو گیای ) خواردنو خۆجوانکردن ئەچنە کۆسارو نسارو زارەکان .. کە ماندوو ئەبن عارەق لە ناوچەوانو لاملیان زەنگوڵ زەنگوڵ دێتە خوار پاژنەی کەوشان تەڕ دەکەن ..

بەلام چنینی( بێزا )و ( چنوور )و ( تێرگز ) و ( وەنەوشە )و کردنەوەی (کارگ)و (ڕێواس)و (شنگ)و (کاردو) ناهێلن هەست بە شەکەتی لەش بکەن ...

ـ زاوا لە بوکێ مەدە .. خووو خدەی نەریتی شاییو زەماوەندی

کوردانەمان یاد ئەخاتەوە ( بوکێ ) بە (پێ) یان بە (ســواری) ئەگاتە بەر ماڵی ( زاوا ) (قامیش) پیاکێشان .. (نوقڵ) و (مێــوژ) و ( پارە ) فڕێدان بەسەر بوکێدا ..

تێکدانی سەرو پێچی بووکو کەوتنە خوارەوەی تـــارای ئاڵ .. شێوەیەکی شەنگمان دێنێتە بەرچاو .

❋ هەروەها گۆرانیەکانی (چاوی جوانە لەیلا) (کاروانە) (بارانــە) ( هەوری لار ) (کلۆنجە ڕێڕێ) ( کۆڵوانە سوور ) ( هەوری لە کوڵ ) (چارۆکە هەولێری) یە (بەرهەڵبێنە) ( ناڵەشکێنە ) ( دەسمـــاڵ حەریر ) ( قاسپەی کەو ) (خەنەبەندان )و سەدانی تر .. مادەی ئەم گۆرانیانەی لە دیمەنی مەڵبەندی خۆیو لە جلوبەرگو جوانی ئافرەتـــی کورد .. ڕواڵەتە نازدارەکانی تری کوردەواری هەڵهێنجاوە ..

ئەو هەموو وێنەو دیمەنە دڵکێشانەی کردووە بە هەوێنی (هەواو) ( هۆنراوەکانی ) ، هەر بەستەیەکی زیرەك داینـاوە .. تابلۆیەکی ڕەنگینە وێنەی ( دێهاتو ئافرەتو خووخدەی کوردی تیا ئەنوێنێ ) .

❋ کەسێتی گۆرانیی کوردی لە بەستە ڕەسەنەکانـــی حەســەن زیرەکدا ئاشکراو دیارە ، ناسنامەیەکە لە جیهانی گۆرانـــیداو بوونـــی ئاوازی کوردی ئەسەلمێنێ .

❋ هیوام هەیە ڕۆژی مردنـــی حـــەسەن زیـــرەك کە ڕێکـــەوتی ١٩٧٢/٦/٢٦ بیستو شەشی حوزەیرانی هەموو ساڵێك بکـرێ بـــە (ڕۆژی مۆسیقاو گۆرانیی کوردی ) هەم بۆ یادکردنـــەوەی ئــەم هونەرمەندە (بەهێزو بە پێزو پرپیتو بەرهەمە )ی کورد .

# یادگارێك لەگەڵ حەسەن زیرەك

لە شەوێکی زستانی مانگی بەفرانباری سالی (١٩٥٧) دا لە شاری سلەیمانیو لە ماڵی کاك ـ کریم حاجی فەرەج ـ بۆ یەکەمجار بە دیدەنیو دیداری حەسەن زیرەك شادبووم ..

ـ لەو شەوەداو لەو شوێنەدا هەردوو ژنەکەی ( زیە )و ( ئامە )ی لەگەڵدا بوون .

ـ گۆرانیی بۆ وتین ، قسەی خۆشی بۆ کردین یادگاری ئەو شەوە لە (دڵ) و (مێشك)مدا زیندووە دەنگە خۆشە دڵگیرەکەی حەسەن لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە .

ـ حەسەن .. کە لەژیانیشدا بوو بە چاوێکی بەرزو پڕ ڕێزەوە سەیری خۆیو [illegible]ەکەیم ئەکرد بە گۆیندەیەکی بەهرەمەندو بلیمەتم ئەزانی .

بۆیە ( لە مردن ) یشیدا نامەوێ ، ناوی ، یادگارەکانی ، بەرهەمەکانی فەرامۆش بکەم .

بەڕاستی ئەڵێم لە ( مردن ) یدا زیندوو بووەوە .

بەستە بەجۆشو خۆشو پڕخرۆشەکانی پتر چوونە ناو دڵو دەروونی هەموو کوردێکی گۆرانی دۆستو هونەری رەسەن ویستو حەسەن ویستەوە .

ـ حەسەن لە ( مردن ) یدا ژیانی چاویدانی بە بالآی خۆیدا بڕیو سەرلەنوێ لە دایك بووەوە ، کە ئەمە نموونەی ئەوپەڕی بلیمەتی هونەرمەندی هەڵکەوتووو لێهاتووە .

ـ حەسەن زیرەك .. نەك زیرەك ، بەڵکو شارەزا بوو ... گۆیندەیەکی بەتوانا بوو .. لە وتندا .. زانا بوو .. لە مۆسیقاو ڕیتومدا بەئاگا بوو .. لە هۆنراوەدا .. خاوەن دەستێکی باڵا بوو ..

عثمان شارباژێری

# بەباڵابڕێك

ڕەهێلە ، لێزمە ..
بەفرو زۆپای دێ !.
دەمێ ئەستێرەی
شوانی تیا هەڵدێ
بەندەنی بەرزو نزارو کاوان
چیاو چەمو چۆڵ ...
چاوەو چەماوان
شلێر ، پەپوولە ،
قاقای کچی جوان
ملنک ئاوابوون‌و پەلە بۆ جێ ژوان .
شایی‌و شەوارە ...
ڕەشبەلەك‌و شـۆخ
ڕازو نازو گاز ...
مەکەو ئاخ‌و ئۆخ
لەرەی مەمکۆڵەی
توندی کراس‌دڕ ...
ملچی ئافرەتـی ..
جوانی‌ی جگەربڕ
لەنجەی باڵابەرز ،..
کچە بۆکانی ..
گۆزە لەسەر شان ...
لە ڕێگـای کانـی ...
قاسپەی کەو ..

لەسەر لوتکەی کێواندا ...
دەنگی شمشاڵی شوان
لە شێواندا ...
شەوی دێی خامۆش
تا کەڵەشێر خوێن ..
لەشی کفتی کار ...
نوقمی ناو نوێن
سۆزی ژێی گەرووی
گەرمی دەنگخۆشان
نوکتەی بەتامی
مزری مەینۆشان
قومی شەرابی ...
ئاڵی خەم بەزێن
لەگەڵ یار تێکچوون
خورپەی دڵ تەزێن
بێنازو بێکار
بەدبەختیو بەندی
گڕی سەر لێوی ...
میدیای زەندی
ئەمانە هەمووی
چاوەی ئیلهام بوون
بۆ (حەسەن) مایەی
بەستەو مەقام بوون
(حەسەن) رۆی ...
بەڵام دەنگی (حەسەن)ما
بۆ ئێمە بەستەی

کوردی ( ڕەسەن )ما
گەنجینەی بەستەو هۆنراوەو هەوا ..
بنوو ... وەك چۆن ژیایت
بێناز .. بێنەوا ..
ڕۆژێکیش دادێ ..
بزانێ تۆ ( کێ )یت
خلوەن کام شاکار
ڕێبواری کام ( ڕێ ) یت

١٩٧٢/٧/١

# حەسەن زیرەکی مامۆستاو قوتابخانە

زۆر لە گۆرانی بێژە تازەپێ گەیشتووەکان و هونەرمەندە گۆرانی بێژەکانی کورد ، گۆرانیی حەسەن زیرەکیان وتووە ... زۆربەی بەناوی گۆرانیی فۆلکلۆری پێشکەشیان کردووە ... بەڵام لەم (کتێبە)دا ... ئەتوانی ئەو بەرهەمانەی حەسەن زیرەك بە ڕوونی و ئاشکرا دەست نیشان بکەیت ..

| گۆرانی بێژ | گۆرانییەکە |
| --- | --- |
| ١ ــ ئاوات محمود | ١ ــ کۆڵوانە سوور |
| ٢ ــ أحمد .... | ١ ــ وەی بەناز |
| ٣ ــ ابراهیم صابر | ١ ــ دێوانە بووم |
| | ٢ ــ زاوا لە بوکێ مەدە |
| ٤ ــ ابراهیم سعید | ١ ــ ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە |
| ٥ ــ احمد محمد شوشەچی | ١ ــ ئامین و ئامین |
| | ٢ ــ ئای شیرین سەوزە |
| ٦ ــ جمال شریف | ١ ــ ئەسمەرێ |
| | ٢ــ بەهارە ( دە تێ ی کە جامێ ) |
| ٧ ــ کامل مصطفی | ١ ــ چاوی جوانە لەیلا |
| | ٢ ــ باران بارانە |
| ٨ ــ عبدالله اسماعیل | ١ ــ ئەی پەری عەمرم پەری |
| ٩ ــ عبدالقادر حسن | ١ ــ خانمی مەزەدار |
| | ٢ ــ دەسماڵ حەریری .. |

| | |
|---|---|
| | ٣ ـ لایەلایەت بۆ ئەکەم |
| ١٠ ـ فوئاد ئەحمەد | ١ ـ باوانەکەی باوم ( سەوزە لە باژێر بێ ) |
| | ٢ ـ لەسیلەی قەپران |
| | ٣ ـ کەویار |
| ١١ ـ نیگار محمد ـ هیتۆ غفور | ـ کەویار |
| ١٢ ـ فائق داودە ـ | ١ ـ ئەی لە لەنجەولاری |
| | ٢ ـ ناڵەشکێنە |
| | ٣ ـ شەدەلار |
| | ٤ ـ دەنگی یار نایە |
| ١٣ ـ محمد عبدول | ١ ـ ناڵەشکێنە |
| ١٤ ـ صباح احمد | ١ ـ ئەی لەمینا |
| | ٢ ـ ئەی‌وەی زارا |
| ١٥ ـ قادر دیلان | ١ ـ باران بارانە |
| ١٦ ـ صلاح پشدەری | ١ ـ لانەو لانت کەم |
| ١٧ ـ صالح کارگەچی | ١ ـ باران بارانە |
| ١٨ ـ صلاح داودە | ١ ـ ڕێبوارو ڕێبوار |
| | ٢ ـ عەمرەکەم چاوەکەم |
| | ٣ ـ کوێستانان خاڵ خاڵ |
| ١٩ ـ توفیق علی | ١ ـ خان باجی |
| | ٢ ـ عەمرەکەم چاوەکەم |
| ٢٠ ـ کاژاو شەوکەت ـ | ١ ـ کیژان دەچنە مێرگوڵان |
| ٢١ ـ ڕزگار سعید | ١ ـ جەمیلە |
| ٢٢ ـ ناصری ڕەزازی | ١ ـ کرماشان |
| | ٢ ـ ئۆخەی ئۆخەی بووک مریەم |
| | ٣ ـ دەوەرە گوڵم ئێوی دڵم |

۲۳ ــ قادر زیرەك

١ ــ نوری روخسارت
٢ ــ كرماشان شاری شیرینم
( هەولێر شاری شیرینم )
٣ ــ خانمی مەزەدار
٤ ــ ئەی وەی وەی بارەبە
٥ ــ هەی بەناز

# حەسەن زیرەكو هونەری هۆنـراوە ٠٠٠

ئەگەرچی حەسەن زیرەك نەخوێندەوار بوو ، بەڵام لە خۆڕسكـەوە بەهرەی هۆنراوە دانانی هەبوو ٠

بێ ئەوەی ــ كێش ــ ی هۆنراوە ٠٠ یان (پاشبەند) یان ( بڕگـە )و (سێلاب)و بابەتەكانی تری هۆنراوە بزانێ بەریان بەكوێوەیە ٠٠

وەك چۆن بێچووی مراوی پێویستی نییە كەس فێری مەلەی بكات ٠٠ هەر بە ساوایی‌و سەری لە هێلكەكە جوقا ٠٠٠ سروشـت ئەو زانینەی پێداوەو ٠٠ توانای مەلەكردنی هەیە ٠٠ ٠

( حەسەن )یش بەو دەستوورە ٠٠ توانای ( هەوا ) دانانو ( هۆنراوە ) ووتنی هەبوو ٠ هونەر ٠٠ بە تایبەتی (هۆنراوە دانانو گۆرانی) پێش ئەوەی مرۆڤ بە (خۆخەریككردنو فێربـوونو خوێندنەوەو خۆڕاهێنـان ) پەی پێبەرێ بەهرەیەكە ٠٠٠ لەگەڵ لە دایكبووندا ٠٠ تێكەڵ بە گیانو مێشكو دڵی ئەو كەسەیە ٠٠ بەڵام فێربوونو شـارەزایـی بەهێزتـری ئەكاتو جوانتر ئەیڕازێنێتەوە ٠٠

حەسەن زیرەك ٠٠ خۆكردو خواكـرد ٠٠ هـەر لەدایكبـوونو گەشەكردنییەوە بێ ئەوەی پێنێكی خوێندبـێو مامۆستایـەك پەلـی گرتبێ ٠٠ یان دۆستو دڵسۆزێكی هەبووبێ فێری كردبێ٠٠خۆی بەهرەی هونەرەكەی تیا بووە ٠٠ هێزێكی نهێنی لە مێشكو دەروونیا ٠٠ پاڵـی پێوەناو یارمەتی داوە ٠٠ بۆ (هۆنراوە دانان)و (هەوا) داهێنان ٠

« بەژنـی جـوانو ناسـكو نەرمـی »

« چـاوی ڕەشو خوێنتـی گەرمـێ »

« هاتو چـوونو حـەیاو شـەرمی »

« بـە كـوردی بەنـدی جگـەرمی »

ئەمە •• نموونەیەکە لە هۆنراوەیەکی حەسەن زیرەك •• بەلام بە پێوانی زانستوهونەری لە ترازووی وێژەدا بکێشرێ ••

١ ــ پیاهەڵدانەو •• بیرێکی پتەوو هەستێکی ناسکی تێدایە ••

٢ ــ لە کێشدا •• ئیقاعێکی رێكوپێك •• هەرنیو دێری لە ( ٨ ) هەشت برگە ، پێکهاتووە •• کە کۆپلەی هۆنراوەکە ئەکاتە (٣٦) برگە••

٣ ــ لە پاشبەنددا •• بەژیرانە تولبەندکراونو جوان رێکخراون •• ووشەکانی ( نەرم ــ گەرم ــ شەرم ــ جگەرم ) بە یارمەتی ( ی ) رانـاوی لکاو(١) ئەوەندەی تر جوانی پێداوە ••

« زاوا لـە بـووکـێ مەدە ، توخـوا لە بـووکێ مـەدە »

« ئەگەر لە بووکێ دەدەی ، تێك دەچـێ دەسرەو شـەدە »

« لەبەر مالیان رامگرتـووە ، جیمـسو جیـبو پاگەدە »

« داوەتو شەوگەر خۆشە ، مـەردبە لەمنـی تێكمـەدە »

« ناسکـۆل دەبـەمو دەرۆم یەکسـەر دەچمە نـەغەدە »

برێتییە •• لە هۆنراوەیەکی پێنج خشتەکیو هەرنیو دێری لە (١٤) چواردە برگە پێکهاتووە کە ئەم کۆپلەی هۆنراوەیە پێکرا ئەکاتە ( ٧٠ ) حەفتـا برگـە •• بـەلام لـە گۆرانـییەکـەدا ••• کۆپلەکانیتر لـە چـوار نیـــو دێر پێکهاتـوونو کـە ئەکـەنە هەریەکەیـان ( ٥٦ ) پە نجاوشە شی برگەلە بارەی ( کێش ) بە موو سەرناکەن لە بارەی ( پاشبەند ) بە ووشەی جوانو لەسەریەك نەسەق تولبەند کراونو لەبارەی ماناوە •• هێزوپێزێکیانهەیە ••

کیـــــژان دەچنـــە مێــــرگۆلان

تێکـــرا دەچنــــــن بێزایــــە

عـــــەرەق لــەو هەنیــەی دەتکـێ •••

تەربــوون خالــــی لەیلایـــــــە

---

(١) ی : یان (یت) راناوی (ی) و (ت) .

لەوەتـەی ئـەو کچـەم دیـوە ...
هیـــچ کەسـم وەبـیر نایـە
چاوی خومارو تێرگز بۆچـی نایـە ببینـم ؟
پڕبـەدڵ تەماشـای بکـەم ..
دەربچـێ گیانـی شیرینـم ...
یـارەبی مـەرگـت نەبینـم ...

ئەمەش جۆرێکیترە .. لە هونەری هۆنراوە دانانی حـەسەن زیرەك .. کە زۆر ئازایانە پڕکێشی کردووە چۆن هەستی خۆیو ئیقاعی ئاوازەکە ووشەی بۆ .. داینـاوە .. شێوەیەکی شەنگ .. هۆنراوەیەکی پڕ ڕەنگو ..ڕێبازێکی نوێو جوێی گرتووە.. لە هۆنراوەی فۆلکلۆری.. خۆی دەرباز کردووە .. ڕێگەیەکی تری گرتووە .. هەر جارە بەجۆرێو هەر بەستەیە لەدەرگایەکی تری هۆنراوەی داوە ..

ئەم کۆپلە هۆنراوەیە (سێ) نیو دێڕی یەکەمی لەسەر یەك کێشو یەك پاشبەندی هاوتان .. بەڵام دێڕی دوایی .. لە کێشدا وەك ئەوانـیتـر وایەو لە پاشبەنددا .. لێیان جیاوازە .. وە هەر نیو دێڕێك لەم کۆپلـە هۆنراوانە لە ( ١٤ ) چواردە بڕگە پێك هاتوون « ئەم هۆنراوەیە بیرێکـی ووردو هەستێکی ناسكو پیاهەڵدانو جوانـیەکی سروشتـوی تیـا ئەبینـرێ .. »

« ڕەنـگ زەردو لێو بـەبارم »
« بـۆ بـالات بـێقـەرارم »
« چونکـە ناتبینـم لێـو ئـاڵ »
« دایمـە لـە گیانَ بێـزارم »

ئەمە نموونەیەکی ترە .. لە هونەری هۆنراوە دانانی زیـرەك کـە لە کۆپلە هۆنراوەیەکی چوار نیو دێڕە .. هۆنراوە « چـوار خشتەکـی » دانراوە .. کە نیو دێری سێیەم (بێ پاشبەند)و واتەکەی بەستـراوە بـە نیو دێڕی چوارەمەوە .. نیو دێڕەکانی (یەکەم)و (دووەم)و ( چـوارەم ) .. بە پاشبەندی ( بە بارم ) (قەرارم) (بێزارم) .. پێکـەوە هاوتـ

کراون‌و •• ئەم هۆنراوەیە هەر نیو دێری •• لە (٨) هەشــت بڕگـە پێکهاتــووە •••

ئەم چەند هۆنراوانەی تر بۆ نموونە دێنینــەوە کـە ئەندێشە بـــە پێزی‌و توانای شیعری حەسەن زیرەکمان •• پتر بـۆ ئاشکرا دەکات ••

« لـــــەبەر ئــەو ژنــە ڕەشتاڵــە »
« قـــەدی دەڵـــێی شمشـــاڵە »
« من سـەر کـەمە ســـەر ڕانــت »
« پێـــم‌دادە ، بـــەو دەســت‌ماڵــە »
« خزمینــە لۆمـــــەم مەکـــەن »
« لێـــــوی قەیتانـــــی ئاڵــــە »
« پێـوەژنە ، زرکــــی کمــاڵە »

ــ پیاهەڵدانێکی سادەو ساکارانەو لــە سۆزێکی خۆشەویستــی خاوێنی •• دەمــەی دێ‌نشینــــی‌و دوور لـــە ( ئەتکێت )و ( داب )و ( دەستووری ) •• دەمەی نــوێی •• ( شارلستۆن )و ( کاوبـــۆی )و ( مینــی )و ( میکرۆ ) •••

ــ ئەم کۆپلە هۆنراوەیە لە حەوت نیو دێری هۆنــراوە پێکهاتووە •• لەشێوەی (حەوت باڵی)دا ••

نیو دێــڕی •• (یەکــەم)و (دووەم)و ( چـوارەم)و ( شــەشەم) و (حەوتەم) خاوەن پاشبەندن‌و •• نیو دێڕەکانی ( سێیەم)و ( پێنجــــەم ) بێ پاشبەندن‌و هاوملی ئەوانــی‌تر کراون •• کە ئەمەش، جۆرێکـە لـە تێک‌هەڵکێشی هونەری هــۆنراوە •• جــوانی بەشێــوەی داڕشتــی هۆنراوەکە داوە •••و هەریەکەشیان لە ( ٧ ) حەوت بڕگە پێکهاتوون کـە نێکڕا کۆپلە هۆنراوەکە ئەکاتە ( ٤٩ ) بڕگە لەگەڵ ڕێنومی هەواکـەدا. ڕێك‌و کۆك دەبن •

« گۆزەی دانا ، جــەڕەی پڕ کـــرد »
« بەبای شــەماڵ مەمکـــی خڕ کـــرد »
« چاوی گێـــڕا ئەمنــی مــڕ کــرد »

ئەمەش نموونەیەکی ترە لە هونەری هۆنراوەدانانی حەسەن زیرەك ..
کـــــە ئــــەم کۆپلـــــە هۆنراوەیـــە .. لـــە ( ســێ ) نیــو دێــڕ پێـــك دێ ... کــە کۆتایــیـیان بـــــە ووشــــەی ( کــرد ) دێ .. بەڵام شاعیری حەسەن لێرەدا دەرئەکەوێ .. کـــە ووشەکانـــی (پڕ) و (خڕ)و (مڕ)ی کردووە بە پاشبەند بەیارمەتی کرداری (کرد) .. کە جوانیو ناسکییەکی بە بالای ئەو هۆنراوەدا بڕیوەو .. هــەر نیــو دێرەی لــە( ٨ ) هەشت بڕگــە پێکهاتووە .. کە هەمووویان ئەکەنە (٣٤) بڕگە ... ئەم جۆرە هۆنراوانەیشی ئەم شێوە دارشتنە بەشـــی زۆری بەستە فۆلکلۆرییەکانی کوردی پێوە ئەووترێ ..

« هێــزی پێــم نییە ، بــڕۆم بیدوێنــم »
« مــن وەك پەروانەم ، خــۆم ئەسووتێنــم »

ئەمەش جۆرێکی ترە لە دانانی هۆنراوەدا ..

وە زۆر بە کارامەییو بیرتیژییەوە لەسەر شێوەی هـــۆنراوەی .. فۆلکلۆرییو بە کێشانی ( سێلاب )و پەنجە .. ولەسەر شێوەی هۆنراوەی خۆمالیو دوبالییە ، گەلێ هۆنراوەی بــۆ بەستەکانی .. لەسەر ئەو تەرزە داناوە .. ئەم دێڕ هۆنراوەیەی .. لە (١٠) دە بڕگە پێکهـــاتووە . . هەمدیسان ئەم شێوە هۆنراوەیە زوربەی زۆری بەستە کوردیەکـــانی لەگەڵدا (هاوپا)و (هاوتا) .. و «هاو ئاهەنگ» ئەبن .

١٩٧٧/٧/٧
سلێمانـــی

# ئافەرین

هونەر بەشێکی خودا داوە ، زۆر تری بە هەوڵو تێکۆشان نی یە ، هونەر بەهرەیەکە بە هەموو کەسێ نادرێ .

هونەر بە خوێندەواری نی یە .

هونەر تیشکێکی بەتینە کە لە جیهانی پەنامەکی یەوە پرشنگی خۆی بەردەداتەوە ، لەناکاو ئەکەوێتە سەر دڵێکو ئەو دڵە ڕووناك ئەکاتەوە ، بەبێ ئەوەی خاوەن دڵ ئاگای لەخۆی بێ ، یەکێ لەو کەسانەی کە بە بارەی هونەری پەنامەکی ڕازاوەتەوە کاك ( حەسەن زیرەك)ە . کە بەبێ ئەوەی بخوێنێ هۆنەرێکی تەڕدەستەو ( بەستە ) دانەرێکی چالاکو نوکتەوێژێکی قورسو قوڵە .

ئەو هونەرمەندە ، هەروەها کە شێوەو چارەنووسی زۆربەی هونەرمەندان ئەبێ وابێ ،لە ژیانی خۆیدا ( ناکامی )و ( چەوساندنەوەی ) زۆری دیوە ، تاڵیو سوێری ڕۆژگاری گەلێ چێشتووە ، لەگەڵ ئەو هەموو سەختییو تەنگو چەڵەمەشدا کە بەسەری هاتووون ، هونەرە بەنرخەکەی لەهەر کاتو رۆژێکدا هەلی بۆ هەڵکەوتبێ ، بۆ خزمەت بە گەلو نیشتیمانی بەکارهێناوە .

دەرخستنی هونەرەکەی بۆ بەتینکردنەوەی پایەو بنلغەی مووسیقای کوردی بە ئەرکێکی گەورەی سەر شانی خۆی زانیوە .

بەداخەوە سەرلێشێواویو پەشێوایی گەلەکەمان بووەتە هۆی شپرزەییو لێقەوماویی ئەو چەشنە هونەرمەندانەمان کە دەستی ستەمی ڕۆژگار لە خوێندنو ڕێگاو ڕەوشتی زانیاری ، بێبەشی کردوون .

ئەو هونەرە بەنرخەشیان وەکوو گەوهەرێکی نەناسراوە ، نەتاشراو و ڕێكوپێك نەکراو ماوەتەوە . ئەگەر وێنەکانی کاك ( زیرەك ) لەڕێگای خوێنەوارییو زانیاری یەوە پەروەردە بکرابان ، بێ گومان لە کۆڕو کۆمەڵی کوردەواریدا ، بلیمەتێکی بێوێنەو هونەرمەندێکی پایەبەرزی جیهانی ئەبوون ، کە گەلی کورد لە ئێستا چاکتر شانازییان پێوە بکات .

( کاك زیرەك ) بەبێ کەسبو کۆششت چەنە هونـــەری تێـــدا کۆبووەتەوە ، کە کەمتر لە کەسانی خوێنـــەواریشدا ئـــەو هونەرانـــە کۆئەبنەوە ، (هۆنەر)ی (بەستەدانەری) (دەنك خۆشی) (قسەزانی) •

کاك ( زیرەك ) کە هونەرمەندێکی پایەبەرزی کوردە زۆر قسەخـــۆشو خوێن گەرمو دەسو دڵبازە ، وە لە دۆستایەتی‌دا ، ڕاستو درووستـــە ، وە گەلو نیشتیمان ویستو رەگەز پەروەرە •

( کاك زیرەك ) تا ئێستا نزیکەی هەزار گۆرانیو بەستـــەی لـــە (ڕادیۆ)ی (عێراق) و (ئێران)دا تۆمار کردووە(*) •

زۆرتری (بەزمەکان)و (هۆنراوەکان)ی ئەو گۆرانـــی‌یانە بـــۆ خۆی داناوە •

دەنگی کاك ( زیرەك ) بۆ خۆی دەزگایەکی « ئۆرکیستری » کوردی‌یە چونکە لەهەر چریکەیەکدا چەند جۆر ئـــاوازی مووسیقـــا هـــەست ئەکرێ ، ئەو دەنگە بەسۆزە لەگەڵ بەزمە دڵڕفێنو هۆنـــراوە تـــەرو تازەکانیا یەکی‌گرتووەو بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ کـــوردێ خـــوێن پاك نی‌یە کاك «زیرەك» نەناسێو بە گۆرانی‌یەکانی گـــوێ نەداو ، لـــە تانگەی دڵەوە بەڕێزی نەگرێ •

«کاك حەسەن زیرەك» بۆ ئەوە کە چلۆنایەتی ژیانی خۆی بە هەموو کوردێکی نیشتمان ویستو هونەرپەروەر ، بناسێنـــێ ، کورتەیـــە لـــە ڕابووردووی ژیانی تاڵی خۆی هۆناوەتەوە کە بەراستـــی هۆنراوێکـــی وەها جوان ، لەهونەرمەندێکی نەخوێندەوار گەلـــێ جێگای سەرسوڕمانە هیوایە ئەو هونەرمەندە بەنرخە ، لە پێناوی خزمەت بە گەلو نیشتیمـــاندا

---

(*) ئەم ووتەیەی دکتۆر محمد صدیق پێویستی بە لێکۆڵینەوە ئامارێکـــی زانستی‌یانە هەیە .. چونکە خوالێ‌خۆش‌بوو حەســـەن زیرەك کە لە عیراقدا بوو .. تەنیا ( ٥٦ ) پەنجاو شەش گۆرانی‌ی لـــە ئێستگـــەی بەغدا بۆ تۆمارکراوە !!
باوەڕ ناکەم لە ئێستگە کوردی‌یەکانی ئێران ( ٩٤٤ ) نۆ سەدو چـــلو چوار گۆرانی‌ی تۆمارکراوی هەبێ .. مەگەر لـــە شریتو ئاهەنگـــی تایبەتی‌دا تۆماری کردبێ ، کە ئەوانیش زوربەیان .. دووبارەو سێ‌بارەو دوپات کردنەوەی تێدایە •

پیرۆزبن‌و ، لە سێبەری بەختەوەری‌و کامەرانی گەلەکەماندا بحەسێنەوە .

زیرەك زۆرت‌کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردەسەر
باوەکوو لەژین نەحەسایەوە
پەژارەت زۆر دی ، زۆر چەوسایەوە
ڕۆژگارت ساتێ بەبێ غەم نەبوو
بەلام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

دوکتۆر ( محمد صدیقی موفتی زادە )
۱۳٤٥ ڕێککەوتی ۱۹٦٦

ئەم پێشەکی‌یە دکتۆر محمد صدیق بۆ حەسەن زیرەکی نوسیوە لە نامیلکەی ( چریکەی کوردستان‌دا ) ئەو نامیلکەیەی کە سالی ۱۹٦٦ حەسەن زیرەك چاپی کردووە .. شانزە گۆرانی‌ی خۆی تیا کۆ کردووەتەوە .. کە (میدیا)ی زەندی ژنی بۆی نوسیوەتەوەو هونەرمەندی مۆسیقازانی کرماشانی ( فەرەیدوون موورادی ) نوتەی گورانی‌یەکانی بو نووسیوە ... لەو نامیکلەیەدا حەسەن زیرەك بە هۆنراوە باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی ئەکات‌و ئێمە لێرەدا نووسیمانەوە ..

لەگەل پیاهەلدانێك بە هونەر و گورانی‌و مۆسیقادا .. لە نوسینەوەی ژیانی خۆی‌داو دەربڕینی بە هۆنراوە حەسەن یەکجار « ڕاست‌و لە ڕوو .. پڕزاتە » ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە بلندەکانی ئەو هونەرمەندە ..

# بەناوی یـەزدان

ئەم چەند ووشە کە لەم چەند لاپەڕەیەدا ، دیاریی کراوە ، ئەمەویـت بیبیتە هۆی نەسیحەتێك ، نەك هەر بۆ تۆی برای خوێندەوار ، بەڵکـوو بۆ هەموو برایەکی کورد ، کە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە خراپـە لادەنو ڕووبکەنە ، چاکە ، چونکە چاکە ، چاکەی لەشوێنەو بەرێکی شیرینـی هەیە ، لە دونیاو قیامەتدا ، خراپەش خراپەی لەدوایە ۰۰!۰

خەڵکی بۆکانم ، تورديێ حوین پـــم
برام ( حسین )ە خاتو (آمین) دایکم

(١) ناوم (حەسەن)ەو باوکـــم ( عبداللـــه )
خوشکم سارایـەو کـاك مینـە کاکـم
دەستی قودرەت بوو بابم کۆچی کـــرد
دایکـم مێردی کرد زۆر بە دەسو بـرد

(٢) بەو جۆرە ماڵی ئێمەی بەقـوڕ گـرت
بزنی دەفرۆشـت ، دەیگوت ، مانگـا مرد

(٣) خوشكو برامـــی وا دەربـــەدەر کــرد
خەڵکی ( بۆکـــان)ی لێمـان خەبەر کـرد
بناغـــەی ماڵی لەبـــن دەرهێنـــا
سەبارەت بـە مێـــرد گشتمانـی دەرکـرد

(٤) هەشت ، نۆ سالە بووم ، بووم بەعـەمەلـە
لـــە کارکـــردنا زۆر ئەمکـرد پەلـە
لەم دێ بۆ ئەو دێ ، لەم شار بـۆ ئـەو شار
لـــەبەر بێکەسـی کەوتمە ئـەو هەلـە

(٥) تـــا یازدە ســـالە تـەواو کـارم کـرد
مانگی شەش ( تمەن ) مـن بێگـارم کــرد
براکەم گەورە بـوو ، کچێکـی ڕفانـــد
ئەمنیشی تارکرد ، هـەردێو شـارم کــرد

(٦) قار بووم ، هەڵاتم ڕووم کردە سەقز
بوومە چاوساغی مەلایە حافز
مەلا چ مەلا بە توانج و بووختان
لەجیاتی ئامانج کردیشمی بە دز

(٧) لە ( ١٢ ) ساڵە بووم بە قاوەچی
ئیتر لە کوێرو من لەو ناوەم چی
حەق ( ١٣ ) شایی ڕۆژ تا ئێواری
ئیدی لەو ریسەو من لەو داوەم چی

(١٤) لە (١٣) ساڵە پەیدام کردبوو نێو
نەمدەویست کەسێ من بکا بە خێو
چوون وورده وورده بۆر بوو سەری لێو
لە چوارده ساڵە ڕۆیم نێو بە نێو

(١٥) پشت لەئاوایی و باش ڕووم کرده کێو
چونکه غروور بووم وەکوو فەرخە دێو [١]
ڕۆژێك لەم دێیەو ڕۆژێك لەو شاره
بێ شوێن ، بێ جێگە بێ لانەو بێ خێو

* لە چریکەی کوردستاندا نووسراوە (فەخرە دێو ) .. هەڵەیەو ڕاستییەکەی ( فەرخە دێو )ە واتە (بەچکە دێو) .
لە کاتێکدا کە کاك ( نەوزاد موحەمەد ) وەری گرتووە لە لاپەڕە (١٥) دێڕی (١٠) تروسکاییەك لە ژیانی حەسەن زیرەك نووسیویتی (نەفرە دێو) !! ئەوەش هەڵەیە !.

هیچ نەمدەپرسی خراپی و چاکی
(١٦) هیچ نەمدەزانی پاکی و ناپاکی
ژەمێکم دەخوارد زۆر بەچالاکی
ژەمێك لێم دەکەوت ، لاش و کەلاکی

(١٧) لە (١٥) ساڵە فکرم هاتە سەر
خۆم ڕازاندەوە جلم کردەبەر
دەمگوت کوڕێکم گەنجو پیگەییو
نابێ عومری خۆم بدەم بە هەدەر
(١٨) دەمگوت کوا براکان، کوا خوشکەکانم؟
ئەی کوا وەتەنو خاکی بۆکانم؟
کوانێ جیرانو کوا خزمەکانم
بۆ دەربەدەر بووم لە نیشتیمانم؟
(١٩) هەمووم دینەوە، یەك یەکو دوو دوو
بە خراپیان زانیم لێمیان نەگرت خوو
گوتم کەوا بوو ڕووبکەمە تێو جوو
دۆستی قەدیمی پاك لەدەست دەرچوو
دووبارە هەروا کەوتمە غەریبی
نەخۆش دەکەوتم لەبێ تەبیبی
(٢٠) بەبێ دکتۆرو بێدەواو دەرمان
چونکە بێکەس بووم نەبوو عەجیبی
(٢١) یەکێ بێ گەورە، کە بەرەڵڵا بێ
وەك منی لێدێو زەحمەتە چابێ
(*) هەرکەسێ دایکی بێرەحمی وای بێ
دەبێ بەم جۆرە وێڵو ڕیسوابێ
(٢٢) لە شازدە ساڵە چەند دەرکەم تەقاند
چەندە (دزیم کرد) چەند سەرم شکاند
لەچەند کەسمدا، چەندم زامار کرد
چەند ماڵم بڕی، گوێسوانەم ڕووخاند.

---

* دایکی (حەسەن زیرەك) ماوەو لە (بۆکان) دائەنیشێ بەڵام چاوەکانی کزو کوێرو گوێکانی کەڕ بوون .. تەمەنی پتر لە حەفتا ساڵەبێت .

عثمان ــ ١٩٧٣

(٢٣) له (مــــه‌راغه)دا بـــووم بـــه تووتنچـــی
ڕۆیشتمـــه تـه‌وریز بـــووم بـــه قاچاقچـــی
شه‌وێك کــه گیرام مـــردن لای‌وی چـــی ؟!
تا ڕۆژ لــێ‌یان‌دام بـــه دارو قـــه‌مچـــی
هه‌تا بیستـو چوار کــه‌س نه‌ی‌گوت تۆ چـی
(٢٤) هه‌ر که به‌ریـان‌دام ڕووت وه‌کونه‌ی‌چـــی
له ( ته‌وریز ) بوومه ، شاگرد (      ) چـــی
ڕه‌فیقـم نــێ بوو ، پاك هه‌ چی‌و په‌رچی
ڕۆژێ حـه‌قم چه‌ند ؟ بیســتو پێنـج قـران
(٢٥) چی بده‌م به سیغــــار ، چیـم ده‌دا بـه نـان
چیم بۆ لیباس بوو ، چیــم بۆ کـرێ خان(١)
ئــــاوا ده‌مگوزه‌رانــد ، موسولمانه‌ــان
ئه‌وه‌نده‌م کارکـــرد بووبـوم شـه‌ل‌و گیـر
(٢٦) هاتمه‌ده‌ر ، بــووم بــه ، شاگردی شۆفێـــر
ئـه‌م ده‌دا خاوه ، ئه‌ســم ده‌ســـان بـاج
ماڵ‌و مــه‌نزلـــم قولنجکـی گــارج
چه‌نده په‌ندم دی بووم به بیســـتو چـوار
(٢٧) باز بێ عه‌قڵ بـــووم ، بێ شه‌رم‌و بـێ‌عـار
ڕووم کــرده تاران بۆ ئیـس‌و بـــۆ کــار
تاکـــه‌ی بـه‌م جـۆره هاوارصـه‌د هــاوار
یێکـــــه‌س‌و بێده‌ر گه‌یشتمــه تــاران
(٢٨) چه‌ند شه‌وتخوونی ، چه‌ـد به‌فـرو باران
مه‌ئیـرس‌و بـێ کـار ، بێ پوول‌و بێ نـان
ئینجـــا خـۆم کوتــا به‌ره‌و خـــووزستان

---

(١) له چریکه‌ی کوردستان ل١١ نوسراوه « چیم بۆ لیباس بوو ، چیــم بۆ کرایه خان» به‌ڵام ڕاستی‌یه‌که‌ی •
( بۆ کـرێ خان ) واته ( کرێ خانوو )

چەندە ئەهــوازو « مسجـد سلیـمـان »
(٢٩) تا خــورەمشەهـرو شـــاری ئابادن
هەرچەندە گەڕام کارم دەسـت نەکــەوت
نە لەکارخانــە نــە شیرکەتـــی نــەوت
شەو پەڕیمــەوە بـــــەدزی بـۆ بـەسرا
(٣٠) ئـەو وەختــە لــەوێ زۆر زوڵـم ئەکـرا
چەنـــدە غەریـبو بـێکەس دەکوژرا
ئەمنیـش لـەترسان کـــارم بـۆ نەکـرا
ووتـــم وا چاکــــە بچمـــەوە ئیـران
(٣١) بەرەو دوا هاتـم دڵ پـڕ لــە گریـــان
یەکســـەر هاتمەوە چۆمـی ( مجیـد خان )
هاتمـــــە لای برالــە ( قەرەموو سالیـان )
دڵ پڕ لــە ئـــاوات هاتمــە لای بــرا
(٣٢) تا براژنــی بـاش بۆم هـــەڵکا چـــرا
بـراو بــراژن ، بـــرازای جوانـــــم
ئـەوان دەوڵەمەنـد ، ئەمـن بـێ نانـــم
هەرچەنـد هەنـوەداو دزو عاجـز بــووم
(٣٣) وەڵڵا لاوێکـــی پاکـــو تەمیز بـــووم
بـراژنـــم ووتـــی واهـــات ( کوڵکنــە )
بــــرازاش ووتــی چەنـد ئەسپێوونــە
بوومــە نۆکەریـــان ، بـوو بوومــە کـاردار
(٣٤) بەشـــەو ئێشکچـــی ، بـەڕۆژ بارو کـــار
سەرەڕا ڕوانیـــم براکــــــەم کــزە
براژنـم ووتبـووی کــە (حســـــن) دزە
پێـم ووت برالــە ؛ مـن کـــاری گــەرم

(٣٥) بۆ تۆ کاردەکەم ، وەکو سپەرم
ئەمما صد لەعنەت لە پیاوی بەدخوو
چونکە براکەم زۆر ژن سفەت بوو
هەقەکەم چەندە ، بووەتە چل تمەن

(٣٦) کە داوام لێکرد پێی وتم « بۆگەن »
کە هانی لێدام بەداس و بەشەن
ووتی گاڵبدەم پارچە پارچەت کەن
ئیتر من دەستم لە ڕۆحم هەڵگرت

(٣٧) شەپێکم لێداو ، قورقورچکەم گرت
برازاو برازن کە هاواریان کرد
ژاندرمە ، هاتن ، کەلەبچەمیان کرد
ئاغای دێیەکە گەورەم ( یونس خان )

(٣٨) براو کوڕی خۆی ، خانەو مەحموود خان
ووتیان کاك مینە ، بۆچ وا هەراتە
تۆ عەیب ناکەیت ، حەسەن براتە
جا حەقی خۆم سەند هاتم بۆ ( بۆکان )

(٣٩) هاتمەوە ( سەقز ) بەرزی باوە خان
بووم بە شاگردی حاجی یە بە ئیمان
ئەویش تەماعکار ، شەخسی زۆر گیرفان

(٤٠) لە ماشێنی ئەو ، تاشەش حەوت مانگان
ئەمن شاگرد بووم ، شوفێر بەستەزمان
بە شەوو بە ڕۆژ نەمانبوو وێستان
کاروپیشەمان ڕێگای دارستان

(٤١) بارمان ( مازوو ) بوو ، تاڵ بوو ، یا گەڵوان
یا (گەزۆ) و (پێستە) سەربارمان ئینسان
بەم جۆرە کاروان ، بێخەوی شەوان
دایە خەتەر بوو ، پێچو کەلی خان

(٤٢) رۆژێک چووینە نێو شارەکەی بانە
بارمان دەست نەکەوت دەرچووین کورانە

(٤٣) هاتین گەیشتینە بەر دێی ( سەبەڵوو )
شوفێر پاڕاوە لەترسا وەک جوو
ئەمنیش وەک چەند خان ( ئاخ کەندم ) بوو
قەزای ڕۆژگار لە دەستم دەرچوو

(٤٤) ئێستا شۆفێرم هی پیاوێ بەدخوو
چۆن بڵێم لە ( بانە )حاجی بار نەبوو
سوارێک پەیدا بوو ، سەلام ، ئەحمەد خان
ئاغای ( بەلوە ) بوو تەڕپۆشی کوردان

(٤٥) پیاوێکی مەزن وێنەی قارەمان
سڵاوێکی کرد بە ( داب )ی خۆیان
لەبەری هەستان ( ئەمنیە )و ( سەروان )
ڕووی کردە ئێمەو مسافیرەکان

(٤٦) گوتی بێبارن ؟ بۆچی کورەکان
بۆچی بەخالی هاتنە کەلیخان
بۆمان گێڕا بەسەری بارانە
ئەمەش ( لۆری )یەکەی حاج ئاغا گیانە

(٤٧) دەستووری فەرموو پڕتاو کوڕانە
دادەی دار ببڕن لەم دارستانە

بـرای دەنگی دان هاتن چەنـد نەفـــــەر
کولکـەیان دەبـــڕی وەك کەلاکی کەر

(٤٨) چەند پیـاو ، چەند جەهێل چەند کوڕو کچـە
باریــــان بۆلـێدابن لەکـــن ( قرووچـــە )

هێندمــــان بار لــێنا کەوتینــــە عەســــر
بارمــــان زۆر زۆر بوو ، کردبومـــان غـــەدر

(٤٩) بەیەك سەرکەوتـین ( کۆمەك ) ئەینـــالآن [1]
کوتکـم لەســەر شـان هـــەتا کەلـێخان

(٥٠) بــە برســی هاتـــین تا ( قـــــورەدەرە )
ماشێــن خــراپ بوو ، بووینــە ، مەخســەرە
نانو چامــــان خــوارد بووین بە پاڵـــــەوان

(٥١) هێنـــــدلمان لێــــداو ماشێنمـــان ڕفـان
چوون بــێ بەنزین بوو کەوتــــە هانەهــــان
مسافرمان بوون ، هەشــت زەلام یا حـــەوت
بەجـارێ ووتیــان بۆچـــی پەکمان کەوت ؟

(٥٢) شۆفێرمان ووتـــی هیـچ مەبن ســـەرچەوت
پــوولمــان بدەنێ با زوو بکڕیـن نــەوت
چۆن بەنـزین نـــیە ماشێـن وا خــەوت
فکـری ڕۆژ مەکــە ، سارد ئەبـێ شەوت

(٥٣) بەزەحمـــەت هاتـین هەتاکـــوو ( ئایچـــی )
شوفێـــر بانگـی کــرد کاکـی قاوەچـــی
ئـەوە بـێ پوولـین ئەڕۆی ، لادەچـی ؟!.
لــە جوابا ووتی ، بـــرام ! بەمـن چـی ؟!.

---

(١) بەیەك سەرکەوتین : واتە هەوراز بوو بە (گێڕی یەك) لۆری یەکــە سەرکــەوت .

(٥٤) پوولّ بۆ حاجی ئاغا گەلێ مەباحە
چوون پیاوی خراپ‌و زۆر پڕ تەماحە
دائیم لە خراپەی کارچی ، فەلاحە
لەبەر بێ‌پوولی‌و لەبەر ناچاری
حاجی خان چ خان ، یەك زەبەلاحە
بە پالەپەستۆ بیبەن تا شاری
کۆمەکیان کردیان زۆر بەزۆرداری
ماشێنمان هێناو هاتینە شاری

گەیشتینە لێژی ماڵ « تەیموور زادە »
ماشێن بێ بەنزین وەستا لە جادە
شۆفێر ناچار ما ، ماشێنی ڕاگرت
بەبێ تاقەتی کەوتە دەست‌و برد

گووتی لەێو چێ ئەمە ماشێنە
( حەسەن ) نێو شەوە ، زوو بەنزین بێنە
ڕووم‌کردە ماڵی ئەربابی جاران
پوولّم پێ نەبوو خاڵی‌بوو گیرفان
گوتم حاجی خان بێ بەنزین ماوین
وەکوو ڕۆژی ڕەش ئاوا داماوین
حاجی خان فەرمووی ، بڕۆ مەم دوێنە
بچۆ لەو دیوە ، دوو بەنزین بێنە

بەنزینم هێنا چەندە ؟ دوو شیشە
( خوا ) بە تەماح بوو ئەم حاجی‌یە ریشە
گوتم حاجی خان ئەمە دوو بترە
ئەگەر بێ‌پێوی ، دوو نیوە لیترە
بەنزینم هێناو گەیمە ماشێنمان
هەموو ، ڕۆیی‌بوون ، موسافیرەکان

کوڕێ (مەحمـوود) ناو، لاوێکـی زۆر جوان
ئەویـش وەك شـاگرد بـۆ یارمەتـی‌مـان
برایـم ووتـــی وەرە بـە قوربـان
دەستووری خانە، خانە لـێ‌خورە بـۆ دوخان

برایـم کـێ‌بوو؟ پیـاوی حاجـی خـان
گوتـــی وا مــەڕۆ دەخیلـم ئامـان

شوفێرەکــەمان هیـچ نـەبوو مەختـەل
رقـی هـەڵسابوو، کـردی پەلـە پـەل

ووتـی، بـۆ؟ وا ئەکا؟ ئەم حاجـی خانـە
ئـەرزی گـرتووە، تەمـای ئاسمانـە

قـاوەخانـە بـوو کافـەی سـەفەری
من چووم ژووری بـووم بـە مشتـەری

هەرچەنـدە کۆلکـەم باش خستبـووە سەری
لـە دلمدا بـوو، ماشێـن خەتـەری

چەنـد چایەکمـان خـوارد، وەکو ژاری مـار
لـە ڕەنجـی ماشێن، بـووبووین شێتو هار

عالـەم ئاسـودە، ئێمـە دێوانـە
چەنـدە بەد بەخـت بـوو ئەو قەدیـم خانـە
کوڕەکـەی (مەحموود) چووبووە سەر ڕکاب
بەرابـەر، ساحیـبو شارەکـەی تیکـاب

چـوومە پشـت فەرامـان، زۆر جستوچالاك
تـا بەم زەحمـەتە وا، مانـدوو و هیـلاك

یا رەبـی خـودا زەحمەتـم چەنـدە
ماشێن دەڕۆیـی، خـەلاس‌بوو دنـدە

ئەمن بەم نەوعە کەوتمە ئەم پەندە
چاوم نەیدەدی ڕاستی ، یا کەندە
ماشێن پڕ . دەورو ، ڕۆیی سەرەوخوار
وەك مایینی ( کەحلان ) هەڵیی گرتبوو غار
فەرمانم گرتبوو ئەمما زۆر ناچار
چونکە ئاشی بووم ، پشووم بوو بوو سوار
دیواری حاجی ئەو تەیموور زادە
کردم بە سپەر ، لۆریم پیَدا ، دا ! ٠

ئەولاکەم شیو بوو : بن دەستم جادە
چونکە پەشۆکام کەوتم بە لادا ٠
من بێ خەبەر بووم کە لە ( موستەفا )
کوڕی ــ مەحموود ــ بوو ، کێشابووی جەفا
بۆ من وا نەبوو ئا ئەم ماشێنە
( مچە )ی بڕییەوە هەتا پشتێنە
مستەفا چ گەنج چ شیرین لاوە
گیرۆدەی گەردوون ، خستیە ئەم داوە
تەماعی حاجی ئاوا پڕ خوێن بوو
ڕیشەی زیندەگی مچە بڕاوە
جوان چ جوانێ ! ساحیب دەزگیران
پشتی باب شکا ، و ماڵی بوو وێران
[illegible]
بە وردو درشت کەوتنە قوڕ پێوان
( مستەفا )ی ناکام جوانی خێر نەدیو
وا لە دنیا ڕۆیی ، سوتاوو بڕژیو

خودا لێی خۆش بێ یەزدان ئینشەللا
خەتام تیا نەبوو بە ( کەلامولڵا )
خۆم کرد بە مردوو وەك ڕێوی تۆپیو
وەکوو شەخسێکی هیچ دونیا نەدیو

گوتم وا چاکە خۆ بکەم بە مردوو
وەك دەردەداری بۆی بکەن نیشتوو
منیان دەرهێنا چەند ڕەفیق و دۆست
ژنان کەم مابوون ، ڕوونم لەن وەت پۆست
هەر یەك بە جۆری قسەی لێ ئەکرد
ماشێن بەم جۆرە ئاوا ئاگری گرت
ئاگری گرت ماشێن ، چ بار چەتەگەر
جەهەندەم لە خۆم ، شار کەوتە خەتەر

من کە کەوتبووم ، هاتن پاسەبان
( ئەمنیە )و ( ژاندار ) سەربازو دژبان
عالەم سەرپاکی کەوتە مشت و مڕ
کەپریان دامێ ، یەکجار کوت و پڕ
کەوتمە سەر دەستیان وەکوو تۆپە خڕ
دەورم گیرابوو ، بە ژن ، کچ و کوڕ
چۆنیان فڕاندم ، پاسەبانەکان
ئیدارە کوێ بوو ؟ بەرزی باوەخان

خۆم کرد بە مردوو کەلەکی وەشان
سەر پاسەبان بوو ، آژدان ( عزیز خان )
گووتی مردووە ( حەسەن ) بەسزمان
دە بانگ کەن دکتۆر ، کوا داوو دەرمان

حەمباڵم کێ بوو ، سەلیم بانەیی
جوان هەڵی گرتم زۆر بە شێتەیی
ئەو : کە ، نەیەرژا ، بنێری پاسەبان
ئەمن و سەلیم بووین ، بە جووت هەردوکمان
سەقز بەڵەد ، پاك کۆڵانەکمان
بێ پەروا ڕووم کرد لە ماڵی خۆمان
ماڵی خۆمان بوو ، کەوتمە بیابان
چەند کەڵەکم دا ، لە پۆستی ئاژان
چەند ڕێیان گرتم سەربازو دژبان
دەرچووم لە شارو یەکسەر تێم تەقان
ڕووم کردە کێوی ، لای کانی نییاز
بەڵکوو بۆ یەکێ بکەم ڕازو نیاز
مانگە شەوی خۆش دیتم لە دوور کەپرێ
نەمزانی فکرو کارێ وا دەکرێ
چوون ، دوو نەفەر بوون ، تەواو دایان تاو
جەحێڵ و پیرێ ، لێم کردن سەڵاو
کورسییان ، نابوو ، نەخەوتبوون تەواو
ئاگر نابینن ؟ منم لێقەوماو
یەکێکیان جەهێڵ ئەوی تریان پیر
وتیان بەخێر بێی ، بە ڕاو تەگبیر
لەپشت کەپرەکە زۆر سەرتەیان کرد
ڕایان ئەوە بوو من بکەن دەستگیر
پێم نەدان ئەمان وەك شێری سەرمەست
هەستام لە جێم و بێ پەرواو سەربەست
گوتم وا نابێ کاردەکەن بێ هەست
خودا دەیزانێ دەتانکەم قۆڵبەست

چەقــۆم دەرهێنــا لێم نەکـردن بــاك
جەهێلەکـەم گـرت ، وەك پڵنـگ چـالاك
لـە کـوڕەکـەم وا گرت ، پیر ، کەوتە هاوار
وتــی ئینساف کـە ، ئەی بـرای ڕێبــوار
جەهێــل پــاڕاوەو داوێنــی بــادام
سەری دانــەواند جــوان خــۆی لــێ لادام

ووتــی بەخێــر بــێ ئــەی کاکــی میوان
( مە ) بێ عەقڵ بووین ، ببـوورە ئامــان
لــــە جوابـدا ووتـم بـراو بابەکـــــەم
منیش دەرهەقتان جارێك چا دەکــــەم
من خۆم نەقڵـم کـرد پیشــەو کـارەکـەم
وتـم ئاگـری گرت ، لـۆری بارەکــەم
ئەمجـا دانیشتــن لـەم شانــەو شانــم
پــیر ووتــی صەد ســاڵ ببــە میوانــم
کەوشـت لەسەر چـاو منــەت بە گیانــم
ئەمنیــش لــەم کێــوە وا تووتنــەوانــم

یا تووتــــن بێنــم ، تێکــــە سـیغارێ
هێشتــا شەو زووە ، دانیشــە جــــارێ

کــــە زانــــــییان مــن لاوێ بەکـــارم
ئەمجا تــێ کۆشان ڕێکبخــەن کـــارم

شەوگار گەیشتــە کاتــی نیــوە شــــەو
پیر بە زمانــی خۆش هەستاندمــی لــە خــەو

ووتــی کوڕەکــەم ئەمجــــار بەیانــە
بــــدەرە کێــوی و هـــەڵگرە ( ٤ ) قانــە

دەستو دەم ماچبوو ، زۆر بە دڵێکی خۆش
شەرتم‌کرد ئەی پیر ، نەت کەم فەرامۆش
دەستم دا کێوی ، بەرەو موکریان
بۆ تێو بەگزادە ، ولای کانی سەیران
کە من تێ فکریم وا بووبووم بێ هێز
هیچ کەس نەم‌بینێ ، بە دزی‌و بە پارێز
کەم لە شانم دا بارانی پڕ ڕێز
لەوانە باشتر بچمەوە ( تەورێز )
دوای بانگی عەسر گەیشتمە تەورێز
ڕووم کردە ماڵێ هەڵستان بە ڕێز
خەبەریان پێدام وا دەتکەن تەعقیب
بچۆ بۆ تاران ، بە لۆری یا جەیب
زەحمەت یا رەحمەت گەیشتمە تاران
خودا ، گەورە بوو ، نەیخستمە داوان
بێ دەنگ بێ خەبەر ، باش خۆم کردوو گوم
( سرویسم ) ئەکرد لە تاران بۆ (قوم)
لەپاش دوو ساڵە گرتم نەخۆشی
بۆ براو کەسم کردم ، پەرۆشی
عەزمم جەزم‌کرد ، دڵم تێ کۆشی
ماڵو ئەساسم کەوتمە فرۆشی
هاتمەوە تەورێز چوومە مەهاباد
لەلای ( دادستان ) کردم عەرزو داد
نەپاڕامەوە کە بمدا نەجات
واش تێ نەکۆشام بمداتێ خەڵات
بەس دەستووری دا بۆ لای « بازپرسی »
جوابم دایەوە زۆر بە نەترسی

شتێکیـــــان نووسی بۆ شارەبانـی
مـن خـــۆم تەحویل دا بـــە پەشیمانی
نـــۆ مانگم کێشا زینـدان بە خەتـا
دەولـــەت بەخشینـــی پێ کردم عـــەتا

ئـەم کـەین و بەینـە ساڵێـك بوو تـــەواو
جـا چۆن پیر نەبـم ؟ چـۆن بمێنم لاو ؟!
بیسـت و حـەوت ساڵـەم ئەوا هاتە بـان
جا خـۆت کۆمەك بـە خـودای ( لا مکـان )

زانیم ئـە ئاوا لێـم ووشـك دەبـێ خوێـن
پێتاوم پێچا بـۆ شـاری پێنجوێـــن
یاڵـلا بـۆ پێنجوێـن یا بـۆ سلێمانـی
هەموو کـەس ئەیـووت کاکـەی ئێرانـی

ئەمگـوت ئێرانیـم ئـاوا تەوەلـلام
نە حاجـی زادە ، و نـە بەچکـە مـەلام .
بووم بـە موسافـیر چـووم بەرەو کەرکـووك
ئێرانـی بگیر بوو ، هیچ خۆم نەکرد سووك

گوتـم غەریبـم وا بـووم هەڵـوەدا
بچمـە زیارەتـی غەوسەکـەی بەغـدا

( بەغدا ) پاك گـەڕام ، شـارع ، چاخانـە
بـووم بـە شاگـردی مسافرخانـە
باش کـارم ئەکـرد ڕۆژ و شەوانـە
لە ئۆتێل شمـال کـە جـێی کـوردانە
( بـەلاح ) کوڕێ بوو پـێی ووتـم بـدوێ
بەخـوا ئازایـە شـەو و ڕۆژ نـانوێ

پێی ووتم برام بستبەم بۆ رادوێ
هەولت بۆ ئەدەم بەلکو بۆت بلوێ

پێم ووت ئەی برام ئەی لاوی جەسوور
لە بردنی من هیچ مەکە قسوور
جنیسەم نویەو خەلکی ئێرانم
مەشهوور بە زیرەك ئاوازە خوانم
بردمی بۆ رادیۆ بێ منەت بە گیان
جوان رەتی کردم ، لە پۆلیسەکان
جوان ناساندمی بە عادل عیرفان
هەمەکارە بوو ، لە رادیۆی کوردان
گوتی برام کوردی ؟ تۆش لە خۆمانی
ئا بۆمان بلێ بەندێ گۆرانی
کە بەندێکم گوت بە دلی پڕ گریان
لە خواوە جەرگیان بۆم بوو بە بریان
گوتیان بەڕاستی لەهجەی شیرینە
بەلام داخەکەم کە بێ تەمرینە
چەندە رێکخەرو سەدای غەمگینە
چەندە بە جۆش و چەندە بەتینە
( ئۆرکێست ) کە هاتن هەموو کوێرو شەل
لە خۆشیا گشتیان کەوتنە پەلە پەل
یەکێك عوودی بوو ، یەکێك ساز ، یا ، نەی
یەکێك بە ( قانوون ) ئەیگوت بلێ ( دەی )
یەکێك بە ( جمیش ) ئەوی تر ( وریەلوون )
چەندە بەسۆز بوون دڵ دەبوو بە هوون

ئەمما داد لەدەست دایرە زەنگی
هەر کەس بە نەوعێ گرتبوویە چەنگی[1]
مەخلەس دامەزرام لە بەشی کوردی
لە ڕادیۆ ( بەعدا ) هێجگار بە مەردی
زولمیان لێ کردم مانگی شەش دینار
مانگ لەگەڵ مانگێ زیادیان کرد ناچار
ئەوا بەم جۆرە چەند ساڵ غوربەتی
چەندە بێ کەسیو چەند بێ تاقەتی

هەرچەند غەریب بووم ، بیوم هەڵوەدا
ئەمما دۆستم خۆش ، ئیوم کرد پەیدا
مەخلەس ( ٥٨ ) ماڵم بەجێ هێشت
هیچم نەهێنا بە عەزمی خوێی چێشت
ماڵو زیندەگیم لەخۆم کرد وێران
زۆر بە فەخرەوە هاتمەوە ئێران

* حەسەن •• لە ڕێگەی پێنجوینەوە هاتووەتە ( عێراق )و هاتووەتە سلێمانی ••• بەینێ لە سلێمانی گوزەرانی کردووە ، و سلێمانی لا دلگیر بووەو ( کاسبی ) کردووە ••• (شەربەت فرۆشی ) و ( کوبە فرۆشی ) کردووە ••• شوێنەکەی لە (بەر خانەقا ) دا بووە •••
بە هۆی دەنگە خۆشو بەستە بەجۆشەکانییەوە •• دۆستو ناسیاوی پەیداکردووە •• هەروەها بەهۆی گۆرەندو لۆر نییەوە•• بڕێ جار تووشی سەرخۆشیی تووش •• و ••• بەزمو هەرا بووە ••

* تافێکی کەمیش لە کەرکوکدا ژیاوە •••و ئاهەنگی تێدا گێڕاوەو •• لەوێش ئاشنای هەبووە •

---

(١) ئەمەدەردی ئیپ، مۆسیقای ئێستگەی کوردیە هی ساڵی (١٩٥٣) بەڵام ئەمرۆ ساڵی (١٩٧٧)ە ــ حەسەن چۆن باسی کردووە .. هەروا مارە .!

* هەروەها لە هەولێریش‌دا ژیاوە •• ئاهەنگی تیا گێڕاوەو •• ئاسیاوو دۆستی تێدا •• پەیداکردووە•

* سالی ١٩٥٣ ••• ئەچێتە (بەغدا)و ••• بە یارمەتی ( صـلاح ) ناوێك •• کە ئەو ڕۆڵە کوردە شایانی سوپاسە •• ئەو گەوهەرەی •• لە قوڕدا دەرهێنا •• کردی بە گەردنی •• بووکی گۆرانیی کوردی •• لە ئێستگەی کوردی بەغدادا ••

هەروەها هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ( عـادل عرفان ) کە ئەو گەوهەرە بەنرخەی وەرگرت‌و لە تەنیا گوێ‌گرتنێکا •• زانی •• بایی چەنـدە ، باوەشی بۆ گرتەوەو •• جێ‌پێی بۆ خۆش‌کرد کە لە ئێستگەی کـوردی خۆی بچەسپێنێ •• بە (هان)و (دنە) دانـی ( صـــلاح ) و پشتگیری ( عادل ) •• ئەو •• حەسەن زیرەکە ی ئەمڕۆو •• خاوەنی ئەو هەمــوو بەستە پڕهەست‌و نەستانە •• « بۆ ئێمە بوو •• بە گەنجینەیەکـی لەبـن نەهاتووی ئاوازی کوردی•• »

* لە سالی ( ١٩٥٣ ) تاکوو ناوەندی سالی (١٩٥٨) توانیی ئـەم گۆرانی‌یانەی لە ئێستگەی کوردی بەغداد تۆماربکات ••

١ ــ ئامین‌و ئامین
٢ ــ ئامین تاقانە
٣ ــ ئەی وەی زارا
٤ ــ ئەرێ وەی دەبلێ وەی •
٥ ــ ئەسمەر یارم جوانە
٦ ــ ئەمــان
٧ ــ ئەی نیــزام بۆخۆم نیــزام
٨ ــ ئەی بۆ هەلامە •
٩ ــ ئەی شەمێ •
١٠ ــ بلوابــێ •
١١ ــ باخەوان گیــان •

١٢ ــ بالآ بەرزو شیریـــن •
١٣ ــ بۆی دێنـم •
١٤ ــ بەندۆران •
١٥ ــ بە دیناری •
١٦ ــ بووك مریەم •
١٧ ــ بولبول مژدە وا هــات بەهــار •
١٨ ــ بۆم بلێ نەرمــە نەرمە •
١٩ ــ بە لەنگەر •
٢٠ ــ پەرچەم خەیاتــە •
٢١ ــ چاو جوان بەقوربانت بــم •
٢٢ ــ چاوت جوانــە لەیلــێ •
٢٣ ــ چارۆکەو چارۆکــە •
٢٤ ــ دەنگ دێ لــە شیلانەکــەی •
٢٥ ــ دووگمەت داخــە •
٢٦ ــ دە تــێ ی کە •
٢٧ ــ هەی بێنە بۆ من بێنە •
٢٨ ــ هەر تۆم دەوێ تــۆ •
٢٩ ــ وەرە وەرە بــەرپەنجەرە •
٣٠ ــ وا مەکــە •
٣١ ــ وەك قومری ••
٣٢ وەرگەڕێ بالآت ببینم •
٣٣ ــ کاروانــە •
٣٤ ــ کەو یار •
٣٥ ــ کەو مــل •
٣٦ ــ کیژان دەچنە مێرگوڵآن •

٣٧ ـ کەژو کەژالـێ •
٣٨ ـ گەوهەرێ •
٣٩ ـ مەنالـە بولبـول •
٤٠ ـ مەستم بە مەستی چاوی •
٤١ ـ لە خرنگە خرنگی جەواهێران •
٤٢ ـ لێم زیزبووە چاو کەژالـم •
٤٣ ـ نازدارو نازدار •
٤٤ ـ نامدوێنی بـۆچ نامدوێنـی •
٤٥ ـ نایـە ••
٤٦ ـ ئەم دیوەو ئەم دیوە•
٤٧ ـ ساقی بێتۆ بیمـارم•
٤٨ ـ ساقی بۆم تێکـە •
٤٩ ـ قاسپە قاسپی کـەو •
٥٠ ـ شۆڕێ مالـم شۆڕێ •
٥١ ـ شیریـن گیـان •
٥٢ ـ تۆبە تۆبـە •
٥٣ ـ یـار ئەمـان •
٥٤ ـ یا عەبابەیلێ •
٥٥ ـ یارم جوانـە •
٥٦ ـ خۆشە گەرمیان •

× گۆرانی‌یەکی تریشی هەیە بە ناوی «دە لێدەن لێدەن لێدەن ، دەی تەپلی شادمانی » کە بەبۆنەی زەماوەندی سەرنەگرتوو ووتوویەتی •

✻ خێرا دوایی شۆڕشی ١٤ تەمموزی سالی ١٩٥٨و روخاندنـی فەرمانڕەوایی •• شاهەنشاهـی •• عیراقی بەجـێهێشتو گەرایـەوە

بۆ (ئێران) چووەوە شاری (بۆکان) و لەپاش ماوەیەك ئەچێتە ئێستگەی کوردی ( مەهاباد ) و دوایی ئەینێرنە ئێستگەی کوردی ( تاران )و لەوێدا زۆربەی بەستە ڕەنگینەکانی تۆمارکردووە ..

ئێستگەی کوردی پێویستی بە ئافرەتێکی کوردی خوێندەوار ئەبێ .. حەسەن زیرەك .. لە (میدیای زەندی)دا ئەو (بار)و (بەهرە) یە ئەبینێ .. ئەچێتە ماڵی باوکی ( میدیا ) .. لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٨)دا ..

ڕازی ئەبن‌و لە ئێستگە بە ( موزیعە ) دائەمەزرێنێ .. پاش مانگێك .. ( حەسەن ) ، ( میدیا ) مارەئەکات .. زەماوەندئەکەن لە دواییدا ئەینێرنە ئێستگەی ( کرماشان ) ..

لەوێش زۆربەی گۆرانییە نایاب‌و ئاوازەکانی تۆمار ئەکات ..

* ساڵی (١٩٦٦) کتێبێکی بەناوی (چریکەی کوردستان) کە شانزە گۆرانیی خۆی تیا کۆکردووەتەوە چاپی‌کردووەو بلاوی‌کردووەتەوە ..

لە کۆتایی ئەم ساڵەدا ، حەز بە دیدارو دیدەنی ئاشناو ناسیاوەکانی دەکاو دێتەوە عێراق‌و .. دێتە شاری سلەیمانی ..

# له رێگەی نێوان سلێمانیو قلیاساندا گیراوه

لەو هاتنەیدا گەڵ ئاهەنگی له ماڵی دۆستو بەستەویستەکانیدا گیراوە .. تۆمارکراوه وەدوجر ئەچێ بۆ بەغدا لەوێش چەند کەسایێکی دۆستو دڵسۆزی بە نیازی تۆمارکردنی گۆرانی لە ئێستگەی (بەغداد) لەباتی بەپیرەوە چوونو پێشوازی کردنیو ( لیژنەی فحص )ی گۆرانی ... ( بڕو بیانوو ) و ( دەستی دەستی )و ( گاڵتەپێکردن ) .. له جێگەیەکی تردا باسی ئەو بەسەرهاتەم نوسیوه .. (حەسەن زیرەك) به دڵشکاویو دڵساردییەوه . . ئەگەڕێتەوه بۆ سلێمانی .. گۆرانیی بۆ تۆمارناکەن ..

ـ کاك محمد له رۆژنامەی (ژین) ژماره ( ٨٤ ) رۆژی ( ١٩٧٢/٩/٧ ) نووسیویەتی . ( بەڵام چەند ناحەزێکی پیلانێکی دەستکردیان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتییەوه بۆ چنیو بەگرتیان داوه له مانگی (١٩٦٧/١)[1] .

ئەم ووتانەی کاك محمد تەواون بەڵام بۆ مێژووەکەی .... که ئەم ووتانەم له شریتی ئاهەنگێك وەرگرتووه .. و شریتەکه لە بازاڕدا له سلێمانی هەیە .. برادەرێکی ( دووربین )و هونەردۆست لە پێشەکی پێش دەستپێکردنی ئاهەنگی گۆرانیی ئەڵێ :

« ئەم شەو شەوی جومعەیه که ڕێکەوتی ١٩٦٧/٣/٢٤ ئەکات چوارەم شەوی ( جەژنی قوربان)ه ..

بەبۆنەی ئەوەی که کوڕەکەی شێخ جەبار ناونرا ( ڕێبوار ) چەند کەسێك کۆبووینەوه بۆ ئاهەنگ لەگەڵ ( حەسەن زیرەك ) وه ئەم شریتەم تسجیل کرد بۆ یادگار ..» ..

وه (حەسەن زیرەك) لەوێدا ئەم گۆرانییانەی ووتووەو تۆماریان کردووه .

(١) جەلسە (٢) شیرینێ وشرینەو شەمامە (٣) لە سیلەی قەبـران
(٤) بوك زێنێ (٥) دەگـیان نایـە ، (٦) لۆرکێ (٧) کوێستانان
خاڵ خاڵ .. هەندێکی تر ..

کەواتە حەسەن زیرەك لە مانگی ١٩٦٧/١ نەگیراوە .. بە مێژووی
ئەم ئاهەنگەدا ١٩٦٧/٣/٢٤ هەر لە سلێمانی بووە ...

ئەبێ پاش ئەم مێژووە .. بەندکرابێ .. وە کـاك محمـد نووسیوێتـی
لە مانگی ١٩٦٧/٩[1] لە ڕێگای ( خانەقـــین )ەوە درایەوە دەســت
کاربەدەستانی ئێران ..

« لە جێیەکـی‌تری ئەم کتێبەدا حەسەن بە درێژی باس‌و خـواسی
ئەم گرتنەو بەندیخانەی خانەقین ئەکا» .

کاك محمد ئەڵێ : لە (ئێران)یش ماوەیەك لە بەندیخـانە توندکـرا
ئازارێکی زۆریان داوە ، دوایی بەریان‌داوە ، (میدیا)ی خێزانی دەستی
لێ هەڵئەگرێ !!

«هەر لەم کتێبەدا قسەو گفتوگۆی ( میدیای زەندی) ئەخوێنیتەوە ..
کە بە (دەم)و (دووپا)وا دەرئەکەوێ یەکجار حەسەنی ویستـوەو
خۆشی ویستووە .. سەرم لەم کارە ئەماسێ چۆن دڵی هاتووە دەست لـە
حەسەن هەڵ بگرێ .. بەو هەموو حەزو ئارەزووە .. و دڵگەرمی‌یەوە ..
لەبەرامبەر حەسەن » .

لە دووڕێیاێکی نزیك شاری بانە (چایخانەیەکی دانابوو .. بەڵـێ
حەسەن دەربارەی ژیان‌و گوزەرانی‌ی ئەو چایچی‌یەتی‌یەی ئەڵێ :
« ئەم ووتانـەی لەسەر شریتێك تۆماری‌کردووە لە ئاهەنگێکدا
.. کـە( ئەبو سەباح ) وچەند کەسێکی تر لە هەولێرەوە ئەچن بۆ لای »

---

( ١ ) حەسەن خوی ئەڵێ شەش مانگ لەژێر شکەنجەو تەعزیبی بەغـداد
بووم .. کەواتە لە مانگی (سێ) ی ٣ / ١٩٦٧ گیراوە .

ــ چایخانەیەکی ناخۆش‌و پڕتوکاو عەجایەبم هەیە .
ئەگەر بێن تەماشابکەن ، تەعەجوب دەمێنن ، دەڵێن چۆن لێرە دەژی ؟

ــ نا پێم خۆشە کاسبی‌ی لێ دەکەم .
ــ هونەر لە نێو کورددا قەدری نەما .
ــ هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا . .

هونەر بۆ من کارێکی نەکرد کە بە شوێنی‌دا بچم چونکە (کوردم)و بە زمانی کوردی ، قسەدەکەم .

ــ ئەوە خەریکم دوو سێ گۆرانی بەم زەمانی پیری‌یەمەوە . . دەڵێیم بۆ عالەم ، بۆ ئاخری مەرگم کە نزیکەو زەمانێکە خواحافیزی یەکجاری بکەم‌و بچمە ژێر گڵەوە ، بەشەری کورد نەبینم !!.

حەسەن وەك مرۆڤێکی بەهرەمەندو گۆیندەیەکی زانا بوو .. زۆرزان بوو .. هەرچەند بلیمەتەکان .. زوربەیان زۆرزانی‌یان بە کەڵکی خۆیان نەهاتووە . لە ( برسا )و (لەهەژاری )دا ژیانیان لا تاڵ بووە .. زۆرزانی‌یەکەیان دادێکی نەداون .. بۆ ژیانێکی کامەرانی‌و بۆ خۆش‌گوزەرانییەکی ئەوتۆ کە شایانیان بێ ..

لێرەدا .. حەسەن زۆر بە (بێ باکی)و (ڕاستگۆ)یی .. بەرەو ڕووی ژیان وەستاوە .. ئەزانێ کە نەخۆشە .. نەخۆشیەکەی کوشندەیە .. بەڵام پەلی داخ ئەدا بە پشتی (ژیان)و (زەمان) دا .
ئەڵێ : « خەریکم دو سێ گۆرانی‌ی بەم زەمانی پیری‌یەمەوە ... دەڵێیم بۆ عالەم»

« نزیکەو زەمانێکە خواحافیزی یەکجاری بکەم» ..
ئەوەی شایانە لێرەدا ئاشکرای بکەم .

ــ حەسەن خۆی چاك زانیویەتی .. کە پیری یەخەگیری بووە ... (مردن)یش بەرەو پیری دێ !.
ئەم ووتانەی حەسەن‌و .. نەخۆشیەکەی کە ( شێرپەنجەی جەرگ

ـ سرطان الكبد ) بوو .. پەنجە ئەكەن بە چاوی .. ئەو ئەسانەدا كە لە خۆڕا .. (ڕمل) لێ ئەدەن ...و (ناوان)و ( بوختان) .. بۆ ئەو هونەرمەندە هەڵئەبەستن .. لە گوایە .. ئەو پیلانی .. مردنی حەسەنی داناوە .. خۆی مردی حەسەن ئەو بووە ..

هاوار بە مالم ... نازانم هەندێ كەسو بەتایبەتی لە كۆمەلەكەی ئێمەدا ئەم (درۆ) و (بوختانە) شاخدارانە .. چۆن دروستئەكەن ..

خۆزگە ئەو ژیریو قسە قووتانەیان بۆ خێرو خۆشی كۆمەڵەكەیان .. بوایە .. زۆر چاكتر بوو ... سەپانیكردنی شەیتان شەرمەزاری نە دوایە ..

بەڵێ .. حەسەن .. لە پیریدا .. كە خۆی ئەڵێ .. هەرچەند لەو پیرانە نەبوو .. (ئاخری پیرییەكەم هێناوە شنۆ) .. دیارە لە دوا دوایی ژیانیدا لە (شنۆ) نیشتەجێ بووەو .. بۆ (پیری) خۆی ئەڵێ :

« لەپڕدا (پیری)م لێ وەدەركەوت »
« بەختیش وەكوو خۆم هاتو لێی خەوت »
« فتیلەی عومرم هاتووە كزی »
« هەر بینا ئەویش لە سوتان كەوت »
« ئەسپی تەبیعەت هەروا خۆشڕۆیە »
« بەبێ ئاوزەنگی لە ڕەوت نەكەوت »

❋ بەڵێ حەسەن لەگەڵ ( ڕابە )ی دوا ژنیدا .. لە گوزەرانی هەژاریدا .. پیرو مری سەریان نابوو بەیەكاو ..

حەسەن .. هەر لە بەزمی خۆیدا بووە .. لە گۆرانییەكیدا ئەڵێ :

« ـ سێ مانگەی پاییز (ڕابە گیان) بریا شەو بوایە »
« دەم لەناوی دەم بەقوربان چاو لە خەو بوایە »
« خرمەی دالان دێ خودایە بەڵكوو یار بایە »

ئەوا لەم کاتەدا گۆرانی بۆ (ڕابە خان) ئەڵێ .. کە لەپاش میدیـای زەندی مارەی کردووە .. لەم کاتەدا .. لە ( دالآنە ) کەوە دەنگ دێ .. ( حەسەن زیرەك ) لەخۆشیا ( ڕابە خان )ی لەبیر ئەچێتەوە ..نالێم (قۆپیە)ی لێئەکا .. خێراو .. تەڕدەست دەڵێ ..

« خرمـەی دالآن دێ خودایە بەڵکوو یــار بایـە »

دەك چاوت دەخۆم حەسەن .. بۆیە بە هونەرمەندت ئەزانم ... کە ( ژیان )و (ژن) ت خۆشویستووە بەڵام ئەوەندەش خەمت بە دەستەوە نەخواردوون ...و بێ دڵی ... (دڵی) خۆتت نەکردووە ...

لە مانگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٢دا نەخۆشی ( شێرپەنجە ) تەنگ بە حەسەن هەڵئەچنێ ... ئەچێتە لای (حەمەد ئەمینی) کاکیو پێی ئەڵێ.. (زۆر نەخۆشم ئەو لاکەلەکەی چەپم دێشێ ) ...
حەمەد ئەمین زۆر بەکاوەخۆ پێی ئەڵێ :

« ئەوە عارەقت زۆر خواردووەتەوە ... بۆیە لاکەلەکەی چەپـت دێشـێ !. »

ـ ئای بەڕەحمەت بی « حەسەن » لە زۆر گۆرانـیـیەکانـدا .. هەر لە سەرەتای هەرزەکاریتەوە ووتووتە ..
« کەلەکەی چەپم کوون بوو لێو ئاڵ بە مست لێیداوە » .

ـ نە بەخوا بەختی هونەرمەندێکی مەزنی وەك تۆ نییە .. ( لیـوٚ ئاڵ بەو (مەرە) یەت بەرێ ..

هیچ (لێو ئاڵ) ێکیش دڵی نەئەهاتوا شپرزەت بکات ... بەڵام .. خەمو ژان ، (شێرپەنجە)ی ئێسك گران .. بێ بەزەیییانە چنگـی لـە جەرگت نا !.. مێردەزمەی مەرگ لێی دای ..

لـــە ڕۆژی دووشەممـــە ڕێکەوتـــی ١٩٧٢/٦/٢٦ ... لـە ( بۆکان ) کۆچی دوایی کرد ..

له گردی ناڵەشکێنه به خاك سپێراوه پێش مردنی •• دەڵێ:ــ
« توخوا له پاش مردنم ، لەسەر قەبرم ، گریەو زاریم بۆ چی‌یە ؟
« له خۆدانو خۆ رنـینو بێ قەراریـم بۆچی‌یە ؟••

« سێ ڕۆژانە » و (حەڵوا بەخشـین) دارو بێداریـم بۆچـی یـە
تا زینـدوو بووم ، لـە دنیـادا ، هـەزار هـاوارم نەکـرد
من گریـەو زاریو بـە ملیۆنـێ بـێ قەراریـموا نەکـرد
ئەرێ ــ دەتگووت برۆ ، تۆ ئەغیاری ، ئەمن یاری خـۆم هەیە
عەیبە بۆ تۆ ، دەمگوت یارم ، بۆ تۆ غـەدرو لـۆمەیـە
منیش له پشت دەرکە تا بەیانی چەندە ( شین )و (ڕۆ )م دەکرد
گڵو خاکی ئەغیارو دۆست من بەسەر ( خـۆم ) دەکـرد
ئێستا ، دە برۆ ، تۆ لەپشت سەنگی مەزارم دەنگی گریانت نەیە
من که مـردووم ، هەزارانێ ، بـۆ تۆ عەیبـەیـە !!!

❋ محمد ئەمین برا گەورەی حەسەن زیرەکەو تەمەنی له (شەست ) تێپەڕیوه •• له (بۆکان) نیشتە جێیە •• و ( کافە : قاوەخانە)ی هەیـەو له بابەت ژیانو مردنی (حەسەن زیرەك) ەوه ، جارێك له (ڕادیۆ ) وه بەم جۆره له حەسەن ئەدوا •• لێرەدا بەکورتی ئەینووسمەوه ••

❋ حەسـەن وەلـەدی ( بۆکـان )و منالـی ( بۆکـان )ە
❋ له حـەوت سـاڵانـەوه گۆرانـی‌ی ووتـووه •
❋ لـە پانزەو شانزه سـاڵی‌دا چووەتـە سەقـز
❋ حەسەن زیرەك (١٠٠٩) هەزارو نۆ گۆرانی‌ی بۆ خۆی داناوه [1].
❋ حەسەن زیرەك هەر ئەسڵی خۆی هەموو گیانی ( سەیر )و (بەزمی) بوو ( ڕۆحیەی ) شاد بوو ! « هەمیشە زەوقی هەبوو » •

---

(١) سالی ١٩٦٦ .ز دکتۆر محمد صدیق مفتـی زاده له « چریکـەی کوردستان»دا نووسیوێتی (تائێستا نزیکەی هەزارگۆرانیو بەستـەی له رادیۆی عیراقو ئێران تۆمارکردووه ..و تامردنی بەقسەی محمد ئەمین که شەش سال دوای ئەم مێـژووه « ١٩٦٦ تا ١٩٧٢ » لـە «هەزار»ەکەی دکتۆرەوه بووه بە «١٠٠٩» واته نۆ گۆرانی‌ی لەو شەش سالەدا ووتووه .. ئەم قسانە پێویستی به لیکولینەوه یەکی قـولو جوونه ینجو بناوان هەیە !! بۆ ئامارکردنی بەرهەمەکانی پوختی زیرەك .

❋ له بارەی نەخۆشی‌و مردنی‌یەوە ... «محمد ئەمین» ووتی :

ـ ڕۆژێکی حەسەن هاتەوە (بۆکان) ووتی « کاکە ئەمـــن ئەو لا کەلەکەیەم دێشێ » ووتم بۆچی دێشێ؟ عارەق زۆر دەخۆی !! دێشێ؟ ووتی نەوەڵڵا هــەر دێشێ .

لاکەلەکەی هاتە ژان .. پاییز بوو ، زستانی گوزەران ، ژنەکـــەی ئەم دەمانە بوو «مەبەست وەرزی بەهار بوو» .. هات گوتی حەســەن زۆر نەخۆشە «ئەمن‌و حسەین»ی برام چووین بۆ ( شنـۆ ) ئەگـــەر چووینە ( شنۆ ) لە ( سابلاخ ) تووشی ـ حەسەن ـ بووین ، لە سابلاخ لە مالی کوڕی ( سەیدی زەمبیل ) بوو ـ عەلی شا ـ ئەگەر تەماشامان‌کرد نەخۆشە دەتوانێ بگەڕێ ، قسەبکا ، نەخۆشێکی بەسەر ( پێ ) وە بوو ، ئێمەش ووتمان ژنەکەت ووتوویەتی نەخۆشەو ناڕەحەتە ، ووتی « وەڵڵا کاکە ناڕەحەتم ، پێیان ووتووم دەبێ (عەمەل = عەملیـــات )ی خۆت بکەیت ووتمان زۆر چاکە (عەمەل) بکە .

هەستاین لەگەڵیا چووینە ( شنۆ ) ... لەوێوە ناردمانە ( ڕەزائی )یـە لەوێ ( عکس بەدار) ی بکا (عەکس بەداری) کردبوو ، ( عەکس بەدار)ی ڕەزائی‌یە هیچ نەبوو ، بەکار (نەهات) بوو هێنامانەوە ( بۆکان ) لە بـۆکان ناردمانە (تەورێز) ( عەکس بەدار ) یەکی ( تەکمیل )و ( کامـل )مـان کرد هاتینە ئێرە مەبەست تەورێزە .. دکتۆر (یار محەمەد) ی عەملیاتی کرد.

دکتۆر یار محەمەد بە ئێمەی نەگوت ، بە دۆستان‌و ڕەفیقانـــی ئێمەی گوتبوو (سەرەتانی جەرگ ) یتی « جگەر » .

لێرە تا دوو مانگ‌و دواجار دوای ـ عەمەلیاتەکەی ـ مانگێـــک ـ چل شەو تەقریبەن حەسەن زیرەك ژییا ـ .

ـ پینج ـ ڕۆژمان له ئەوەڵی هاوین چووبوو ، ئەمری دا بەئێـــوە ( واتە لە رۆژی ٦/٢٦ ئەو ساڵە کە ١٩٧٢ ئەکا کۆچی دوایی کرد ) ٠

* وەسیەتی حەسەن زیرەك ٠٠

( حەسەن زیرەك ) ووتی لە (ناڵە شکێنە) بمنێژن ٠

( لە کاتی بەڕێ‌کردنی تەرمەکەی‌دا) : چون ئێمە نارەحەت بـووین جەماعەت ڕوویان‌کردە قەبرستان (گۆڕستان) و ئێمــەش نەمان‌زانـی ناڵەشکێنەیە !! سەیرمان‌کرد ناشتوویانە ٠

ـ ئێمە هاتینەوە ووتمان وەسیەتی‌کردووە لــە ناڵەشکێنە بینێژن لای (ئیمام جومعە)ی بۆکان وەسیەتی‌کردبوو ئەوی ( مشکلۆزمە ) کردبوو، (ئەگەر مردم لە ناڵەشکێنە) بمنێژن ٠

ـ کە ( ئیمام جومعە )ی بۆکان لە (تاران) هاتەوە ، ووتی برا ئــەگەر من لێرە بوومایە ، حەسەن زیرەکم لە ناڵەشکێنە دەناشت وەسیەتــی حەسەن زیرەکم بەجێ‌دەهێنا چونکە منی ( مشکلۆزمە ) کردبوو ٠٠

ـ خێرا ، فەوری ، دەستورمان دا ٠٠ گوێزامانەوە بۆ ناڵەشکێنە ٠٠

# دەچمە سەر ناڵەشکێنێ

دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە بۆکانێ :
ـ ئەی وەی بەرامبەر بە بۆکانێ ـ
یاری من هەر نەجیبە ، باریکەو نەشمیلانێ
ـ مردم ـ کورتێی خاڵ دانە دانێ
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر مەحموود ئاوا :
ئەی وەی بەرامبەر بە میراوا
یاری من هەر کەژاڵە ، چاوی کاڵە
سوورە گوڵەی باخی ساوا[1]
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ ، بەرامبەر بە میاندواوێ
ئەی وەی بەرامبەر بە میاندواوێ
عەشقی باڵای لێو ئاڵ بوم ، « چی لێ بکەم » کولمی گوڵی سێلاوێ
ئەی وەی دنیام بێ وی من ناوێ
دەچمە سەر ناڵە شکێنێ بەرامبەر بە سابڵاخی
ـ ئەی وەی بەرامبەر خاتوون باخی ـ
یاری من هەر کەژاڵە ، چاوی کاڵە
بۆچی لە من بووە ، یاخی ؟ ئەی وەی
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە عەلیاباد
ئەی وەی بەرامبەر ماڵی ( عەلیاباد )
عاشقی چاوی کەژاڵم ، شیرینە ، بە وێنەی نەبات

---

(١) کاك نەوزاد محمد : لە نامیلکە بچکۆڵەکەیدا ( ترووسکاییەك لە ژیانی ( حەسەن زیرەك) لاپەڕە ( ٤٦ ) ئەم هۆنراوەیەی بە کەمو کورتی .. وەرگرتووە ونوسیویتی :

ئــەی وەی ــ محتــەل ــ بووم بۆچــی نەهــات ؟
دەچمە سەر ناڵەشكێنێ ، بەرامبــەر ماڵی شێخلــەر
ئــــەی وەی بەرامبەر ماڵی شێخلــــەر
عاشقی باڵای نەجیبیم ، قەد باریكەو رەش ئەسمەر
هــاوار قــەد باریكـــــەی ڕەش ئەسمــــــەر
دەچمە سەر ناڵــە شكێنێ بەرامبەر بە گەرمێنــێ
ئــــەی وەی بەرامبــەر بــــە گەرمێنــــــــێ
عاشقی چاوی لێو ئاڵم ، خودا لــە منــی نەستێنــێ
یاری من هەر لێو ئاڵە بــۆ من سەد ملیۆن دێنــێ
ئــــەی وەی ..

# فاتیحا

هەر کەسێ ئەڵێ من موسلمانم
یا ئەمن خەڵکی خاکی کوردانم
هەر کەس تێ دەگا لە مۆسیقاو دەنگ
هەر کەس بیستوویە مۆسیقاو ئاهەنگ
هەر کەس گۆرانیی کوردی پێخۆشە
هەر کەس بۆ هونەر دڵی بە جۆشە
هەر کەسێ سەری زرکەتاڵ نییە
هەر کەسێ دڵی گۆشتی کاڵ نییە
( فاتیحا ) بخوێنێ بۆ کاك حەسەن گیان[1]

بەڵکوو بێبەخشێ خودای میهرەبان
با ( ڕەوشەن ) بڵێ حاڵی من خۆشە
چونکە ساڵێکە دڵ بە « پەرۆشە »

( رەوشەن )

« حسەین » برا بچووکی ـ حەسەن زیرەك ـ لە بابەت
( حەسەنە )وە بەم جۆرە دواوە ..
* لە ئەوەڵەوە ـ حەسەن ـ شاگرد شۆفێر بوو لە تەورێز .
* هات لە دەزگای ـ تەورێز ـ دابمەزرێتو ببێتە ئاوازەخوان ،
لەوێ قبوڵیان نەکرد .

---

(1) کورد فەرموویەتی « هەزار فاتیحا بە مووچەیە حەلوا نابێ » تا ئەدیبو
هونەرمەند لە ژیاندایە..چاکترە ڕێزی بگیرێ ، لە باش مەرگی..
جێی لێ بکا !!

* لەسەر ئەو ماشێنە کاری دەکرد لە ( سەقز ) لەوێ ژنێکی هێنا بە ناوی ( زبێدە = زبێ ) خزم‌و کەسی ئەو ( زبێدە ) یە لە بەغدا بوون ، برایەکی هەبوو بە ناوی ( حەمە سوور ) •
* حەسەن چوو بۆ عێراق ، لەوێ لە ڕادیۆی عێراق گوێمان لەدەنگی بوو •
* دوای چەند ساڵێك گەڕایەوە ئێران •
* هاتەوە (بۆکان) ماوەیە لێرە مایەوە •
* چووە ڕادیۆی ـ مەهاباد ـ •
* دوایی ناردیانە ڕادیۆی ( تاران ) ، ماوەیەك لەوێ لە ( تاران ) خەریك‌بوو بە ئاوازەخوانی •
* لەوێ ( میدیا خانم ) یشی هێنا •
* لە کرماشان هامشۆمان دەکرد بەڵام هەمیشە لێك دووربووین •
* برا گەورەکەم ووتی با بچین بۆ (شنۆ) حەسەن لەوێ نەخۆشە •
* دواجار هێنامانەوە ( بۆکان ) لەوێوە بردمانە ( بیمارستان ) لە ( تەورێز ) •
* لە (تەورێز) سستیان نواند لەوێ خەوانیان‌و عەملیان کرد (عەمەلیات) دوایی هێنامانەوە بۆ بۆکان ••
* پاش ماوەیە •• کۆچی دوایی کرد ••

# شیوەن

مانگی یەکـــەمی فەسلی هاویـن بـــوو
داوێنـی چیــا پڕ لـە نەسریـن بـــوو
( لالـە )و (شەقایـق) وەکـنوو چرا بـــوون
بولبـول‌و قومـری دەستـە بـرا بـــوون
گـەڵای زەردو سوور ، گـوڵانی بەهــــار
بۆنـی ڕۆیشبت‌بوو تا کـۆڵانـی یـار
سروەی سەر کۆسـار ، وا خـۆی ئەنـواند
تەلـــــی خەیاڵـی دڵـی ئەبزوانــــد
هاژەی قەلبـەزەی بەفـــراوان مابـوو
شنـەی فێنکــــی بەهـاران مابـــوو
قاسپـە قاسپی کەو ، لـە کوێستـان مابـــوو
شەمامەی خــەت خــەت لە بێستان مابـوو
گەزیزەی تـازە لـە گوڵـزار مابـــوو
هێمـای دەیسـەنی نەوبەهـار مابـــوو
چریکـەی بولبـول ، لەسەر گـوڵ مابوو
خەیاڵـی سەیـران ، هەر لـە دڵ مابـــوو
کەدەستـی یەزدان ، بــە ڕەزای خـــودا
شانـۆی خەفەتـی بــۆ دڵان گێــڕا

# یادی یەکەم ساڵەی کۆچی دوایی

«حەسەن دۆستێك»

* بەداخەوە ، ساڵێکی تەواوە ، گۆرانی بێژی بەناوبانگــی کــورد ، کاك ( حەسەن زیرەك ) ــ کۆچی دوایی کردووە •
* ئەگەرچی خۆی ئێمەی بەجێهێشتووە بەڵام هەتاوی بــیرەوەری ئەو خۆشەویستە ئاسۆی ئاسمانی تاریکـــــی دڵی هــەمووی ڕووناك کردووەتەوە •
* هەر کەسێك گوێی لە گۆرانــی یە خۆشەکانی کاك حەسەن بووبێ ئەزانێ ئەندازەی پایە بەرزیو شارەزایی ، ئەو بلیمەتە نەمــرە تا چ ڕادەیــەك بــووە •
* پاش ئەوەی هەواڵــی لــە دنیا دەرچوونی حەسەن زیرەك بەگوێی دانیشتووانی کوردستان و کرماشان و بۆکان و بانەو سەردەشــت و سـەقزو مەریــوان و شــارانــی تــر[1] ، گەیشــــت ، وای دەزانــی یەکێك لــە ئازیزانی خــۆی لــە دەســتداوە • تیری پەژارەو خەفەت « دڵی هەمــووی کــردبووە خوێنـەوە » زوربەی ڕۆژنامەکان وێنەی کاك ( حەســەن ) یان لەچاپدابوو • بەرنامەو فلیمی زۆری سەبارەت بە چلۆنایەتی ژینی ئەو هونەرمەندە بەڕێزە لــە ڕادیۆو ( تەلەفزیۆن )ەوە بلاوکردەوە •
لە کوچەی شارو بازاڕدا هەموو کەسێك باســـــی ( زانیــن )و (هۆشیاریی)و (تێکەوتوویی) ئەو گۆرانی بێژە تایبەتییەیان دەکردە نەك تەنیا ئێستا کە ساڵێکــە لە مەرگی ئــــەو خۆشەویستــە ڕابوردووە • بەڵکوو تا دنیا دنیایە (ئێــــو)ی بەسەر زمانــەوە [illegible]

---

(۱) کوردستان : لێرەدا مەبەست لە (سنە)یە !

تا دەنگی گۆرانییەکانی لەسەر شریتە بەنرخەکانییەوە بمێنێ
ـ خۆ ـ شی هەر زیندووە •
تا ئاهەنگی دەنگی لە خانووی رۆحی گوێگرەکان بێ دیمەنی
( خۆ )شی لە پێش چاوە ••

* رۆژنامەی گرنگی ئێران بە خەتێکی گەورە لە سەرەتای ووتاری بەسەرهاتەکەیەوە ، نووسیبووی :
( حەسەن زیرەك ) ـ شاعیر ـ و ئاهەنگساز ـ و ـ نەوازەندە ـ و گۆرانیبێژ بوو • بەڵام (سەواد)ی نەبوو ، تێ فکرە تا چ رادەیەك بیرو هۆش و شەوق و زەوقی ئەو بلیمەتە پەرەیسەندبوو کە بێ ئەوەی ( خوێندەواری بووبێ ( کردبێ !! ) •

شیعری ئەگووت ، با بزانن کە ئەو ( هونەرە ) جگە لە هەڵبەستی گۆرانییەکانی ، بەسەرهاتی ژیانی ( خۆ ) شی بە شیعر ( هۆنیبووەوە )و لە چاپیدابوو •

* حەسەن بە راستی لە گۆرانیبێژیدا زیرەك بوو لە زۆربەی گۆرانییەکانیدا ناوی (بۆکان)ی هێناوە چونکە خەڵکی بۆکان بوو لەوێ لەدایك بووە •

* حەسەن ، پیاوێکی ( زانا )، (زانا)یەکی هونەرمەند ، هونەرمەندێکی شۆخ ، شۆخێکیبێ وێنە ، گۆرانی بێژێکی مێرد ، مێردێکی بەنرخ بوو •

* قەبری ئەو پیاوە نەمرە ئێستا لەسەر لووتکەی کێوی ناڵەشکێنەی حەسەندا سەیرانگای ئەو بووە ، چونکە زۆری خۆشویستووە • بۆیە پێش ئەوەی کە بولبولی گیانی لە قەفەزی لەشیا هەڵفڕێ

وەسیەتی کردبوو لەوێ ( بینێژن ) .. ئێستا شایانی ئەوەیە سەری خاکەکەی بە گولی (میخەك)و ( سمـل )و (وەنەوشە)و ( چنوور )و ( گەزیزە )و( نەسرین )و( شەوبۆ )و( هەلاله )و ( بەرزەلنگ ) ، گولباران بکـرێ ...

# شیوەن

## میدیای زەندی

حەسەن بە خودا ، دڵ بەتەماتە
بە وەڵڵاو بیللا رۆحم لەلاتە

هەموو رۆژێ من هەر دەستە دوعام
تا رۆژی دوایی من هەر بەهیوام

بەڵکوو زوو بمرم ژیانم ناوێ
چونکە لەم دنیا هەڵ ناکەم تاوێ

ڕەنگم زەرد بووە لێوم بەبارە
دڵی گرتووم ، خەمو پەژارە

ئاوری دووریت دڵی سوتاندم
مەلی هێمنی گیانی فراندم

شەرابی شادیم لە جاما ڕژا
خاکی خەفەتم بەسەردا پژا

پەیمانەی عومرم ئیدی پڕ بووە
چونکە ( حەسەن )م لەدەست دەرچووە

گۆرانیی بێژی نیشتیمانم ڕۆ
هۆنەری هۆزی کوردەکانم ڕۆ
رۆڵەی ئازیزی لای بۆکانم ڕۆ
بولبولی باخی کوردستانم ڕۆ
شەمامەی سووری ئێو بێستانم ڕۆ
گوڵی ژاکاوی سەر کوێستانم ڕۆ

ئەستێرەی گەشی ئاسمانم ڕۆ
ڕووناکی چاوی نیشتیمانم ڕۆ
سەردەستەی تاقم شۆخەکانم ڕۆ
سەرۆکی دەستەی عاشقانم ڕۆ
هاوەڵی ڕۆح و دڵ و گیانم ڕۆ
حەسەن زیرەکی میهرەبانم ڕۆ

# گلەیی و کسبە

لە ئاهەنگێکی تایبەتی‌داو لەسەر شریتێك بە دەنگی خـۆی ئـەم ووتانەی تۆمارکردووە کە باسی (ژیانو هونەرو گرتنەکەی ئەکا ) •

* ساڵەهای ساڵ مامۆستا ( عەلی مەردان ) لەوەتی ( سەورە ) بووە[1] هەموو ساڵێك جارێك سەری لێ ئەدام لە ئێراندا ، « مەمنونیـــم نۆکەریم ، خزمەتچیم » •

* ـ ( عەلی مەردان ) بەرزە ، زۆر بەرزە ، ( کورد قەدری نـازانێ ! ) «ئەمن قۆندەرەکانی ئەخەمە سەر چاوم » !!

* ئەمما مەردو مەردانە ئەبو سەباح ـ کاك جەلال ئـەمما توخوداو پێغەمبەر بلاوی بکەنەوە • ـ ئەو هونەرمەندانە ، هونەرمـــەند ئەهاتن سەری منیان ئەدا •

* رۆژێك لە کرماشـان « محمـد عـارف جەزراوی »و « حەسـەن جەزراوی »و « ئەلیاس فەرەنگـی» • ویژدانیـان گووتبوویـان لە ( ئەمـن ) ئەمنـی ئێـران ، کـە ئێمـە لـە هیچ ( ئوتێـل ) ێـك نامێنـین ئەبێ بچینـە لای •• حەسەن زیـرەك ، منیش زمانێکم بوو ، زمانەکەم خۆش بوو ، زۆر جوان بوو •

ـ ژنو مێردێك ـ بووین شەش کولفەو نۆکەرمان بـوو وەڵڵاهـــی وەڵڵاهـــی •

* ئەمجا گوێت لێ بێ ئەی برای کورد !!•

ـ محمد عارف جەزراوی ، لەگەڵ حەسەن جەزراوی و چەند نەفەرێك وەختێ ( واریدی ماڵی ئێمە بوون ) من ماڵم نییە ، ماڵی برادەرە ، ماڵی عالەمە ، دائیمە حازر بووم ، زاکرە ئەمر بدەم ، ئەوە بێنـن

(١) مەبەستی لە شۆرشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨)ە •

ئەوە بەڕن وەعزم (وضع)م زۆر جوان بوو ، زۆر زۆر •

ئەمما رۆژێك كە محمد عارف و ئەوانی تر رۆیشتن ( ئێران) چەند جائیزەی دانیو چەند گۆرانی‌یان ووت — پێیان بڵێن ، پێیان بڵێن — ( شریت ) یان لێ وەرنەگرتن ، واتە گۆرانی‌یان پێ نەووتن و گوێیان نەداونەتێ — لە كرماشان ئەوەی كردم ، كردم دوو سێ ئاوم لێ گرتن ، حەوت سەعات شریتیان گرت ، لەسەر سەرم لەسەر چاوم • حەوت سەعات گۆرانی‌یان ووت •

ئەمما رۆژێك كە ڕۆیشتن ( جەڕە ) یەك ئاوم بۆ هەڵگرتن بەڕێم كردن مەلا بانگی نەدابوو ، كە من قەت نوێژ ناكەم ئینشاللا چونكە دكتۆر بۆی نووسیوم •

ئەمما مەلابانگدان مەجبوور بووم ئەو برادەرانەم بەرێكرد لەجیاتی نوێژ « یا خوا خوا بە نوێژی بنووسێ » •

وەڵلاهی لە ( جیوەی كرماشانی ) لە ( سەماوەری نەوت ) ئەوەی لە پێم كرا سەوقات بۆم كڕین بەوە — گلەیی — یە ها !! « ئیلاهی آمین ئەلحەمدو لیللاهی ڕەب لعالەمین » •

مەلا بانگدان بە تەلەفوون بە منیان گووت میوانەكانت خەبەركە •

میوانەكانم بە هەزار دەردی سەر خەبەر كردەوە ، (ماشێن) هات •

چووم — جەرە — یە ئاوم بەو دەمی بەیانی‌یە بۆ پەیداكردن (١) كە ئەم برادەرانە گەرمایان نەبێ ( توونی : تینوو ) یان ئەبێ با جەڕەیەك ئاویان پێ بێ ••• جەڕەیەكی جوان جوان بە دڵی خۆم ئەو شتەی كە من خۆشم ئەوێ لە حەیاتی خۆما ( ! ) بۆم كڕین ( بزانە چ ئاوێك !!) (١) •

بەڕێم كردن ، زۆر شاد بووم پێم خۆش بوو ، خودایە خودایە ، ئەم برادەرانەم ئاوا بەڕێ كرد یا ڕەبی زۆر شوكر ، « بەس نەبوو من بووم » ( هەژدە شەو من خزمەتی ئەوانم كرد ) • — الحمد لله یا ڕەبی یا ڕەبی ، خودا لە عانی ( مەستی )شدا هاواردەكەم خودا ، خودایە ، بەڕێم كردن •

---

(١) مەبەست لەو ئاوە (مەی)یە •

کان تیایا ( لیڵو پچڕ پچڕ •• ئەبێو دیـــارە

لێرەدا شریتەکە قسـ ئەیەوێ حەسەن بی‌بڕێنەوە •

( ڕابە خان)ی ژنی کەسانەی خزمەتی کردوون •• کە هاتووەتـە

دیارە گلەیی ئەکا لە وا ە پاداشتیان نەداوەتەوە ـ •

عیراق •• لەسێك ئاخـری دەیانویســـت بترێکی بـیرە

ئـەمجا ئەلــێ عیراق ) ساڵی ٦٠ ) نوڕیکی خانەقینی

( بەس بیرە ) •• لەوێ گوتی ئەگەر هەرچی‌تان لێ کـردووە

کوردێکی خانەقینی دووە • بەڵام ئەگەر ئەوەی لە گەڵدا بکەن ئەم

قەیناکا ، قبوولم دەم • ئەمجا دوایی جعارەی بۆ دێنام ، تـا

( دایەرە ) بەیەکدا منوونیم بۆ خاتری خوا •

ئەو رۆژەی دەمر شەش مانگ مەخلەس لەژێر شکەنجـــەو

هێنامیانە ( سلێمانی خوا ڕوحمی کرد لە هیچدا نەبووم ـ خواهاوار

تەعزیبی بەغدا بووم •!

بەس من هـاوار ) بردمیانە ( موسڵ ) بە قەراغ ـ مەولێرـی

هێنامیانە ( کەرکووك ـ ئەی هاوار کوردی هەولێر ، کەسێك بـە

جوان‌دا کە ڕۆیشتم بپرسێ بلێ چ کارەی ؟

دەرەوە نی‌یە لە حاڵم

لەناو قەفەزی پۆلیس خانەدا ـ تەنیا نەفەرێك وەك « خولە پیزە »یان

گرتبێ ( هەژدە پۆلیس )منیان دەبرد ، ئەی هاوار ، لەم ماڵـەبووم ،

لەو ماڵەبووم ، تەماشام‌دەکرد پەنجەرەکانیان دیاربوو ئەمما ئـەی

هاوار ( بەشەر ) نەبوو بڵێ حەسەن زیرەك بۆ کوێ دەبەن[1] •

بەشەر نەبوو بڵێ حەسەن زیرەك بۆ کوێ ئەبەن ، باوکم بۆ من خولە

پیزەم • بەڵێ ئەمما ئەمانە هەموو بەدبەختی‌یە ـ قەیناکا هێنامیانەوە

کەرکووك (١٨) شەو لە سجنی کەرکوك بووم ، بۆ ؟ باوکم[2] •

✱ ئەمجا دواجار ئەینێرنەوە بۆ ـ ئێران ـ !•

---

(١) ئەو ئاوە (عارەق)ە •

(٢) ئەو بوتل تێ‌برینە ، سەردەمی حوکمی برایانی عارفی ـعبدالرحمن ـبووە•

# له یاداوەری کۆچی پێنجەم ساڵەیدا ..

## لە « رادیۆ »وە میدیای زەندی .. ووتی :

— پێنج ساڵ لەمەوپێش ، لە وەها رۆژێکدا ئێمەی بەجێهێشتو چوو بۆ ئەو جێگەیەی کە هەموو دەچین .

— ئەلبەت وەختێ ئەو رۆیشت مەسئولیەتێکی زۆریشی بۆ من جێهێشت ، ئەویش بە خێوکردنو ڕاگرتنی دوو کچی بۆ سەرفراز ، لە شارێکی غەریب .

— کە من هیوادارم خودا کۆمەکم بکا بتوانم ئەو منداڵانە بەو جۆرەی کە ئەو ئاواتی بوو ، چون وەختێ مابوو ، بە منی گوت (منداڵەکانی من بۆ کەس بەجێمەهێڵە ، خۆت ڕای بگرە ، وە ئەو جۆرەی کە من ئارەزوومە بە عەمەلیان بێنە ، ( الحمد لله ) منداڵەکانیش تا ئەو ڕادەیەی کە پێگەیشتوون ، بە ووتەی هەمووان چاکن ، وە من هیوادارم زۆر زۆر چاکتر بن .

من باش لە بیرمە لە ساڵی (٣٧) کە بیست ساڵ لەمەو (پێش) وەختێ کچ بووم لە ماڵێ مەرحوومی حەسەن زیرەك هات بۆ ماڵی بابم، بەرنامەی کوردی تازە دامەزرابوو ، بەرنامەی کوردی نیازی بوو کە ژنێکی کورد یا کچێکی کورد قسەی تێدا بکا من خۆم

(١) حەسەن دەنگی بە کەس نەگەیشتووە ، کەسێکی کوردی هەولێر نەیزانیوە حەسەن لەناو ئۆتۆمبیلی بەندیخانەدا ئەبەن بۆ موسڵ ، ئەگینا دۆستانی هەولێرو کوردی خوێنپاکی هەولێر بیگومانم فریای ئەکەوتن .

« عثمـــان »

(١) زمارەی (١٨) زۆر بەسەر زمانی حەسەندا هاتوونو زمارەیەکی دیارە بلح بووە لە ژیانیدا ، (١٨) رۆژ خزمەتی عارف جەزراویو ئەوانی کردووە ، (١٨) پۆلیس بردوویانە ، بۆ مووسڵ ، (١٨) شەو لە کەرکوك بەندبووە ، (کاروانە کاروانە ــ کاروان رۆیی بەیانی + (١٨) گەرەك رابەری لە خرینگەی بازنەکانی) ــ لە گۆرانی « کاروانە »دا ..

کورد بووم لە تاراندا ژیانم دەبردە سەر ، بەڵام ئەوەی لە (تاران) بووم کاتێ کە بیستم بەرنامەی کوردی هەیە ، با وەکوو زۆر منداڵ بووم کلاسی نۆهەم — بووم — لەگەڵ ( حەسەن زیرەك ) — چووم بۆ ڕادیۆ • بەڵام ( گوێگرە خۆشەویستەکان ) من نەم ( دەزانی ) خوالێخۆشبوو بوو •

— حەسەن — بۆیە من دەبا بۆ ڕادیۆ کە بمخوازێ • بەهەر سورەت حەسەن باعیس بوو ئەمن لە ئیدارە دەستم بەکارکرد مانگێك لە ئیدارە کارم‌کرد — مانگی دواییش لەگەڵ خۆی ( ئیزدیواج )م کرد وە لەو تەئریخە بە دواوە کە بیست ساڵ تەواوە من لە ڕادیۆی کوردی خزمەت‌دەکەم •

وە هیوادارم خودا بە من عومر بدا زۆرتر لەوە بتوانم خزمەت‌بکەم •

( ئەل‌ئان — الآن ) کە خوالێخۆشبوو — حەسەن زیرەك — مردووەو لە بەینمانا نەماوە ، دیسان لێی سوپاس‌گوزارم کە منی هێنا بۆ ( ڕادیۆ ) وە ئەو وەسیلەیەك بوو کە ئەگەر خۆی نییە لێرە ، من کار دەکەم‌و خزمەت بە کورد دەکەم •

بتوانم ژیانی خۆم‌و منداڵەکانی پێ بسوورێنم • وە من ئاواتم ئەوەیە خودا زۆرتر یارمەتی بدا تا باش بتوانم خزمەت‌بکەم وە ئەوەش بە هەموو کەس ڕوونە ، و دیارییە کە من هیچ فکر ناکەمەوە ( حەسەن ) مردووە یا نەماوە •

— چونکە من لە جێیەیدا دەردەنەم ، زیندەکی دەکەم کە ئەگەر خودی حەسەن لەوێ نییە گوێگرە خۆشەویستەکان ناوی حەسەن لە دەمی من دەبیسن هەمیشە ناوی خوالێخۆشبوو — حەسەن زیرەك — دێ •

— گۆرانییە خۆشەکانی بە دەنگە خۆشەکەی لە هەموو ( بەزم )ێکدا جێی هەیە ، باوەڕ ناکەم کە هیچ کوردێك بێ دڵی بە دەنگی حەسەن نەکرێتەوە •

هەر کوردێکیش لە هەر لایەك هەیە ئەوەنـــدەی کە حەسەنـــی
خۆش دەوێ سەد ئەوەندە بە منداڵەکانی هەروەها نیسبەت بـــە من
موحیبەت دەکەن وە من سوپاس لە هەمووان دەکەم بەتایبەتـــی لـــە
هامکارانی بەرێزم ، من لێرە غەریبم کەسم نییە ئەوان بۆ من کەسن
لە خودای گەورە داوا دەکەم خودا حەسەن ببەخشێ و منیـــش
یارمەتی بدا منداڵەکانی بە چاکی بەخێوبکەم •

# ڕۆیی‌و بەجێ‌ی هێشتم

ئەرێ ــ بە توێ‌ی عەرەق‌چین ــ وا ڕۆیی‌و بەجێ‌ی هێشتم
زولفی دانا چین بە چین ــ دێم ماچی کەم ، نەی هێشتم
ئەرێ ــ بە توێ‌ی دەسماڵی ــ هەر دەڕواو بەجێیم دێڵێ
بە غوڵامی ووردە خاڵی ــ لە غەریبیم بەجێ دێڵێ
دێم ماچی کەم نام هێڵێ .

ئەرێ بە توێ‌ی کەتانی ــ وا ڕۆیی‌و بەجێ‌ی هێشتم
بە غوڵامی چاوی جوانی ــ شەرابی مەرگی پێ چێشتم
هاتم ماچی بکەم نەی هێشتم

وەی بە توێ‌ی ناس لاوی ــ بۆچ ڕۆیی‌و بەجێیم دێڵێ ؟
بە غوڵامی جووتێ چاوی ــ لە غەریبیم بەجێ دێڵێ
دێم ماچی بکەم نام هێڵێ

مەقام : چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن ، گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەك نمەك‌گیر بم ، بە چاوی تۆ قەسەم هیچ نەم‌دواند
(١) گول بە سۆزی پاتەوە ، [illegible] لێ ئەدا
وا شکوور سۆزەی نەسیم هات‌و ئەویشی لێ ستاند

---

(١) ئەم هۆنراوە کە بە مەقامەوە ئەیلێ‌هی‌ی « حەریق »ە .

# ئارەزووی لەیادی کۆچی باوکیدا بەمجۆرە ئەدوێ

ئەمن مەحبەتی زیرەك ، یا بە جۆرێکی دیکە ئارەزووی زیرەك ، کچە گەورەی خودالێخۆش بوو حەسەن زیرەك ، خانەندەی کوردم ، ئارەزووی ساغ و سلامەتی بۆ هەمووتان دەکەم .

ئومێدەوارم کە شەوو رۆژتان بەخۆشی بەسەربەرن ، ئەورۆ ، ساڵ رۆژی دەر گوزەشتی بابمە ، چەند ساڵ پێش لەو رۆژە بابم لەدەستچوو ( فەوتی کرد ) واتە ( کۆچیدوایی کرد ) .

وە ئێمەی بە تەنیا بەجێهێشت ، ئەمما ئێوەی خوشك و برا کوردەکان وە تەواوی ئەو کەسانەی کە من دەیانناسم ، ئە من دەناسن ، ئەوەندە بە من مەحببەت دەکەن، ئەوەند چاك لەگەڵ من رەفتاردەکەن کە ئەسلەن فکری ئەوە ناکەم کە بابم لەدەستچووە .

یەکێك لەبەر ئەو خاترە ، یەکێکیش لەبەر ئەو خاترەی کە هونەرێك کە بابم لە خۆی بەجێهێشت ، هونەرێك کە بابم بە تەواوی وجودی ، بە تەواوی زیندەگی لەخۆی بەجێهێشت ، باعیسە بە من هیچ وەختێك فکر ناکەم کە مردووە .

ئەو پیاوێکی گەورە بوو پیاوێك بوو کە ( هونەر ) لە خوێنی بوو ، وە پیاوێك بوو کە بەبێ ئەوەی سەوادی هەبێ یا مەعلوماتێکی هەبێ توانی خۆی بەو جێگایە کە دەیەوێ بگەیەنێ ، لەسەری شروعی کرد ، بۆ ئەو جێگایەش کە پێی خۆش بوو رۆیشت .

ـ ئەڵبەتە من منداڵ بووم ، زۆر چکۆلە بووم ، وەختێ ، کە بابم مرد ، یانزە ساڵ بووم ، لە زەمانی منداڵی شتێکم وەبیرنایە .. ( فەقەت ) لای لایە گوتنی کە هەمیشە بۆ منی دەگوت هەمیشە لە گوێچکەمە ، ئەمما ئێستا وەختێ بابم مرد فەقەت تەنیا شتێکم لەبیرە کە هەمیشە لە گوێچکەم [illegible] نەکردبوو وەختێ منی بانگدەکرد دەیگوت ،

« سوورە گوڵی سەحرای چینم »

« دانیشە بتبینم ، »

« جا دەرچێ گیانـی شیرینم »

ئەوە هەمیشە لە گوێچکەی منە ، وە ئەو هیوایەم هەیە کە بتوانـم کچێکی چا بم بۆ بابم ، بتوانم لیاقەتی ئەوەم هەبێ سوورە گولـی سەحرای چینی ئەو بم •

ــ من ئەلئان ( الآن ) شانزە ساڵەمە لە ( کرماشان ) لەکـن دایکـم زیندەگیدەکەم دایکم سەرپەرشتی بە ئێمە دەکـا وە بە ئێمـە ( پەروەرییش ) دەدا •

ــ ئەمن لە ساڵی دووەمی نەزەری دەرس دەخوێنم ، ئەلبـەت ئـەو ئێوارانەی کە بێکارم دێم بۆ ڕادیۆ ، لە بەرنامە بەشداریدەکەم •

ــ رادیۆم خۆشدەوێ چون بۆنی بابم لە ڕادیۆ دێ • چـون هـەر وەخت پێ لە ڕادیۆ دەبێم ( ئیحساسدەکەم) ئەوە چووم بـۆ لای بابم چون بابم لە ڕادیۆ دەستیپێکرد •

دایکم زۆر زەحمەت بۆ ئێمە دەکێشێ وە ئەو کارە کـە دەکـا ، ئەسڵەن فکر ناکەین کە بابمان لەدەستچووە •

زۆر بە ئێمە میهرەبانی دەکا ــ خسوسەن هەمکارەکانی ئیدارە زۆر لەگەڵ من مەحبەت دەکەن،وە من لێرەدا زۆر لێیان تەشەکور دەکەم• ئەلبەت خاتیرەیەکی زۆر لە بابمەوە بۆ من نەماوەتەوە ، چـون من زۆر منداڵ بووم کە ئەو مرد •

ئەمما جوانترین خاتیرەیەك کە بە تەواوی عومرم لـە بیرم ناچـێ ئەوەیە کە زەمانێك کە بابم نەخۆش بوو ، لە مێژ بوو من نەمدیتبوو هاتم سەری بدەم بزانم چۆنە ؟ وەختێ منـی دی چـاوەکانـی پڕ بوو لە فرمێسك بە ئەندۆهەوە کردییەوە گووتی ( « :ــ خودایـە ئەمنت بەو ئارەزووە گەورەیە گـەیاند ، کـە ئارەزووی خـۆم کەیاند ئێستا نە ئەر[illegible] لە [illegible]ن بستێنی هیچت پێنادەم ، چـون گەورەترین گیانی دنیات بە من داوە ، ئارەزووم هەبوو منداڵـم

هەبێ ، ئارەزووم هەبوو منداڵم گەورە بێ » زۆر تەشەکوری لە دایکم کردوو ئێمەی زۆر ماچ کرد ٠

وە ئەوە زۆر خاتیرەکی گەورەیە بۆ من هیچ وەخت بیرم ناچێتەوە ، هەمیشە لە خاتیرەمدا دەمێنێ ، ئەڵبەت بابم وەك هەر بابێکی دیکە ، نەسیحەتی زۆری بە من کرد ، هەرچەندە کە فورسەتێکی زۆر کەمی هەبوو ٠

چون لەپاش دوو مانگ لە دوای ئەو نەسیحەتانە ، لە دنیایە ڕۆیشت ، گەورەترین نەسیحەتی بە من ئەوە بوو ، کە کچێکی چاك بم کچێك کە بایەخی ئیفتیخاری بابم ، دایکم وە مەخسووسەن کوردەکان بم ٠

کچێك بم کە نێوم دێنن ئیحساس بە شادی بکەن ، وە هەر وەك نێوی من دێنن وە (بیر) مەرحومی باوکم بکەون ٠

— بتوانم دەرس بخوێنم ، چاك دەرس بخوێنم لە منی ویست کە تا ئاخیری عومرم دەرس بخوێنم ٠ گوتی : — ئەتۆ ئەگەر بابت نەبێ هیچ کەست نەبێ زۆر چاکتر ئەوەیە عیلمت هەبێ ٠٠ دەبێ عیلمت حەتمەن هەبێ ٠٠ دەبێ دەرس بخوێنی — ئێستاش دایکت وا چاکە وا تۆی لەژێر باڵی خۆی گرتووە ، ئەتۆ لەو فورسەتە ئیستیفادەبکەو کچێکی چاك بە ، چونکە زۆر دایك لەو ( دونیا )دا هەن ، منداڵەکانیان لەکۆڵ دەکەن ، ئەمما دایکی تۆ ، ئەتۆی لەژێر باڵی خۆیدا گرتووە ، بۆ تۆ زەحمەت دەکێشێ ، ئەتۆش جوابی زەحمەتەکانی بە چاکی بدەوە ٠ ئەوە گەورەترین نەسیحەتێك بوو کە بابم بە منی کرد ، وە من هیوایەدەکەم ئەو نەسیحەتە بەجێبێنم وە حەتمەنیش بەجێی دێنم ٠

# خونچەی دڵەکەم

مەقام :

بولبول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم
ساحیبی ماهتاب گوڵی بەهارم
ئاواتی دڵەکەم ئەوا هاتەدی
شوکرانە بژیری ، پەروەردگارم
شادم ، بە شادی گەڵو برای هۆز
( ئەی ) ڕەفیقو برام جەژنتان پرۆز

( بەستە )

خونچەی دڵەکەم ئارەزووە بۆم بیە بە گورزو بازوو
خودایە تۆ پێت بەخشیوم هەمە (مەهتاب) خاڵ لەڕوو
کیژۆڵەی نازدار
هات بە لەنجەولار
مەهتاب مەزەدار ..
نامدوێنێ
قەسیە بە ناز ...
بمسوتێنێ
خەریکە جەرگم
دەرێنێ ..

ریشەی جەرگم مەهتابە ماچی بۆ من کەبابە
خودا ، هێندە ئەمکوژی ( مەهتاب ) پێم بڵێ بابە
ریشەی جەرگم مەهتابە ماچت بۆ من شەرابە
مەهتاب مەزەدار نامدوێنی قەسیە بە ناز بمسوتێنی

## ۸( ساكار )كچە بچكۆڵەی حەسەن زیرەك لە یادی كۆچی باوكیدا وتی :

ئەمن ، ساكار كچە بچكۆلەی حەسەن زیرەكم ، لــــەلای دایكــم زیندەگیدەكەم ، ئەمن ئەسلەن شك نابەم كە بابم مردووە ، چونكە هــەر كوێ دەچم ، دەنگی دێ ، وە هەموو كەس بە من مەحبەت دەكەن .

وە خاتیرەیەكی جوانم هەیە لە بابم كە وەختێ ئەمن زۆربچكۆلە بووم ، لەكن ئەو بووم وەختێ دەچوومە دەرێ ، بابم دەیگووت ــ ساكار ــ بێننە ژووری چونكە وەختێ دەنگی (ماشێن) دێ دلّی من دەترسێ .

ئەمن قەت فكرناكەم كە بابم مردووە چونكە دەنگی وەكوو ئەوەیە كە ڕەنگی هەبێ .

## چەند دێڕێك لەسەر تەعریفی هونەرو موسیقا

**حەسەن زیــرەك**

( مووسیقا ) خۆشــــی رۆحــی بەشــەری
ساحیبــی دەستو پەنجــەی گــــەوهەری
( ئۆركێستێر ) مــردم لەســەر قەبــــرەكەم
بێــت دەنگــی ( نەوا )ت بۆ هونەرەكــــەم
( مووسیقا )، شەرتە هـــــاوڕازم تــۆ بــی
پاشی ( مردن ) یــش دەم ســــازم تۆ بــی
مۆسیقــا هـــــەر تۆی رۆحو گیانــی مــن
مۆسیقــا خۆشــــی بـــۆ ژیانــی مــن
مووسیقاو بەستــــەو نەغمەو گــــــۆرانی
مردوو ، بانــگ‌دەكــا لــە قەبرستانــــی

لادەبەن غەم و ، دەبەن دڵتەنگی
هەر کەس بە نەوعێ دەبیسێ دەنگی
ئەمما داد لەدەس دەنگی « گزنفۆن »
بە شیدەت دەدا جوابێ بە ( باسۆن )
ئەوەڵ ( ویبرافۆن ) دووهەمیش ـ ئەرگ
پیاو نەجاتدەدا لە غەم و لە مەرگ
ئەوەڵیان ( سەنج )ە و دوهەمیان ( بانجۆ )
پیاو ڕزگاردەکەن لە شین و ڕۆ ڕۆ
( هارمونیك ) وەختێ ئەگرێتە دەستی
ئینسان ئەخاتە عالەمی مەستی
زەمانێ گەر دێ سەدای ( ساکسیفۆن )
لە دەنگی دەپسێ پەردەی ( میکرۆفۆن )
نەوای قەرەنەی بانگدەکا تەنبوور
پەردەی گوێ دەدڕێ لە نزیك و لە دوور
( تەنبوور ) نەجیبە سەدای زۆر گەرمە
دەنگی مەحزوونە ، پەردەی لەبەرمە
( دووتار )و ( گیتار ) شاگردی سێ تار
دەنگیان زۆر خۆشە ، لە دڵ دەبەن بار
ئافەرین ( سەتنوور ) دەنگت زۆر خۆشە
ساحیب هونەران دەکەی بێ هۆشە
دەنگی ( ماندۆلین ) گرمەی ( ترومپێت )
دەتخاتە خەیاڵ سواری ئەسپی ( کوێت )
وەختێ دەبیسرێ دەنگی ( کۆنترباس )
دەنگی لێوە دێ بە هەزار تەماس
دەنگی ( دەمبەك )و سەدای ( دووزەلە )
دەتخاتە شایی و هەراو هەڵهەلە
دەنگی دەف چاکە بۆ دەروێشەکان

بۆ سۆفیو مورید بۆ قورکێشەکان
(دەهۆڵ)و (زوڕنا) خۆشە سەحەری
سەر لەسەر، سەرین بتکا خەبەری
یا لە بۆ (سوارە)و لەبۆ شەڕە (کەڵ)
ئینسانی بەزەوق دەخاتە گونگەڵ
لەخەو هەڵدەستن یاران خەرامان
دەچنە هەڵپەڕکێ بە هەلەوداوان
ئەمما (کەمانچە) دەکا فیکەفیك
دڵی جوانو پیر دێتە جیکەجیك
ئەمما داد لە دەست دەنگی باڵەبان
شوان، دێنێتە ڕەقص، لە دەشتو لە بان
شمشاڵ، تایبەتی دەستی شوانە
مۆسیقای کوردان، نەغمەی کوێستانە
سەدای (فلوت) دێ چەندە بەلەنگی
بانگدەکا برام «دائرە زەنگی» .
(زەڕب)و (دائیرە) گەر دێنە زمان
بەبێ ئیختیار دەمکەن سەرگەردان
(چەنگ) مۆسیقێکە چەندین قەرن پێش
وەختێ لێدەدرێ دڵ دەکاتە کێش
ئەمما داد لە دەس (جاز)ی فەرەنگی
گەر هونەرمەندێ دەیگرێتە چەنگی
(وییەلون سل)دەدا سەدای دڵنەنگی
پروانە سیمی، بیسە دەنگی
(پیانۆ) شای هونەرو موسیقەدارە
خۆشتر لە (کول) شت (وییەلون)و تارە

( عود ) گەر بانگدەكا ئەرێ هۆ قانوون
سیمی دەلەرزێ دڵ دەكا زەبوون
( ئۆكردیۆن ) سەدای لە چەندین نەزمە
( جونبش ) كاسەی زیو ، چەند نەزمی جەزمە
ئەمانە هەر كام بەسۆزو سازێ
بۆت دەكەن بەدڵ ڕازو نیازێ
مۆسیقای كوردی ئەڕازێننەوە
ڕیشەی دڵ بەجۆش دەلەرزێننەوە

# ژیانی حەسەن لە چەند دێڕێکدا

- حەسەن کوڕی عەبدوڵلایە ..

بەناوبانگە بە ـ حەسەن زیرەك ـ .

- لە مانگی ڕەشەمە ( شوبات )ی ساڵی ١٩٢٦ ز لە شاری ( بۆکـان ) لە دایـك بـووە .

دایکی ناوی (ئامینە) یەو تا ئەمڕۆ ماوە بەڵام چـاوی کزو گوێی کەڕو کەنفتەیە . لە ( بۆکان )ە .

- لە ژیانی‌دا ، کرێکاری ، چاوساغی حافز ، قاوەچێتی ، قاچاقچێتی ، شاگرد شۆفێر ، تووتن‌چی ، ( کوبە فرۆشی ) ، ( شەربەت فرۆشی ) شاگرد ئوتێل ، ( ئەندامی کۆڕ )ی گۆرانی ، گۆینده دوا دوای ژیانی بووەتەوە بە ( چایچی ) !!.

- ساڵی ١٩٥٣ لە ڕێی پێنجوینەوە هاتووەتە عیراق ..و دواجـار چووەتە بەغداو لە ئێستگەی کوردی بەغدا دامەزراوەو تا ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ ز لە ئێستگە کاری کردووە نزیکـەی ( ٥٦ ) گۆرانیی لەو ماوەیەدا تۆمارکردووە .. لەم دەمەدا خۆی بە کۆمەڵانی کورد ناسیوەو دەنگی لای زوربەی خەڵکی دڵگـرو دڵکێش بـووە .

- ساڵی ١٩٥٨ چووەتەوە ئێران .. هەر لەم ساڵەدا .. لە ئێستگـەی کوردی ( تاران ) دەستی بە کارکردن کردووەو لـەم ماوەیـەدا (میدیای زەندی هێنـاوە) .

- لەم ژنەی دوو کچی بوو ( ئارەزوو و ساکار ) .
- ساڵی ( ١٩٦٦ ) نامیلکەیەکی بە ناوی ( چریکەی کوردستان ) کە بریتییە .. لە (ژیاننامە )ی خۆی بە هۆنراوەو تەعریفێکی مۆسیقاو شانزە گۆرانیی خۆی کە لەوێدا کۆکردووەتەوەو لە چاپی داوە ..
- ساڵی ١٩٦٧ هاتووەتەوە عێراق بۆ سەردان لە سلێمانیی و بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانی ی بۆ ئیستگەی کوردی بەغداد ..
بەڵام گۆرانیی بۆ تۆمار ناکەن ..
لەم ( دیدەنی )یەیدا بۆ عیراق تووشی نەهامەتیو گرتن ئەبێتو پاش ( شەش )مانگ گرتنو ژیانی بەندیخانە ئەدرێتەوە دەست ئێران ..
- نەگبەتی خۆشە !! قۆرتی ناخۆشە ، هەر لە دەمو تاوەی ژیانیدا ، لە کچەخۆشەویستەکانیو میدیای زەندی لێک دائەبڕێنو لێک جیائەبنەوە .
- لە دووڕێیایێکی نزیك ( بانە )و ( پێنجوین )دا چایخانەیەك دائەنێو مل ئەداتە کاسبی .
- لەم ماوەیەداو لە گوزەرانێکی ناخۆشدا لەگەڵ دوا ژنیدا کە ناوی (ڕابە : رابعة )دا ژیان بەسەردەبات .
- لە مانگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٢دا نەخۆشی زێقیلێئەسێنێو .. ناچار ئەبێ کە لە خەستەخانە بکەوێو خۆی عەملیات بکات .. لە ( رەزائییە )و ( تاران )و ( تەورێز ) خۆی پیشانی دکتۆر داوە .
- لە ئەنجامدا دەرئەکەوێ کە نەخۆشی ( شێرپەنجەی جگەر) تێتی . نەك وەك لە هەندێ نوسیندا دیومە .. ئەڵێن نەخۆشی (شێرپەنجەی

خوێن ) .. ئەمە لە قسەی ( حمە ئەمینی ) کاکی .. کە ئەڵێ دکتور ( یار محمدی ) لای دۆستان .. گووتبووی حەسەن ( سەرەتانی جەرگ ) یتی !! .

* لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۱۹۷۲/٦/۲٦ لە بۆکان کۆچی دوایی کردووە . ـ ۱۳٥۱ ـ ئێ .
* یەکەمجار لە گۆڕستانی ( بۆکان ) نێژراوە ، دواجار ـ ڕاسپێری یەکەی بەجێ دێنن لەو شوێنەی کە خۆی لە ژیاندا وەسیەتی کردبوو ( بی نێژن ) ئەیخەنە کۆشی خاکەوە ..
* گۆڕەکەیان گواستووەتەوە ، بۆ کێوی ناڵە شکێنە لەوێ بەخاکیان سپاردووە گلکۆی ئەو هونەرمەندە لە « ناڵەشکێنە »ی بەرامبەر بۆکانە .

« دیاریی شوانی کورد ئالاکۆکە
دیاریی زیرەکیش ، فەرموو بکۆکە ٠ »

« حەسەن زیرەك »

## «لە یادی کۆچی دواییی حەسەن زیرەکدا»
یادی یەکەم ساڵەی

« دەنگی زیرەکتـان هەمـوو بیستـووە
گۆرانـیـیەکانتـان لەبیرنەچـووە »
« ئا ئەمانەیـە ئـەو گۆرانییانـە
لە ( سلێمان کەندی ) و ( جوانـی لای بانـە )
« کولونجـە ڕێ ڕێ )و (پەری) و ( شەدە لار )
(شوفێر) و ( فاتـم ) ( ڕێبـوارو ڕێبـوار )
« روبەندت لادە »و ( لەیلا ) لەگەڵ ( شـەو )
( پەروانە )و ( نەورۆز ) قاسپە قاسپـی کـەو
« پەرچەم خەیاتە »و ( ساقی )و ( هەوری لار )
« بۆچ منـت ناوێ ؟ » و (کەژاڵ)و ( هەینار )
« کوێستانان خاڵ خاڵ » (ئەی وەی زارا گیان)
( فـەمام نەمامـە )و ( لە سیلەی قـەبران )

«هۆ لەیلی»و ( ڕەزییە )و (مریەم بۆکانی)
( ئامینێ )و ( کیژێ مەڕۆ جوانی )
« دەسماڵ حەریرە »و ( ئەی وەی بارانە )
( مەدحی نورانی )و ( کەتانە کەتانە )
« یا خوا کاك حسن دەنگت بمێنێ
بۆ کوردان دایم وەك کەو بخوێنێ
هۆنەرێك

# زاوا لە بووکی مەدە

هۆنراوەو هەوا : حەسەن زیرەك

یاللاّ یا سولّتان هاوار ، دەڕوانیتە میاندواوێ
دلی لیّو ئاڵ نەرمکەی ، هەستێ بێ لە بۆ ئاوێ
ئاوری لە من بەرداوە ، ناسکۆڵەو بەڵەکچاوێ
دەوەرە ئاوێزانت بم ، بێنەو مێنەی پێناوێ

یاللاّ یا سولّتان هاوار ، دەڕوانیتە ئۆکانێ
ئاوری لە من بەرداوە ، کوشتوومی ناسکەجوانێ
پێم ووت ئاوێزانت بم ، پیربووی ئەو مەکرە ، دایێ
با کەوشەکەت پیس نەبێ پێت لەسەر چاوم دانێ
زاوا لە بووکێ مەدە ، توخوا لە بووکێ مەدە
ئەگەر لە بووکێ بدەی تێکدەچێ دەسرەو شەدە
من لەبەر دەرکێی ڕادەگرم(جیمس)و(جیب)و(پاگەدە)
شەوگەڕو داوەت خۆشە ، مەرد بە، لە منی تێك مەدە
یاللاّ یا سولّتان هاوار ، دەڕوانیتە سەقزی
ئاوری لە من بەرداوە ، دەم‌و لێوی قورمزی
ناسکۆڵ ، توخوا پێم بلێ ئەمڕۆ لەبەر چی کزی ؟
دەوەرە ئاوێزانت بم ، هەر دەڵێی کار مامزی

زاوا لە بووکێ مەدە ، توخوا لە بووکێ مەدە
ئەگەر لە بووکێ بدەی ، دەشێوێ دەسرەو شەدە
لەبەر دەرگای ڕادەگرم جیمسو جیبو پاگەدە
ناسکۆڵ دەبەم‌و دەڕۆم یەکسەر دەچمە نەغەدە
شەوگەڕو داوەت خۆشە مەرد بە لە منی تێك مەدە

# کەژو کەژالێ

هەڵبەست : فۆلکلۆری
ئاواز : حەسەن زیرەک

چاوم بە چاوە کاڵەکەت ـ کەژو کەژالێ
لێوم بە لێوە ئاڵەکەت ـ کەژو کەژالێ
نایەمە نێوی ماڵەکەت ـ کەژو کەژالێ
نابمە شەریکی خاڵەکەت ـ کەژو کەژالێ
ئەمان کەژێ ، دیدەم کەژێ ـ کەژوکەژالێ
زولف شۆڕو گەردن بەخاڵی
خۆشم دەوێی ناسكو منداڵی
سوێندم خواردووە بە پەرچەمی ـ کەژو کەژالێ
تا دەم نەنێمە نێو دەمی ـ کەژو کەژالێ
نابم بە شەریکی خەمی ـ کەژو کەژالێ
سوێندم خواردووە ، ناچمە حەجێ ـ کەژو کەژالێ
حەجم بۆ بێتە نێو ، لەجێ ـ کەژ کەژالێ
تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ ـ کەژو کەژالێ
کزەی سەرت بە میرات بێ ـ کەژو کەژالێ
نەحلەت لەو شەرتو بەقات بێ ـ کەژو کەژالێ
نەبا شێتێ بەتەمات بێ ـ کەژو کەژالێ
هەروا دەڕوا دەکا ڕەوتێ ـ کەژو کەژالێ
وەکوو کۆتری بەر مزگەوتێ ـ کەژو کەژالێ
سوتام برژام چۆقەم کەوتێ ـ کەژو کەژالێ
شەدەی سەرت بەمحرابە ـ کەژو کەژالێ
لەوێ ڕادیارە ماڵی کابە ـ کەژو کەژالێ
عەمرو دیدەم ، دیدەم ڕابە ـ کەژو کەژالێ
مەمکت هەناری ئاودارە ـ کەژو کەژالێ

سینگت خەیلێ مەزەدارە ـ کەژو کەژاڵێ
ئەگەر بمدەنێ لە سێدرە ـ کەژو کەژاڵێ
ئەمان کەژێ ، دیدەم کەژێ ، کەژو کەژاڵێ
زولفە شۆڕو گەردن بەخاڵی
خۆشم دەوێی ناسکو منداڵی
خۆشم دەوێی ناسکو چاو کاڵی
مەمکت دوو میمو کافێکە ـ کەژو کەژاڵێ
لەسینەی ، سینە سافێکە ـ کەژو کەژاڵێ
هەر ماچێکت تەوافێکە ـ کەژو کەژاڵێ
چاوت ئەستێرەی بیستو دوو ـ کەژو کەژاڵێ
هەڵدێ لە کەلی هەڵمەلوو ـ کەژو کەژاڵێ
موسلمانم مەمکە بە جوو ـ کەژو کەژاڵێ
قەسەم بەو خاڵەی لە ڕووتە ـ کەژو کەژاڵێ
فنجانی دەستت یاقووتە ـ کەژو کەژاڵێ
مەر هەڵێنە جەرگم سووتە ـ کەژو کەژاڵێ
قەسەم بەوەی یاری جوانە ـ کەژو کەژاڵێ
لە بێو جەحێلان سوڵتانە ـ کەژو کەژاڵێ
کە دەمرێ ساحیب ئیمانە ـ کەژو کەژاڵێ
هەلم گرن بەسێو بە دوو ـ کەژو کەژاڵێ
بمبەن بۆ گەڕەکی ژووروو ـ کەژو کەژاڵێ
شینم بۆ بکەن مل بە مووروو ـ کەژو کەژاڵێ

## وەك قومری -٢-

ئاواز : فۆلكلور

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

لەسەر پردێ گرتیان سەنگەر ــ دەستێك نیزامی خۆێ بەسەر
لنگیان دامێ،دەستەو خەنجەر ــ لەسەر دوو چاوی ڕەش ئەسمەر
وەی ، وەی ، وەی بارانە ــ ئەسمەران چاویان جوانە[1]
وەك قومری سەر باڵم شینە ــ دەچریكێنم بەم هاوینە
لەسەر پردی پردەبازان ــ بەئینتیزاری چاوبازان
وەكوو عاشق بۆ دڵخوازان ــ دەكێشم چەند جۆرە نازان
وەی .. .

---

(١) ئەم دێرە هۆنراوانە فۆلكلورین .

## وەك قومری -١-

هەلبەست : حەسەن زیرەك
ئاواز : فۆلكلۆری

بیستوومە شیرینیت دەخوریّ
لەسەر دلم بوو بە گریّ
ئاهی من بەدكارمان بمریّ
ئەی وەی وەی وەی بارانە
وەك قومری سەر بالم شینە
دەچریكێنم بەم هاوینە
ئەسمەران خوێنیان شیرینە
ئەی ......
بیستوومە دەڵێن تۆراوی
بە بەژنت وێنەی لاولاوی
بەدكارمان ڕەش بێ هەناوی
ئەی ......
تەلیا گولەكەی سەحرای چینم
دەمەوێت تاوێك بتبینم
جا دەرچێ گیانی شیرینم
ئەی ......
تەلیا گولەكەی لە بۆكانی
شۆخ و شەنگ و میهرەبانی
ماشەڵڵا شیرین زوبانی
ئەی ......
ئەی ......
چاوم بە چاوە كاڵەكەت
لێوم بە لێوە ئاڵەكەت
ببینم خەت وخاڵەكەت
ئەی وەی .......

# چاوت جوانە لەیلا

هەڵبەست : حەسەن زیرەك
ئاواز : حەسەن زیرەك

هەوران کۆ بەکۆیە
دەخوێنێ و هەڵۆیە
دڵ موبتەلای تۆیە

بۆ تۆ مردم لەیلا ـ چاوت جوانە لەیلا
لەیلا .. هەی ، هەی ، هەی

هەوران تێکیان دەخوڕی
مەمکان کراسیان دەدڕی
ئەمری دایکی کوڕی
بۆ تۆ مردم لەیلا ....
ئەمشەو ، شەو زستانە
بەفران گرت کۆڵانە
یاری من زۆر جوانە
بۆ تۆ مردم لەیلا ....
هەوران گازە و گازە
دەخوێنێ و گەلوازە
یارم خوماری نازە
بۆ تۆ مردم لەیلا ....
بۆ تۆ مردم لەیلا ....

بریا و هەر ئەمدی با
دەمدی ئەمناسی با
ناسیم بەدڵی خۆم با
بۆ تۆ مردم لەیلا ....

# دە تێی کە

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

ئەمن بولبول ئەتۆ گولی
خونچەی جوان لەسەر چلی
نامدوێنی ، لێم دوو دلی

دە تێی کە ، دە پڕی کە ،
جامێ شەرابی تازە
یارەکەم جوانو مومتازە
پێێ بە پەردە ، میسلی قازە
ناوێرم ، بیشەمزێنم
بیڕەنجێنم ، بیگەوزێنم
وەك ماری بێ ئیجازە
لە دڵی من دەگرێ گازە

ئەمن بولبول تۆ ڕیحانە
تێپەڕ بووی لەو باخچانە
دەچریکێنم بەم بەیانە
دە تێی کە ..

ئەمن بولبول تۆ سنەوبەر
لە عێشقی من بووی بێحەبەر
بێ ڕەحمی یە تاکەی ئەسمەر ؟

ئەتۆ خونچە من بولبولم
دەچریکێنم پڕ بە دلم
عاشقم ، عاشقی گولم
دە تێی کە

# ئەرێ بێنە

ئەرێ بێنە بۆ من بێنە
ئەو کەردە زەردەن بێنە
کابانی دەولەمەندی
لێت جوانە بەرهەن بێنە
کابانی دەولەمەندی
مەرد بە دلەم مەسینە
بازی، کەوی، کۆتری
ڕۆژ لە ڕۆژێ جوانتری
دەبا لە سێدارەمدەن
بابمرم لە خاتری
هەی بێنە، بۆ من بێنە
زۆر جوانو خەمڕەوێنە
کابانی دەولەمەندی (١)
لێت جوانە، بەرهەڵ بێنە
کەوی، یانا کەوباڕی
شەهێنی یا شمقاڕی
با لەسەر تۆ بمکوژن
وەك کابرای لە بازاڕی

# یار یار

هەڵبەستو هەوا : حەسەن زیرەك

بولبولـی لەنێـو گـوڵزار ــ یــار ، یـار ، یـار ، یـار
تاکەی دانیشین خومـــار ؟ ــ یـــار ، یـار ، یـار ، یـار
یـارم ، یارم ، یار .....
تۆ بۆ گـوڵو مـن بـۆ دڵ بچریکێنـــین
هەردووکمـان ، عەشقی گوڵـین ، دڵ پـڕ لە خوێنین
بولبول بۆچـی دامـاوی ــ یـار .....
بۆ لە گوڵـزار تۆراوی ؟ ــ یار .....

ئەی بولبولی دڵ غەمگین ــ یار ، یار ....
دانیشـین بە کوڵ بگرین ــ یار ...
تۆ بۆ گوڵو ...

# خەمخۆ رو خوێن شیرینم ( ١ )

هەڵبەستو هەوا : حەسەن زیرەك

یا خودا شەماڵ بەخێر بێ
هەوری گەواڵ گەواڵە
ئاوری لە من بەرداوە
هەردوو کچی « مامە خاڵە »
( هەمین ) یان چاوی جوانە
( ئامین ) یان خۆی لە ماڵە
سنگی دووکانی بەقاڵ
مەمکی وەك پرتەقاڵە
تووشی بووم لە دەرکی دەر
پێم ووت حەوشێ مەماڵە

خەمخوارو خوێن شیرینم
خوێناو دێ لە برینم
یا ڕەبی بەخێر بێتەوە
یاری ڕەزا شیرینم
هێشتێ لەسەر لانك بوو
کوشتەی چاوی نەسرینم
دەوەرە دەستم دەستۆکە
با سارێژ بێ برینم
تەمەنای لە خودا ، دەکەم
بەوەی بادی هەوایە
زولفی هەودا هەودایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ

بە شەو لە ژوانم نایە
لەوەتەی ئەو ژنەم دیوە
قەت کەسم وەبیر نایە
داوم کەوتووەتە داوی
قەتعەن ، کۆتایی نایە

خەمخوارو دڵ حەسرەتم
دێشێ جەرگی لەت لەتم
هێشتێ لەسەر لانك بوو
عاشقی چاوی ( نوسرەت )م

مەجلیسێکیان گرتووە
قورعەی وا لە تارانێ
چوار کەسیان پەسندکردووە
لە ( عێراق )و ( ئێرانێ )
( ئامین ) گیان لە سەنگەسەر
( سەیزادە ) لەو بزیانێ
( توبا خان ) سووورە بانی
( ئامین ) گیان لە یۆکانی

چەند شاری عەزیم گەڕام
عێراق و ڕۆم و ئێران
نەمدی جوانی وەکوو تۆ
چاوبازو ئەبرۆ کەمان
بەقوربانی تۆی دەکەم
چوار پارچە مولکی سەیدان
لەبەر خاتری ئاسکۆڵان
دەڕۆم کۆڵان بە کۆڵان
بەقوربانی یارم بێ ...
هەموو ( شەریکەی دووکان )

خەمخـــــۆر زێدەوایـــــە
بەو غەوســـەی لە بەغدایـــە
لەوەتـــەی ئـــەو کچـــەم دیوە
هیـــچ کەســـم وەبـیر نایـــە
بەو غەوسـەی لـــە بەغدایـە
بـــەو دەردەی لـــە دلـــمدایە
پێـــم ووت ئاوێزانـــت بـــم
لـــەزمت هـــەر لەوەی دایـــە
سنگـــــی تاقـــی کیسرایـــە
شەوقـــی وێنـــەی لەمپایـــە

# وا مەکە

هەڵبەست هەوا : حەسەن زیرەك

چاوت شینە پرچت کاڵ  ئەبرۆت پەڕی ڕەشە داڵ
دەتبەمەو دەتفڕێنم  وێنەی ماینی شێخەزاڵ
روحمی خێرت بێ لێو ئاڵ  ئەو دڵەم بۆت بوو ، بەو عەبداڵ
قەدت لە بۆ کەمەرەو  باسکت جوانە بۆ خڕخاڵ

وا مەکە ، وا مەکە ، وا مەکە
دایکم دیارەو ئابڕووم چوو
دەوەرە ، دەوەرە تێکەڵ بین
بۆ تۆ ئاورم تێ بەربوو

چاو بازی ئەبرۆ کەوان  رۆحم بۆتۆ بوو میوان
دەوەرە دەستە ملانت بم  شەوان هەتاکو رۆژان
ئاورت لە من بەرداوە  دایکی منت بێ بە قوربان
ئەمنت بۆ ؟ دەستەو ئەژنۆ  تۆ ژنی گولەی مێرداز

وا مەکە ...

مەقام ـ حجاز

ئەمان بناڵم :

فەلەك بشێوێ دەورو دوکانت
فەلەك بڕووخێ حەوت ئاسمانت
فەلەك وەرگرێ ، منداڵەکانت
( کوڕە ) !! بیبات پاك بیابانت
دەردەدار بووم لەشوێن یاری خۆم
قەد بووە ، ڕێم نەبووە ، بۆ من دام بە چۆم ..

# ئامینێ گیان ( ١ )

**هەلبەستو هەوا : حەسەن زیرەک**

سلێمانیــــم شـــاری کۆنەـ
لێی دەخوێنـــێ سەقرو سۆنە
هاتووم بزانم یـار چۆنـــە ؟

سلێمانیـــم شـاری تـــازە
لــێی دەخوێنـێ ســەقرو بازە
زولفـت ماری بـــێ ئیجـازە

سلێمانیـــم شـــاری جـوانە
یـاری مـــن شیریــن زمانـە
خــۆی شۆخە ، گیـان میهرەبانە
خەمـــــی خۆمو دەردی دووان
ڕەنگ زەردی تۆم وەك مـردووان
( بەقـا ) ناکـرێ بـە نووشتووان

سلێمانیـم بـە ڕێو جـۆیـە
هەر ســاڵ حاکمێکــی لێیـە
سەری سنگــت ئەلفو بـێیە
ئەم خوێندووە ، دەرسـم پـێیە
ئامینێ گیان ، گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلـەرزێنـی ، دەتبزوێنـــم
ئەمرم لەو بەڵتەت دەردێنم

# ئامینێ گیان ( ٢ )

ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
بەخەندە دەردم بدوێنە
نەمبزوێنی دەتبزوێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم
شەدەی سەرت ئاڵەو ئابی
سەرهەڵبێنە، بێ بەلا بی
ئەمن چۆنم با تۆش وابی
شەدەی سەرت بم بووك ڕابە
زولفەو پەرچەمتم بۆ لابە

شەدەی سەرت کاری تاران
بۆچ من دەکەی بەردەباران
نەمای لەسەر قەولی جاران
شەدەی سەرت کاری کاشان
پەیمانت بەست لە ( قەدئاشان )
نەماوم من بۆ گوڵ بەشان

# ئامینێ گیان (٣)

لەبەر دەرکیـــان بـــووم بـــە خاکا
یەخـــەی خـــۆم دەدڕم سەرپاکـــا
ئـــەو بـــێ دینـــە متمانەم پێ ناکا !
لەبـــەر دەرکیـــان بـــووم بە نۆکەر
هەم خزمـــەتکار هەمیش چەپەر
باوەڕ ناکـــەم پێت ڕەش ئەسمـــەر
شەدەی سەرت بەمـــیرات بـــێ
نەحطـــەت لـــە شەرتو بەقات بێ
نەبا شێتـــێ بەتەمـــات بـــێ !
شـــەدەی سەرت بـــە میحرابـــە
تـــێیدا دیارە مالـــی ( کابـــە )
شـــەدەی سەرت کـــاری کاشـــان
بـــۆ تـــۆ مردم کچی باشـــان
تـــۆ بمشێلـــە دە کچـــی باشان

# کیژان دەچنە مێرگوڵان

هەڵبەستو هەوا : حەسەن زیرەك

کیـــژان دەچنـە مێرگـــوڵان ـ وەڵڵا مێـرگینە
تێکـــڕا دەچــن وەنەوشـــان
عارەق لـە هەنیەی دەتکێ ـ تك تك ، دێتە خوار
تـەڕ دەکـەن پانیـەی کەوشـان
کیـژێ بێنـە ماچـتکەم ـ (دەبا ڕات مووسم)
وەباڵ بە ئەستـۆی پـێ خۆشان
چاوی خومـارو نێرکز ، بۆچـی نایە بتبینـــم ؟
پڕ بە دڵ تەماشای بکەم ، دەربچێ گیانـی شـیرینم
یا ڕەبـــی مەرگـت نەبینـم
کیـژان دەچنـە مێرگـوڵان ـ ئەی وەی مێرگینـە
تێکـــڕا دەچنـــن هـــەڵاڵان
عارەق لە هەنیـەی دەتکـــێ ـ تك تك دێتەخوار
تـــەڕدەکـــەن ووردە خـــاڵان
کچـێ بێنـە ماچـــت کەم ـ چار جار ڕاتموسم
وەبـــاڵ بەستـــۆی دەلاڵان
چـاوی خومارو نێرگز بـۆچـی نایـە بتبینم ؟
کیژان دەچنــــە مێرگوڵان ـ ئەی وەی مێرگینە
تێکـڕا دەچنـــن بێزایـــە
عەرەق لەو هەنیەی دەتکێ ـ تـــك تـــك ...
تـەڕ بـوون خاڵـی لەیـلایە
لـەوەتـەی ئـەو کچـەم دیوە
هیـچ کەسم وەبـــیر نایـە
چاوی خومارو نێرگز ....

کیـژان دەچنـە مێرگۆڵان ــ ئەی وەی نێو شاخان
تێکـڕا دەچنـن ڕێواسـان
بەیانی زاهـیر دەکـرد ... هـات بۆ لام
خـاڵو مەمـان نەناسـان
خۆ پێشکەشی باڵات بێ .. ( گیانە )
هەمـوو مولکـی « سناسـان »
چـاوی خومـارو نێرگـز ..
کیژان دەچنە مێرگـوڵان ــ ئەی وەی مێرگینـە
تێکـڕا دەچنـن وەنەوشـە
عارەق لەو هەنیەی دەتکـێ تك تك ...
تەڕدەکـەن پانیـەی کەوشـە
کیـژێ لە دایکـت مەترسە
بـۆم وەرە دەرکێ حەوشـە
چـاوی خومارو نێرگز ....

کیژان دەچنە مێرگـوڵان .. ئەی وەی مێرگینـە
تێکـڕا دەچنـن کەنێـرێ
عەرەق لەهەنیـەی دەتکـێ
تـەڕدەکـەن خـاڵی مێـرێ
دەڵێـن نەجیب هاتەوە ، وەڵڵا یاری مـن ..
بـە عـام بڵێـن بەخێـرێ
« عاشقی چاوی لەیلا بووم .. من تا ماوم بەخێـرێ »
چـاوی خومـارو نێرگز ...

کیـــژان دەچنـــە کوێستانان ـ ێیو شاخـان
بـــە عام دەکـــەن ڕێواســـی
بە سەرگەردی بالآت بێ ... بـــۆت نەمـام ...
هەمـــوو عێلـــــی ئیلبـــاســـی

خزمـی خۆتـم جوانێ گیـان
بـۆچ بـێ لوتفـیو نامناســـی

چـاوی خومـارو نێرگز ... (١)

---

ئەم هۆنراوەیە تەنیا گۆرانی‌یەکی نیە .. بە چەند جۆر ئەم گۆرانی‌یەی دوتووە .. هۆنراوەکانم وا نووسیوە نەك وەك یەك جۆر تۆمارکراوی .

# بووك زینێ

**هەڵبەستو هەوا : حەسەن زیرەك**
**ئاواز : فۆلكلۆری**

تەماشای بەژنو باڵای كەن ـ مەمكی بە نهێنی دیارە[1]
لەسەر ئەو باڵای جوانێ ـ بابم دەن لە سێدارە
شەرتە ، تا نەمكوژن ـ دەس هەڵگر نیم ؛ لەو یارە
شەوو ڕۆژ ، لەیلو نەهار ـ دڵ بۆ وی بێ قەرارە
دەوەرە،دەوەرە،با جووت بین ـ جووت مەمكی وەك هەنارە
خزمینە مەمكەن لۆمە ـ بەینەڵلا ؛ مەزەدارە

ئۆخەی ئۆخەی بووك جوانێ
ئەمنم خەڵكی بۆكانێ
با كەوشەكەت تەڕ نەبێت[2]
پێت لەسەر چاوم دانێ

نەرمو نۆڵو گردو مرد ـ دەستم لە بۆ مەمكی برد
كولمی سێوی ، لا سوورە ـ تێ‌دایە خاڵی وورد وورد
ڕەبی ماڵم وێرانبێ ـ من كفری وام بۆچی كرد !
تووشی بووم لە خیابان ـ داوای دوو ماچم لێ‌كرد

ئۆخەی ئۆخەی بووك زێنێ
ئەمنم خەڵكی گەرمێنێ
ئەو ملوانكەی نایلۆنە[3]
خوێن لە مەمكی دەتكێنێ
پێی بڵێن بەیانی بڕوا

بەینو بەینەڵا جوانی ـ بە ملیۆنێ هەرزانی

---

(١) مەغزی بەدەنی دیارە .
(٢) پیس نەبێت .

مەعمەلی هەمەدانی ـ برنجی ڕەشتو گێلانی
باسکم وە ژوور سەری نێ ـ خۆشەویستی میوانی
لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ـ ناسکێ دەیبا بۆ کانی
ئاورت لە من بەرداوە ـ خەمڕەوێنی ، دەرمانی
وێنەی مایینی خۆش تەعلیم ـ فێری تەقلەو لنگدانی
ئەمشەو بۆم وەرە ژوانێ ـ لە شەوڕەوێ دەزانی

ئۆخەی ئۆخەی بووك زێنێ
ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ
باسکم وە ژوور سەری دە
پێی بڵێن دڵم نەشکێنێ
ملوێنکەکەی زۆر قورسە
بمرم مەمکی دێشێنێ

(٣) ملوانکە : ملوێنکە .

# دەسماڵ حەریر

هەڵبەستو ئاواز : حەسەن زیرەك

دەسماڵ حەریری دووبەر
مێردتکرد ، خۆڵم وەسەر
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم ( تۆ )!
بمشێلە ئاسکە دلبەر
لەسەر باڵای تۆیە ، گیان
ئەمجاریش بووم دەربەدەر
ئای لاچن ، ئۆی لاچن ، یارەکەی خۆم هات بیبینم
من نەخۆشو بریندارم ، ئەو سارێژدەکا برینم
دەسماڵ حەریری سادە
دینت بردووم بە بادە[1]
ئەگەر حەزدەکەی نەمرم
بم شێلە نەجیب زادە
نە عەیبە ، نە ئیرادە
دەم دێنم ، دەست لادە
ئای لاچن ، ......
دەسماڵ حەریری سوورە
قەدی دەڵێی بلوورە
قسەدەکا بە ( زار ) ی
هەر دەڵێی سازو سەمتوورە
عاشقی قەدو باڵای بووم
ئای لاچن ....
دەسماڵ حەریری کەسکە
ڕاپەڕی دەڵێی ئاسکە

(١) بەبادە : بە (با)دا ..

داوای دوو ماچـم لیٚکـرد
هـەڵات ئـەم باسکەو باسـکە
داوای دوو ماچـم لـیٚکرد
هـەر وەك کۆتر دەهاسکـە
ئـای لاچن ...
دەسماڵ حەریـری شینە ـ شیرینـە دەڵـیٚی هەنگوینـە
بـرام بیلاهـی وایـە ـ تۆ لـە چاوی من ببینـە
ئاوری لە جەرگی مـن بەردا ـ سنگـی بەفـری حەوشینـە
ئای لاچن ، دەی لاچن ، یارم هـات ڕادەبـووریٚ ـ
هەر کەس بیٚتو ببینیٚ بیٚ شك خـودا دەیبـوریٚ

# ئامینێ چاوی تۆ

وای وای ...
لەبەر ئـــەو ژنـە ڕەشتالـە
قـەدی دەڵـێی شمشالـە
مـن سەرکەمـە سـەر ڕانـت
پێـم دادە بـەو دەسماڵـە
خزمینـە لـۆمەم مەکـەن
لێـوی قەیتانـی ئاڵـە
ئاسکە ، دایکـی منداڵـە
بێـوەژنە ، زرکـی کاڵـە
ئامینـێ ، نازیلـێ ..
نازەکە .. چاو بازەکـە .. دەم سـازەکە
ئامینـێ .. چاوی تۆ ، جامـێ شەرابـی منـە
ئەبرۆی تۆ ، کەمانو چەنـگو ڕووبابـی منـە
بە خەنـدە دەمکوژی ، دیـنو ئیمانـی منـە
بۆچ لێم زیـزی ؟ بۆچی تـۆراوی ؟
هەر دەڵێی ئاسکی گـەردن خوێناوی
یا دەڵێی نـۆبووکـی زاوا لێیداوی
ئامینێ چـاوی تۆ ..
بۆچی زیزی بۆ ئامدوێنـی
( هەر ) دەڵێی ئاسکی گەردن بەخوێنی
یا دەڵێی ژاڵەی دەوری پێنجـوێنـی
ئامینێ ، چاوی تۆ جامێ شەرابی منە
ئەبرۆی تـۆ کەمانو چەنگو ڕووبابـی منـە
لێوقەندی ، دەمکوژی . (بە کوللی ) بیللا عەزابی منە

ئامینـێ ، سوێند بە وەڵـلاو بیللایـــە
ئامینێ ، بە بیللا ، سوێنددەخۆم بەو خـودایە
خۆشـمدەوێی چـی لـێ بکـەم ؟
شوعلەی وێنەی چرایـــە .
ئامینــێ بۆچـی دەی ؟
شەوێ لـە ژوانـم نایـە ؟
دەترسـم بمـرم نەتبینمەوە
گۆشەی دڵ ، لەلای ئێ بکەمەوە !! ؟

# نامدوێنی ( ١ )

## هەڵبەستو ئاواز : حەسەن زیرەك

سپیو سادە شەش درهەم
سوورو سپی سەد درهەم
ئەسمەر بێو خاڵ لە ڕوو بێ
مەمك هەڵوو بێ ..
هەزارو شەش سەد درهەم
نامدوێنی بۆچم نادوێنی ؟
بۆ لێم زیزبووەی نامدوێنی ؟
ئەگەر بێو بمدوێنی
سەرئەدەم لە مزگێنی
ئەی وەی ...
ڕۆح ئەدەم لە مزگینی
سپیو سادە بەلاشە
سوورو سپیو بێ غەشە
ئەسمەر بێو خاڵ لە ڕوو بێ
مەمك هەڵوو بێ ...
وەكوو تۆپی قوماشە

مەقام ــ ماهور ــ هۆنراوەی (جێم نییە تیا بسرەوم) لە شۆێنێكی

ئەی لەندی گوڵەكەم بلەندی
سنگت كارخانەی قەندی
داوای دوو ماچم لێكرد
لەسەر وەی لێم دلبەندی
ئاورت لە من بەرداوە
كولمت گوڵی تایلەندی

مەقـام :

پرسیـم لـە چنار بەرزی سەرکانی
ئەحواڵی یارم ئەبـێ نەیزانـــی ؟
جوابـی داوە ، چنار بـەو زمانـە
« هەتیو » بـۆچ شێـت بـووی ؟
مەجنوون ، دێوانـــــە
لە تـاوی یـاری خۆت
بۆچ کەوتوویە ، ئـەو کێوانـــە
عەرزم‌کرد وەڵڵا دڵ پەرێشانـــە
ئیمڕۆ ، دوو ڕۆژە لەیـل بـێ نازە
نە قاسپەی کەوە نە دەنگی بـازە
نە هاڕەی ( تەپڵ ) ە نە سەدای ( ساز )ە

## نامدوێنی ( ٢ )

لێم زیزی نامدوێنی ـ غەریبم دەمرەنجێنی
گورجیلە ، دەڵێی ئاسکی ـ وەکوو قومریو شەهێنی
نامدوێنی بۆچیم نادوێنی ؟ ـ بۆ لێم زیز بووی نامدوێنی
ئەگەر بێو بمدوێنی ـ ڕۆح ئەدەم لە مزگێنی
لێم زیزەو لێم تۆراوە ـ بەبێ هودە ڕەنجاوە
ڕۆحت بردم بەقوربان ـ بەحاڵ قالبەکەم ماوە
لێم زیزە بەبێ دەلیل ـ دەسڕۆکەو دەسماڵی تیل
بۆیە زەردو زەبوونم ـ بەسیرم دەمگرێ بە دیل
نام دوێنی •••

# لاده

## هەڵبەستو هەوا : حەسەن زیرەك

بەژنی جوانو ڕێكوپێكــی ـ دایدەنێم لەسـەر تەختێكـی
نایەڵـم بــ ڕوا تاوێكـ ی ـ بەو شارە ، نادەم چاوێكـــی
میوانــی من بێ ، یا ڕەبی میوانی من بێ
لادە لادە ، توخودا ، لادە ، بـۆ مالــی ئێمـە
جوانە ، هەر لە تۆ جوانە ، ئەو گوڵو گوارەو غەزێمە
(بەژن)ی جوانو نەرمو ناسك ـ هاتوچۆ ، بە وێنـەی ئاسـك
پڕ ، لە بازن ، قۆڵو باسـك ـ پشتێـن شلەی كـراس كەسك
میوانــی من بــێ ...
(بەژن)ی جوانو باڵای بەرزی ـ هاتوچوونو شێوەو تـەرزی
لە ملی ئاڵان بسكو كــەزی ـ سەرو گەردن ئەلقەو دەسی
میوانــی مــن بــێ ..
بەژنــی جوانو قەدو بــڵا ـ هاتوچۆی ، پڕ ووردەخڵـە
چاوی جوانە ، لێوی ئاڵــە ـ مەمكــی وێنـەی پرتــەقاڵە
میوانــی مـن بــێ
بەژنی جوانو ناسـكو نەرمی ـ چاوی ڕەشو خوێنــی گەرمی
هاتوچـوونو حەیاو شەرمی ـ بە كوردی بەندی جگەرمـی
میوانــی مـن بــێ

# وەرە قوربان

هەڵبەست : حەسەن زیرەك

لەبەر پرچی درێژی ــ لە بلندیو سەرەولێژی
شێتم بۆ پرچی درێژی ــ لە بلندیو سەرەولێژی
ئاخ نەخۆشت کردووم (دەمرم) ــ هەی دەبێ بۆ خۆت بمنێژی
وەرە قوربان ئارامی دڵان
شێتت کردم وەرە قوربان
شێتت کردم عەقڵت بردم
سوتام برژام وەرە قوربان(١)

لەبەر ئەگریجەی جوانی ــ دەچم دەبمە میوانی
شێتو شەیدای چاوی تۆم ــ چەند ناسكو میهرەبانی
وەرە قوربان
زولفی خەیاتەی خاوە ــ رۆحم لەبۆی نەماوە
ئاخ نەخۆشی کردووم چی بکەم ــ کوشتمی ئەو جووتە چاوە
وەرە قوربان

لەبەر ئەگریجەو خاڵی ــ ئەمنم عەشقی جەماڵی
شێتو شەیدای کردووم ــ کوشتمی دوو لێوی ئاڵی

---

ئەم چەند دێڕ هۆنراوەیە هی گۆرانییەکەی مامۆستا (تایەر تۆفیق)ە.

# نەسیحەت بێ بۆ دڵداری -١-

ئاواز : حەسەن زیرەك
هەڵبەست : فۆلكلۆری

نەسیحـەت بـێ بۆ دڵداری ــ عاشـــق مەبـن بە ڕێبواری
چونکـە عاشق دڵـی فێـرە ــ خۆی دەکوژێ لـە ناچـاری
عاشقان دێن لە دوور دیـارن ــ ڕەنگیان زوردەو لێـو بەبارن
لۆمە مەکـەن خاوەن یـارن ــ بـە دەردی دڵ گرفتـارن

دەستەی عاشق مەجلیسیان گرت ــ بە عام ناردیان ساقیان بانگکرد
ساقی مەست بوو،پیاڵەی پڕکرد ــ چاوی گێڕا عاشقـی قڕکـرد

جووتـێ ساقی‌گوارە زێـڕن ــ مەی لە مەیخانان دەگێـڕن
عاشقـان لە دین وەردەگێڕن ــ کرمانجـی دەشتـی بازێـڕن

## نەسیحەت بێ بۆ دڵداری ـ٢ـ

عاشقان پاك دڵیان بریانە ـ بۆیە وێڵو سەرگەردانە
ڕەنگیان زەردو پەرێشانە ـ عاشق بە باڵای چاوجوانە
عاشقان دێن لە دوور دیارن ـ ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن گرفتارن ـ عاشق بە باڵای چاو (کار) ن
مەنعیان مەکەن گرفتارن ـ بۆیە سەرپاکیان بیمارن
عاشقان پاك دڵیا ن ناسکە ـ مەعشووقەیان وەك ئاسکە
دەپەڕێ ئەو باسکەو باسکە ـ ئەمڕۆ بۆیە خۆی دەهاسکە

# خونچەی دڵەکەی من

**هۆنراوەو هەوا : حەسەن زیرەك**

پێم بڵێ مەزەدار بۆچی تۆراوی ؟
حەسوود چی گوتووە؟لە من ڕەنجاوی؟(۱)
خونچەی دڵەکەم پشکووت بوو بە گوڵ
هاودەردە لەگەڵ بولبولی سەرچڵ
خونچەی دڵەکەی من بەهار ئەپشکووت
تا کەی بناڵم ؟ لە بۆ خاڵی ڕووت

ـ مەقام ـ

«گیانەکەم زانیوتە بۆچی خەو لەچاوم ناکەوێ »(۱)
« چونکە من پێش خزمەتم ، پێش خزمەتان نانوون شەوێ»
کۆرپەی دڵەکەی من باوەشی تۆی دەوێ
گڕووی لێ گرتووم بۆم نانوێ شەوێ
کۆرپەی دڵەکەی من گریەو زار دەکا
تۆ خۆت دەزانی، بۆچ هاوار دەکا ؟

هەروەها ـ حەسەن زیرەك ـ ئەم هۆنراوانەش
بە ( مەقام )ەوە ئەڵێت لە بەستەکەدا ..
بە حەمدیللا ، گوڵی ڕەعنا ، شکاندی ڕەونەقی لەیلا(۲)
بڵێن مەجنوونەکەی شەیدا ( ئەمان .. ئەی هاوار )
زەمانە بەزمی ڕەندانە ، بدە ساقی بە پەیمانە
لەبەر تەعزیمی مەیخانە ، بڵێن پیری موغان بابێ
فەلەك زانی کە دەشکێ ، ڕەونەقی بازاڕی مانگ و ڕۆژ(۳)
شکاندی پەنجەکەم ،تا من نەنووسم وەسفی ڕوخسارت
دەبێ کاغەز لە بەرگی گوڵ ، قەڵەم جانا لە عەنبەر بێ
ئێستا ئە من مەیلم هەیە بنووسم وەسفی ڕوخسارت

---

(۱) ئەم کۆپلە هۆنراوەیە ، گۆرانی بێژێکی تر ووتوویەتی .

ـ مەقام ـ هوزام :

کام ئەستێرەی گەش ؟ کام گوڵی کێوی ؟
سوورە وەك كوڵمی ، ئاڵە وەك لێوی
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی ؟
بژانگی ، برۆی ، ئەگریجەی خاوی (٤)

---

(١) ئەشلێ : ڕەقیب چی گوتووە .
(٢) گیانەکەم زانیوتە : ئەم هۆنراوەیە هی مستەفا بەگی کوردی‌یە .
(٣) ئەم هۆنراوانە کە (حەسەن) ئەیانلێت هی شاعیری کورد « تایەر بەگی جاف»ە .. یەکەمیان بە مەقامی «سێگا»وە ئەلێ‌و دووەمیان بە مەقامی (ئۆرفە)وە ..
ـ عثمان ـ
(٤) ئەم هۆنراوەیە کە بە (مەقام)ەوە ئەیلێ هی مامۆستا ( گۆران)ە .

# کراس ڕەش (١)

## هەواو هونراوەی ( زیرەك )

کــــەوا بوو یا ڕەب تووبــــی تــــو قورعــان
ئەمن لێــــت دوورم ، ئەمــــان ســــەد ئامــان
من بــــۆ تۆ مــــردم ، مــــەڕۆ خەرامــــان
کراس ڕەشی ــ تێدەکۆشی ــ ناز ئەفرۆشی خۆت مەشارەوە
خــۆت مەکــــە بە ژێـــــر ، چرپــــیو دارەوە ،
ئەمن عاشقی تۆم ( دەی چی بکــەم ) لــە پێــــرارەوە
دەچمــــە شێخەنــزا ، بــــەران مالــــی تــــۆ
جەدو ئابادم ( ئەی هاوار ) خولامــــی شالــی تــۆ ،
دلــــم زەعیــــف بــــوو ڕۆحــم نەمــاوە
من دێــم بۆ تۆبــــە مــــاڵ لــــە قاقــــلاوە
کەوا بۆری ، جۆر بەجۆری ، خــۆت مەشــارەوە
خۆت مەکــە بەژێر ئەی هاوار (چــــر-ی)و دارەوە
من غولامــــی تۆم ( ئەی هــــاوار ) لــــە پێــــرارەوە
یــاڕەب بــــۆ خــــاتر سەیدەکــــەی زەمبیــــل
ئەمن غەریبــم ( ئەی هــــاوار ) دڵ نەکــەی زەلیــل

## کراس ڕەش ــ ٢ ــ

ئەگەر دەمزانی بە زمانی بولبول ــ هەرگیز نەمدەکرد کاری ناپەدڵ
هەر کەسێ دەیکا مەنعی دلداری ــ پەڕو پۆ دەرکا وێنەی پاساری
هەر کەسێ دەیکا مەنعی ئەمنو تۆ ــ لە مالی بمرێ بە هەشتو بە تۆ(*)
« کراس رەش سەودا خۆشی ، ڕوو داپۆشی خــۆت مەشارەوە »
« خۆت مــــەکە بەژێر ( ئــەی هــــاوار ) کۆلــێ دارەوە »

---

(*) ئەم برە هۆنراوانە «ئەگەر» و «هەر کەسێ» فۆلکلۆرین .

کراس جوانی میهرەبانی لە بنەبانی خۆت مەشارەوە
خۆت مەکە بەژێر (چرپی)و دارەوە

## وەی لە من و وای لە کێ ؟

هۆنراوە وئاواز ( زیرەك )

وەرن جەرگم هەڵدڕن ـ بە دەبانو کوشتەری
چەند ، جێژوانم دەگەڵ کرد ـ بەر پەنجەرەو دوودەری
ئەلحانە بۆ نامناسی ـ دەڵێ برادەر کوێندەری
دەردت لەماڵم لێو ئاڵ ـ هەر ئەتۆ تانجی سەری
راوەستاوە ، لەبەر دەرکێ ـ کلەی لەچاوان ئەتکێ
لەبەر خۆفی خوا نەبێ ـ بە گولەکەی ئەکەم ئەتکێ
وەرن جەرگم هەڵدڕن ـ دەبا گیانم رزگار بێ
سەرو ژێرڕاخەری مـن ـ هەر قورو بەردو دار بێ
ئەمما هەر بەو شەرتەی من ـ گەر چاوێکم لە یار بێ
حساب کە بە جەهەنەم ـ گەر خواردنم ژەهری مار بێ
هەی لە من و وای لە کێ ـ لەبەر لەنجەی مەلەکێ
لەبەر خۆفی خودا نەبێ ـ بە گولەکەی دەکەم ئەتکێ

## نازانم لە کێ بپرسم ( ۱ )

هۆنراوەو ئاواز : حەسەن زیرەك

[illegible]
زێڕی هەژدە عەییارەو دەمانچەی کەلەکێیە
عاشقی قەدو باڵای بووم ، شۆخ و گوارە لەگوێیە
جوانی بە دینم جوانی ـ بە ملیۆنێ هەرزانی
ئاورت لە من بەرداوە ، سەرتۆپی کوردستانی
ەی لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ، اسکۆڵ دەیبا بۆ کانی

باسکم وه ژوور سەری دە ، خۆشەویستی میوانی
لەبەر ئەو ژنە ڕەشتاڵە ـ قەدی دەڵێی شمشاڵە
قەدی لەبۆ کەمبەرە ـ باسکی لەبۆ خرخاڵە
هیچ لۆمەم مەکەن جوانێ ـ دینم بۆ وی بەتاڵە
سەعات لە چواری شەوێ ـ ماچ کەم ئەو خەتو خاڵە

نازانم لەکێ پرسم ..

کەی دانیشین دوو بەدوو ـ کەڵەگەتەو خاڵ لە ڕوو
نە لۆمەم بکە جوانی ـ بۆ ویم ، ئاور ، تێ بەربوو
سنگی کارخانەی قەندە ـ لەسەر چۆمی چەفە دوو
چی لێ بکەم ؟ ماڵی وێرانم ـ ڕۆیی و لە دەستم دەرچوو

نازانم لە کێ پرسم ؟

سنگی باخی شنۆیە ـ کولمەی گولی لیمۆیە
لەگەڵ یارم دانیشتم ـ تێربووم لە گفتوگۆیە
پێم ووت ڕوحمی خێرت بێ ـ ئەو دڵەم شێتی تۆیە
مەمکەن لۆمە خەڵکینە ، شۆڕەو گوارە لەگوێیە
نازانم لە کێ پرسم ؟

## نازانم لە کێ پرسم ( ٢ )

نازانم لە کێ پرسم ، ئەو گوڵە میوانی کێیە ؟
سەبارەت بە یاری خۆم ، ئاوەدان بێ ئەو جێیە
زێری هەژدە عەییارەو دەمانچەی کەلەکێیە
نازانم هەتا کەی ؟ من مەحسوی جەماڵت بم ؟
مەستو خومارو سەرخۆش ، گرفتاری خاڵت بم

(ناسکۆڵ مـــن بە غولامــی ، دوو چـاوی کەژاڵـت بـــم
نازانــم بـــۆچ واجــوانی ــ شـۆخو شیریـن زبانــی ؟
لەبەر ئـەو گـۆزە دەمــرم ــ ناسکۆل دەیبـا بـۆ کانــی
نازانــم دەگــەم بــە تۆ ، لەبەر چــی مـــن وا ســتـــم !؟
کــەژاڵ گیــان بە ویژدانــم ، وەکــو بوت دەتپەرستـــم
دووگمــەی یەخەم کردەوە ، مەمکۆڵەی کەوتە دەستـــم)

# چەخماخ لێدە !!

هۆنراوە : حەسەن زیرەك
ئـــاواز : تورکی‌یە

١ ـ نەخۆش‌و سەرگەردانـم
بۆ بالآت پەرێشانـم
دەوەرە ، دەوەرە ، با جووت‌بین
ناسکۆڵ دەردت لەگیانـم
چەخمـاخ لێدە ، چراکـەی هەڵنەکـردووە
کەوشم بۆ یار کڕی‌بوو ، تایەکیم وونکردووە .

٢ ـ ئەم کۆپلە .. گۆرانی‌یە بە تورکی دەڵێ ...

٣ ـ نە عەیبـەو نە شکۆیـــــە ـ ئەو دڵەی من عەشقی تۆیــــە
خزمینـە مەمکـەن لۆمە ـ وەك برنجـی عەنبەر بۆیـە

٤ ـ کۆپلەی چوارەم ـ تورکی‌یە .

٥ ـ تۆ کیژۆڵـەی کوردستـانی ـ ناسکۆڵەو زێـدە جوانـی
ئاورت لـە من بـەرداوە ـ سەرتۆپـی کوردستانـی
لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ـ ناسکۆڵ دەیبا بـۆ کانـی
باسکـم وەژوور سەری‌دە ـ خۆشـەویستـی میوانـی
ئاگاداری یـارم بـی ـ کـاك احمـد لە سلێمانـی

٦ ـ بۆ نووسین ناشێ !! (١)

(١) لە سلێمانی لە ئاهەنگێکی مالاندا تۆماری‌کردووە .

## چارۆگە هەولێری یە (١)

هۆنراوەو ئاواز : حەسەن زیرەك

سوێندم خواردووە ، هەتا مـــاوم
عاشقی چاوی بـــەلەك چاوم
سووتاوە ، جـــەرگو هەنـــاوم
بە بیللاهی بـــۆت نەمـــاوم

چارۆکـــە هەولێری یە ، کوڵوانە هەولێری یـــە
ئـەوا دەچمـــە ســـەرڕێی مەڕێ ...
یارم لەبەر بێـری یە ، یارم شەنگەبێـری یە .

لە حوجـــرەدا خەتمم دەکـــرد
یـەك لە ناکاودا بانگـی کـــرد(١)
قوڕت بەسەر لیۆئالیـــان بـــرد

چارۆکەکـەی کۆڵی تـــۆ
چارۆکەکـــەی گـــازرە
مەمکـی دەڵێی ئاگـــرە
خـۆ ناوێرم کوڵمی ماچ کەم
دایکـــی لـــەوێ حـــازرە
خـۆ ناوێـرم ، بیدوێنم
بیشەمزینم ، بیـرەنجێنم
دایکـی لـــەوێ حـازرە
مەمکـی دەلــێی ئاگـــرە

## چارۆگە هەولێری یە (٢)

هۆنراوەو ئاواز : حەسەن زیرەك

لە دووری تۆیە ڕەش پۆشم ـ مەستو خومارو سەرخۆشـــم
بەماچـــت دێ فەراموشـــم
چارۆکە هەولێری یە ، کوڵوانە هەولێـــری یە

له دووری تۆیه عەبدالـــم ـ مەستو خومـارو بێحالـم
بۆ ماچێکـت زۆر شەلاڵـــم
چارۆکـه ..

له دووری تۆ گرفتــــــارم ـ مەستم ، خومارم ، ناچـارم
عاشق بـه چـاوی نازدارم
چارۆکـه ....

## ئەریٚ ناز

ئاوازو هونراوه : حەسەن زیرەك

ئـەو شەو ، شـەو زستانــه ،
بـەفران گـرت کۆلانـــه
یــاری مـن زۆر جوانـه

ئەریٚ ناز ، وەی ناز ، خانم ناز مەکه
بگره سێوەکه بانگەواز مەکـه

ئـەو شەو ، شـــەو هاوینـه
یـارم خوێـــن شیرینـــه
بـه چـاوی مـن ببینـــه

ئـــەریٚ نـاز ....

ئـەو شـــەو ، شەو پاییزه
یــــارم لــه مـن زیزه
جوانــه وەك گـــەزیزه

ئـەریٚ ناز ...

# بۆم بڵێ نەرمە نەرمە

**هەواو هونراوەی ( زیرەك )**

پەوەی بادی هەوایە ـ زولفی هەودا هەودایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ ـ شەوێ لە ژوانم نایە
نەخۆش و دڵ پەشێوم ـ بڕوانە ، باری لێوم
مەجبورت کردم جوانێ ـ لە دەرکت قوڕ بپێوم
مەجبور ئەو ماڵەم باتێ ـ هەر دەبێ بکەی بەخێوم
جوانی بەینەڵلا جوانی ـ بە ملیۆنێ هەرزانی
سەیدی کاکە جان هاوار ـ لە مەزرای سەهۆڵانی
دڵی لێوئاڵ نەرمکەی ـ کاك ئەحمەد لە سلێمانی
چەندت لێ پاڕامەوە ـ ئاوڕت لێ نەدامەوە
ئەو ئاوڕەی لێتدامەوە ـ کەوتم هەڵنەسامەوە
ڕێگام دوور بوو ، ماندووبووم ـ کەتۆم دی ، حەسامەوە

بۆم بڵێ نەرمە نەرمە
ئەو ساڵ بەغدا زۆر گەرمە
بە دڵ حەزت لێ دەکەم
پێم عەیبە ، دەکەم شەرمە

# بۆم بڵێ تۆزە

**هۆنراوەو گۆرانیی : حەسەن زیرەك**

بۆم بڵێ تۆزە تۆزە ـ هەوریت لە ملان ئاڵۆزە
باسکم وەژوور سەری دە ـ تاکوو دەڵێن نەورۆزە
لەبەر دایکی ناوێرم لێی بکەم جەژنە پیرۆزە
سوێند ، بە وەڵڵاو بیللایە بەو دەردەی لە دڵم دایە
... تێ چاوی بەڵەکە ـ زولفی هەودا هەودایە

ئەو دەردە ئەمنی دەکوژێ ـ ها لە باغەڵ گوڵەی دایە
لەگەڵ، لێو ئاڵ تێکەڵبی ـ لەزەت هەر لەوەی دایە
خزمینە، مەمکەن لۆمە ـ جەرگم هەلا، هەلایە
هێند، جوانو ڕێکوپێکە ـ وەك تفەنگی ـ ئینتیهایە !!
چەندی لێ پاڕامەوە ـ ئاوڕی لێ نەدامەوە
ئەو ئاوڕەی لێی دامەوە ـ کەوتم هەڵنەسامەوە
نەخۆش و دەردەدارم ـ لێو ئاڵ بێ بەلامەوە
لە بێ لوتفی یاری خۆم ـ بێ دکتۆر، دەتلامەوە
بۆم بلێ تۆزە، تۆزە، ـ هەوری لە ملان ئاڵۆزە
لەبەر دایکی ناوێرم ـ لێی بکەم جەژنە پیرۆزە
بۆم بلێ نەختە نەختە ـ دەردی دڵەکەم چەند سەختە
پیشەی عاشقان گرینە ـ چەندە کڵوڵو بەدبەختە »[1]
فۆلکلۆر [1]

## بۆم بلێ (٢)

هۆنراوەی ( زیرەك )

بۆم بلێ تۆزە، تۆزە ـ هەوری لە ملان ئاڵۆزە
باسکم وە ژوور سەری دە ـ جاچش با بشکێ گۆزە
لەبەر بەدکار ناوێرم ـ لێی بکەم جەژنە پیرۆزە
وەرە دەستم دە ئەستۆکە ـ بەم گەرماو تەپوتۆزە
ئاوری لە من بەرداوە ـ خاڵی شینی پیرۆزە
چەندەی لێ پاڕامەوە ..
هەی ماڵێ بابم کاڵێ ـ کەزیەت بەندی ڕەشماڵێ
سێ گەز بە گەزی کوردی ـ باسکم لە گەردنت ئاڵێ

---

( ١ ) ئەم دوو کۆپلەیە فۆلکلۆریە .

تۆ بڕۆ بابت ڕازی کە ـ دایکت بۆ من هیچ نالێ
پێم عەیبەو پێم ئیرادە ـ لە بۆت بکەم ماڵەو ماڵێ

## لای لای سوورە گوڵ (١)

**هۆنراوەو هەوا : حەسەن زیرەك**

دەسم بە دامێن دەگرم کەمبەرت ـ چونکە بەگزادەی دەبمە تۆکەرت
دەیجا لوتفت بێ ، سنووقی سەرت
لای لای سوورە گوڵ ، تاقانەی دایە ،
بمدەیە ماچێ ، لە ڕێی ئەو خودایە
وابزانە نان بوو ، دات بە گەدایە
دەست بە دەستەوە دەگرم داوێنت ـ خۆم بم بە سەرگەرد کولمی پڕخوێنت
دیدەم لە تۆ لە ملکی (لاوێن)ت
لای لای سوورە گوڵ ..

## لای لای سوورە گوڵ (٢)

هونراوە وهەوا ( زیرەك )

تەنیا گوڵەکەی باخی ژیانم
دایمە لە دووریت چاو بەگریانم
ئەتۆ ( شەونم )ی ئەمن زریانم
لای لای سوورە گوڵ ، چۆنت ڕاژێنم ؟
چۆنت ڕاژێنم ، ڕات نەچڵەکێنم
ئیجازەم بدە ، سەرپەنجەم بێنم
سوورە گوڵەکەی ، باخچۆڵەی باغم
گەوهەرو دڕو لەعلی قاچاغم
چونکە بێ لوتفی نییە دەماغم !
لای لای سوورە گوڵ ...
گوڵم ، گوڵزارم ، باغی بەرینم

کیژۆلەی نازدار ، لەهجـــــــە شیرینـــم
ڕازیـــم بە مردن ، بە شـــەرت بتبینـــم
لای لای ســـــــوورە گـــــوڵ ...

# خوم بە خولامی

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

ئاواز : فولكلوری

غەریب ماوم دەكـــەم زاری ـ دەكەم شین‌و بـێ قـــەراری
بەفیدای گۆنـــای نازداری ـ تۆم وەنەوشەی ئـەوەل بەهاری
خۆم بە خولامی سوخمەی كۆنی ـ وەك مێخەك‌بەند ئەڕوا بۆنـــی
هاتـــووم ، بزانم چلۆنـــی ؟ ـ وێنەی شەمامـــەی بەبۆنـــی
غەریـــب ماوم سەرگەردانـــم ـ لەبـــۆ تـــۆ خانـــە وێرانم
ڕەحمێك بكـــە سوتا گیانـــم ـ چـــی نابینـــێ چاوەكانـــم
خۆم بە خولامی سوخمەی جوانی ـ چەنـــدە ژیكـــو میهرەبانـــی
هەر بۆ خۆم دەبمە میوانـــی ـ بەیـــن‌و بەینـــەڵلا زۆرجوانـــی

« مەقـــام »

« مانگی یەك شەو ، بۆیە دایم ، زیادئەكـــاو ئەشنێتـــەوە »
« تا جووانی خۆی وەكـــوو ڕووی تـــۆ ، بڕازێنێتـــەوە »
« تا دەگاتە چواردەهەم شـــەو ، تێدەگا ، ناگـــا بەڕووت »
« جا لە داخا ، وورده ، وورده ، كەم‌ئەكاو ئەتوێتـــەوە »(١)

غەریب ماوم هەر دەخوێنـــم ـ فرمێسكـــی چـــاو دەبارێنم
لـــە دنیـــا دڵ دەتارێنـــم ـ نەمرم لەو بەندەت دەردێنم
خۆم بە خولامی سوخمەی تازە ـ پێ بە پـــەردە میسلـــی قـــازە
مثلی(١) مـــاری بـــێ ئیجـــازە ـ لە دڵی عاشق دەگـــرێ گـــازە
غەریـــب مـــاوم لـــە تارانـــێ ـ فرمێسكـــم دێ وەك بارانـــێ
كوشتەی تۆم خودا ، دەیزانـــێ ـ پێت لەسەردوو چـــاوم دانـــێ

---

(١) مانگی یەك‌شەو : ئەم هۆنراوەیە هی شاعیری نەمر مامۆستا ( عەلی باپیر آغا) یە كە ئەویش لە ( فارسی ) یەوە وەری گێڕاوەتە سەر كوردی .

136

## شەو « مەقام »

ئاواز : حەسەن زیرەك

هۆنراوەی : ئیمامی

نوری روخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە ـ شەو
زولمەتی زولفت لەسەر رووتە ، لە رۆژ میوانە ـ شەو
دوێ شکور مەردانە ، من رێم بردە ناو زولفی سیات
تا بزانن ، ئەهلی مولکی دڵ ، قەڵای مێردانە ـ شەو
هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ ووچان دێت و دەچێ
هەر لە دووی ( خورشیدی خاوەر ) وێڵ و سەرگەردانە ـ شەو
کوێرو نابینا ئێستاکە لە داخی رۆژی ڕووت
بۆیە ڕەش پۆش و فەقیرو مات و بەستەزمانە ـ شەو
قەدری ( شەو ) بگرە عاشق ، شەمع و پەروانە دەڵێن
سۆزو گریەی شەمع ، هەرشەو سوتنی پەروانە شەو
عاشق و مەعشوق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵك
گەر پەنای چاکت دەوێ ، بۆ ئەو دووە بروانە شەو
هەستە کوردە ، بەستە ، سستی ، ڕاپەڕەو لێ ڕاکەوە
تا وولات بێ دەنگ و باسە ، تا لە ڕۆژ میوانە شەو

---

(١) ئەم کۆپلە هۆنراوەیە ـ ( پێ بە پەردە میسلی قازە )
( مثلی ماری بێ ئیجازە )
( لە دلی عاشق دەگرێ گازە )
لە گەلێ گۆرانییەکانیدا دووپات کردووەتەوە .

# خاسی تۆ خانمی

ئاوازو هۆنراوه : فۆلکلۆری
گۆرانی‌ی : حەسەن زیرەك

خالآن ئاخێز بوون ، پیرۆزه گوم بوو
گەوهەر ، لە شاران قیمەتیان کەم‌بوو
خالێك وا بەبان پەنجەی پاتەوه
قولوەللا لەبیر من دەباتەوه
خالآنم دەبژارد سەدو بیستو نۆ
هیچ خالم نەدی ، وێنەی خاڵی تۆ
سەرم ، سەرگەردان ، پێم بە کۆتەوه
سەرپەنجەم بیڕن بە لیمۆتەوه
شێت کە شێت‌دەبن دەیبەن بۆ زەمبیل
ئەمنیش شێتی تۆم کردوومت زەلیل
خاسێ تۆ خانمی
ئارامی گیانمی
ئەو دەردەی گرتوومە
هەر تۆ دەرمانمی
ئارامی دلآنمی

مەقام ( سێگا )

شەرتە ڕەش پۆش بم لەداخی باخی عومری بێ سەمەر
دابنیشم دەستەئەژنۆ وەك هەتیوی بێ پدەر
تا بە ئەشکی دیدە تەرکەم ، خالشو خێلی ڕەهگوزەر
خۆم لە قوڕ بگرم بەجارێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر
( شاعیرێك )

# مریەم بۆکانی ( ١ )

ئاوازو هۆنراوە : حەسەن زیرەك

سوێند ئەخۆم بە گۆشەی چاوت
ئەسیر بوومو کەوتمە داوت
خۆم دایدێنم زولفی خاوت
ئەسیرم ، دیلی باڵ بەستە
بمکوژی ، حەقت بەدەستە
چاوت جوان ئەبرۆت پەیوەستە
ئەسیرم ، کۆتی تۆم لە مل
توبی ، تۆ چاوی پڕ لەکل
مەم گۆڕەوە بە پیاوی گول
مریەم ئامان ..
مریەم چاو جوان ..
مریەم بۆکانی ... مریەمێ !

# پۆڵێ جوانی

لەبەر بێری دانە مەڕی — (هەی لێلێ)[3] لۆلێ ...
شل شل دەڕۆن بۆ لاپەڕی
خەمی خۆم نیە ، خەمی تۆمە
خەمبارو ڕەنجەڕۆمە
لەدووری تۆ سێبەڕۆمە
دەڵێ هەتیو غەمێ مەخۆ
خەونم دیوە ، من هی تۆمە
پۆلێ جوانێ مایرۆ
کچکە جوانێ مایرۆ

لەبەر کیژی ناو بۆکانی
پێم گوت جوانی خان ومانی
شل شل دەڕوا بۆ هەیوانی
لەبەر کیژی سلەیمانی
عاشقم بە دوو چاوی جوانی
خەمی تۆمە، خۆت دەیزانی
لەبەر کیژی ناو سەقزی
چوومە ژوانی زۆر بە دزی
لەبەر کیژی ناو هەڵەبجە
دەچمە ژوانی بە پەیجە
خەمی خۆم ...

## هەم نارنج و هەم بێیە (١)

**هۆنراوەو ئاواز : حەسەن زیرەک**

سینگۆڵەت باخی هەنار
دووی هێناوە بە یەکجار
یەکێکیان، شیرینە بێ غایەت
یەکێکیان ترش و مەزەدار
ـ هەم نارنجەو هەم بێیە
مەمکی زەردە بەهێیە
سینگۆڵەت باخی بێیە
جووتێ نارنجی لێیە
بە پێشکەشی بمدەیە
کەژاڵ گیان مەیلم لێیە
هەم نارنج و ..
سینگۆڵەت باغی سێوە

بەژنت وەك توولـە میوە
دەورە بمـدەیە ماچێ
تۆخودا لـەو دەمو لێـوە
هـەم نارنـجو ..

## هەم نارنجو هەم بێیە (٢)

**هونراوە وهەوا ( زیرەك )**

ماڵـت وێران بێ شـەوە ـ بـۆچ منت نەبـردەوە
عەشقـی چاوی (تـوران)م ـ بـرۆی پەیوەستـن پێکەوە
با لـەسەر تـۆ بمکـوژن ـ وەکوو ( سەدر )و پێشـەوا[(١)]
لە (بۆکان)ێ دەرکـەوتـی ـ وەکوو مانگـی یەکشـەوە
(توران) گیـان یـان بمکوژە ـ یـانا ( ڕەگـەڵ )م کـەوە
هـەم نارنجو هەم بـێیە
ماڵیـان لەسـەر خڕێیـە
دۆستی گەورەم (تـوران)ە
چـاوی ڕاستم خەجێیە
بـەر دەرکـی ماڵـی توران
مەراغـەو جـادە ڕێیـە
بـە دەرکیدا ڕابـووردم ـ دایکـی بەرۆکـی گرتـم
خوشکـی پەلـپی لـێگرتم ـ تووران بوو ڕێی لێگرتـم
بۆ کراسی ، دایدڕە مـردم
بەژنـی شووشو وەك شیشە ـ جوانیی دەڵـێی قامیشـە
شیرینەدەڵـێی کشمیشـە ـ ماڵ لەسەرووی قامیشـە
(توران) گڕووی لـێ گرتووم ـ کراسی فـەرموو دانیشـە
سـابلاخ کوچـە بەکوچـە
( بۆکـان ) مووچە بەمووچە
هەمووی بەقوربانـی بـێ
هـەتا دۆلێ قوڕووچە

نازانم کامیان ماچ کەم
لەو (بێوەژن)ە ولەو کچە ؟!
دەسماڵ حەریری دووبەر
مێردت کرد خاکم بەسەر
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم
کچێ بمشێلە ڕەش ئەسمەر
لەسەر باڵای تۆیە ..(١)
لە سابڵاخ بووم دەربەدەر

## بووك مریەم

ئۆخەی ئۆخەی بووك مریەم ـ ئەتۆ گوارەی ئەمن گوێم
سەعات لەچواری شەودا ـ پیاو مەتێرە بۆ خۆم دێم
بووکی ڕازاوەی جوانی ـ شۆخی خەڵکی بۆکانی
دەوەرە ، بێنە ، ماچت کەم ـ بە ملیۆنێك هەرزانی
بووکی جوان ، تازە بووکی ـ قیمەت گران ، ئێسك سووکی
دەوەرە بێنە ماچت کەم ـ وەك ئەشرەفی بچووکی
بووك دەڕۆی لەسەر سواری ـ وا دەڕۆی بەیەك جاری
دەوەرە بێنە ماچت کەم ـ ناسکۆڵ ، ناسك و نازداری
ئۆخەی ئۆخەی ..

## قاسپەی کەو

هۆنراوەو ئاواز : حەسەن زیرەك

خۆمن کوێستانی ( لەند ) نیم ، ـ بێتم کارگ و ڕێواسان
خۆ من تەلەفزیۆن نیم ـ دامێین عێلو بلباسان
خۆ من قەرەنیاغا نیم ـ گەورەی عیلی بلباسان

(١) ئەم کۆپلە هۆنراوەو هەندێ کۆپلەی تری تێکەڵاوی گۆرانییەکانی کردووە ، هەندێك دووبارە دەبنەوە.

شێتو شەیدای ئەو کچە بووم ـ دەیفڕێنم سووك وئاسان
قاسپە قاسپی کەو دێ ـ کەو لەبناری بەردی
کەوو کەباوڕم دەخوێنێ ـ لە ئیزاعەی کوردی
وەکوو کوێستانی بێستون ـ دایمە سەرم بەتەمە
دایمە دلەکەم پڕغەمە ـ تەلاقەت کەست نەما
من سەد ساڵ لە عیراقم ـ پێم دەڵێن خەلکی عەجەمە
هەناری نێو سنجووان ـ قۆخی نێو قەرەلووان
لێرەوە پێشکەشت بێ ـ تا زینوی بەران لووان
ئەو دلەم شێتو شەیدایە ـ چەند دەردم لە دڵ دایە
دوو ددانی تەلایە ـ زولفی هەودا هەودایە
کەمێك کورتە بالایە ـ تێی هەلدەن لە گولەی سەگباب
هەر دەڵێی ڕەشکەکایە !

## مەناڵە بولبول

مەناڵە ، بولبول مەناڵە
چون ، بەهار هات وەعدەی گولە
جوملە جیهان دەیزانێ
بولبول عاشق بە گولە
مەناڵە ..
چاوت ئەستێرەی شەوێ
کولمەت دەندوکی کەوێ
باسکت بۆم بکە بە سەرین
بە جووت خەومان لێ بکەوێ
مەناڵە ..
دەسماڵ حەریری سادە
ڕوبەندێ ، بۆ من لادە

بۆ ڕووبەند چاکم ، جوانێ
بە ڕووی خاڵانمدا ، دە
مەناڵە ..
ڕەنگ زەردو لێو بەبارم
بۆ باڵات بێ قەرارم
چونکی ناتبینم لێو ئاڵ
دایمە لە گیان بێزارم
مەناڵە ..

عەنتیکەو مەزەداری
ئەمجا لە گوڵەی خەساری
هەموو عێراق دەیزانێ
ئەتۆ لە گوڵەی بێزاری
مەناڵە ..

## لایە لایە

گلەیی دەکەم بەلای خوداوە
دەروازەی مەینەت بۆچ بۆ من کراوە؟
لایە لایەت بۆ دەکەم
بەڵکوو خەو بتباتەوە
دەست خەمە نێو مەمکۆڵانت
تا ڕۆژ ، شەو بەلاتەوە
بۆچی لە جوملەی عەبدی خودا نیم
سەعاتێ لە دەست میحنەت ڕەها نیم
لایە لایەت بۆ ..
( سوزێکی دەروون ) (١)

جێم نی‌یە تیا بسرەوم ، خاکم بەسەر ، بێ لانە خۆم
بێ‌کەس‌و بێ یارو هاودەم بێ مەیی‌و مەیخانە خۆم
یار ئەلێن تۆراوە لێم دەك کافری بتخانە خۆم
ئەی بە ڕووزەردی هەڵاتووی ئەم کەژو کێوانە خۆم
( وەی بە ڕیسوایی لە کوچەی شاردا دێوانە خۆم )(*)
( مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم )
لافی دڵداریم لێ ئەدا ، دوێنێ لە مەیدانا بەدڵ
هاتوچۆی لای دولبەرم بوو ، زۆر بەتاسە ، زۆر بەکوڵ
هەر وەکوو بولبول لە گوڵزارا ، ئەچوومە سەیری گوڵ
ئێستەکەش بێ‌کەس لە ساحەی عەشقدا بێ‌یانە خۆم
وای بەڕیسوایی لەکوچەی شاردا دێوانە خۆم
مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم
هات‌و چۆی بێ‌ترس‌و تانەی ، دوژمنم بوو ئەی برا
شووشەکەی دڵ ، ووردوخاش بوو ، بەردی جەوری لێدرا
هاودەمم نالەی دەروون بوو ، ئێستە وا دەنگی بڕا
دوور لەچاوی یاری شیرین سوحبەتی جانانە خۆم
وای بەڕیسوایی لەکوچەی شاردا دێوانە خۆم
مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم
کەس لە ڕۆژانی ژیانا بێ‌دڵ‌و بێ‌لەیل نەبێ
وەك منی بێچارە هەرگیز وا دەروونی کەیل نەبێ
هەر وەکوو مەجنوونی بێکەس وێڵی کۆچی لەیل نەبێ
ڕەنجی فەرهادیم بە باچوو ، قەیسی سەرگەردانە خۆم
وای بە ریسوایی لە کووچەی شاردا ، دێوانە خۆم
موستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم

---

(١) ئە هونراوەیە هی خوالی خوش بوو ( ن . ئاری‌یە ) .

# لەبەر بیری دانە مەڕێ

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

ئاواز : تورکی‌یە

لەبەر بیری تێو زەرزایە ـ سینگیان کارگی تێو کەمایە
غەمی خۆم نی‌یە ، غەمی تۆمە ـ غەمبارم ء ڕەنجەڕۆمە
لە دووری تۆ ، سێبەڕۆمە ـ کشکە جوانێ مایرۆ
لەبەر بیری دانە مەڕێ ـ شل شل دەڕۆن بۆ لاپەڕێ
غەمی خۆم نی‌یە غەمی تۆمە ـ غەمبارم ء ڕەنجەرۆمە
ئەلێ هەتیو غەمێ مەخۆ ـ خەونم دیوە ، وەی‌تۆمە
پۆلێ جوانێ ـ مایرۆ ـ

ئاوازەکە هونەرمەند (هاشمی نانەوازادە) کردوویەتی بە کوردی •

# نازدارو نازدار ( ۱ )

ئاواز : زیرەك
هۆنراوە : فۆلکلۆری

نازدارو نازدار ء نازدارەی مالآن
ئەو خەتو خالە ، مەدە بە تالآن
هەچ مالێ هەمە نەزری ئەلڵا بێ
بەو شەرت کۆچەکەت بەرەو دوابێ
ئەگەر گیان کێشان وەك دووری تۆ بێ
یا ڕەب بەنسیبی گاوری سەرکۆ بێ
وەنەوشەم دەچنی مەلۆ بە مەلۆ
خەلکی پێی شاد بوون ئەمنیش ڕەنجەڕۆ
دەترسم بمرم بە جوانە مەرگی
بیبەمە ژێر خاك نالەی دلتەنگی
دەترسم بمرم داخ لە دلم بێ

خاکەکەی بەغدا ئاوو گلم بێ
دەترسم بمرم نەتبینمەوە
بە جوانە مەرگی سەر بنێمەوە
نازدارو نازدار ، نازداری بابمی
کۆترە باریکەی باڵدار شۆڕەبی

## بو منت ناوی ؟

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

دەبم بەهۆنە بۆ چاوی کاڵت
خۆ من گاور نیم هاتوومە ماڵت
بۆچ منت ناوێ بۆچی منت ناوێ ؟
خۆمن بەبێ تۆ هەڵ ناکەم تاوێ(١)
دەبم بە هۆنە بۆ چاوی مەستت
خۆ من گاور نیم کەوتوومە دەستت
شل شل بمکوژن ، بەنا بەتەوە
بمنێرە زەخمی سەر گۆناتەوە
هەتا مەیلت بوو ، بە مەیلت ژیام
ئێستا بێ مەیلی ، منیش دلنیام
هەتا مەیلت بوو ، بەمەیلم کردی
ئێستا بێ مەیلی وەم زانی مردی

## بەر هەڵبێنە ـ١ـ

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

بە شێتم قەد مەزالە بە دینم دەی پەرستم
دەستم گیرا بەرۆکی ، مەمکۆڵەی کەوتە دەستم

---

(١) ئەم دێرە هۆنراوەیە هی (مەدهۆش)ی شاعیرە .

هـاواري كـرد وەی دایە لە پڕ سەر پەنجەی گەستم
دەنا لێی دێ بەر هەلبێنــە

بەر هەلبێنـەی (خـام ) هەلاوە ، هەر دەڕۆیـیو دەکـراوە
قەرارم کـرد بـە دوو مـاچ ، ڕاوەستـام بۆم گرێ داوە
سەعـات لـە هەشت وحەوت ، دیتمو چاوم پێی کـەوت
کـردم بە زولفـی خـاویا ، عەتـری حەفتـاو حـەوت
گرتـم دوو ماچم لـێ سەند ، دایکی زانی ڕەدووم کەوت
بەر هەلبێنـەو بەر هەلبێنە ، بــــەر هەلبێنەکـەی کـراوە
یـارم کیژۆلـەی کوردی ، لەسەر چیـم لـێ تـۆراوە

## دەنا لێ‌ی‌دە بەر هەڵبێنە (٢)

بەر هەلبێنـەکەی شینـە ـ خـۆی شیرین وەك هەنگوینـە
بۆ من گولـی باخـی ژینە ـ دەنـا لێی دە ، بەر هەلبێنــە
بەر هەلبێنــەکەی کـراوە ـ حەریـرەو بـای نـــەداوە
دەوەرە بێنـە ماچـت کـەم ـ ڕووی خـۆت بێنـە بـەم لاوە
بەر هەلبێنــەکـەی سـوورە ـ قـەدی وەکـوو بلـــوورە
بەلەك سپی، دەلێی توورە ـ دەنا لێی دە بەر هەلبێنـــە
بەر هەلبێنەکەی کراوە ...

## کەتانەو کەتانە

هونراوە وهەوا ( زیرەك )

یـاری مـــن زۆر جوانــە
شـــۆخو میهـرەبانـــــە
کیژۆلـــەی کوردستانـــە
کـــەتانەو کەتانـــە
هـــاوار کەتانــە
بمری کەلـیخانــە
بمـــرم کەتانـــە

## وەنەوشەی کوێستانە

چ میهرەبانە ..

کیژۆڵەی کوردستانە ..

هاوار چ جوانە .

شۆخو بەرقەرارە

چ ناسکو نازدارە

یەکجار شەرمەزارە

شۆخو ئەفسوون کارە

هاوار کەتانە ...

کەتانەم بۆ بانگ کەن

دەی کلەی لە چاوان کەن

دەردی من دەرمان کەن

هاوار کەتانە ...

کەتانەی ئەمیری

بۆچ لە من دلگیری ؟

من باز تۆ نێچیری

هاوار کەتانە ...

کەتانەی میر قازی

من دەکەم ڕاوەبازی

چەند جوانو مومتازی

هاوار کەتانە ...

من دیام ئەمجارە

دەردی ئەمن زارە

لە گوێت دایە گوارە

چ شۆخو نازدارە

هاوار کەتانە ...

# کەتانەو کەتانە (٢)

هونراوە وهەوا (زیرەك)

کەتانەم بۆ بانگ کـەن ـ ئـەی وەی کەتانــە
جاکلێی لە چاوان کەن ـ شـل شـل کەتانــە
دەردی من دەرمان کەن ـ خانـــم کەتانــە
دەرۆم ڕێـم نەدیـوە ـ ئەی وەی کەتانــە
بەفـرم لـێ باریـوە ـ ئـەی وەی کەتانــە
جا گوڵـم لێ خەمڵیوە ـ بمـــرم کەتانــە
ئەمشەو شەو زستانـــە ـ یـاری من زۆر جوانە
کلـێی لـە چاوانــە ـ هەر دەڵێی خەرمانــە
هەوران کۆ بە کۆیــە (١)
هەوران گازە گـــازە ـ
هەوران تێکیان دەخوڕی ـ

# نەمام نەمامە (١)

ئـاواز : فۆلکلۆر
هەڵبەست : حەسەن زیرەك

بینـێ سەر دڵـم پەنجە جوانەکـەت
دەبمـە میوانــی خانو مانەکـەت
نەمـام نەمامە ، نەمـام زۆر جـوانە
بەژنـی ڕێك و پێك ، مەمکی فنجـانە
بینـێ سەر دڵەکەم هەر پێنج پەنجەکەت
بمکـە بـە خاتری بـرا گەنجەکـەت

---

ئەم سێ کۆپلەی گۆرانی‌یە «هەوران» ، لە هەندێ گۆرانی یەکانی تردا نووسیومە ، دووپاتم نەکردەوە .

نەمام نەمامە ، نەمـــــام زۆر جوانـــە
بەژنـــی ڕێك و پێك پەرچەم ڕیحـانە
بینێ سەر دڵم پەنجـەی گـەوهەرت
ئەمن بێچـارم کــــەوتمە خەتەرت
نەمام نەمامە ، نەمـــــام زۆر جـوانە
بەژنـی حەیزەران ، مەمـك فنجانـە
دەترسـم بمـــرم نەتبینمـــەوە
بە جوانـە مەرگی ســـەر بنێمەوە
نەمــام ....
هەر خۆم بە قوربان بەژنـی لاولاوت
دەبـم بـە شانە بۆ زولفی خـاوت
نەمام نەمامـە ، نەمـــام زۆر جوانـە
بەژن ڕێك و پێك ، گەردن گوڵدانـە

## نەمام نەمامە (٢)

هەڵبەست : حەسەن زیرەك

بینێ بان دڵەکەم ناسکە پەنجەکــەت ، ـ
باوەشێنم کــە بـە ئەگریجەکــەت ـ
با بچینـە ســـەرجێ لـــە بانیجەکـەت
نەمــام نەمامە ئەی هـــاوار نەمـام
بۆ تۆ سوتاوم یــــاری نەو نـەمام
بینێ سەر دڵم پەنجەی شمشاڵـت : ئـەی هـــاوار نەمـام
جار جار ڕام مووسە بە لێوی ئاڵت : ئـــەی هــاوار نەمـام
بامنیـش بگوشـم دوو لیمـۆی کاڵت
نەمـام نەماوم ، مـن بـــۆت ســـوتاوم
مـن شێتو شەیدای ئەگریجـــەی خـاوم

## نەمام نەمامە (٣)

بینێ سەر دلم ناسکە پەنجەکەت
باوەشێنم کە بە ئەگریجەکەت
نەمام ...
بینێ سەر دلم پەنجەی شمشالت
باتێر بیمژم دوو لێوی ئالت
بینێ سەر دلم پەنجەی باریکت
بمکە شەریك باخ لیمۆی فەریکت
بینێ سەر دلم هەر جار بە جارێ
کێ تەفرەی داوی بەردی لێ بارێ
نەمام .. نەمامە . نەمام چەند جوانە
ئاوری تێ بەردام ئەو بێ ئیمانە

## تۆبە تۆبە (١)

هونراوە وهەوا ( زیرەك )

قەسەم بەوەی یاری جوانە ـ لە نێو جاحێلان سولتانە
کە دەمرێ ساحیب ئیمانە
لە گەڵ تۆمە چاو ئەستێرە ـ هەر ئەورۆکەم ماوە لێرە
سبحەینێ بە خودامان بسپێرە
تووبی توو سورەی وەل فەجری ـ فەسڵێ دەمبەن بۆ گوێ قەبری
ساتێ لە من بگرە سەبری
مولکی سابلاخ و لاچینی ـ دەیدەم لەرێی پێکەنینی
کوشتومی بە چاوی شینی
چاوت رەشە لە گەڵ ئەبرۆت ـ بەو خاڵانەی دەوری لیمۆت

---

(١) ئەم دیرە هونراوەیە « فولکلوری » بە .

دایکت ماچ کەم یانا بۆ خۆت ؟
قەسەم بە ڕەحمان و ڕەحیـــم ــ هەتـــــا لەو دنیایەی دەژیـم
نایێم مەیلی یاری قەدیم
تۆبە ، تۆبـه ، تــــۆبەی مەرگمـه
یـــاری ڕەزا شیرینـم کزەی جەرگمـه
یاری خوێن شیرینم کزەی جەرگمه[1]

## بەزمە

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

سوێند بـه وەڵڵاو بیللایـــه ــ بــەو دەردەی لــه دڵـمدایـه
زولفـی هـەودا هەودایـــه ــ بەژنـــــی داری بێـزایە
لـه باغـــانـدا ، لـــێی دایـه !.
بەزمە ، بەزمـــی ئاورنگـه ــ بەهارەو وەعـــدەی شنگـه
مەمكۆلـــەی پـڕ بەچنگـه
نەرم و چكۆلەو خاڵ لـه ڕوو ــ بۆ تۆم ئاور تـــێ بەربـــوو
مەمكـت خـڕە وەك وولوو ــ سینگت بـــەری هەڵمەلـوو
برژانگ ئەڵماسـی دووسـەر ــ یەكـیـەك لەگیانم هەڵچـوو
قوڕی دنیـام وەسەركـــەن ــ ڕۆیـیو لە دەستم دەرچـوو
بەزمـه ..

## خانمی مەزەدار

ئاواز : فولكلور
هۆنراوە : فۆلكلۆری

ئەنگوستـــت دەرزی زولفـت ــ ڕۆحم كیشكچی دەوری باڵاتە
ئەنگوستت دەرزی زولفت ئاوریشم ــ خودا نەمكرژێ دایمە لەلات بم
ئەوكچە لەوماڵە قەولی داوە پێم ــ دەرگو دەروازەی داخرلوە لێم
ئەوكچە لەو ماڵە خۆی دا نیشانم ــ ئاوری پێ نەبوو سوتانی گیانم

ئەوکچە لەو ماڵە جوان وەك هەڵاڵە ــ هیچ لۆمەم مەکەن دڵ بۆی چی حاڵە(١)
تۆ وەرە ، تۆ وەرە ، تۆ وەرە خانمی مەزەدار
وەرە وەرە ، خانمی مەزەدار
ئەی وەی هەردووکمان ڕێبــوار
تۆ مەڕۆ ، شۆخی مەزەدار .
تۆ وەرە ، تۆوەرە ، خانمی شلو مل
وەرە ، وەرە ، خانمی چاو بەکل(٢)

# خـان باجـی

هۆنراوه : فۆلکلۆری
ئاواز : حەسەن زیرەك

مەمکـت دوو میمو کافێکـه — گوڵ باجی
له سینـەی ، سینه سافێکه — خان باجی
هەر ماچێکـت تەوافێکـه — گوڵ باجی
خۆزگەم بەوی یـاری جوانـه — خان باجی
له نێـو جاحێڵان سولتانـه — گوڵ باجی
تا دەمـرێ ساحیب ئیمانه — ....
چاوت بـاز ، ئەبرۆت کەمانـه — خان باجی
وەختـه بـۆت بم به دێوانه — گوڵ باجی
وەکوو مەجنوون لەو کێوانـه — ....
خەبـەر بەرن بـۆ خزمانـم — خان باجی
ئـاورێ بـەر بـووەته خەرمانـم — گوڵ باجی
به جـارێ مالـی وێرانـم — ....
« خان باجی ، ئەمان گوڵ باجـی ، مـەرۆ جـوان باجـی »
« هانـێ خەنجـەر گـەر دەمکـوژی خـان باجـی »
« هانـێ خەنجـەر لێـمدە ، تـمـۆران یانـی چـی ؟! »
مەقام :

( دلۆپێـك شـەراب کائینـات دێنـێ )
( بەزمـی مەیخانـه دڵ ئەبـزوێنـێ )
ئەو دەمـەی یارم لێـوی پـێ ئـەسرێ
قیمـەتی ملیـۆن بەرمـاڵ ئەشکێنـێ(۱)

---

(۱) دڵ بۆی عەبداله .
(۲) ئەم سەربەندە هۆنراوە — هی (حەسەن زیرەك)ە .

# جەلسە

دەك ماڵی بابم ئایشێ ــ پاژنەی كەوشی ئەدەكەوشێ
ئاوی گوڵان دەدێرێ ــ ماندووە بووە پەنجەی دێشێ
پشتێنەكەی كراوە ــ لۆیەكی لە دووی دەخشێ
دەك خەجاڵەت بی شەماڵ
دەسماڵ حەریری سادە ، ــ تاو لێی دەداو دەروشێ
جەلسە كاری سلێمانی بەینەڵڵا زێدە جوانی
ئاسكۆڵ دەڵێی خەرمانی ــ بە ملیۆنێ هەرزانی
ئەو دەردەی ئەمن دەكوژێ ــ ژنی گولەی مێردانی
چاوی وەستاكەی كوێر بێ سۆلان ، دەگوشێ ، پانیانی
دەوەرە ئاوێزانت بم ــ ئەمشەو تاكوو بەیانی
بەسەر خۆشم مەزانن ــ بەدینم دەی پەرستم
دەستم گیرا بە رۆكی ــ مەمكۆلەی كەوتە دەستم
هاواری كرد وەی دایە ــ لە پڕ سەر پەنجەی گەستم
خزمینە لۆمەم مەكەن ــ ماخۆلیای چاوی مەستم
جەلسە ، كاری تارانێ ــ تەڕ نابێ بە بارانێ
با كەوشەكەت پیس نەبێ ــ پێت لەسەر چاوم دانێ
دەبێنە دەی ماچت كەم ــ ئاسكێی گوارە جۆلانێ

---

(1) ئەم هۆنراوەیە هی (خەیام)ە .

# لە پێیدا

لە پێیدا وەی لە پێیدا
دڵی بۆ دوایییە نابم
لە پێیدا ڕۆیی لە پێیدا
دڵی بۆ دوایییە نابم
دڵی دەست بەردارم بە
لێم دەدەن ، دایەو بابم
بۆ لام وەرە زۆرو کەم
دڵ بۆتە عەمباری خەم
× من پەروانە ئەتۆ شەم
بۆ (توران)ی خۆم دەکڕم
داهاتووە کراسی (چەم چەم)
لە کوێم دی هەی لە کوێم دی
سەیران ، بولبول لە کوێم دی
خەڵکی پێ بنێ لە بانی
یا ، بۆ ڕابوورد شەوێم دی
کولمت گوڵی سێلاوێ
دنیام بە بێ تۆ ناوێ
ماندووم مردووم ، توران گیان
هاتووم لە لای خۆشناوێ
شەیتانێ بە لەعنەت کە
خۆت لە باوەشم بهاوێ
بەهەشتم هەموو بدەنێ
من بێ (توران)م ناوێ
وەی ڕەندی ماڵم ڕەندی
کولمەت گوڵی پەیوەندی

داوای ماچێکم لێ کرد
چەندە بەڕەندو مەندی
(توران) داوای ماچم کرد
بۆیە، وا لێم دڵ نەندی
باڕی یانا شمقاڕی ؟
خاسەکەوی یان باڕی ؟
با لەسەر تۆ، بمکوژن
وەك کابرای لە بازاڕی
وەرە، دەستم دەستۆکە
دەڵێی بێچووە توجاڕی
عەنتیکەو زێندە لاوە
چۆنی لێ بکەم سڵاوە ؟
خزمینە مەمکەن لۆمە،
(توران) لە من تۆراوە
کەی دانیشین دوو بە دوو ؟
کەڵەگەتو خاڵ لەڕوو
مەمکت خڕە وەك هولوو
شۆڕێ ئاگرم تێ بەربوو
(توران) جوابێ بنێرە
ماڵی بابت خراپ بوو !
سینگ کارخانەی میاندواوە
بۆت مردم (توران) بەڵەك چاو
جەژنی قوربان هاتە پێش
ماڵی بابت بوو شێواو
دەڵێم دەستم دەستۆکە
قەد باریکو بەڵەك چاو

# بەناز ، بەناز ، بەنازی

لە پلیکانان وەسەرکەوت
ڕیشەی شەدەی وەبرۆی کەوت
لەعەیبەتا ناوکم کەوت

بەناز ، بەناز ، بەنازی
پێ ، بە پەردە ، میسلی قازی
وەك ماری بێ ئیجازی

ئەو گەڕەکە کاروان سەرە
هەرچی دێ خەنە لەسەرە
یاری من خۆ ڕەش ئەسمەرە

بەناز ، بەناز ، بەنازی
پێ بە پەردە ، میسلی قازی
وەك ماری بێ ئیجازی
فەرموو بابچین بۆ ماڵ قازی
گەڕەکی خڕێ سەرەو خوارە
یاری من چاو بە خومارە
پێی دا دێ ( ئامین )و زارا !ە

بەناز ...

لە حوجرێدا خەتمم دەکرد
یەك لە ناکاودا بانگی کرد
قوڕ وەسەرت لیۆ ئاڵیان برد

بەناز ...

هێند نەرمی هەر دەڵێی هەڵووی
چەن سووکی دەڵێی مشتووی

بەقیمەت وەکوو موورووی
هەرچی من دێم تۆ نووستووی
سەعاتێك بۆ من نەبووی
بەناز ...

## ئەی بەناز

هەلم گرن لەنگەر لەنگەر ـ بمبەن بۆ مالی بەتۆکەر
شینم بۆ بکا شەدە بەسەر
ئەی بەناز ، وەی بەناز ، بەناز بەناز
چاو جوان گیانەمکوژە بەناز ..
هەلم گرن بە سێ و بە دوو
بمبەن بۆ گەڕەکی ژووروو
شینم بۆ بکا ، پێ بە مووروو
هەلم گرن بە سێ و بە چوار ـ بمبەن بۆ گەڕەکی لای خوار
شینم بۆ بکەن ناسکو نازدار
هەلم گرن بەسێ و بە شەش ـ بابمگرن بێ غەل و غەش
شینم بۆ بکەن دەستەی چاوڕەش
هەلم گرن بەبێ قسوور ـ بمبەن بۆ گەڕەکی لای ژوور
شینم بۆ بکەن مل بە موور
هەلم گرن بەبەر ژالان ـ بمبەن بۆ ژوورووی لای مالان
شینم بۆ بکەن دەی چاوکالان
هەلم گرن بەبێ تەگبیر ـ دەی دەی دەستەی جوان لەگەل پیر
ئەمن بازم مردم بێ نێچیر ..

## کیژه مەرۆ جوانی ـ ١ ـ

هوبراوه وهەوا ( زیرەك )
ئاوازی ( غەفوورئاغا )

کیژه کوردەکەی سەربەست خولقاوی
بەداوی گەردوون گیرۆدە ، ماوی
توخودا پێم نالێی بۆچ وا ژاکاوی ؟
کیژه مەرۆ جوانی
گولی کوردستانی
ئاسکی له کوێستانی
نەمامی بێستانی
کیژه کوردەکەی هەردەلێی ئاسکی
دەلێی گەزیزەی سەر باسکەو باسکی
چەندە بۆن خۆشی ، چەند تەرو ناسکی
کیژه مەرۆ ....
کیژه کوردەکە بۆچ وا داماوی ؟
هەم دەلێی کەوی بە تۆڕ گیراوی
پاو پاسووره جوان ، گەردن خەناوی
کیژه مەرۆ ...

## ئامینێم سووره گول ـ١ـ

له دووری بالآت بووم پەرەوازه
خەمبارت کردووم زۆر بێ ئەندازه
بەقات پێناکەم ژن بێ مەجازه
کوشتوومی لێو ئال له کانی نیازه
ئامینێم سووره گول ئاخ بەلەنجەو لاری
به ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
گول‌و گول خونچەی فەسلی بەهاری
بەینی بەینەللا لە گولەی خەساری

هێنــدەم نەمینــێ بمخەنە گوێــزێ
نەچاو تیرئەخــوا نــە دڵ ئەبێزێ
بۆ خۆم لە بەغــدا گوڵ لــە تەورێزێ
تەمەنائــــەکەم خــوا بیپارێــزێ
ئامینێم سوورە گوڵ ...
مــاڵ لــە مەریوان دڵ لــە دوو جێگا
من غەریــب ماوم لــە سەرەڕێگــــا
ئامینێــم ...
مــاڵ لــە مەریوان دڵ لە دەروێشان
مردن خۆشترە لــە ئاخ هەڵکێشــان
ئامینێم سوورە گوڵ ...

## ئەی وەی لەرزانە

هەروەك ریحانە شــین بــووی لە باخی
خۆ تۆ نەمامــی مــریەم ســابلاخــی
ئــەی وەی لــەرزانە ، دەبرا لــەرزانــە
لـــەرزانەکانــت ، لــەرزم لــێ دێنــێ
قەستــێ بە چاوان جــەرگم دەربێنــێ
هەر مانگی نــوێ بوو حالــم پەشێوە
هیلال چوون شێوەی ئەبرۆی تۆی پێوە
ئیجــازەم بدە مــاچ کــەم ئەو لێوە
ئەی وەی لەرزانە ...
چــاوم چاوەڕێی رێگای بەرماڵت
بەڵکــوو لە ناکاو دەرکەوێ خاڵــت
ئەی وەی لەرزانە ...
دەستماڵی سەرت حەریــری نەرمــە
ئەوەندەم حەزلێکرد ، بەس لەلام شەرمە !!
ئەی وەی لەرزانە ...

لە دووری باڵات بووم پەروازە
خەمبارت کردووم زۆر بێ ئەندازە
بەقات پێناکەم ژن بێ مەجازە
ئەی وەی لەرزانە ...

## دڵەکەی وەرگرتم

هونراوە : تیکە لاو
ئاوازەکەی ( تورکی ) یە

چ خودا بەردارە غەرقم کەی لە خەم
مەیلم بدەیە یان زۆرو یان کەم ..
ئەی چاوبازو ئەبرۆ کەمان
کە روحمی خێرت بێ چاو جوان
ئەی بۆ تۆ مردم ، پێ نەزان
ئاورت تێبەردام ، فاتم گیان
دڵەکەی وەرگرتم وازی لێهێنام
نەمزانی چی بوو ؟ جەرگی دەرهێنام
ئەی عەنتیکەو تۆی بەڵەک چاو
روحمی خێرت بێ زولف خاو
ئاورت تێبەردام کەس نەماو
بۆ تۆ نەماوم ئەی کچی خۆشناو
دڵەکەی وەرگرتم ...
ئەی چاوبازو ئەبرۆ کەوان
سنگەکەت بەفری کەلی خان
من بۆ تۆ مردووم ، سەرگەردان
کوشتوومت بە چلەی زستان
ئەو ماڵەی هەمە با بچێ بە تاڵان
ماڵی تۆم دەوێ دەم لەسەر خاڵان
یا سولاڵ هاوار ، دەروانێتە بورهانی

ئاگاداری یارم بی کاك ئەحمەد لە سلێمانی
دلەکەی وەرگرتم بۆخۆی لێی دا رۆی
پرسی پێ نەکردم ، دەڕۆی یا نارۆی ؟
ئەی دڵ هەڵدڕێی بە نووکی دەبان
بۆچی لە دنیا کردمت سەرگەردان
بۆچی لە دنیا کردمت پەشیمان
ئەی دلم زەلیل بی ، زەلیلت کردم
موحتاج بە دەرکی نامەردت کردم !!
دلەکەی وەرگرتم ..

## لەنێو سابڵاخدا ـ هەی لەیلێ

لەنێو سابڵاخدا بورجێك دیارە
بەقەد ئەو بورجە خەم لەدلم بارە
لەبێ لوتفی یار ، هەناسەم سوارە
ڕەنگ زەردو زەعیف لێوم بەبارە
هەی لەیلی لەیلی ، لەیلی باوانم
بۆچی دەمکوژی ؟ من بێ تاوانم
سابڵاخ چەند خۆشە خاکی دلگیرە
ئەو کچە لەو ماڵە کۆتو زنجیرە
لە دووری باڵات بووم پەرەوازە
خەمبارت کردووم ، زۆر بێ ئەندازە
هەی لەیلی ...

## چارۆگە ـ ١ ـ

هونراوەی ( زیرەك )

چارۆکەی لای شانی ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
کیژی سلێمانی ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
جوانو میهرەبانی ـ ئەوا هات بەتاوێ دەسرۆکێ

چارۆکەو چارۆکێ ـ دەبا بێت بە تاوێ چارۆکێ
یار قەوی پێداوم ـ سار ببێ بۆ مەنۆلێ
چارۆکەکەی سووره ـ دەبا بێت بەتاوێ دەسرۆکێ
لێو ئاڵ وەك بلووره ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
یار لە دنیا مەنشووره ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
چارۆکەی حەریره ـ دەبا بێت بەتاوێ دەسرۆکێ
بیکەوە زنجیره ـ دەبا بێت بەتاوێ دەسرۆکێ
خۆی جوان مێردی پیره ـ دەبا بێت بەتاوێ دەسرۆکێ
چارۆکیو چارۆکێ ـ دەبا بێ بەتاوێ دەسرۆکێ
یار قەولی پێداوم ـ دەچین بۆ دەسکەنەی نۆگێ
چارۆکەکەی ڕەشە ـ ئەوا هات بەتاوێ دەسرۆکێ
مەنگۆڕی یا مامەشە ؟ ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
جوانو بۆنی خۆشە ـ ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
چارۆکەکەی خامە ـ دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
کوشتمی چاوی ئامە ـ دەبابێ بەتاوێ چارۆکێ
لێوی شەکەری خامە ـ دێ چین بۆ ـ مەندۆکێ
چارۆکەکەی شینە ـ دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
وەك کۆتری نەخشنە ـ دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
توخودا کەی بیبنە ـ دێ چین بۆ مەندۆکێ

## مەقام

«فەلەك زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگو ڕۆژ »
شکاندی پەنجەکەم تامن نەنووسم وەسفی ڕوخسارت
دەبێ کاغەز لە بەرگی گوڵ ، قەڵەم ، جانا ، لە عەنبەر بێ
ئێستا ئەمن مەیلم هەیە ، بنووسم وەسفی ڕوخسارت

( تایەر بەگی جاف )

## چارۆگێو چارۆگێ – ٢ –

هەواران گازە گازە ،
خوێندی سەقرو بازە،
یارم خوماری نازە ،
دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
چارۆکێو چارۆکێ
دەبا بێت بەتاوێ دەسرۆکێ
یار قەولی پێداوم
دەچین بۆ مەندۆکێ
هەوران کلو کلویە
دەخوێنێ هەڵۆیە
دڵ موفتەلای تۆیە
دەبا بێت ..

## چارۆگەو چارۆگی – ٣ –

هەوران گازە گازە    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
دەخوێنێ گوڵوازە    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
یارم خوماری نازە    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
یار قەولی پێداوم    بەهار بێ بچین بۆ مەندۆکێ
هەوران کۆیە ، کۆیە    دەبا بێت بە تاوێ دەسرۆکێ
دەخوێنێ هەڵۆیە    دەبا بێت بە تاوێ دەسرۆکێ
دڵ موفتەلای تۆیە    دەبا بێت بە تاوێ دەسرۆکێ
یار قەولی پێداوم    شل کە گرێی دەسرۆکێ
لەسەر مەحموود کانی    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
کوێستان گرت بارانی    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
کوشتمی چاوی جوانی    دەبا بێت بەتاوێ چارۆکێ
چارۆکێو چارۆکێ    دەچین بۆ دەسکەنەی تۆکێ

## چارۆکەو چارۆکێ – ٤ –

ئەمشەو شەوی بەدرە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
هەڵدێ لەیل و قەدرە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
لە خۆم دەگرم نەزرە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
چارۆکەو چارۆکێ    شلیکە گرێی لە دەسرۆکێ
یار قەولی پێداوم    بەهار دەچین بۆ مەندۆکێ
ئەمشەوە شەو زستانە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
بەفران گرت کۆڵانە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
یارم خانو مانە    دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
ئەمشەو شەو بەهارە    ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
یاری من خەمبارە    ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ
مەمکی وەك هەنارە    ئەوا هات بەتاوێ چارۆکێ

## ڕەزیە

هۆنراوە وهەوا ( زیرەك )

ئای تۆم دارە مێوی    گیانە شینبووی لە کێوی
دەورەە ماچی دەمەکەی    دەمژم تۆبەرەی سێوی
ئای وەی ماچ دەکەم گۆنات    بەشەرت لێوت نەیزێوی
ئای تۆم دارە بەنی    گیانە شینبووی لە رێبەر
دەمەڕۆ ئەمنیش نەخۆشم    خانم سایەی تۆم لەسەر
ڕەزیە تۆم دارە بەنی    گیانە ڕیشەی دلکەنی
خۆ من دەسهەلگرنیم قەت    خنم لە مێخەك بەنی
ڕەزیە ، تۆم دارە بیەکەی    گیانە شینبووی لەبەر دێ
هاوار جووتە مەمکەکەت    دەمەڕۆ وێنەی زەردەبێ
ئای تۆم شۆڕە بیەکەی    خانم شین بووی لە چۆمی
دەورە عیشوەو ناز مەکە    جوانێ تۆ یاری خۆمی
ڕەزیە ، ڕەزیە دارەکە    ڕەزەیە شەدە لارەکە ،

دەمرم بۆتۆ ، بار مەکە

ئای تۆم دارە بی‌یەکەی
جوانێ شین‌بووی لە بەردێ

دەوەرە سازبەبۆ کوێستان
بمرم بۆ ( بێزا )و (مەندێ)

رەزیـــە تۆم دارە بەنی
گیاـه شیرین وەك ( قەنی )

هاوار من دەس‌هەلگرنیم
خانم لەو مخیەك بەنی !

## هەوری لار

**مەقام :**

لە تەنیایی شەوی ژینا ئەتیم هەنگاوی کوێرانە
نی‌یە دەستێك دەرم بێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە

— هەردێ —

**بستە :**

(کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری لە شانی
کوا ؟ یاری جوانم بمە قوربانی
کاڵێ هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرت بووم ؟ یا نا تۆ ؟
من دەبم بە غولامی چاوی تۆ

**گۆرینی بەستەکە :**

هەر کەسێ بیکا ، بەینی ئەمن‌و تۆ
لە ماڵی بمرێ بە هەشت‌و بە نۆ
کولونجە ، رێ رێ ، دەسماڵ کرێشە
کاری ئەمن‌و تۆ کەوتۆتە کێشە
هەر کەسێ بیکا مەنعی دلداری
پەرو پۆ دەرکا وێنەی پاساری
کلۆنجە ، رێ رێ ، دەسماڵ قاقانی
کاری ئەمن و تۆ دنیا پێ‌ی‌زانی

**مەقام :**

جێم نی‌یە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێ لانە خۆم
(ئـ ـ آری )

بەستە :

بمکە بە خاتر ( هەوری لار ) زەردەی خۆراوا
سەرێ بێنە دەر ، لە تویێ کەژاوە
کلۆنجە رێ رێ دەسماڵ قاقانی
کاری ئەمن و نۆ پاك دنیا ، زانی

گۆرین :

بەغەمزەی چاوی مەستی
لەژاڵ چاوجوان بمبوورە ، نەمزانی ( ئەوك )م گەستی

گۆرین :

من بریندارم ، ئەگریم ، ئەناڵم
روحمی خێرت بێ بۆتۆ عەبداڵم
شێتو ما خوایای دوو لێوی ئاڵم

وا من نەخۆشم دەردم گرانە
ماچی لێوی تۆ بۆمن دەرمانە
( تایەر توفیق )
روحمی خێرت بێ بە مەحرەمانە

گۆرین :

دەبرۆ لەمن حەرام بی
هەروەك شەراب لە شێخان
هیچ قەولی راستت نیە
غەیری درۆو تەفرەدان
ئەگەر قەولم دەدەیە
بەراستی وەرە کەوان
روحمی خوات لە دڵدا بێ
کافری بێ دین و ئیمان
ڕەبی بەو نەعلەتەی بی
کە خودا کردی لە شەیتان
بە تەوراتو بە تەورات

کەردن ( قورینگ)و لێو نەبات
چاوجوان بۆ خۆت قەولت بەست
شەرتەکەت بە درۆ دەرهات
وەرە بۆ خۆت قەولت دا
مانگی تازە لەنوێ هات

گوریــن :

جووتێ گوارەی بۆ دەکڕم ، لە عالەما مەنشوور بێ
کەلەبابی مرواری ، پلپلەی زێڕی سوور بێ
کەژاڵ گیان لە گوێی بکا ، بەڵکوو دنیا خاپوور بێ
نەحلەت لەو دڵە بەدبەختەم . دەبا کەم وا مەجبوور بێ

گورین ـ مەقام ـ

(قەت لە دنیادا ، نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
ئەی خودا چەند بێ‌کەس‌و بەدبەخت‌و چارە ڕەشم ـ هێمن ـ

## لالە بە دەستان ـ ١ ـ

هەوا : کەمون
هونراوە : زیرەك

باوانەکەی بابی من تۆی بۆت مردم جوانێ
ئاسکۆڵەو کیژی کوردستان ، مەیلەکەت کوانێ ؟
ئاورێ لەمن بەزداوە ، ( ئاسك ) ماڵ لە بۆکانێ
لێرەوە بەقوربانت بێ ، تاکوو جزیرەو بۆتانێ
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا ، بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
چریکەی قورینگان دێ لە حەوا ، دەڵێن کوێستانیش
بێنەوە
شەو داوەتیان گرت بە ڕیزە ، لالە بەدەستان
چەند ڕێکو شۆخ‌و تەمیزی ، کیژۆڵەی کوردستان

( مەقام ) .. فارسی

(باوانەکەی بابی من تۆی هێزو هەناوم
باوەڕم پێ بکە نەماوم بۆ تۆ سووتاوم
هاتم لە جێژوانێ نەبووی ، شل‌بوو هەنگاوم
لەو مارستانە کەوتووم ، چاو بە مۆڵەق ماوم

مەقام :

سرێکە وا لە دلما بێژم ئێستان ئەسوتێ
پەنهانی کەم نەیێژم مێشکی ئێستان ئەسوتێ
.... ئەستێرەکان ، لە بورجیدا وەدەرخە
لەتاوی ئاهو نالەم ، حەوت ئاسمان ئەسوتێ

باوانەکەی بابی من تۆی ، بۆت نەمام ئەسەر
سوێندت بۆ دەخۆم بە قورعان بە خوداو پێغەمبەر
لەسەر بالآی تۆ دیسانیش من بووم دەربەدەر
بۆ تۆ نەماوم رەحمەت بێ مردم ڕەش ئەسەر
کاغەز ئەنووسم ...

## عەمرەکەم ، چاوەکەم

هونراوە : فولکلۆر
گۆرانی : زیرەك

هەر کەسێ نەبێ ، دوو دۆست و یارێ
سەر بگرێ لەقوڕ ، سوبح و ئێوارێ
عەمرەکەم ، چاوەکەم ، تەگبیرەو بۆ تۆی دەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی ، لەو بەندەت ڕزگاردەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی ، دایکەکەت دەرماندارەدەکەم
هەر کەسێ نەبێ ، دوو دۆست نیهانی
خودا بیسووتێ ، ماڵ و ڕۆح و زەین و گیانی
عەمرەکەم ..
بۆ لای کێ بچم ؟ دەست وە زامەوە
کێ دەرمانم کا ؟ شەوان ، شەو ، وەلامەوە .
عەمرەکەم
ئەگەر نەمدەیتێ حەوت ماچ بەجارێ
حەوت کۆستت کەوێ ، هەر یەك لە شارێ(۱)

(۱) هۆنراوەی ئەم بەستەیە لە ( کتێب )دا لەگەل ئەقام ، گۆرانی بەکەدا بەهۆی تێکەڵکیشانی ئەم وشانە ( جوانی گیان ) ( ئەری ) ( باوانە ( ئای وەی) (گیان و گیان) کۆك دەبێت .

## یا ڕەبی چی بوو ؟

هۆنراوە : فولکلۆر
هەوا : زیرەك

سوێندم خواردووە بە پەرچەمت
تا دەم نەنێمە نێو دەمت
نابم بە شەریکی خەمت
یا ڕەبی چی بوو وات لێ کردم ؟
جێژنە ، ڕووی خۆت لێ هەڵکردم
چاوو ئەبرۆت لەیەك تیرن
میسلی شاهان بە تەکبیرن
ساحیبی کۆتو زنجیرن
ئەو چاوانەی هەڵیاندێنی
بە کلەو دەرمان دەیڕەنگێنی
بۆ لێم زیزی ، ئامدوێنی
یا ڕەبی چی بوو
ئەو گەڕەکە لە شار دەرە
تێی دایە ، یەکە دولبەرە
ئەخۆشم بۆ ئەو ( نازدارە ) !!
یا ڕەبی چی بوو

## هەر تۆم دەوێ تۆ ـ ١ ـ

هەواو هۆنراوە : حەسەن زیرەك

باوانەکەی باوم ، بینایی چاوم
لە دووری باڵات ڕەش بوو هەناوم
سەر تا بەپای، زێر بێ
بڕ دەشتی باژێڕ بێ
هەمووی چاو بگێڕ بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ
سەر تا بەپای زێو بێ

پڕ دەشتو پڕ کێو بێ
هەمووی قەند بەلێو بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ

فەسلی بەهارە ، ئاوەنیا ، شینە
عەشقی یارێکم خوێنی شیرینە
فەسلی بەهارە دەشتو کێو خۆشە
لە دەشتێ کەتێرە لە(دۆڵ) وەنەوشە
چ خودا بەردارە غەرقم کەی لە خەم
مەیلم هەیە یان زۆرو یان کەم
فەسلی بەهارە ، وەعدەی گوڵزارە
کێوو چیا جوانە ، دنیا دیارە

## لۆرکێ -١-

هۆنراوە : حەسەن زیرەك
ئاواز : کۆنە

گوزەی دانا جەڕەی پڕکرد — خاتوونێ لۆرکێ
بە بای شەماڵ مەمکی خڕکرد — ئەی وەی وەی لۆرکێ
چاوی گێڕا ئەمنی مڕکرد — خاتوونێ لۆرکێ
لۆرکێو لۆرکێو لۆرکێو لۆرکێ — تاقانەی دایکێ
خۆ ناوێرم من ماچی کەم — خوێنی لێ دەتکێ
خۆ دەلێ ماچت نادەمێ — دەستنوێژم دەشکێ
جەڕەی پڕکرد . گۆزەی دانا — دەری هێنا جامو شانە
کلو کلتوور لە گیرفانە — بە (ملم)بە بیللا زۆر جوانە
سەر تۆپی کوردستانە — خاتوونێ لۆرکێ
لۆرکێو لۆرکێو لۆرکێو لۆرکێ — وەی وەی وەی لۆرکێ
چاوت ڕەشە بێ غایەتن — کلەی لێ دەتکێ

---

* ئەم ئاوازە کە بە (لۆرکێ) ناودەبرێت بەر لە (حەسەن زیرەك خوالێخۆش بوو (مریەم خان) تۆماری کردووە ، هەروەها بە شێوەی کرمانجی ژووروو (عایشە شان) یش تۆماری کردووە . ( عثمان )

دەمم دێنم ڕووی خۆت بێنــــە ـ هـــەناری دەنكـــــێ
گۆزەی هەڵگرت بۆ گوێی رووبار ـ خاتوونـــێ لۆركـــێ
ئەمنی كوشت شۆخـی مەزەدار ـ ئەی هـاوار لۆركـــێ
جووتێ مەمكی وێنـەی هەنـار ـ ئەی هـاوار لۆركـــێ
«هێندە دەڕوا بـە لەنجەولار» ـ ئـەی هـاوار لۆركـێ

گۆزەی هەڵگرت بۆ سەر چۆمی ـ ئـــەی هــاوار لۆركێ
خۆ پێم گوت تۆ یاری خـۆمی ـ ئـەی هـاوار لۆركـێ
دەبم بـە جوو بـە نەمۆمـــی ـ ئەی هــاوار لۆركـــی
گۆزەی هەڵگرت بۆ سەر بیرێ ـ ئەی وەی وەی لۆركـێ
بە كراسی چیتـی گوڵ لیـــرێ ـ ئـەی وەی وەی لۆركێ
دەكوو ، ماڵـت بەقـوڕ گـیرێ ـ ئەی وەی وەی لۆركـێ
«وێنەی باز ، دەگرێ نێچـیرێ» ـ ئەی وەی وەی لۆركـێ
گۆزەی هەڵگرت بۆ بەر (دێ) وە ـ ئـەی هـاوار لۆركـێ
بە جووتـێ مەمكی ( هەرمێ )وە ـ ئـەی هاوار لۆركـێ
با بچمـە باخـەڵ ( خـەجێ )وە ـ ئەی هـاوار لۆركـێ
گۆزەی هەڵگـرت نەیكرد ڕایـە ـ ئـەی هـاوار لۆركـێ
تـۆ بیبارێـزی خودایـــە ـ ئـەی هـاوار لۆركـێ
با ماچـیكـەم لـەو پەنایـە ـ ئـەی هاوار لۆركـێ
جوانە ، بیلــلا ، بێهاوتایـە ـ ئـەی هاوار لۆركـێ

# لەو کەلە

هۆنراوە : حەسەن زیرەك
ئاواز : کۆن

ساڵان دەچوومە باخی شەقڵاوە
ئەمساڵ (خۆپیربووم) لە دووریت جەرگم بڕاوە
ئەمساڵ بەهارمان کە بێ بارانە
گوڵاڵەی سوورمان خوێنی یارانە
لەو کەلە دەنگی ساز دێ
هەلاڵەو زەمزەمە
قریشکەی خانم خاس دێ
ماچ کەم ئەو دەمە
دەم لەناو دەمە ،
دەس لەسەر مەمە
لاڵبم ئاگری کردەوە
شەو لەسەر سنگو مەمکەکەی
ڕۆژم کردەوە .
ساڵان بەهارێ دەچوومە سەیران
ئەمساڵ بەهارم لێبوو بە زستان
لەهەر چوار لاوە شایی یە بەڕیزە
خەنەبەندانمان شینی ئازیزە
ساڵان دەچوومە شاخی کوردستان
ئەمساڵ ووشك بوو گشت باخو بێستان
ئەمساڵ بەهارمان لێبوو بە زستان
گوڵاڵەی سوورم ، ئەی هاوار بوو ، خوێنی یاران

# دەنگی یان نایە

دەنگیان نایە ، دەنگیان نایە
ئایشلێم ، نازیلێم ، دێت خڕێ دایە
یارەکەم لێم زیزە ، هاوار خودایە
هەڵاڵەو سوێسنان ، بەیبوون گەزیزە
عەشقی یارێکم جوانو تەمیزە
عەشقی یارێکم شیرینو لەزیزە
دەنگی یان نایە ، دەنگی یان نایە
ئایشیلێ ، نازیلێ تاقانەی دایە
بە خڕنە خڕنگی جەواهیران
یان بە دۆستم بی ین بە دەزگیران
تەنیا گولەلەی باخی هێران
هەڵاڵەو سوێسن،و بەیبوون هەڵاڵە
فتوایان داوە ، ماچت حەڵاڵە
خۆم فتوا دەدەم ، ماچت حەڵاڵە
هەڵاڵان ، سوێسنان دەراویان داتەنی
وێنەی ... لە گۆنان دەفڕی
مەمکۆڵەی یاری جوان کراسیان دەدڕی

## هەی نار ــ ١ ــ

هەواو هۆنراوە : فولكلور

هەی نار ، هەی نار ، باوانم یار
هات و ڕۆیی بە لانجەولار
قوربانت بم ئەی باتی شەوێ ــ خەو بێ لە چاوم ناکەوێ
دل مەجنوونەو لەیلەی دەوێ
دیسان شەو هات بۆ حاڵی من بۆ دلەی پڕ خەیاڵی من
عالەم سووتا لە ناڵەی من
زولفت بە ڕیز بەدانەوە ــ بە بای عیشوە دەخولانەوە
کۆنە برینم دەکولانەوە
ڕۆژ ئاوابوو ، زەردەی مابوو ــ شەماڵ کاغەزی هێنابوو
نامەی لەیلی لێ نووسرابوو

## هەی نار ــ ٢ ــ

هەی نار هەی نار باوانم یار
هات ڕۆیی بە لانجەولار
لەدەست دەرچوو ، سمین عوزار
عەتر پڕیە بۆ زولفی یار
خۆشم دەوێت ناسکو نازدار
لە دەست دەرچوو ، دۆستی پێرار
دیسان شەو هات ، لەبۆ زارم
لەبۆ دلەکەی بێ قەرارم
ڕۆیی ئەما دۆستی پێرارم
هەی نار ...

لەدەست دەرچوو کۆچ و کۆچبار
عەترم پێیە بۆ زولفی یار
نامدوێنی ، ناسک و نازدار
بۆتۆ مردووم لێو بەبار
هەی نار .....

دیسان شەو هات با بکەم ناڵە
لە سۆی تۆ حاڵم بێ حاڵە
لەو جوانە بەژن و باڵا
هەی نار .....

## هەوری لە کۆڵ

دەترسم بمرم ، نەتبینمەوە
بە جوانەمەرگی سەربنێمەوە
« هەوری لەکۆڵ ، با: نە لەتۆل ، سنگ نەرم و نۆڵ »
وەختە لە سۆیت بمرم
« ئەی بەری بەیانیان پێم خۆشە ، لە باوەشت بگرم »
خەڵکی خەم دەکڕێ من هەمە خەڵوار
ڕەنگم زەرد بووە لە دووری نازدار
ئەمن ( مەربزم ) مێ بۆتۆ ، وەرە جاروبار
نەخۆشم ، کەوتووم ، بێ پارێزگار[1]
هەوری لەکۆڵ ...

خەڵکی خەم دەکڕێ ، من دەفرۆشم خەم
لوتفێکت بێ یا ڕەبی ، بە یاد ، نابی کەم
بەندەیە ماچینە .. بۆ بە حاڵی دەم ..
هەوری لار ...

عەمباری خەمم ... بووە کاڵاڕێژ
نەخۆشم ، دەردم گرانە ، بووە دوورو درێژ
هەوری لار ...

(1) نەخۆشم کەوتووم بێ قەرزدار ..

## گەوهەرێ -١-

هەوا : زیرەك

هۆنراوە : زیرەك

وەكوو كوێستانی بێستوون ئەوا سەرم خاڵ خاڵە
لە چەرخی ئاوی گەردوون ، دڵم دەكا سەلالا
عەشقی قەدو باڵای بووم ، خوێن شیرین چاوی كاڵە

(گەوهەرێ ، ماڵم گەهەرێ
سینگت حەوزی كەوسەرێ
خۆشتر لە ئاوی زمزم
حەجاجی دەچنە سەرێ
داوای دوو ماچم لێ كرد
نزیك بوو ، ئابڕووم بەرێ)!

خۆمن كوێستانی ( لەند ) نیم ، بێنم ( كارگ )و (كەما) یە
سەیرو سەفایە ، سازكەم ، لەبۆ چاوی لەیلایە
لەوەتەی ئەو ژنەم دیوە ، من هیچ كەسم وەبیر نایە .

(گەوهەرێ ماڵم گەوهەرێ
سینەت حەوزی كەوسەرێ
لەگەڵ یار قەولمان بەستووە
بەهار بچینە قەمتەرێ
ئاورت لەمن بەرداوە
خوێنت مژیم ئەسەرێ

خۆ من كوێستانی ( لەند ) نیم بێتم كارگو ڕێواسان
خۆ من كرخانەچار نیم دامێنی بۆ همو پاسان
عاشقی دوو چاوی جوانم دەیڕنم سوکو ناسان

گەوهەرێ ...

## گەوهەرێ ـ٢ـ

هەوای : فولکلوری

هونراوی : زیرەك

ئەم بەستەیەی بۆ ئێستگەی کوردی عیراق تۆمارکـردووە کـە . کۆپلەی هۆنراوەکان .. بەم سەرەتایانە دەستپێدەکەن .. بۆیە ئـەم نوسێوە لە زۆر گۆرانیی تردا دوبارەبوونەتەوە . تەنیا سەر بەندەکەیان کە بـە ( گەوهەرێ دەسـتپێدەکا ) لە گەوهەرێ گۆرانیی یەکـەم جیـاوازتـرە ...

(١) لەمن حەرام بێ وەکوو شەراب لە شێخان .

(٢) دەردت لە مالـم کالـێ .

(٣) عەتیکەو زێـدە لاوە .

(٤) سنگـت کارخانەی میاندواوی ...

« گـەوهـەرێ ، گـــەوهەرێ »

« غەریبم دەبـــا بمـرم »

« بەسم تانـە لـێ بـلە »

« بەرگـــەی تەشـەر ناگـرم »

« رۆژی بیســتو دوو جاران »

« لـەبەر دوو چـاوت دەمـرم »

## ئەسمەرێ ، دولبەرێ ، هاجەرێ

هـەوای : زیـرەك

هونراوە : فولکلـور

سێ جار بـەو مانگـە ڕوو لـە خـودا کـە

دڵەکـەم کەڵکەڵەی باڵای تـۆ دەکـا

ئەسمـــــەرێ گـــاڵ

دولبـــەرێ ئـــۆف

هـــاجـــەرێ دەی

گەوهەرێ گیان، مەڕۆ لە دوائم
ڕەنگم نەدیوی عەشقی بالآتم
تا بە ڕووی مردن هەر بەماتم
خودا بیسێنێ حەقم لە دایس
خۆم جەورم کێشا کێ نیشت لە سایەت

ئەسمەرێ گیان
دولبەری دەی
هاجەرێ ئۆف

گەوهەرێ گیان، مەڕۆ میوان بە
بۆ برینەکانم هەر تۆ دەرمان بە
بۆ دەردەکەی من هەر خۆت لوقمان بە
ئەو چاوە جوانە ئەو تەل بەسەرە
ئەمنی کوشتووە، خۆی بێ خەبەرە
ئەسمەرێ گیان.....

## هۆ لەیلێ

نەخۆش و دەردەدارم — هۆ لەیلی
بۆ بالآت بێ قەرارم — هۆ لەیلی
روحمی خێرت بێ لێو ئاڵ — هۆ لەیلی
ڕەنگ زەردو لێو بەبارم — هۆ لەیلی
هۆ لەیلی، لەیلی، لەیلی — چاو ئەستێرەی سوهەیلی
دەرحەق بەمن بێ مەیلی
چاوت ئەستێرەی شوانان — هۆ لەیلی
هەڵدێ هەموو بەیانان — هۆ لەیلی
دەدا لە کوچەو کۆلآن — لەیلی
نارنج، لیمۆو پرتەقاڵ
بۆ مەمکەکەت پرۆلام
ئەستێرەی لە ئاسمانی

لە یاری خۆم بووم بەکام
نەخۆش و جێ لە بانی
بە ملیۆنێ هەرزانی
تۆ چی ڕەنگی زەرد کردوویت ؟
ئەی گوڵە ماڵی وێرانی !
چاوت ئەستێرەی شەوێ
کولمەت دەنوکی کەوێ
باسکم بە زوور سەری دە
مەرگم بە پێشت کەوێ
چاوت ئەستێرەی رۆژێ
ئەبرۆت لە خەو دەمێنێ
بەژنت بۆ من بمێنێ
سوورە قوریتگی گەرمێنێ
هاتووم لەلای بۆکانێ
کورتێ خاڵ دانە دانێ
باکەوشەکەت پیس نەبێ
پێت لەسەر چاوم دانێ
چاو ئەستێرەی عاسمانی
هەڵدێ هەموو بەیانی
باسکم بەزوور سەری
سەرتۆپی کوردستانی

## باغی نازەنینێ

چووم بە باغی نازەنینێ
بە قاقاو پێکەنینێ
دەسم کرد بە گوڵ چنینێ
ئەوەی من دیم ، کەس نەیدینێ
ئەی وەی لە گوڵ ، خونچەی سەرچڵ
دەپسێنێ ریشەی بەندی دڵ

باغەوان عەمبرت نەمێنێ
بولبول لە باغت دەخوێنێ
بە سۆزەوە دەچریکێنێ
سەری خونچەت هەڵدەستێنێ
ئەی وەی لەگوڵ

لەگەڵ تۆمە ، خونچە سێوم
ئەگەر تۆ نەکەی بەخێوم
دێمە زرکی قوڕ دەپێوم
ئەی وەی لەگوڵ

## ئەی یار ٠٠ ئەی یار

بەهار خۆشە لەمە زمزیران
لە خڕێ و دۆڵێ دەس بەگیران
تێکە بۆ دۆستو دەزگیران
ئەی یار ئەی یار بۆچ رۆی یارم
بێ وی تاریکە ڕۆژگارم
ئەی یار ئەی یار رۆیی یارم
بێ ، وی ، زیندانە لێم زینهارم
بەهار خۆشە شاری سەردشت
بچۆ شاخی ، بچیە بۆ : گەشت
کولمی جوانی سێوی بەهەشت
ئەی یار ئەی یار بۆچ رۆی یارم
ئەڵلا چەندە !! گوناهبارم
بەهار خۆشە شاری شنۆ
کولمەت جوان وەك گوڵی لیمۆ
شۆخ و شەنگی ، مەڕچاو ، هەڵۆم
ئەی یار ٠٠٠٠

## کراس ڕەش ـ٣ـ

هۆنراوە وهەوا : زیـــرەك

ڕێگاکەم دوورەو مەنزڵـم کوێستانە
شـەو بەسەردا دێ ، غەم لێم میوانە
کراس ڕەشــێ
ناز دەفرۆشی
تێ دەکۆشــی
خۆت مەشــارەوە ..
خۆت مەکە بەژێر کــۆڕێ دارەوە
عەشقی بالآت بووم لە پێـــرارەوە
ڕێگاکـەم دوورەو مەنزڵـم گەرمێنـە
ئەمــن موفتەلاو ، یار چـاو شەهێنـە
عاشقــی یارێکـم ، ماڵ لە دەوسێنـە
کـــراس ڕەشی ...
ڕێگاکەم دوورەو مەنزڵـم بـۆکانە
ئەمن عەشقی تۆم ، چاوت زۆر جـوانە
عاشقی یارێکـم زۆر خــانومانـە
کراس ڕەشــە
زۆر بە عەیشــە
ناز مەفـرۆشە ...
خوت شارەوە ...
خۆت مەکە بەژێر چرپــیو دارەوە
عەشقی بالآت بووم لـە پێرارەوە

# فاتمۆکێ

کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتەوە
کەژاڵ تۆراوە، بۆچی ئاشتی نایێتەوە
فاتمۆکێ کوێستانمان کێلەشینە
بۆت نەژیم، بەهار بڕوا هاوینە
کوێستانان خاڵ خاڵ، بەفری شانەو شانێ
پێم بڵێ دەی بۆچی، لەمن چوویتە بانێ[1]
فاتمۆکێ کوێستانانمان لە قەندیلە
با بمرم ئەو دڵەم لەبۆت زەلیلە
کوێستانان خاڵ خاڵ، کەوبارێ دەخوێنێ
لە نیوە شەو، ڕیشەی جەرگم دەردێنێ
فاتمۆکێ کوێستانانمان لە ئێرانە
فاتم گیان دەڵێی خاسە جەیرانە
کوێستانان خاڵ خاڵ، هێشتا ماوە کلیلە
فاتم گیان تۆبەمان لەلای سەیدی زەمبیلە
فاتمۆکێ کوێستانم لە پشدەرە
فاتم گیان، قەد باریك ڕەش ئەسمەرە
ڕێم سەرەو ژوورەو دەچم بۆ زیارەت
بۆ توافی پیر نەك بۆ تیجارەت
کراس ڕەشێ ..
تێ دەکۆشێ
خۆی داپۆشێ
خۆت مەشارەوە
خۆت مەکە بەژێر چرپی و دارەوە
عەشقی باڵات بووم لە پێرارەوە

---

(١) لەمن بوویتە بانێ : حەسەن وای ئەڵێ .

— کێشی ئەم هۆنراوەیە بە ووشەی (قوربان هاوار، بیللا، فاتیلی) تێکەڵ بە هۆنراوەکە ئەکرێ بۆ کۆك بوونی لەگەڵ ئیقاعی ئاوازەکە .

## پێ بکەنە با بتبینم - ١ -

پێ بکـــەنە با بتبینـــم - دەرچێ گیانـی شیرینــــم
یا ڕەب لـــەپێش‌دا بمرم - کەژاڵ مەرگــت نەبینــم
خـودایـه زووتـر بمـرم - بەڵکـوو تـۆ بکـەی شینم
بـێ دکتۆر ، دەواو دەرمـان - شێتت کردووم ، سـەرگەردان
دەوەرە ، دەوەرە فاتـم گیان - دەستـی منت بـــه دامـان
هەر خـۆم غەریبـی شاران - ئـاورت لەمـن بـــەرداوه
لێـم تۆراوه کـەژاڵ گیــــان ..
لێم تـۆراوه کـــەژاڵـم - دەشت‌و کێوه ، ماڵ‌و حاڵـم
وەك پەروانـه سوتـا باڵـم - نـــەخـــۆش‌و دەردەدارم
موبتەلای چـاو کەژاڵــم - ئـاوری لــەمن بـــەرداوه
کـوژراوی دو و پرتەقاڵـــــم
باڵا بەرزەی مــــەزەدار - جووت مەمکت وێنـەی هەنار
لە ئێرانمـــت کـردە دەر - ئاورت لەمـن بــــــەرداوه
دەگەڕێم وەك شێـت‌و هـار - شەوێ سەرخۆش بووم فاتـم
یـاره جوانــەکـەم ئەغیـــار
ڕوحمێــــــك بکه بەحاڵـم
بێ ژن‌و حـاڵ‌و ماڵـم - وەك پەروانـه سـوتا باڵـــم
لەدوای تۆ ، من عەبداڵم - ئاورت لەمـن بــەرداوه ..

## لای لایه

لای لای ،.... دە لای لای
ڕۆڵه ، هیوا و ئاواتم کۆرپه جوانەکەم
کۆرپەی شیرینم ، پشتیوانەکـەم

(١) له گۆرانیه‌کی تردا هەمان بەسته ئەم هۆنراوه یەی پێوه ئەڵێ)

رۆلە جێگای شانازیم ، ڕەگی حەیاتم
رۆلە هۆی ژیانەکەم ، تینی خەباتم
رۆلە شیرینەکەم، کوردستان چاوی لە ڕێتە
نیشتیمان هیوای دوارۆژی پێتە
رۆلە تۆش ەك من ، دەدەی ، نالەت بێ
لە جەوری ەك تۆش سکالات بێ[1]
رۆلە چونکە تۆ پاکی ، لە دەرگای یەزدان
با ڕزگاری کا ، براکەی بابم خاکی کوردستان[2]

## وامەکە

لەبەر دەرکیان دارە — هەنجیرە یا هەنارە
با لەسەر بالای لێوئال — من بدەن لە سێدارە
شەرتە تاکو نەمکوژن — دەست هەڵناگرم لەو یارە
وامەکە ، وامەکە ، وامەکە
دایکم دیارە ، ئابڕووم چوو
دەستۆی لێوئاڵ دەپسێنم
کارەباو ، سوورو ، زەردوو
ئاوری لە من بەرداوە
کەلەگەتەو خاڵ لە ڕوو
ەتیکەو زێدە جوانە
بە ملیۆنی هەرزانە

---

(١) نالەت بێ ، سکالات بێ .. لەبارەی پاشپەندەوە .. کزە .
(٢) ئەم دوو دێرە هۆنراوەیە .. لە کێشدا پترن لەوانی تر ...
بەلام ئەمە ... لە هونەری ( حەسەن ) کەم ناکاتەوە چونکە
هەر خێراو سەر پێیی ئەم هۆنراوانەی بۆ هاتوون . .
نە (بیری لێ کردۆتەوە ) نە (مسوەدەی) بووە .. ( کوتوپڕ ووتونی)

دەوەرە دەوەرە تێکەڵ بین
کەوێ خاڵ دانە، دانە
جوانێ فەسڵی بەهارە
وامەکە ....

وەختی بچینە کوێستانە
کەی دانیشین دوو بەدوو[1]
وا مەکە، وا مەکە، دایکم دیارە لێم دەدا
لەسەر تۆ لەدەستم چوو، سابڵاخو شنۆو نەغەدە
چەندی لێ جوانە لێو ئاڵ، گێلگێلە لەگەڵ شەدە
جوانێ چی بڵێم وایە، ئەو دڵەم بۆی هەڵوەدایە
بەوەی بادی هەوایە، زوڵفی هەودا هەودایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ، شەوێ لە ژوانم نایە
« هاتم لەلای شنۆیە، گوارەی لە گوێ سێ گوێ[1]
« وەك برنجی عەنبەر بۆیە، خەلکی شێتی دنیایە

ئەو دڵەی من شێتی تۆیە
دەوەرە روحمی خێرت بێ — ئەو دلەم بۆت ڕەنجەڕۆیە
هاتم لەلای بۆکانێ — قیتێ گوارە جۆلانێ[2]
لەگەڵ یار قەولمان یەکە — ڕاومان کۆنە لاجانێ
دەردەدارم بە وەڵلا — هەر ئەو دەردم دەزانێ
دەوەرە، ئاوێزانت بم — پیربووی ئەو مەکرە دانێ
وا مەکە ...

---

(1) ئەم کۆپلە هۆنراوەیە لە زۆر بەستەکانی تردا دووپات کراوەتەوە.

(1) و(2) ئەم دوو کۆپلە هۆنراوەیە لەسەر بەستەی ( وامەکە )ی ژمارە یەکە.

خـودا چۆنـت کردمه هه‌تیـو ؟
عه‌شقـی باڵای بووم له نه‌دیـو
به‌قـــام پـێ ناکـا کچـه تیو
دووگمه‌ت داخه ...

## دوگمه‌ت داخه

چوومه باخـی نـازه‌نینـێ ــ ده‌ستم‌کرد به گوڵ چنینێ (١)
دەی کافـــر حاڵم نه‌بینـێ
دووگمه‌ت داخــه ، دووگمــه‌ت داخـــه ، دووگمــه‌کــه‌ت
کـــه‌س نـــه‌ی‌بینـێ ، خاڵـی نێـــوان ، مه‌مکــه‌که‌ت
گـوڵو ریحـــان بوون به‌بـــرا ــ گوڵ له ریحانه جـوان تـــره
ریحانـــه بۆنیـــان خـۆش‌تـــره
دوگمـــه‌ت داخـــه ..

نه‌دبارێك ، گـه‌ی بـــاڵابه‌رز ــ دوو مه‌مکت شه‌مامه‌ی سه‌د ته‌رز
خودا‌وه‌نـــد بۆ منی کردووه فـــه‌رز
دوگمـــه‌ت ...
مه‌مکـــت دوومیـــم‌و کافێکـــــه
له بـــاڵای سینه سافێکـــــــه(*)
هـــه‌ر ماچێکـــت ته‌وافێکـــــه
دوگمه‌ت ...

له‌سه‌ر پـــردێ گرتیان سه‌نگه‌ر
ده‌ستێ نیزامـــی خـــۆڵ به‌ســـه‌ر
لنگیـــان دامـــێ ده‌سته‌و خه‌نجه‌ر

---

(١) ئه‌م دێڕه هۆنراوه‌یه هی ئه‌مین ئاغا «ئه‌ختــه‌ر»ی شاعیره.
(*)و(**) ئه‌م دوو کۆپله‌یه له زۆر به‌سته‌کانی تردا به‌کاری‌هێناون

## دوگمەت داخە ـ ٢ ـ

هـەوا : زیـــرەك

قوربانت بم ئـەی بـای وادە ـ سەرپۆش لەسـەر یـارم لادە
بە بینینـت دلـم شادە(١)

قوربانت بم ئەی بای شەوێ ـ خەو بێ لەچـاوم ناکـەوێ
دل مەجنونـەو لەیلـی دەوێ

یا ڕەب هەلکەی بـای شەماڵێ ـ بیدەی لـە دەسرەو دەسماڵێ
یا دەرکـەوێ وردە خالـێ

خالق هەلکـەی بای موکریـان ـ خونچە گوڵ بوو،بە بای زریان
جەرگو دلـم بوو بـە بریان

## قەت نەمری یاری ..

ئەمان لەیلـێ جـاران چا بـووی
١ ـ چەنـد یارێکـی بەوەفـا بـووی
لە عەمـرو نۆبەی مندا بـووی

قەت نەمـــری یاری میهرەبـان
بـاڵا بـەرزو شیریـن زمـان
قـەد باریـکو مەمـك فنجـان
روحمـی خێرت بـێ بـە قوربان

هەتا کـچ بـووی عینوانـت بـوو
ـ سەدی وەك من میوانت بوو ـ بە غولامت بـوو

(١) قوربانت بم ئەی بای وادە ـ سەرپۆش لەسەر یارم لادە
هەر بە وێنەی پەریزادە
ئەمە هۆنراوەی «عەلی عاشق»ە .

میعلی شاهان دیوانت بوو

قەت نەمری

قەسەم بەوەی دۆستی جوانە

٣ ـ لە نێو جەحێلان سولتانە

کە دەمرێ ساحیب ئیمانە

چاوت ئەستێرەی دەریازی

٤ ـ هەلیان دێنی چەند بەنازی

بە کوشتنم ئاوات خوازی

٥ ـ لەسەر پردێ گرتیان لەنگەر(١)

٦ ـ قەسەم بە سورەتی عەمە(٢)

## باران بارانە

هەواو هونراوە : زیرەك

باران ، بارانە مەزرای کرد ڕەنگین

یار خودا حافیز بە دڵێکی غەمگین

مردن لەبیرمی لەمەو دواوە

پاڵدەدەم وە پاڵ قاپی خوداوە

« غەوسی بەغداوە »

باران بارانە ، هەورو بارانە

یار خوداحافیز دەست لێك بەردانە

مردن لەبیرمی ، بیرم کردەوە

سەر لەبەیانی نوێژم کردەوە !

بەحلەت لەو شەیتان هۆشم کردەوە

بە هوشیار بوومەوە .....

باران بارانە ، دەباری باران

دەدا ، لە شانی سیمین عوزاران

(١) لە زۆر بەستەی تردا .. نووسراوەتەوە .

(٢) ئەو کۆپلەیەش لە جێی تردا نووسراوە

مقام :

نـەی مردن ، ئەی پەشیمانـی ـ ئەی بیهۆسی دەم قەبرستانـی خراپی و بەدی و مەردو مەرداری ـ تۆ کوناهباری ، تۆ بەخەرواری تەرە فری دەم بەدو بەدفەری ـ خراپی دایم تالیب بەشـەری خودایە تۆبە فکرم کردەوە ـ تۆ لە چاکەی ، بەشەر و هەرلات کردەوە

یاران یارانە ...

## چاو جوان بە قوربانت بم ـ١ـ

هەواو هۆنراوە : زیـرەك

مەری هەڵێنە ، ڕوو لـە خـوداکـە
تەماشای قاپیـەکەی غـەوسی بەغداکە
بەس لەوە زیاتـر من شێت و شەیداکـە
چـاوجـوان ، بـە قوربانـت بـم
رێـم بکـە دەستـە ملانـت بم
با شـەوێ بـە میـوانت بـم
(تیرن) دەڕوا بۆ ئێران ، جێگای من قەسرە
عاشقی باڵای بووم بە بیلـاغـەدرە
پێم ووت وەرە بۆ ژوانە پێی ووتم عەسرە
چـاوجوان ...
دەترسـم بمرم من ، تـۆ نەبینمـەوە
بـە جوانـە مەرگی سـەر بنێمـەوە
چـاوجوان ...
مـاڵ وا لـە تاران خۆم لـە سلێمانـی
عاشقی باڵاتـم بـوچ پێ نازانـی
بـە دین و بە ملـم زۆر زێدە جوانـی
خودا قیسمەتکەی ، بمە میوانـی
چـاوجوان ...



حه‌سه‌ن زیره‌ك

میوانی گوڵو خان گوڵان — بۆ تۆ مەردم بارانە
کەوتمە جێژوانانە نێو دادن بۆ تۆ مەردم بارانە
بارانە وەی بارانە ...

مەحبوبان چاویان جوانە
خرتو خۆڵ خالیان جوانە

لە باغیدا چنیم هەڵوو — بۆت بمرم ..
ار کەڵەگەتو خاڵ لەڕوو —
ر ، تیر ، دانیشین دوو بەدوو —

## سۆزو گلەیی

:

ەر بەرم کەی ڕوو لە ێوێ کەم ؟ هیچ پەنایەکی دیکەم نییە
گەر بە دان پۆستم ... سی ، دیمەوە چەرەم چییە
دۆستو دوژمن مەکەن لۆمە ، سنگی کاغەزی سپییە
پڕ بە دڵ من دەپەرستم ، ئایا تەکلیفم چییە
تا لەدەر بووم ، دۆست بە میوون ، ڕێ نەبوو ، بکات سلاو
گەر گیرامو کەوتمە بەندیخانە ، کەس نەبوو لێم بێتێ ناو
یانا کە ژرامو تێدا چووم ، وەك ئاورێکی ئاو پێدا کراو
تا لەدەر بووم ، دۆست بە ملیۆن ، ڕێ نەبوو ، سلاو بکا
گەر گیرامو کەوتمە ، بەندیخانە ( بەدینم ) کەس نەبوو بانگم بکا
هەر لە گەنجی تا بە پیری ئەو دڵەم بێ غەم نەبوو
گەردشی ئەو چەرخە کۆنە قەد لەمن غافڵ نەبوو
بەویژدانم ، گشت درۆ بوو،[1] لە دنا دۆستو براو ئەغیارم نەبوو
ئەلمان ڕەورەوەی عومرم بە سورعەت بەبێ بەزین کەوتە ڕێ
چەند نەفەر دەست بە پاچو یەمەرە ئەتخەنە ...

(١) گشت : پاك .

ڕەوڕەوەی عومرم بە سورعەت ئەوا هاتو تێپەڕی
پەردەی حیجابی یەاریم جلەوی سەند هەڵ بڕی

## خەنە بەندان

ئەو چاوانەی هەڵیان دینی     ئای خەنەبەندانێتی
بە کلەو دەرمان دەیڕەنگێنی ــ     شەدە لەملانێتی
ڕۆژ نییە مردووم لێ نەمرێنی ــ
ئەی خەنە لە پێ ، خەنە     لە دەست ، خەنە لە سەرێتی
خو نەمزانی بە بیللاهی     ، زیرەك بە نۆکەرێتی
ڕۆژی لە محەلەی کاتێسکان ــ     یار خەنەبەندانێتی
هاڕەی دەهات دەیهاسکان ــ     شەدە لە ملانێتی
لاڵ بم خۆی لە دەست ڕاپسکان
خەنەبەندان ، خەنە لەسەر ، خەنە لەپێیەتی
ئەو دلە عەشقی باڵایەتی ....
ئەو کچە بیلاهی زۆر جوانە ، دایکی بەقوربانێتی
ئەو دلە عەشقی باڵای بووە ، یەلکە لەنێو شانێتی
سەر هەڵهێنە ، چاوی چاوم ــ
ئەو تیرە[illegible] دە[illegible] نێ[illegible]تداوم
ڕەش بووە ، جەرگو هەناوم
بە ویژدانم ، بۆت نەماوم
خەنەبەندان ...

## هەی ئێرانو هەی عێراق

هەواو هونراو ( زیرەك )

عەتسکەو [illegible] لاوە ــ     [illegible] سلاوە !
سینگت پەنیری کوردی ــ     زوالفت گابەندو خاوە
[illegible] ەکەی جەیە کون بوە ــ     لێوئاڵ بەمست لێی داوە

ئەگەر نەبی بە یارم ـ خودا حافیز مال ئاوا
هەی ئێران وەی کەرمێنێ ـ قەد فەد لێی ئالاپسێنێ
لە پەشمێنی جوان ترە ـ گەر بۆی دیت لە پیتوێنێ
دەلێ دەگەلت نایەم ـ قەدباریك ەو چاو شەهێنێ
ئاسمان تەبەق تەبەقە ـ ئەو قسەی من دەیلێم هەقە
چونکە ئەسلەو حدودە ـ پانیەی دەلێی مەزرەقە
باوکی دەلێ ناتدەمێ ـ کافرێکی موتلەقە
لێوئال بمدەرێ ماچێ ـ با دوژمن بەرێ شەقە

هەی ئێرانو هەی عێراق
خاش خاش بوون ، گولەمێلاق
گیانە بمدەرێ ماچێ
با دلەکەم نەکا ، فیراق

## هەی نیزام ، بۆ خۆم نیزام ـ ١ ـ

هەواو هونراوەی ( زیرەك )

وەرن جەرگم هەلدڕن ـ بە دەبانو کوشتەری
چەند جێژوانم دەگەل کرد ـ بەر پەنجەرەو دوو دەری
لێو ئال ئەلمان نەمناسێ ـ دەلێ برادەر کوێندەری
های نیزام بۆ خۆم نیزام
لێرەکانە ، سەربازم
موتەلای دوو چاوی نازم
هەی دەلێم بمدیە ماچێ
زێم دوورەو دەمبێ لازم
وەرن جەرگم هەلدڕن ـ دەبا گیانم ڕزگار بێ
[illegible]
ئەمان هەر بەو شەرتەی من ـ گەر چاوێکم لە یار بێ
های نیزام بۆ خۆم نیزام
نیزام نیمو عەسکەرم

لەسەر بالای لیو ئالێ
لە دنیا دەربەدەرم
مویتەلای ڕەش ئەسمەرم

وەرن جەرگم هەلدڕن ـ بە دەبانی پڕ جەوهەر
ئەوەڵ لەبۆ لێو ئالی خۆم ـ دووهەم لەبۆ ڕەش ئەسمەر
لەسەر بالای تۆیە گیان ـ لە دنیا بووم دەربەدەر

ئای نیزام ، بۆ خۆم نیزام
نیزامم کرد ، تەواوە
لێو ئاڵ لەمن تۆراوە
کەلەکەی چەپم کون بوو
لێوئاڵ بەمست لێی داوە
پەلای گەورەم لێ ڕابوو
ئەو کچە بۆچی شەمزاوە ؟

هەموو جەرگم لەت لەتە ـ برینداری خەنجەرم
(لێوئاڵ) تۆ دەرمانم کە ـ (جوانێ) وەرە ژوور سەرم
بەجووت دەستم دەستۆکە ـ دەڕۆم لەسەر سەفەرم
بەژنت داری لاولاوە ـ سنگ کارخانەی میاندواوە
کولمەت گوڵی سێلاوە ـ دەوەرە بمدەرێ ماچێ

هێندە عەمرم نەماوە

کەنگێ ؟ بیمە میوانی ـ وەبالم بەستۆ جوانی
سەرتۆیی کوردستانی ـ لافاوی سلێمانی (١)
ناسکێ لەدەستم دەرچوو ـ وەی وەی مالی وێرانو،

(١) لافاوەکەی پاییزی سالی (١٩٥٧) .. کە هەندێ خانووی ڕوخاند ، و
هەندێ کەسیشی خنکاند .

# بە تەوراتو بە تەورات

هونراوە وهەوای ( زیرەك )

* مەجلیسێکیان گرتووە ، قوزعەی وا لە تارانێ
چوار کەسیان پەسندکردووە ، لە عێراقو ئێرانێ
( ئامین ) گیان لە سەنگەسەر ، ( سەیزادە ) لە بازیانێ
باری خۆم لە ( سابلاخ ) ەو لێو ئاڵێم لە بۆکانێ

* بەتەوڕاتو بە تەوڕات ـ گەردن قورینگو لێو ئەبات
ئەرێ بۆ خۆت قەولت دا ـ مانگی تازە لەنوێ هات
بەسەرگەردی باڵات بم ـ ئەو ڕەنجەم نەدەی بە باد

* بەژنت داری شمشادە ـ دینت بردووم بە بادە
ڕووم دێنم زولفت لادە ـ بۆ ڕووبەند چاکم لێو ئاڵ
بە ڕووی خاڵانم دا ، دە ـ کراسەکەی شیرکەتی
کەوشەکەی کەلوو زادە

* هێندەی من دوعادەکەم ـ ڕەبی (گول) هەر نەمێنێ
ئەمن دچمە غەریبی ـ کێ باڵات بشەمزێنێ
وەك ماینی کاکل آغا ـ نامەردێك دەتفڕێنێ

* سبەینێ زوو هەڵدەستم ـ عازر دەبم نیوەڕۆ
وەی دەدەم لەسەر ، باکۆ ـ سنگەکەت باخی شنۆ
ڕوحمی خێرت بێ لە دلم ـ دێتن بە وەڵڵا بۆسۆ
بە تەوڕاتو بە تەوڕات ـ بە تەوڕاتو ئینجیلات
دەردو دەرمانم کورتێ ژن ـ چاوی ڕاستم کەنیلە
بێجگە لە منی ماڵوێران ـ دنیا بۆتۆ زەلیلە

# ئەرێ وەی دە بڵێ وەی

دەردت لە ماڵـم جوانـێ — تیتـی گوارە جۆلانـێ
مەیلی جارانت کوانێ ؟ — گرتـم دوو ماچم لێسەند
لە ڕاستـەی خەیابانـێ

ئەرێ وەی ، وەی ، وەی — ناسکۆڵێ چاوجوان ئۆخەی
تاوێ لـەلام دانیشـە — بە کـوێری چـاوی کابرای
دەنا ، بابچینە ، حەمـام — بچینـە حەمامـی نمرەی
شەوهەڵاتو ڕۆژهـەڵات — دای لـــەپردی مەهاباد
بە سەرگەردی باڵات بم — گەردن قورینگو لێو نەبات
ئەرێ بۆخۆت قەولـتدا — مانگی تـازە لەنوێ هات
چاوەڕێی باڵای تۆمـــە — کەی دێ ، یار ، دڵم دەرهات
بازی یانا تـەڕلانـی ؟ — بـــە ملیۆنـێ هەرزانی
ژنـی گولەی مێردانـی — باسکم وەژوور سـەرێدە
خۆشەویستی میوانـــی

نـــەخۆشو دەردەدارم — بۆ باڵات بـێ قـەرارم
ئەرێ روحمی خێرت بـێ — ڕەنگ زەردو لێـو بەبارم
کەوی یانا کەوبـاڕی ؟ — خاسـە کـەوی یان بـاڕی
با لەسەر تـۆ بکـوژن — وەك کـابرای لـە بازاڕی
باسکت وەژوور سەرم دە — کورتـەی پێچـوە توجاڕی
لەبەر ئەو ژنـە ڕەشتاڵـە — قـەدی دەڵێی شمشاڵـە
من سەرکەمـە سەر رانت — پێم دادە بەو دەسماڵـە
گەر گولە پرسـی کـێیە ؟ — ڕامژێنـە بڵێ منداڵـە
[illegible]
مەرگم وەپێـشت کەوێ — لەمنو گولەکـەی مێردت
کامانت زۆر خۆش دەوێ ؟

ئەی وەی ...

# کاروانه کاروانه

سبحەینانی لاجانێ ، ئێواران بەری مێرگان
حەوسەد سەر مەڕی لان ، هەڵگرێ بڕۆی بۆ کوێستان
چادرێو ڕەشماڵێ هەڵدەی ، لەبەندەنی سەمرەندان
کەژاڵ چاو جوان ، دانیشێ ، بۆی بلێی هەنبەستو پەندان
کاروانە ، کاروانە ، کاروان رۆیی ، بێ هەستی
دنیا ماتو حەیرانە ، لەغەمزەی چاوی مەستی
جوانێ گیان لێم ببووره ، نەمزانی هەوکم گەستی
سوێند دەخۆم بەویژدانم ، وەکوو بت دەتپەرستم
دوگمەی سنگیم کردەوە ، مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
هاواری کرد وەی دایە ، لەپڕ سەرپەنجەی گەستم

مەقام :

من بریندارم ، ئەگریم ئەناڵم[1] — ڕوحمی خێرت بێ بۆ تۆ عەبدالم
شێتو ماخولیای دوو لێوی ئاڵم
وا من نەخۆشم دەردم گرانە — ماچی لێوی تۆ بۆمن دەرمانە
روحمی خێرت بێ بە مەحرەمانە ، بوم بە دێوانە

کاروانە ، کاروانە ، کاروان ڕۆیی بەیانی
هەژدە گەڕەك ڕاپەڕی لە خڕینگەی بازنەکانی
خزمینە مەمکەن لۆمە ، کوشتوومی دوو چاوی جوانی
باسکم وەژوور سەری دە ، خۆشەویستی میوانی
[illegible]
کاروانە ، کاروانە ، کاروان رۆیی بێ هەستی

---

(١) ئەم هۆنراوەو مەقامە لە ( تایەر توفیق ) وەرگیراوە •

هەژدە گەڕەك ڕاپەڕی لە خڕینگەی بازنەی دەستی
کەژاڵ گیان بمبورە خۆ ، نەمزانی لێوم گەستی
خزمینە ، مەمکەن لۆمە ، من شێتم بۆ چاوی مەستی

## لێم زیزە بێوەفا

بۆچ لێم زیزە بێ وەفا
زۆرم کێشا جەورو جەفا
سنگت باخی باسەفا

لێم زیزە ... لێم زیزە یاری جوانم
گەوهەرە ، لەعلە ، دووڕە ،
دەم قەندو ڕوو ماهی تابانم

کیژۆلەی کوردستانی
یاری لە دەبیرستانی
لە گوڵو باخو بێستانی

لێم زیزە .. لێم زیزە هاوژینم
گەوهەرە ، لەعلە ، دوڕە
دەم قەندەو ڕووماهی نەسرینم

لێم زیز بووە یارەکەم
ئەو یارە فیتنە کارەکەم
ئا ئەو یارە نازدارەکەم
ئا ئەو شۆخە عەییارەکەم
شێوانەدی گوڵزارەکەم

زیزە یاری ماهوەشم ــ دەتکێ فرمێسکی گەشم
نەگبەتو چارەڕەشم

زیزە یارە جوانەکەم ــ لێی شکانم گوڵدانەکەم
تێکمداوە ، دو ڵانەکەم..

## باران بارانه ـ٢ـ

باران بارانه دەبارێ باران
دەبارێ لەسەر ناسکو نازداران
دەی‌دا لە گۆنەی سمین عوزاران
باران باران هەورو بارانە
بمدەرێ ماچێ بە مەحرەمانە
لەدوای بالآی یار بووم بە دێوانە
هەستە بێ بۆلام وەك جاری جاران
بە کوێری دوژمن، بە دیدەی یاران
وەك کەو بخوێنین لەپای نزاران
باران یارانە ، دەبارێ تەرزە
بێ بە نسیبم ئەو بالآ بەرزە
مەمکی شەمامەی بێ غەلو تەزرە

## یارەکەم نازدارەکەم

* ئەدکاران مالیان شێوێ ــ یارەبی کوێستیان کەوێ
تەیان هێشت تێر بنووین شەوێ
یارەکەم ، دلدارەکەم ــ دۆستی پارو پێرارەکەم
بێوەژن نازدارەکەم

* جوانی دەلێی تەڕلانی ــ کۆتری دەشتی عەممانی
ئاورت لەمن بەرداوە ــ خاسەکەوی کوێستانی
یارەکەم ، نازدارەکەم ــ جەرگم هەلا هەلایە
دەی وەرە ــ تۆی چارەکەم

* چەند مەلا بوو ، چەند فەقێ ــ دەڕۆین لە ڕێی کانێ
هەمووی عاشق بوون کەوتن ــ ناسکۆڵ دلی نەدانێ
ئەمنیش یەکێك بووم لەوان ــ تۆ ماچێکت نەدامێ
یارەکەم ، نازدارەکەم ــ گولزارەکەم ..
سەد هەزار خۆزگەم بەتۆو ــ بە یارەکەم

* تەحا لەو چاوە جوانە ــ لێوی دەلێی قەیتانە
گەردنی دەلێی گولدانە ــ جا ئەو دەردەی من دەکوژێ
ژنی گولەی مێردانە

* چاوت چرای سەحرای چینێ ــ گولمت گولی تێو پەرژینێ
ئاورت لەمن بەرداوە ــ چەند خانم ، چەند نەخشینی

* شەوو ڕۆژ بیستو چوارە ــ وەی بەدەقیقەو بەساعات
ئەمن چاوەڕێی یارم ــ نەمزانی بۆچی نەهات
یارەکەم ....

## کورد وتوویەتی

هەتا ما کراس نەبوو لە بەریا
کە مرد ئاڵایان ئەکرد بە سەریا
هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ، ژینی تاڵە

(( هیمن ))

## جوێن وجواني

ئێوە جوێنتان پێداوم
من جوانیم داوە « پێتان »
هێشتاش حەزئەکەم بمرم
ببمە خۆلی ژێر پێتان

(( عثمان شاربازیری ))

# ئەی پەری

بەسێ قوربان دەردی سەر
بۆ تۆ مردم ڕەش ئەسمەر
لەسەر بالآی تۆیە من
لە دنیا بووم دەربەدەر
مەمکی چەپت فنجانە
ئەوی ڕاستیشت گەوهەر

ئۆف پەری ، پەری ، پەری
قورینگی چۆمی گا دەری
ئیجازەم لە دایکی سەند
بۆ خۆم دەبمە مشتەری
وەرە دەستەملانت بم
چەند جوانو ڕەش ئەسمەری
سوێندم ناوێ ، بە وەللآ
شیرینی دەلێی شەکەری

قەیتانی دوو لێوانی
بەندی دلم پساوە
کفرێ لە من قەوماوە
دەسم لە مەمکی داوە
سنگی پەنیری کوردی
زولفی گیابەندو خاوە
کەلەکەی چەپم کونە
لێۆ ئاڵ بە مست لێیداوە
ئەگەر نەبی بە یارم
خودا حافیز ماڵئاوا .

ئەرێ نازدار ، مــاڵم نازدار
قەد باریکەی شــەدەلار
دە وەرە لە دەورت گەڕێــم
لە جیاتی جارێك ســەد جــار
مــەســەڵەی پێشینانــە
هەر ئەوســاڵ خۆزگــەم بە پار
دەتبــەم و دەتــرفێنێــم
با لە ســەرت بــم قەرزدار

بەوەی بادی هەوایــە
زوڵفی هــەودا هــەودایــە
ئاوری لــەمــن بەرداوە
لە باخــەڵ گوڵەی دایــە
لەگەڵ لێو ئاڵــێ جووت بین
لەزەت هــەر لەوەی دایــە

دەوەرە کچێ با جووت بین
بەژنت داری بیزایــە !

دەرمانی حەوت دەردانــی
برنجــی ڕەشت و گیلانــی
کارخانــەی هــەمــەدانی
بــە ملیۆنــێ هــەرزانی
ئەو دەردە ئــەمــن دەکوژێ
ژنی گوڵەی مێردانی
چاوی وەستاکــەی کوێربــێ
ڵان ، دەگــوشێ ، پانیانــی

لە قەتارەو ئ بورهـانـی
لە کولیجـەو لـە دەرمـانـی
سـەیدی کاکـە جان هاوار
لـە مـەزرەتاو هۆلانـی
دلـی لێو ئاڵ نەرم کـەی
هەستێ بێ بۆ ڕێی کانـی
روحمی خودای لـە دڵدا بێ
من ماچ کەم کولمەکانی
ئۆف پـەری ٠٠٠٠٠

## شلێرە

لەبەر ئەو بەژنەت دەمرم
هەر دەڵـێی شۆڕەبـیـە
سـەری لە عـەرشی عەزیـم
گەلاکـەی لە عـەرزیـە
چی بکـەم دەگرێ پرچیـە

شـلێرە وای شـلێرە
بـۆن خۆشـ وەکـوو کـەتیرە
شـلێرەم زۆر خۆشدەوێ
لـە بەگزادەی هـەولێرە

لەبەر ئەو بـەژنەت دەمـرم
عـەرعەری کـوردستـانـە
لەبەر ئەو بەژنەت دەمرم
سـنگت باخو بێستانە
بەینەلا زێـدە جوانـە

شمليرە

لەبەر ئەو بەژنەت دەمرم
لێم ابووەتە خەڵفی سنجوو
خودا كارێكی وا بكا
دابنشین دوو بەدوو
مەمكت خڕكرد وەك ولوو

## بەردە ٢

ديالۆك

هەی بەردەو بەردەو بەردە
دەبڕۆ بەرۆكم بەردە
سەد جارم ووت تۆم ناوێ
ئیتر بەسەو پێی ناوێ

دڵداری ، ئەفسانەیە

حەسەن

هەرچی ئەڵێی وا نییە

دەبڕۆ دەبڕۆ یا بەس بێ

ئافرەت

بەسیە ئەم حالە چییە

سوێندت خوارد بەو قورئانە

حەسەن

یارم بی ، مەحرەمانە

دەبڕۆ بڕۆ با بەس بێ

ئافرەت

دلم لەتۆ « میفانە »

# کۆڵوانە سوور

بەوەی بادی هەوایە
زولفی هەودا ، هەودایە
جووتێ چاوی بەلەکە
شەوێ لە ژوانم نایە
چارۆکە سوور تۆبە بێ کۆڵوانە سوور تۆبە بێ
ئەو یارەم من خۆش دەوێ ، فێری تاولەو هۆیەبێ
بۆیە لە من تۆراوە
پێم ووت زولفت ژاکاوە
سوێندی خوارد ، بە وەڵڵایە
هەر خۆت دەستتە لێ داوە
چارۆکە .

سنگی تەختی مەڕمەڕە
زولفی پەڕی لاشەڕە
گاوری لە من بەرداوە
زۆر جوانەو لێوی تەڕە
چارۆکە .....

هەی مالی بابم کالێ
کەزیەت بەندی ڕەشمالێ
تۆ بچۆ بابت ڕازی کە
دایکت بۆ من هیچ نالێ
پێم عەیبەو پێم ئیرادە
لە بۆت بکەم مالەو مالێ
چارۆکە .....

---

(١) ئەم گۆرانی یە ئاوازەکەی بۆ یەکەمجار مامۆستا ( تایەر توفیق )تۆماری کردووە .

(٢) ئەم گۆرانیی یە هی « شەماڵ سائیب » .

بەژنی داری حەیزەرانە
سنگی بەفری کەلی‌خانە
پێم ووت ئاوێزانت بم
بە دزیو بە مەحرەمانە
چارۆکە .....

مریەم بۆکانی
تا کەی من شێتو ماخولیاو لاڵ بم
تاکەی لە تاوی باڵات عەبداڵ بم
ئەو مریەمەی من دەیزانم ــ بەردی بۆ بکێشم بە شانم
هێشتا منەتە بە گیانم
مریەم ئامان مریەم چاو جوان ، مریەم بۆکانی ، مریەمێ
ئەو مریەمەی باڵای بەرزە ــ مەمکی شەمامەی سەر تەرزە
جوتێک لیمۆی بۆ من فەرزە
ئەو مریەمەی چاوی جوانە ــ

قەد بلندەو خانومانە
گولە لەنێو گولستانە

ئەوو مریەمەی ڕەش ئەسمەر ــ چاوی باز ئەبرۆی سەقەرە
جووت مەمکی وێنەی گەوهەرە
ئەو مریەمەی کەزی درێژێ ــ لە هەورازو سەرەولێژێ
کوشتوومی بۆ خۆی دەمێژێ

## بوی دینم

نەخۆشو سەرگەردانم ــ بۆ باڵات پەرێشانم
دەڵێم دەستم ، دەستۆکە ــ تەسکی دەردت لە گیانم
غەریبو دڵ پەشێوم ــ ئەمن نازت ناتوانم
بۆی دێنم بۆی دێنم ، لە گوڵو گوارەی بۆ دێنم
دوو کۆرپەی لە لانک بێ ، هەردووکیان ڕادەژێنم
یان ئەو باسکی خۆم دەبڕم یان هیچیان ناگرێنم

کەی دانیشین دوو بەدوو ؟ ـ کەلەگەت و خاڵ لە ڕوو
مەمکت خڕە وەک ووڵوو ـ سنگت بەفری ئەڵمەلوو
دەوەرە دەستم دەستۆکە ـ بۆ تۆم ئاور تێبەربوو
بۆت دێنم ٠٠٠٠

سوێند بە وەڵڵاو بیللایە ـ بەو دەردەی لە دڵم دایە
زوڵفی هەودا هە ودایە ـ بەوەی بادی هەوایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ ـ شەوێ لە ژوانم نایە
دەردت لە ماڵم کاڵێ ـ کەزییەت بەندی ڕەشماڵێ(١)
عەنتیکەو زێدەلاوە ـ چۆنی لێ بکەم سڵاوە (٢)
غەمبارو دڵ پەشێوم ـ بروانە باری لێوم
هەر ئەتۆی خونچە سێوم ـ غەریبو دڵ پەشێوم
هەر ئەبێ ئەتۆ بکەی بە خێوم

# بوت مردم ناسکه جوانی

بۆت مردم ناسکو جوانی ـ کیژۆلەی کوردستانی
ئاسکی کێوی ئەڵمەلوو ـ شەمامەی چواربێستانی
ئاورت لە من بەرداوە ـ وێنەی بەفری کوێستانی
دەوەرە ئاوێزانت بم ـ وێنەی بەفری کوێستانی
هاتووم لە لای میاندواوێ ـ کوڵمت گوڵی سێلاوێ
سێبەر لە من حەرام بێ ـ بابسوتێم لە هەتاوێ
دەوەرە ئاوێزانت بم ـ دنیام بەبێ تۆ ناوێ
بۆت مردم ناسکو جوانی ـ تۆ گوڵی لەنێو گوڵدانی
ئاوێزانی باڵات بم ـ جوانی دەڵێی خەرمانی
من لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ـ لێو ئاڵ دەیبا بۆ کانی
دەوەرە ئاوێزانت بم ـ هەر تۆ قەدرم دەزانی
هاتووم لە لای مەراغە ـ کوڵمەت گوڵی چوارباغە

---

(١) (٢) ئەم دوودێڕە هۆنراوەیە لە زۆر جێی تردا دووبارە بووەتەوە

یارم گولی گولدانە ـ ئاوەدان بێ سابلاغە
بۆت مردم ناسکو جوانی ـ کیژۆڵەی کوردستانی
من لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ـ گولە دەیبات بۆ کانی
دەوەرە ئاوێزانت بم ـ خوشە ویستیی میوانی
باڵا بەرزو چاو کاڵی ـ وەڵڵا لەبەر دڵانی
بۆت مردم ناسکە جوانێ ـ مەیلی جارانت کوانی
گرتم دوو ماچم لێ سەند ـ لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم گوت ئاوێزانت بم ـ پیر بووی ئەو مەکرە دانێ
لەگەڵ یار قەولمان یەکە ـ بەر دەرکێو نێو دالانێ
پێم گوت ئاوێزانت بم ـ لە چۆلێو لە بێستانێ

## نازدارو نازدار

نازدارو نازدار نازدارەی بابی
کۆترە باریکەی جوانێ شاباڵ شۆڕەبی
خۆ من زووم زانی تۆ بۆ من نابی
نازدار ، زیزەو بە بەهانە
بۆیە دەردم گرانە
وەتاغێکی بۆ درووست دەکەم
چیمەنتۆو باڵاخانە
لەو خاڵانە لەو لێوانە
کامیان ماچ کەم لەو دووانە ؟ .

کردت بە عادەت بانی تەمارەت
بە دەس مەشق ئەکەی ، بە چاو ئیشارەت
نازدارو نازدارو نازدارت کردم
بێ سوچ ، بێ تاوان ، بێ مرادت کردم
خودا گیرم بێ ، بە نازت کردم

# دەنگدێ لە بەرمووورەکەی

نەرم‌و قۆڵ‌و گردو مرد ــ دەستم لەبۆ مەمکی بسرد
کولمی سێوی لاسووورە ــ تێ‌ی‌دایە خاڵی وورد ، وورد
کفری لە من واقیع بوو ــ داوای دوو ماچم لێ‌کرد
ڕەبی ماڵم وێران‌بێ ــ من کفری وام بۆچی کرد ؟

ئەرێ ــ دەنگ دێ لەبەر مووورەکەی
گوشتی کولمە سوورەکەی
هەرچەندم کرد بۆم نەکرا
خۆم بخەمە لای پوورەکەی
خزمینە مەمکەن لۆمە
عەشقم بە پامووورەکەی
نەخۆشی‌و دەردەدارم
بۆ بەلەکە سوورەکەی

لەبەر ئەو ژنە ڕەشتاڵە ــ قەدی دەڵێی شمشاڵە (۱)
بێنە سەر کەمە سەر ڕانت ــ پێم دادە بەو دەسماڵە

ئەرێ ــ دەنگ دێ لە شیلانەکەی
بانگ‌کەینە ژنە جوانەکەی
بێتەوە لەناو ڕانەکەی
بەو شەوی بارانەکەی
داخزێ بۆ هەیوانەکەی
ماچ‌کەین کولمە جوانەکەی
بامبرێ جیرانەکەی

## مەقام ـ چوارگا

قاسپاندم چوون کەو ، گیلم‌خوارد چوون مار
ئەلقەم دا لەدەور سەوڵ‌پای چنار
پرسیم ئەی چنار بەرزی سەر گانی
ئەحواڵ لەیلەکەم ، ئاشێ ئەیزانی

دەردت لە مالم هەمین — زەحمەتە بی تۆ بژیێ
لەسەر سینگت نوسراوە — ئەلف و لام و میم و جیم
سنگت مەکتەبی کوردی — لێی دەردەچێ موعەلیم
حەیفە بۆ (مایینی کەحلان) — سواری بێ «گۆلە بارگین»

دەنگ دێ.....

هاتووم لەلای ئەلێنێ — غەوس لە منت ئەسێنێ
سێ جارم خۆ پێ گرتووە — سێ قامک کورتی دێنێ
ئەمەئادەکەم لە خودا — وەی غەوس لە منت ئەسێنێ
ئاوری لە من بەرداوە — لێم زیزەو ئامدوێنێ
دەنگ دێ لە شیلانەکەی ..

مەقام : « جێم نی‌یە تیا بسرەوەم » .... ئەم هۆنراوەیە لە شوێنێکی تردا نووسیومانە دواجار حەسەن بەستەی ( هەم ئارنجەو هەم بێ ) یە کە ئەمە ژمارە (٣) سێ لێرەدا ئەینوو سمەوە ...

هەم ئارنجەو هەم بێ‌یە — مالیان لە سەرە ڕێ‌یە
ئەو دلەی من بووە بە مەجنوون — شێتی بالای لەیلی‌یە
ئارنج لەگەل هەرمێ‌یە .

کەی دانیشین دووبەدوو — کەلەگەت و خال لە ڕوو
ئوممەتی موحەممەدم — بۆ یاری خۆم دەبمە جوو
خزمینە مەمکەن لۆمە — بۆ ویم ئاگر تێ بەربوو
هەناوم ئالەماوە — نەبڕنانم دەرمانی
من دەلێم دەستم دەستۆکە — سەرتۆپی کوردستانی
ئارنج لەگەل لەگەل هەرمێ‌یە .

مەقام

ئەو دلەی وەک بت پەرستی ڕوو ئەکاتە چاوەکەت
نوێژ ئەکا بۆ تیشکی چاو و زولفە تێکئالاوەکەت
گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرەو پێلاوەکەت

قەد بە دلڕەق باست ناکەم قایزڕێنم ناوەکەت
چونکی ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکەت
مەستی کردوویت بۆیە لە ئاستم قایمێ چاوەکەت
( هەردی )

لەگەڵ مۆسیقادا لەم گورانیی یەی ( حەسەن )دا
( شوکروڵلای بابان ) ئەم هۆنراوەیە ئەخوێنێتەوە
دەمێ ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم
بە جامێ دەستی من بگرە ، فیدای پیری موغانت بم
لە دوو لا مەست و حەیرانم ، بە قوەی جەزبە نازانم ؟
نە سەرگەردی سەروگەردن ، نە قوربانی لەبانت بم

## داینی تو داینی

مەقام : ئەمان مەدەدیا ....
« ئەی دڵ لەم دنیا چاکەی چیت ئەوێ ؟ »
« ئاسودەگی قەت بەر تۆ ناکەوێ »
« داوای دەرمان کەی دەردت زۆر ئەکا »
« ئێشی دەردی تۆ ئاوا ناسرەوێ »

( .... )

ـ بەستەکە ـ

بۆ لای کێ بچم دەست وە زامەوە
کێ دەرمانم کا شەو بە لامەوە ؟
داینێ تۆ داینێ چۆنی دەزانی
گۆزەکەی هەتگرت ئەسمەر بۆکانی
خۆزگەم بە گۆزە دەینێتە سەر شان
لەگەڵ ئەسمەر گیان دەبن دەس لەملان
یا هەیوانساری ماڵ بە بەرزەوە
بەدکارمان بمرێ بەدەم لەرزەوە ئێوارێ ئەگیر سبحەینێ
باران

پاییزە هەوارم نزیك بە یاران
عەلعان لە کوێستان ، دەباری باران
دەیدا لە گۆنای ناسکو نازداران

داینێ تۆ داییێ هەر چون دەیزانی
گۆزەکەی هەلگرت بە نیازی کانی
بەینو بەینەللا تۆش زێدە جوانی
دنیا دەیزانێ ، دەس خەینەبانی

## کانیو سەر کانی

ئەخۆشو مەستی دوو چاوی کالم
حەقم بە دەستە ئەگەر بنالم
بۆ دوو چاوی جوان ئەمجار عەبدالم
قەد باریکەی شلو مل
بالا بەرزەی پاژنە پر *
ئاورێکم لێ دە ،
بۆت سوتام بەدل

کانیو سەرکانی سەر چەشمەی گول بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدل بێ
مەقام « نەر دەر غوربەت دلم شاد .... » فارسی
ئەوسەرزەمینە بۆی تۆی لێ نایە
ئاوری تێ بەربێ هەر شەو لە لایە
با ( زاهید ) پێ بزانێ دڵ بە تەنیایە
بالاکەت بەرزە هێندەی منارێ
کێ تەفرەی داوی بەردی لێ بارێ
وەك کەو دەخوێنم شەولە نزارێ
ڕێگاکەم دوورە مەنزلم کوێستانە
شەو بەسەردا دێ خەم لام میوانە
من لە غەریبی ، یار لە ئێرانە

---

+ ( بەلەك زەرد )یش ئەلێ

هەستە لە خەویٚ ، بزانە چیم دەویٚ ؟
لە گەردنی زەردت دوو ماچم ئەویٚ
لە خودام تەڵەبە حەوت کۆست کەویٚ
یان جوابیٚ بە خێر یان دل نیام کە
کەم دەستەو دامێن شێخو مەلام کە
بەس لەوە زیاتر دڵ موفتەلام کە

## ( وەرە قوربان )

لە باغان ئاهو ناڵین دیٚ ، دەڵێن شای تێو گوڵان رۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دیٚ ، دەڵێن پیری موغان رۆیی
( وەفایی )

زولفی وەك ماری ڕەشە — بە جوانی خوٚت بم بەخشە
(١) ئەك بە باری زەحمەت نەبیٚ — بۆم وەرە دەرکی حەوشە
« وەرە قوربان
« ئارامی دڵان . . . شێتت کردم وەرە قوربان »
« عەقلت بردم ، هۆشت بردم ،
« سوتام ، برژام وەرە قوربان »

زولفی دوو میترو نیوە ! — یارم بەفرەو باریوە
من لە دوێنێوە نەمدیوە — ئەو پێم دەڵێ هەتیوە
ئاوری لەدڵم بەرداوە وەك سووره گوڵی خەملیوە
لەبەر پرچەمی جوانە — لێوی میسلی قەیتانە
لەبەر کەزیٚی چەند جوانە — لێوی میسلی قەیتانە
نەخۆشی کردووم هاوار — پێم بڵێن ؟ لەکویٚ میوانە )
زولفی هەر وەك خەیاتە — ئەم کچە جێگەی ئاواتە
ئەگەر ماچێکم بداتیٚ — بو من ڕێگەی نەجاتە

---

(١) ئەر .

## سەوزەڵێ

گلەیی دەکەم (سەوزە) بەلای خوداوە
دەروازەی مەینەت (جوانێ) بۆ من کراوە
« سەوزەڵێ ، (سەوزەگیان) ، مەڕۆ ناسکۆڵەی منداڵ
من بەڕەنگی زەرد ، جوانێ تۆ بەلێوی ئاڵ
« کێ لێکی کردین ، یاخوا ببێت بە کۆی زوخاڵ »
گلەیی دەکەم شەو تا بەیانی
بەینی من و یار ... گشت عالەم زانی
« سەوزەڵێ » (سەوزەگیان) سەوزەم گوم بووە
توخوا ، پێم بڵێن ماڵی کێ چووە ؟
زۆر بێ وەفایە وا منی لەفکر چووە .
بۆچ من لە جوملەی (سەوزە ..) عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لەدەست ... میحنەت ڕەها نیم

سەوزەڵێ

## ( شوفێر )

یاللا شوفێر زوو بگە یارم
زوو بگە یاری وەفادارم
لە دووری وی بێ قەرارم
بیللا لە گیانم بێزارم
بۆی ڕەنگ زەردو لێو بەبارم
تێ بکۆشە ، زوو ڕنگ بخە کارم
شوفێر ماشێنت لاندرۆڤێرە
توند لێ بخوڕە مەترسە بوێرە
دەی بگەرە یارم خێرا
بیللا بێ وی زەینم کوێرە
شوفێر ماشێنت تۆدەرپۆستە
پڕلەم داوە ، لێخوڕە مەوەستە
بگەرە ئەو چاومەستە

چاوبازو ئەبرۆ پەیوەستە
بمکوژێ حەقی بەدەستە

## یاللاّ شوفێر

شۆفێر ماشێنت شۆفەرلێتە
گازی بدەیە ، دەفڕێ .. دەڵێی شێتە
یاری وێنەی ـ ماینی کوێتە
توند توند بڕۆ کارم پێتە
قەت قەت مەڵێ عاشق شێتە
مەقام : « لەتەنیایی شەوی ژینا »
شوفێر ماشێنت تەختی کارە
توند لێبخوڕە ، لای ئێوارە
بگەرە ئەو مەزەدارە
دڵ بۆ ئەو بێقەرارە
جووت مەمکی وێنەی هەنارە

## ( شۆرێ شۆرێ )

وەرن جەرگم هەڵدڕن ـ بە دەبانی پڕ جەوهەر
یەکەم بۆ بالاّی لێو ئاڵ ـ دووهەم بۆ چاوی دولبەر
لەسەر بالاّی تۆیە گیان ـ لە دونیا بووم دەربەدەر
لە ئاهی دڵی منو تۆ ـ سوتا ( مەریوێ ) تا پشدەر
عاشقان هەموو جووتبوون ـ ئەمنو تۆ ماین خاکبەسەر
ئێمەش بە مراد دەگەین ـ بە نام بە ( سەید ) ی سەروەر

شۆرێم مالم شۆڕێ
دەردت لە مالم پۆڕێ
چیم گوتووە دڵ دەگۆرێ
هەرچەن دێتو ڕادەبری

خوێن لە دڵم دەچۆڕێ
دەبڕۆ لەمن حەرام بێ —
هەروەک شەراب لەشێخان
هیچ قەولی راستت نی یە —
غەیری درۆو تەفرەدان
ئەگەر قەولم دەدەیتێ
بە ڕاست بۆم وەرە کەوان
دەڤا بەو نەحلەتە بی —
کە خودا کردی لە شەیتان
روحمي خوات لەدڵدا نی یە —
کلفری بێ دین و ئیمان
شۆڕێ ماڵم شۆڕێ

## ( شایی یە دەگەرێ )

شایی یە دەگەڕێ ( ئامۆزا ) لە درەگای مالان
هەر بێ شەمێ هەڵیگرین ... بچینە نێو خالان
شایی یەک دەگەڕێ ( ئامۆزاگیان ) بابچین بی بینە
دوو کەس لەو شایی یە دلیان غەمگینە
یەکیان یاری خۆمە ( بە کۆیلەت بم ) کۆلکە زێڕینە
یەکیان کیژۆلەی لە مالان شانەی هەنگوینە
— مەقام —
« بەژن شۆڕو زوڵف شۆڕو غەزێم شۆڕ »
« سەرەو شۆڕم دەکەن هەرسێ بەرەو گۆڕ »
« دەبا بکێشم مافی خۆمە ئەی گۆڕ ».
( هێمن )
شایی یە دەگەڕێ ... گای لە دوور زەردو سوور
ئەرێ لەوان بە تەرتیب پۆڕێکن کیژان قەد بلوور

## ( مەلەرزە )

مەلەرز ، مەلــەرزە ، ئەی کچێ مەلــەرزە
ڕەش کــەوشە نەخشین ، ئالآی دوو تەرزە
دلەکــەم نەفوربان دلەکــــەی تەڕت بێ
ئەو تۆچــەی کردت کۆچی شــەڕت بێ
ئەی کچێ مەلــەرزە ، توخــودا مەلــەرزە
ڕەش کەوشــــە نەخشین ئالآی دوو تەرزە
گلم وەســەر کــەن بە دەمی بێــلێ
( نەزاکــــەت ) یان برد بۆ ئــەردەبیلــێ
ئەی کچێ مەلــەرز ، توخودا مــەلــەرزە
رەش کــەوشە نەخشــین ئلآی دوو تەرزە
ماچی گەورە کچ هــــەر بۆ من فــــەرزە
هــەی گلم وەســەر کــەن بە دەمی پاچێ
داخی نەزاکەت لــە دلـم دەرناچــێ
ئەمنی تەرك کــرد بۆ تەنیــا ماچــێ
دەم قــەند و لێو قەند گشت گیــانی قــەندە
وێنەی داز مێخەك مەمكە وە بەندە
وێنەی دار میخــەك کوڕ پێــوەی بەندە

## ( سوێبە بالا بەرز )

هــەر تەمێ لەســەر کێوی ساکینــە
ئەوە تــەم نیــە هەناســەی منــە
عالەم لەســـەر تۆ لــە من دوژمنە
ئەرێ ــ وەی ــ سۆیبــە گیــان خۆ من یانە نیم
ئەمن خزمی تۆم ( بە بیللا ) هیــچ بێگانە نیــم
هێنــدەم ســـەبرگرت تاقــەتم بڕیا
مالی ســەبر شێوێ پەردەی دڵ دڕیا
سۆیبەی بالآ بەرز ، دەردت لــە مالم

سەرگۆی مەمکەکەت بدریٚ لە بالم
لە دۆستم دەرچی ، ( فازە گیان ) ببیە حەلاّلم

ئەی ئەهلی شنۆ ئێوەو خوداتان
گولەکەم منداڵە ، کەوتۆتە پێوتان
قەدری واجبە لەسەر هەمووتان

سویبەی بالاّ بەرز ، دەردت لە گیانم
روحمی خودات بێ ، ئەمشەو میوانم
من بە دەردی تۆ ( فازێ ) دایمە دەزانم

## ( وەرە مریەم ) (١)

چاوت ڕەشە دەگەڵ بڕۆت . وەرە مریەم وەرە
تو ئەو خالاّنەی دەوری لیمۆت
داکت ماچ کەم یانا بۆ خۆت ؟
ئەمان مریەم ، عەمرم مریەم
سەرم بۆتە کوێستانێ ، لێی گرتووم بە تەم
ئەو مریەمەی من دەیزانم
بەردی بۆ بکێشم بە شانم
هێشتا منەتە بە گیانم ــ
وەرە مریەم ... وەرە
گوڵ مریەم وەرە
وەرە مریەم وەرە بێ غەم وەرە

## ( هاتەوە )

هاتەوە بابێتەوە فاسکێ لە حەمامەوە
دەم وە پێکەنینو دەست وە گوڵە باخەوە
وەرە جێگای بۆ داخەن دەبا خەو بیباتەوە

---

(١) ئەم گۆرانییە بە هەمان ئاوازی ( ئامینو ئامین دەردم تاو تاوە)

ئەرێ ــ نەخودا دەمکوژێ ــ جوانێ ــ نە بۆخۆم دەمرم
ئەرێ ــ چونکە غەریبم ( جوانێ ژن ) کەس ناگرێ قەدرم
هاتەوە با بێتەوە ناسکێ لەناو باخەوە
دەم وە پێکەنین و دەست وە گولە باخەوە
ئەرێ ــ جێگای بۆ داخەن بەشکم خەو بیباتەوە
ئەرێ • دەترسێم بمرم ( هاوار ) بە چلەی زستانێ (٢)
ئەرێ ــ قەڵو داڵ بمخوا ( هاوار ) کەس پێی نەزانێ !
ئەرێ هەی دادو بێداد ( ئەی وەی ) هەی ئاوەدانی
ئەرێ قەبرم ( هەڵکەنن ) ( سووك برۆ ) لە ڕێگای کانی
دەڵێ بەشکم یارم بێ ، جوانێ پێم دابڕوانێ

## ( کەویار )

کەویارێ و کەویار ، خاس کەویارێکی
دەم تەڕو لێو ئاڵ ، عەجەب یارێکی
وەنەوشەم دەچنی ، مەلۆ بە مەلۆ
خەڵکان پێی شادبوون ، ئەمنیش ڕەنجەڕۆ
کەویارێ و کەویار ، ئەردەڵانییە
سەوزەی قەد باریك ، موکریانییە
ئەو قەد باریکە خۆ بۆکانییە
وەنەوشەم دەچنی پەنجەم دا لە گوڵ
شەوگارم شەق کرد نەگەیم بە دڵ
کەویارێ و کەویار کەویارەی خۆمی
بەڕەزای شاخان ، کەتیری چۆمی
یان جوابێ بەخێر ، یان دڵ نیام کە
بەس لەمە زیاتر شێتو شەیدام کە

(٢) حەسەن ئەڵێ : ( دەترسێم بمرم لە کرماشانێ ) •

## ( قاسپەی کەو )

لەبەر دەرکی‌یان دیارە ـ    هەنجیرە یا هەنارە ؟
لەسەر بالآی لیو ئالێ ـ    با بمدەن لە سێدارە
شەرتە تاکو نەمکوژن ـ    دەس هەڵگرنیم لەو کارە
شەوو ڕۆژ ، لەیل‌و نەهار ـ    دڵ بۆ تۆ بێ قەرارە
قاسپە قاسپی کەو دێ ـ    کەو لە بناری بەردوو
هەر من بانگ‌دەکەم لیو ئاڵ ـ    ئەو پێم دەڵێ دەردوو
دەستۆی لیو ئاڵ دەپسێنم ـ    کارەباو مووروووە زەردوو
خۆ من کوێستانی (لەند)ی نیم ـ    بێنم کارگ‌و ڕێواسان
حاجی قەرەنی ئاغا نیم ـ    گەورەی عێلی بلباسان
هیچ من تەلەفزیۆن نیم ـ    دام‌دەنێن بۆ قسەو باسان
عاشقی دوو چاوی بازم ـ    دەیفڕێنم سوێگێو ئاسان
قاسپە قاسپی کەو دێ ـ    لە بەندەن‌و نساران
کەوو کەوبار دەخوێنێ ـ    لە ئێستگەی ڕادیۆی ....
با لەسەر بالآی لیو ئالێ ـ    با بکرێم بەلکی داران
دەوەرە دەستم دەستۆکە ـ    لیو ئاڵ وەک جاری جاران
وەکوو کوێستانی بێستوون ـ    دایمە سەرم بە تەمە
لەبەر خۆفی خودام نەبێ ـ    وەک جوو بۆت دەگرم شەممە
ئاوێرم ئەو کچە ماچ‌کەم ـ    پێم دەڵێ خەلکی عەجەمە
دەوەرە، دەوەرە ، جووت‌بین ـ    تەڵاقەت کەسم نەما !!

## ( نەسرە )

دەی ماڵی بابم نەسرە ـ    من دێم بەو دەمی عەسرە
پێم ووت ئاوێزانت بم ـ    غەریبم مەکە غەدرە
خزمینە مەمکەن لۆمە ـ    شیرینە بە وێنە ی شەکرە
ئاوری لە من بەرداوە ـ    سەر ماشەڵڵا بە مەکرە

ماڵی بابم نه بڕنه ــ جوانەو خوێنی شیرینە
بەین‌و بەینەڵلا وایە ــ مثلی کۆلکە زێڕینە
ئاوری لەمن بەرداوە ــ ( بەو جووتە چاوە شینە )

## ( ئامینێ ئەوڕۆ ئەوڕۆ

ئامینێ ئەوڕۆ ، ئەوڕۆ ، ئەوڕۆ
ئامینێ ، ئەوڕۆ ، ئەوڕۆ ، ئەوڕۆ
کێل گەردنێ دوێنێ فەسلی نیوەڕۆ
ئەی هاوار سوورە گوڵەکەی تانجەڕۆ
بۆت مردم هێندە ، بە لەنجە مەڕۆ
ئامینێ گیان لەسەر پردی بۆکانێ
ئەی هاوار ، ئاسکی گوارە جۆلانێ
بۆی مردم بۆچ بە دەردم نازانێ
پێی بڵێن پیربووە ، ئەو مەکرە دانێ
ئامینێ گیان لەسەر پردی میاندواوێ
بۆت مردم ، هێسترم لێ کەوتە ئاوێ
چی لێ بکەم وەڵلا شێتە هەڵداوێ
بە خودا دنیام بەبێ تۆ ناوێ
« ئەی هاوار سێبەر لە من حەرام بێ »
« ئاسکۆلێ بابسووتێم لە هەتاوێ »
ئەی هاوار کوڵمت گوڵی سێلاوێ

* * *

ئامینێ گیان ، لەسەر پردی سەقزلوو
چی لێ بکەم ؟ عاشق بووم بە کچێکی جوو
بمکوژن رۆیی‌و لەدەستم دەرچوو
بە وەڵلا بەژنی نەمامی سنجوو
بەخودا مەمکی خڕ بوون وەك هەڵوو
ئەی هاوار سنگی بەفری ئەڵمە لوو

ئامینێ گیـان ، لەســەر پردی شـار وێران
ئەی هاوار ســووره گوڵەکەی موکــریان
ئــەی هـاوار لێی بــردم بابی زریــان

## ( جەمیلە )

جەمیلە : ئەو قورعـــانە بتگرێ ــ هێنـلت لێکت کــــردەوە
جەمیلە : حەوت جار دەستت پێدادا ــ ماڵ وێران بۆ مزگەوتت بردەوە
جەمیلە: ئەمنت سەرگەردان کردووە، ئەی هاوار بە هەناسەی سەردەوە
جەمیلە: بۆ خۆت کەیفم بۆ دەکەی ــ ماڵ وێران بە دەسماڵی زەردەوە
جــەمیلە هەی جەمەکـــەو جەمەکــــە
جەمیلە بێنــــە ماچ کــــەم دەمـــەکە
جەمیلە : بازی یان شمقارێ ــ ماڵ وێران خاســەکەوی یان بارێ
جەمیلە : کۆتری لە سینە جارێ ــ جەمیــلە لەســەر تۆ با بمکوژن
ئەی هاوار وەك کابرای لــە بازارێ
جەمیلە ، جەمەو جــەمەو جەمیــلە
رەحمت بێ ، ئەو دڵەم بۆ تۆ زەلیــلە
بۆت مردم بەرۆکت بۆ دەرزیــــلە
ئەی هاوار سنگت بەفری قەندیــــلە
چەند جوانە قامکت بۆ ئەموستیلە

( مەقام )

( دەمێ سلقی دەمت بێنە ) وەفایی ( نوسراوە )
جەمیــلە بۆ خــۆم دوورم نایگەمێ
ماڵ وێران کەس نیـیە ، وەڵامی بەمێ
جەمیــلە ئەبرۆی ڕەشی پــەیوەستت
چی لێ بکەم ، کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
ئەی هاوار ، سەربو هۆشیان لێ بڕیوم
ماڵ وێران ، کە وتوومە بەحری خەمێ

جەمیلە سوچی پەچەکەت لادە
مالّ وێران ، مانگ دەرکەوێ لە تەمێ (۱)

## هۆ لەیلو لەیلو لەیلانە

هۆ لەیلو لەیلو لەیلانە
گەر دەتبینم جێژنی قوربانە
نات‌بینم مالّم وێرانە
لە سلێمان کەندی خۆم دەم بە چۆمدا
بۆ عەیشێ چاو جوان لە ( بەردە زەرد ) دا
لە سلێمان کەندی ، بەشی بەگزادە
ئەی وەی مەزەدار رووبەندت لادە
لە سلێمان کەندێ تا شاری بۆکان
گشتی بە قوربان بالآکەی چاوجوان
لە سلێمان کەندی تا بەشی میاندواو
گشتي بە قوربان شۆخی بەلەك چاو
لە سلێمان کەندی بەشی موکریان
تاقە گولێکم بوو با بردی و زریان

## ( دەورە گولم )

خۆزگەم بەوەی لە دووی تۆ
کە دەڕوانیتە رووی تۆ
نەمریت بە ئارەزووی تۆ
کچێ لە حەسرەت جووتێ لیمۆ !
دە وەرە گولم
تێوی دڵم

(۱) کۆپلەی گۆرانی (عەنتیکەو زێدە لاوە ) و لەگەڵ کوپلەی گۆراینی ( لەبەر ئەو کچە ڕەشتالە ) نەم نوسیوە چونکە لە زۆرجێی تردا نووسراوە .

تا هێزت ماوە
قۆڵت بکە بە سەرینم
ئەی نازەنینم
باسکت بنێ ژوور سەرینم
مەرگت نەبینم

خوزگەم بەوەی لەلاتــــە
وێنەی من موفتەلاتــــە
کوشتەی پاوانەی پاتە
تامردن هەرلەلاتە

دەوەرە گوڵم

• • • • •

# ( شەدەلار )

خودا بسێنێ حــەقم لـــە دایەت
من جەورم کێشا ، کێ نیشتە سابەت
شەدەلار ، ئۆف شەدەلار ، شەدەلار ، حاکمەکەی بانە
دەبێنە ، بێنە ماچت کەم ، دەم بچکۆلانە ...
هـــەر کەسێک نەیێ دوو دۆستو یارێ
سەربگرێ لـــە قوڕ ، ســـوبح و ئێـــوارێ
شـــەدەلار .....
ئەتۆ لەوسەرە ، لە حوجرەی حــەوت رەنگ
ئەمنیش وام لێرە غـــەریبو دلتـــەنگ
شـــەدەلار .....
دەترســــم بمرم ، چــــلەی زســــتانێ
قــەلو داڵ بم خــوا ، کەس پێ نـەزانێ
شەدەلار ، ئۆف شەدەلار ، حاکمەکەی بوکان
دەبێنە ، بێنـــە ، ماچتکەم ، شوخەکەی حاڵزان
مردم بە قوربان

# چاو جوانی بە قوربانت بم

لەبەر گەڕاج بووم یارم سوار بوو
خەم و مەراق و دەردلە دڵ من بار بوو
سەری هەڵێنا جێی گازم دیار بوو
سەری دانەواند ، زۆر شەرمەزار بوو
چاوجوانێ بە قوربانت بم
سوك بڕۆ ، دەستە ملانت بم
ڕێم بوە شەو میوانت بم
ئەو ماڵەی من هەمە نەزری ئەڵلاّ بێ
بەشەرت کۆچەکەی بەرمو دوا بێ
چاوجوانێ
بۆ لای کێ بچم دەس بە زامەوە
کێ تیمارم کا ؟ شەو بە لامەوە
چاوجوانێ
ئەوا من مردم ، خۆتان سلامەت
دیار ، بەخێر بن تاکوو قیامەت
چاوجوانێ

شل شل بمکوتن بە نەباتەوە
بم تێنە زەخمی سەر گۆناتەوە
یارەبی کەس وەك من شەو دەروێش بێ
تەوەللای ، وەتەن و قەوم و خوێش بێ

## ( ئەی لە مینا )

ئەی لە مینالێ بە قوربان بە چاو شەڕ دەکا
داوای کەمبارەی من نیمە ، کرێ دڕ دەکا

داوای شەشدانگەی ئەی هاوار بەلادرِ دەکا

## مەقام :
## حیجاز

**تا جەحێل بووم ....**

تا جوان بووم ، فرە پیر نەبووم
ئەم کرد راوی باز ، سۆنە گیر نەبووم
ئێستاکە پیر بووم ، مەجبورم من بگرم سۆنە .. (لال بم)
سۆنەش سڵ دەکا ، لە داوی کۆنـــە

## بەستە

خـۆ من وام لە بانـــە یار لـــە سلێمانی
ســەلامی لێ بکە ، لـــە چاوەکانی
ئەی لە مینالێ ئەی هاوار شـــەرِ دەکا چـــاوی
تاکەی داینێم بێ شـــانە ، ئەگریجەی خـــاوی
تاکەی جووتی کـــــەم قۆندەرە و پێـــــلاوی !

## ( مەقام )

(لە تەنیایی شەوی ژینا ئەتێم هەنگاوی کوێرانە)
نێ‌یەجوانی ؟!! ....

لێرەدا و لە کاتی ووتنی ئەم گۆرانیی یـــەدا
میوانەکانی ئەڵێن ( ئەی رِابە خانم چی‌یە ؟ ) .
( رابە ) دێنە وەلامو ئەلێ ( تازە ئێمە کۆن بووین)
هەر لە هەمان بەستەدا دەڵێ :

« سێ‌مانگەی پاییز « رابەگیان » بریا شەو بوایە »
« دەم لە ناوی دەم بە قوربان چاو لە خـــەو بوایە »
« خەمەی دالان دێ خودایە بەلکوو یار بایـــە » !!

## ( ئەی ناكەم ناكەم )

دەستم لەبانی كـــەلامولا بێ
لە تۆ زیاتر مەگەر خـــودا بێ
ئەی ناكەم ناكەم برادەر من ناكـــەم
ئەوكابرا پیرە مێردی پێ ناكـــەم
ئەسلم بەگزادە بەدلی خۆم دەكـەم
خۆ من مەنگوڕنیم چەكمـــەی لە پێ كەم
هیچ من ( مامش ) نیم ساری لەبەر كـەم
ئەسلم بەگزادە بـــە دلی خۆم دەكـەم
ئەرێ ناكەم ، ناكەم برادە رگیان ناكـــەم
ئەو كابرا پـیرە مێردی پی ناكـــــەم
ئازادی ژنانـــە حاشـــای لێ دەكـــەم
ئازادی ژنانە بە دلی خۆم دەكـــــەم
كانی‌و ســـەركانی ســەرچاوەی گول بێ
ئەحـلەت لەو كیژەی شـووی نابـەدل بێ
( ئەی ناكـــەم ٠٠ )

— مەقام —

گەنجی‌ی ئینسان تامیزائێك بە ملێون غـــەوغا دەكا
ئەگەر پیربوو ، پشتی كۆمە ، شـــەرم لە عیرفان دەكا
وەگ مین ( تا ) بووم ، بـــە ملیۆنی بێوم هـــەبوو
مووی سفید باعیسی منەو بـــە ملێون جنێوم هەبوو
لە پاش، مردنم ، لەسەر قەبرم ، گریە و زاریم بۆچی‌یە
لە خۆدان و خـــۆڕنین و بێ قەراریم بۆ چی‌یـــە ٠
هات‌و چۆی لای دەلال‌و نزیك ئەغیارم بۆچی‌یـــە
خۆ ڕنین و سێ ڕۆژانەو حەلوا بەخشینم بۆچی‌یە ٠

## ( ئەی گوڵی من )

ـ مەقام ـ

بەهارە ... بەهـــارە ... بەهـــارە
ســەلام لــە دۆستان جەژنی دڵــدارە
جــەژنی عــەزیز و وەفادارە
ئازیز لــەبەرچی لــــە من تۆراوی ؟
هەســـتە سوور پۆش بــە جەژنی دڵدارە
جـــــەژنی زەحمەتکێش یاری وەفادار
پروانـــە شادی‌و ئەم دڵەم بیمـــارە
بەســـتە

شــەوێ نانووم تا بــەیانی
بە سلامەتی چاوی جــوانی
مەڕۆ ، مەڕۆ ، ئەی گــولی من
ســـونبلی من
ئاگرت بــەردا ( ئای ) دلی من
تۆی هیــلانەی ســەرچلی مــن
خــەبەر بەرن بۆ خزمانـــم
ئاورێ بە ربووەتە خــەرمانم
چ زوو رۆڵی یاری جوانم
ئەی گولێ‌من ....
ســاقی بە خوداو بە پێغەمبەر
بــە میحرابی ، چــاوی ئەســمەر
کــەوتوومە گێژی ئەسکەندەر
لە من زیزە ناسکــە دولـــەر
مەرۆ مەرۆ ئەی گولێ من .

## ( کاڵێ هەی‌لیمۆ )

کوێستانان خاڵ خــاڵ بــەفری ناچێتو
قیــــــلەم تۆراوە ، ئاشــتی نایێتو

من دەبم بە غولامی چاوی تۆ ...
کالێ هەی لیمۆ
چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یاناتۆ ؟
من دەبم بە غولامی چاوی تۆ
کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری لێ ماوە
کەژاڵ مەیلەکەی بۆچی جارانی نەماوە
سەوزە ، هەی سەوزە ...
کالێ هەی لیمۆ
چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم شەرت بووم یا نا تۆ ؟
ئاخ باعیسی بێ ڕەنجەڕۆ
کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری لە شانی
کوا یاری جوانم ؟ ( هەی ڕۆ ) بیمە قوربانی
ئەی ئەمن بیمە میوانی .....
کالێ هەی لیمۆ ..

ـ مەقام ـ

## ( کاکی جووتیار )

سرێکە وا لە دلما ، بیلێم زمان ئەسوتێ
بی شارمەوە ، نەی بێژم مێشک و ئێسقان ئەسوتێ
ئەستێرەی من ، نەجوم گەر ، لە بورجێ دا وە دەرخە
لەتاوی ئاهو ناڵەم حەوت ئاسمان ئەسوتێ

ـ بەستە ـ

هۆ کاکی جووتیار براکەم جووتت شاگول بێ
تووەکەت ڕازیانە ، خەرمانت گول بێ
هۆ کاکی ڕێبوار ، ڕێگام کوێستانە
دەچم بۆ ( بۆکان ) گول لە ئێرانە

وەی کاکی جووتیار ، برا لەم جوتت بە بەتاڵ
میوان دێ ماندووم ، با بڕۆین بەرەو ماڵ
وەی کاکی ڕێبوار ، ڕێگا نازانم
ڕێگام نیشاندە خەڵکی ئێرانم
هۆ کاکی جووتیار براکەم جووتت بەکاربێ
خەڵەو خەرمانت ... بەرەکەت دار بێ
ڕێبوار هۆ ڕێبوار ، ڕێم کەوتە دۆڵێ
تووشم بە تووش هەوری لە کۆڵێ
هۆکاکی جووتیار ، برازا ، گا کانت زەردە
بە پێ دەی کێڵی هاوار ئەوکێوو هەردە
وەی کاکی ڕێوار ڕێگا نازانم
ڕێم پێ نیشان دە خەڵکی بۆکانم

## ( سەبری ۱ )

ئاواز : کۆن

هۆنراوە : حەسەن زیرەك

حۆز لەم بە دوێنێ نیوەڕۆ
سەبریان برد بۆ تانجەرۆ
کراسان بۆ کرد لە گوڵەلیمو
لە دڵی من دێ بۆنی بۆسۆ (۱)
ئەمان ئەمان ئەی سەبریە
قوربانت بم ئەمان سەبری
سەد ماشاڵڵا چەند بە مەکری

(۱) ئەم کوپلە هونراوەیە فولکلوری یە وە لەبناوانەوە بەم جۆرەیە • « حۆزگەم بە دوێنێ نیوەڕۆ »
« سەبری یان بۆرد بۆ تانجەڕۆ »
« کراسیان بۆ کرد لە گوڵە هیرۆ »
« مە زۆز بردیان وەی باوکە ڕۆ • »

لێم زیز بووی تۆ ، بۆچی دەگری ؟
بە سەرتا دا ، دەسڕەی هەوری
ئەمان .....

خۆزگەم بە دۆینێ بەیانی
سەبری یانێ برد بۆ سلەیمانی
کراسیان بۆ کرد لە کرمانی
تۆ بە ملیۆنێ هەرزانی
ئەمان .....

( مەقام )

«تینی ئەگریجەت بەسەر لەوحی جە بیینت دامەدە»
« ریشتەی زولفت بە عەزمی گرتنی من بامەدە »

## ( باغی زەمبیل ( ١ ) )

لەو دەمەی رۆژ دەکاتە رۆژئاوا
بڕوانە باخی ( زەمبیل ) خەملاوە
لەو دەمەی رۆژ دەگاتە رۆژئاوا
چەندە خانەقای منەو راژاوە
تەنیا دۆڵ ئاوی ساردو شیرینە
چونکێ نوورانی گیان دەستی لێداوە

ـ مەقام ـ

ئەمان یا ئەڵلا مەدەد
قوربان، لەتەکیەو خانەقات کۆڕی زیکرو دەنگی دەف
ئامان ، هەلەیلەکەم ، لەیلە بێمەیلەکەم ، ئیلاهی
هەرتۆم پەناهی ..
ئەمان .. خودا بارەگاو تەکەو خانەقاو کۆڕی زیکرو دەنگیدەف

(١) لەسەر ئاوازی ( کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشتو کێو شینە ) ئەیڵێ

کیشی کردم نورانی گەورە ، کام نورانی بێ کەمەندو بێ هەدەف
نورانی گیان تو ( محمد المصطفی )
نووورانی گیان ، سوبحی سەروەر تو ( محمد المصفی )
تووعەلی شاهی نەزەر
یا نورانیگیان ، سەیدی نورانی سوێندت دەدەم
تو ( محمـد المصطفی )
توعەلی شاهی نەزەر ، بێ کەسم ، هەر خوام دەلیل

ڕووی خۆتم لێ وەر مەگێڕە
لەو دەمـــەی رۆژ دەگاتـــە ئێوارە
بڕوانە شـــاخی زەمبیل جـــوان دیارە
( نورانیم ) هێندە ناســـك و نازدارە
لە ناو باخی گولاندا جوان دیارە

## ( بەهارهاتەوە )

ئەمرۆ بەهـــارە بیـــابان خۆشـــە
لە دۆلا ریحانـــە ، لە ( کەل ) وەنەوشە
بەهـــار هاتـــەوە ، نمـنم ڕازاوە
سوێسنەو هەلالەو بەیبوون سەریان لێکداوە
دەنگی بولبلم نایە ، هەلبـەت تۆراوە
لیرە مـەمکوژن ، خاکـەکەی سوورە
بمبەنـە بۆکان نێـــوم مـەنشوورە
ئەمرۆ بەهـــارە بابچینـــە سەیران
لەگەل یارم پێك شادبووین وەك جاری جاران
ئێوارێ تەگبـــیر سبحـــەینێ باران
یابیزە هـــەوارم ، نزیـــك بەیاران
ئێوارێ تەگبـــیر سبحەینێ کاروان
بارکەن لە چیمەنان ، بابچین بۆ سەیران

## ( یاعەبابەیلی ( ١ ) )

**یاعـــەبایەیلی (١)**

هۆنراوە : فۆلکلۆر

یا عـــەبابەیلیٚ ماڵ بـــە بـــەرزەوە
ئەو کچـــە نەکـــوژی بە دەم لـــەرزەوە
خۆتۆ خوا نەبووی سوجدەم بۆ بردیت
خـــوا ئەوە بگـــریٚ لـــە ملمی کـــردیت
بەرکـــە بـــەمڵاوە بینم جـــەبینت
لـــەســـەر کـــام دینی بێمـــە ســـەردینت
ڕەبی ڕەسمچی پەنجـــــەت نەناڵیٚ
ڕەسمی ئـــەوکچــــــەم بۆ بێنـــە مـــاڵیٚ
یا عەبابەیلیٚ بـــــەرەو ڕووت هاتم
بمکـــە بە خـــــــاوەن خاڵەکەی فاتـــم

## ( سابلاخ )

لە نیۆ سابڵاخدا بورجێك دییـــارە
بە قەد ئەو بورجە ( خەم ) لە دڵم بارە
وەی وەرە باوانــــــم
وەی رۆحی ڕەوانـــــم
بۆچییـــم دەکوژی ... ؟
من بیٚ ئاوانــــــم !
سابڵاخ چەند خۆشە ، شاری دڵگیرە
دەرمانی جـوان و خاڵخاس و پیرە
وەی وەرە باونــــــم

(١) ئەم گۆرانییە ئاوازەکەی عەرەبییە لـــە بەستەیەکی ( زهورە حسین ) ە ، وە وەر گیراوە ( یاعزیز الروح ) .

وەی بینـــایی چـــاوانم
بۆچیـــم دەکـــوژی ؟
مـــن بێ تاوانـــــم
من دەچمە سەر ( بەسری ) بەرەو پردی سوور
ئاوی کـــەوســـەرە ، خاکـــی وەك بلوور
وەی وەرە ٠ ٠ ٠ ٠

مەقام ( سێگا )

گەردەپرسی من لـــەبەرچی کـــەم دەخۆم ؟
من بە برسی قـــەد مـــەزانە غەم دەخـــۆم
ئاوی سوێری چاو و باری تالـــی لێـــو
تالی و ســـوێری ، ژەم ژەم و دەم دەم دەخۆم
( تالی )

## ( ئەرێ هۆلەیلێ )

گیرۆدەو ئەسری دوو چـــاوی کالم
حـــەقم بە دەستە ئەگـــەر بنـــالم
ئەرێ هـــۆ لـــەیلی باوانـــم لەیلـــی
رەحمی خێـــرت بێ ، بۆچ وا بێ مە یـــلی ؟
من بووم بە مەجنوون ، تۆش بووی بە لەیلی
ئەسیرو دیـــلی دوو چـــاوی جوانم
ئیجـــازەم بـــدە ئەمشـــە و میوانـــم
ئەســـیرو دیلی دوو زولفـــی خـــاوم
باوەڕەم پێ بکـــە بۆ تۆ نەمـــاوم
ئەرێ هۆ لەیلی ، من بـــە لـــەیلت بـــم
واپیرت کـــردم تاکـــەی من بە مەیلت بم ؟
دیل و باڵ بەســـتەو زنجـــیری تۆمە
شـــەو و رۆژ فکری جووتێ لیمۆمـــە
ئەرێ هـــۆ لەیلی

چخوا بەرداره غەرقم لەی لە خەم
مەیلم بدەیە یان زۆر و یان کەم
ئەرێ هۆ لەیلی
ئەسیرو دیلی دوو چاوی جوانم
ئیجازەم بدە ، ئەو شەو میوانم
ئەرێ هۆ لەیلی لەیلی بانالی
باوەشێنم کە ( دەیگەرمە ) بە لکەی دەسمالی
خەتای من نییە ، چی بکەم ، دڵ بۆت دەناڵێ

## ( هۆنازەنین )

ئاواز : زیرەك
هەلبەست : فۆلکلۆر
مەقام ( هومایۆن )

ڕەشم پۆشاوە ڕەش تر لەبانی
عازیەبارى تۆم ، نابێ نەیزانی
ئەرێ ، هۆ نازەنین ، نازەنین ، نازەنین ، نەشێوی نازت
خۆم بە خولامی دوو چاوی بازت
بە ماشێنی جێب دێم بۆ پێشوازت
ئەگەر بەبێ تۆ شادیم لە دڵ بێ
شادی و نەو جوانیم ! ئاوێتەی گڵ بێ
ئەرێ هۆ نازەنین ....

( مەقام )

« جاوەکەم چاوت هەڵێنە ، سوورمەی چاوم ئەتۆی »
« تاوسی باخی بەهەشتی ، یا بە عەمدەن وا دەرۆی » ؟
« عالەمم گرتووە بە شاهید ، کۆڵەکەی دینم ئەتۆی »
عاشق و مەعشوق چلۆن وایە ؟ دەمکوژی ، خوێنم دەخۆی »

ئەگــەر مەیلەکەت فەرامۆشــم بێ
سـفیدەی کفـــن باڵا پۆشـبم بێ
ئەرێ هۆ نازەنین ۰ ۰ ۰ ۰
ڕەشم پوشـاوە ، گریەو زاری مـــە
بۆ باڵای جوانی تۆ ، بێ قـــەراری‌مە
ئەرێ هۆ نازەنیـــــن

## ( ئامینێ و ئامین ( ١ ) )

ئامینێ‌و ئامیـــن « وەی دەردم تاوتاوە
شەو لە ناڵەی من ( ئەی ) سیروان بێ‌ئاوە
ئەوا مانگ هەڵات دای لە ناو هۆبـــە
ماچ کردنی خۆشـــە ، نۆبە ، بە نۆبە
ئامینێ‌و ئامین دەردم بووکـــــافی
بۆچم ؟ دەکوژی بـــــەبێ ئینسافی
ئەوا مانگ هەڵات دەربەند بوو خاڵی
دەبێ بپۆشم بەرگی عـــــەبدالی
شل‌شل دەی‌پێچم پەنجـەی نەتاڵی
ئامینێ‌و ئامین هەرتۆی دنیاو ژینـــم
قۆلەکـــەت دانێ ، بیـــکە بە سـەرینم
ئامین تاقانـــە وەی مەرگت نەبینـــــم
چونکێ تاقانەی وەی مەرگت نەبینـم
ئەوا مانگ هەڵات دای لە پردی سوور
جێ‌ژوان خاڵی‌یە، بۆچ نەهات قەد بلوور
ئامینێ‌و ئامین بـــە تۆ دەڵێن کاڵـــێ
ریشوەی شەدەکەت، عەرزێ دەماڵێ
هەستە با بڕۆین ، بە جێ بێڵیـــن ماڵـــێ
خـــەتای من نی‌یە ، دڵ بۆت دەناڵـــێ

ئەوا مانگ هەڵات مانگ خــەیلی بەرزە
دۆست و دەزگیران ،(هۆی) بۆ ئەمشەو فەرزە
ئەوا مانگ هەڵات مانگی یەکشــەوە
لەکێو و شاخــان ، چریکەی کــەوە

## ( ئەی وەلە گوڵ )

شــەربەتی دەستی ئەسـمەر بێ
ژەهری ئەژدیهــای حەوت سەر بێ
دەیخۆمــەوە قـەستی سـەربێ
بەڵکـوو ، برینـم ، دیـواو دەربێ
« ئەی وەی لە گوڵ ، خونچەی سەرچڵ »
« دەبزوێنی ریشــەی بــەندی دڵ »
لەگــەڵ تۆمــە ئــەی حـەبیبم
مـن دەردەدار تۆی تـەبیبــم
خــودا بتـکا بـە نسیبم
( ئــەی وەی لـە گـوڵ ۰۰۰۰ )
لــە گەڵ تـۆمە ئەی فاتمــە
مەمکت ( شەمامــە ) ی گم گمـە !
مــن قاوەچی پێم لازمـــە
( ئــەی وەی لـە گوڵ ۰۰۰۰ )
ئەو چــاوانەی هەڵیـان دێنــی
بە کلـەو دەرمان دەیانڕژێنــی
رۆژ نی یـە مردووم لــێ نەمرێنــی
بـە گۆشەی چـاو دەمدوێنــی
( ئـەی وەی لـە گوڵ ۰۰۰۰ )

# دەنگ دێ لە شیلانەکەی

دەردت لە مالم ئالــــێ ــ ئەزی‌یـەت بـەندی ڕەشمالێ
سێ گەز بە گەزی کوردی ــ باسکم لـــە گەردنت ئالێ
تۆ بڕۆ بابت ڕازی کــە ــ دایکت بۆ مــن هیــچ ئالێ
پێم عەیبە و پێم ئیــرادە ــ بۆت بکــەم مالــەو مالێ

ئـەرێ دەنگ دێ لــە شیلانەکـەی
بابچینــە گوێی بانەکــەی
بانگ کــەین لە ژنــە جوانەکەی
بێتــەوە لــەناو ڕانەکــەی
داخـزێ بـۆ هەیوانەلـــەی
ماچ کــەین کولـمــە جوانەکەی
با کــوێر بێ جــیرانەکـەی
چـاوت ئـەستێرەی شــبــەوێ
کــولمت دەنووکــی کـــەوێ
باســکم بۆ بکـە بە ســەرین
بـە جووت خـەومان لێ بکـەوێ
لە مــن و لـە گولـەکـەی مێـردت
کاممــانت زۆر خــۆش دەوێ ؟

ئـەرێ دەنگ دێ ....

هێندە مــن دوعــا ئەکـــەم
( چی‌بکــەم لـەو دلـە بێ چـارە
( چی‌بکـەم لەو دلـە بـێ چـارە
دەلـێی لـە ئـەستۆی دایــە
بەنـدی شێخـی ( بیـیــارە )
دەوەرە دەسـتم دەسـتۆکــە
دەردو دەرمــانم زارە
ئاورت لــەمن بـەرداوە
مەمکت وێنـەی هــەنارە

چی بکەم هیچ تاقەت ناگرم
دڵەکەم بۆت بێ قەرارە
ئەرێ دەنگ دێ ٠

ڕەبی ( رانیە ) ئاواکەی
ئاوەکەی سارد و سووکە
عاشقی نەسرین چاو جوانم
هەر دەڵێی تازە بووکە
قیمەت گران و وەزن سووکە
وەک ئەشرەفی بچووکە
تازە یارێکم گرتووە
کەژاڵ ماڵ لە کەرکووکە

## چاورەشێ تۆمەرۆ

هەروا دەڕوا دەکا ڕەوتێ ــ چاوڕەشێ تۆ مە ڕۆ
وەکوو کۆتری بەرمزگەوتێ ــ دەی وەرە لێو ئاڵێ
سوتام برژام چۆقەم کەوتێ ــ

هەرچەند دەکەم فکرو ئەندێش : چاوڕەشێ
لە تاو باڵات بووم بە دەروێش
تەوەڵلا بووم لە خزم و خوێش

چاوڕەشی گەردن سۆنە : چاوڕەشێ
جگەرم بۆ باڵای تۆ کون کونە
غەریب ماوم لە سلێمانی : چاوڕەشێ
کوشتوومی دوو چاوی جوانی
ئەوە سەفەری یەک جاری مە چاوڕەشێ
دەمرم خەم لە دڵم باری مە

خودا حافیز له برادەران
یەکسەر دەڕۆم لە بۆ تاران
تۆ بمبورە (۰۰۰۰) گیان (١)
دەڕۆم دەمرم لە قەبرستان

چاورەشی تۆ مەڕۆ ، وەرە لێو ئاڵی
نە مەجنوونم نە فەرهادم : چاورەشی
حەسرەت کێش و ڕەنج بە بادە
ڕەبی حاصل کەی مرادم

## ( داوەت )

## ( هەستە بابچین بۆ داوەت )

خاڵی لە سەر زنجیرنە
لە هیچ کەس مەعلووم نیه
۰۰۰۰۰ رەش و جوانە
نیو لیرەی پەهلەوی یە
ماڵیان لە گۆشەی سابلاخ
لە کن ۰۰۰۰ بەرقی یە
سوێندت بۆ دەخۆم بە قورعان
جوانی وەک یارم نی یە

---

(١) دوا سەفەرو سەردانی لە سلێمانی لە ئاهەنگێکدا ئەم گۆرانیییەی تۆمار کردووەتەوە بەم کۆپلە هەڵبەستە هەستی دووربینی ژیان و مەرگی خۆی دەردەبڕێ ۰۰۰ لەم ڕۆیشتنەیدا ۰۰۰ تووشی گرتن و بەندیخانە بوو لە عێراقدا ۰۰ و بە بەندی درایەوە بە ئێران و بەچەند ساڵێکی کەم ۰۰ ووتەکەی هاتەدی دەڕۆم ، دەمرم ، لە قەبرستان ) خوداحافیز لە برادەران ۰۰ ئیتر دۆست و برادەرانی خۆی نەدی یەوە لە سلێمانی دا ۰

چەند جوانە ، چەند مەحبـووبە
خوشـــکە چکۆڵەی حوسنی‌یە
هەستن با بۆ داوەت ، داوەت خـۆشــەو خــۆمانە
شـایی‌و گـۆوەنـدی وا خۆشـە ، گەلێ لە سـەر دڵانە

سەعات لــە هەشت وحـەوت (١)
دیتم‌و چــاوم پێ‌ی کــەوت
گرتم بــە زولفیم‌دا کــــر ،
عەتری حــەفتــاو حــەوت
گرتـم دوو ماچم لێ ســـەند
دایکی زانــی‌و ڕەدووم کــەوت
خــودا بـەوە ڕوحمــی کـرد
ســەر سمێکی داو کـــەوت
گــەر بهــات با و نــەکـەوت‌با
سەد دارم وەبــەر دەکـــەوت
هــەستن با بچـین بۆ داوەت •••

نەبوو ، بلێ جــــارێ دانیشین
تۆزێ بکـــەین ڕاو تەگبـیر
ســەد نــەحلەت بێ لەو حالــەتەم
دەست لەمەمکان دەکــەم گــیر
جــا چــی بوو ماڵــی بابــم
ئەتــۆ جاحێــل ئەمــن پــیر
دەبڕۆ لـــە مــن حەرام بێ •••

---

(١) دوودبڕ هۆنراوە ( بۆ خــۆم دوورم ئایگەمێ ) و ( نەرم و نۆڵو گردومرد ) لێرەدا نەم نوسیوە لە زۆر شوێنی تردا ووتوویەتی •

هەر وەك شەراب لە شێخان (١)

## بەدیناری

چۆ و برۆت لە یەك تیرن ئەی وەی ئەی وەی بە دیناری
مثلی شاهان بە تەك بیرن دەوەرە دەی دەی بە دیناری
ئەو چاوانەی هەلیان دیبی ئەی وەی . . . . . . .
بە كلەو دەرمان دەپیرەنێنی جوانێ ، كورتێ ، بە دیناری

( بە دیناری و بەدیناری )
( چەند عەتیكە و مەزەداری )
( ( نەجیبە ) یاز برد لە بۆشاری )

ئەرێ : بۆچ لێیم زیزی زولف خاوی ـــ
ئاخ دەڵێن گمولەلێی داوی
بشكێ دەستی كوێربێ چاوی
هەرچەندكەم فكر وخەیاڵ ـــ
بۆ تۆ مردم مەم پرتەقاڵ

دەبا بێ رۆژێ بتبینم با دەرچێ گیانی شیرینم
كورتێ تۆ دەستم دەستۆكە تاقانەی مەرگت نەبینم
لێیم گوم بووە كەوو كەوبارِ كۆتر دەفرێ لە سیلەی‌دار
چاوەڕێت دەكەم ، كچە جوانێ ـــ توشت بم من لە ڕێی بازار
بە دیناری‌و بە دیناری

## ( بەلەرزانە ) ١

ئەی بەلەرز و لەرز و لەرز و دەوەرە بە لەرزانە
گێلگێلەكەی دەوری سەرت پەخش و پەرێشانە
هێزی پێم نیە بچمە بان یالێ
ئاخۆ یارەكەم وا لە چ مالێ

(١) ئەم‌بڕە هۆنراوەیەش لە زۆر شوێنی تردا دووپات كراوەتەوە .

هێزی پێم نی یە بڕۆم بەرێ‌دا
چوون یار نەخۆشە ، کەوتووە لە جێ‌دا
هێزی پێم نی یە من بچمە مالیان
سەبارەت بەیار ، بپرسم حالیان
هێزی پێم نی یە بڕۆم بیدوێنم
من وەك پەروانە خۆم ئەسوتێنم
هێزی پێم نی یە بڕۆم ڕاوەستم
چوون شێت و شەیدای دوو چاوی مەستم
ئەی وەی بە لەرزانە ، دەوەرە بە لەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت پەخش و پەرێشانە
جوانە ، میهرەبانە ٠

## (جوانی جوانی)

عاشقان دێن لە دوور دیارن و دیارن
ڕەنگیان زەردە و لێو بەبارن و بارن
بەدەردی دڵ گرفتارن و تارن
مەنعیان مەکەن ساحیب یارن و یارن
جوانی ، جوانی ، جوانی ، جوانی ، زۆر جوانی‌ی
ئاسکی شاخ و کارمامزی گەرمیانی ، ( بۆکانی‌ی )
جووتێ ساقی گواوە زێڕن و زێڕن
مەی لە مەیخانان دەگێڕن و دەگێڕن
کارمامزی دەشتی باژێڕن و باژێڕن
جوانی ، جوانی ٠٠٠٠٠٠٠
دەستەی عاشقان مەجلیسیان گرت و گرت
بە عام ئاردیان ساقی‌یان بانگ کردو بانگ کرد
ساقی مەست بوو پیالەی پڕ کرد و پڕ کرد
چاوی گێڕا عاشقی قڕ کرد و قڕ کرد ٠٠
جوانی ، جوانی ٠٠٠٠٠٠٠

## ( شۆڕێ )

کەی دانیشین دوو بە دوو
گەلەگەت و خاڵ لەڕوو
مەمکت خڕ کرد وەك هەڵوو
ئۆمەتی موحەمەدم ...
وەختە بۆی بیم بە جوو
وەختێ لە دەسم دەرچوو
شۆڕێ مالم شۆڕێ
دەرد و دەرمانم پۆڕێ
ئەگەر بێت و نەی بینم
خوێن لە برینم دەچۆڕێ
دەسماڵ حەریری دووبەر
مێردت کرد خۆلم وەسەر
بۆ تۆ مردم ناز پەروەر
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم
کچێ بمشێلە ڕەش ئەسمەر
لە دنیا بووم دەر بە دەر
عاشقان وا هەموو جووت بوون
ئەمن و تۆ ماین ، خاك بەسەر
نە عەیبە و نە ئیرادە
ڕوو بەندت بۆ من لادە
بۆت شێت بووم حاجی زادە
کراسەکەت ، شیرکەتی
کەوشەکەت کەلەزادە
مەرد بە لە لای من لادە .
دەسماڵ حەریری سوورە

قەدی دەڵێی بلووورە
بەلەکی سپییە ، کافوورە .
قسە دەکا بەزاری
هەر دەڵێی سازو سەمتوورە
دەسماڵ حەریری دوو بەر
بۆ تۆ مردم ڕەش ئەسمەر
مەمکی ڕاستت وەك گەوهەر
تیریکت لەجەرگم دا . . . . . .
لە برینم بوو کاریگەر .

## ئەسمەرێ دولبەری گوارەکەت زێڕە

بەختێ لە ئەزەل سیا چارە بێ
دەستی لێ مەدەن یا ئاوارە بێ
ئەسمەێ ، دولبەرێ ، گوارەکەت مە بزێوە
بمدەیە ماچێ ، لەو دەم و لێوە
چوون بەفری کوێستان ، زەردەی خۆر پێوە
کراسێ لە غەم یەکێ لە مەینەت
ببڕین بە باڵای یاری بێ بەینەت
ئەسمەرێ ، دولبەرێ گوارەکەت زێڕە
مەردی خودا بە جوانێ ، چاوێ بگێڕە
هەرکەسێ بینکا مەنعی ئەمن و تۆ
لە ماڵی بمرێ بەهەشت و بە تۆ
ئەسمەرێ . . . . . . . . .
بابچین بو ( بانە ) بۆ بناری ( کێلێ )
بۆ ووردە ( بیچوو ) بۆ پای گێلگێلێ
قەڵاو دار سەیران بۆت دەدەم بە جل
بۆ شیربایی یەکەت تەوق ئەکەم لە مل

ئەسمەرێ ، دولبەرێ ، گوارەکەت زێوە
مەردی خـودا بە ، لێوت مــەبزێوە
مەمکێکت هــەنار . . . . . . (١)

خوا دایکت بگرێ باوکت بێ ئیمـــان
وا بوو بە باعیسی دلی هەردووکمـان
ئەسمەرێ ، گەوهەرێ ، گوارەکـەت زێوە
مـەردی خـودابـە ، لێوت مـــەبزێوە
نیو لیرەی ئەسـمـڵ ئەشرەفی پێـوە (١)

شەرتە تا مردن عـاشـق ئیخـلاس بم
کابـە کەچ نەکـەم هەر تۆ شوناس بم
ئەسمەرێ ، دولبەرێ ، گوارەکــەت زێڕە
مەردی خـودا بـــە چـاوێ بگێـڕە
یارم کارمامــــزی ، دەشـتی باژێـڕە

(١) حەسەن زیرەک وازی لەو قافیـە نەهێنـاوە هەرسـەر پێی لەو کۆپلـە گۆرانییەدا بە وەستایانە .. هـۆنراوەکـەی تەواو کردووە .

(١) ئا لەم دێڕە هۆنراوەیـەدا حەسـەن زیرەک لەسـەر ( قافیە ) یەکی ئەکەوێ .. بە وەستایانە ... وەک بەهرەمەندێک ... هۆنراوەکە ئەبڕێ و ناهێڵێ ئیقاعی گۆرانییەکە تێک بچــی ... منیش وا دێ بە بیرما ...

کە لە هەستی حەسەن زیرەکەوە وا تەواوی بکەم .
( ئەسمەرێ ، دولبەرێ ، گوارەکەت زێوە )
( مەردی خـــودا بــە ، لێوت مـەبزێوە
مەمکێکت هـەنار ، ( مەمکێت سـێوە ) !!

# دانەدانە

شەوێك بووم بە میوانی
میوانی چاوی جوانی
ناوەخت كەس پێی نەزانی
فەرمووی بڕۆ بەولاوە
ئەڕێ ، دانە ، دانە ، گوڵم دانەدانە
خاڵی نێو مەمكان چەند جوانە
كوشتمی ئەو بێ ئیمانە
كوشتمی یارێك زۆر جوانە
شەوێك چوومە سەرێی
دیتم لەعلی جەبینی
كوشتمی خوێنی شیرینی
فەرمووی دەبڕۆ بەولاوە
دانەدانە گیانم دانەدانە
خاڵی مەحبووبان چەند جوانە
كوشتمی ئەو بێ ئیمانە
كوشتمی ئەو حاڵ نەزانە

مەقام ( قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە . . . . . )

# ساقی

ساقی (١) بوم تێكە شەرابی حەوت ساڵە
بیخۆم بە سلامەتی ئەو چاوە كاڵە
بیخۆم بە سلامەتی ئەو تەنیا خاڵە

(١) لە دووبارەكردنەوەدا لە باتی ساقی ئەڵێ ( توران )

نازدار له کوێی له کوێی ؟
شووشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ بێزار و عەبدالم ئەمشەو
بێ تۆ عەبداڵ بێ حالم ئەمشەو
( توران ) بۆم تێکە شەرابی شەست و شەش
یخۆم بە سلامەتی دوو چاوی ڕەش
ئەرێ پیالەی دلم شکاوە
چاو جوان دەتالم ٠٠٠٠
سەر خۆشم ، شێت و عەبدالم
شووشەی دڵەکەم شکاوە ٠٠
بێ تۆ بیمارو عەبدالم ئەمشەو
بێ تۆ عەبداڵ و مالم ئەمشەو
ساقی بۆم تێکە شەرابی چل و چوار
یخۆم بە سلامەتی دوو چاوی بەخومار
نازدار لە کوێی ؟ ! ٠
غەمزەی چاوی بازت کوشتومی ئەوشۆ
لەرەی مەمکۆلەت کوشتومی ئەوڕۆ
بێ ڕوحم مەشکێنە دڵ
توران بۆت دەنالم
شێت شو شەیداو عەبدالم
شێت و شەیدای چاوکالم
- زۆر مەستم خا ( توران )
شوۆشەی دلەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمارو عەبدالم ئەوشۆ
بێ تۆ عەبداڵ و بێ مالم ئەوشۆ

## ئـەمـان

ئەو کۆڵانەی تەنکــــە بەرە
بەر دەرکی ئاســکە دولبەرە
لەبۆ ئەمـن تانجی ســەرە

هەی ئەمان یار ئەمان گوڵ ئەمان
بۆ کوێ دەچی ؟ زوو بگەڕێرەوە قوربان
ئەو کۆڵانــەی ســەرەوخوارە
بەر دەرکی مالــی نازدارە
جووت مەمکی دەڵێی هەنارە
ئەو دڵەم لە بۆی دەردەدارە

( ئەمان ئەمان ) نەیکـــەی ئەمان
دەردی بــێ دەرمان ئەمــــان
بۆ کــوێ دەچـــی زوو بێرەوە
میوانی تۆم شــیرین گیـــان
غــەریب مــاوم لــە تارانێ
فرمێســکم دێ وەك بارانێ
کوشتەی تۆم خودا دەیزانێ
پێت لەسەر دوو چـاوم دانێ
( ئەمـان ) . . .
غەریب ماوم لـــە سلێمانی
کوشتوومی دوو چاوی جوانی
کوشتەی تۆم نابێ نەیزانی
بە بیلاهی خـــان و مانــی
پێم بلێ لە کـوێ میوانــی ؟
سەرتۆپی کوردســـتانی
کیژۆلەی زێـــدە جوانـــی

ئەمان ئەمان ...
یارەکـەم تازە بووکـە ..
خەڵکـی دەوری کەرکووکە
قیمەت گران ، وەزن سووکە
وەك ئەشرەفی بچـووکـە .
ئەمان ... ئەمان ...

## گـەردو گەردانە

بەفوای دەمت‌بم بـە ددانەوە
دەڵێی سەدەفە بـە دوکانەوە
ئەی گەردو گـەردو گـەردانە
دەت بینـم جـەژنی قوربانـە
ـەی، نەت بینم چـلەی زستانە
دوو کـەو لە قەفەس گفتوگۆیانە
تەمـای مـەیل بڕین من و تۆیانە
هەی گەردو گـەردو گـەردوە
( .... ) خۆشـە با بڕۆینـەوە
سنگت کارخـانەی بڕنـەوە
کرِاسی ( دەماسی ) کەوشەکەت پۆتین
باوانت شـێوی هێزت لـێ بڕین
هەی گـەردو ......
هەم کەژاڵی هـەم غـەزاڵی
نـەرم و نۆڵ و لێـو ئاڵـی
کوشتوو می بە سیلەی چاوی کاڵی
پێم گوت لێم گەڕێ ساحیب منداڵی [١]

(١) لە ئاهەنگێکدا لە ماڵان لە سلێمانی تۆماری کردووە .

## (١) کوێستانان

ماڵ لە مەڕیوان دڵ لە دوو جێگا
من غەریب ماوم ، لەو سەرە ڕێگا
کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتو
قیبلەم تۆراوە ئاشتی نایێتو (١)
ماڵ وا لە تاران خۆم لەسلێمانی
عاشقی چاوی تۆم نابێ نەیزانی (٢)
یارەبی چی بکەم بۆ تۆزێ دەرمان
بیدەم بە گولەکەی بێ دین وئیمان (٣)
بەختێک لە ئەزەل کە بێ چارەبێ
دەستی لێ مەدەن با ئاوارەبێ
بۆ لای کێ بچم دەست بەزامەوە
کێ دەرمانم کا؟ (شۆڕە کچ) شەو بەڵامەوە
کوێستانان خاڵ خاڵ ...

## (٢) کوێستانان

بەو ئەستێرەکەی روو لە کۆ دەکا
دڵم کەڵکەڵەی باڵای تۆ دەکا
دایمە هاواری ( بلاهی ) چاوی تۆ دەکا
شەرتە تامردن عاشق ئیخلاس بم
کانە کچ نەکەم هەریەکەناس بم
دەمو ساحیب دەم هەردوو دەمێکە
هەردوو بە تەمای نوقلە دەمێکە
یا جوابێ بە خێر یان دڵ نیام کە

(١) مەولەوی
(٢) زیرەك .
(٣) زیرەك .

بە سەردەسەو دامێن ( ئەی‌هاوار ) شێخو مەلام کە
دەترسم بمرم نەت بینمەوە
بە جوانە مەرگی ... سەربنێمەوە
هەر لە شاری کۆهەتا بێتۆوێنێ
دەکەم بە غولامی پەرچەم داهێنێ
سەرێ هەڵێنە ڕوو لە گەردوون کە
تەماشای قرچەی پیرە دەروون کە (١)

## شیرینێ وشیرینێ وشەمامە

تۆماری لەناو خێران
قۆخی لەناو هەنجیران
باسکت لە گەردنم وەربێنە
دەرمانی جوان و پیران

شیرینو شیرین و شەمامە
شەمامەی چوار چوار پێستانی
بەژن ڕێك و پێك وجوان
ناسك ئەلێی فەرمانی

چەکی لەناو بڕنەوا
دەرمانی کوخ و دەوا
لێرەوە پێشکەشت بێ
هەتاکوو بارام لەوا
دەوەرە ئاوێزانت بم
قۆخی تێو قەرەلوا

---

(١) کوێستانان ( خاڵخاڵ ) لە گەڵ تەواوبوونی هەرکۆپلە هۆنراوەکانی
تردا دووبارە ئەبێتەوەو ئەوترێ .

مالیان لە ( سەرشەقامە )
وێنەی شەکەری خامە
باسکم لەگەردنی وەرێ
دەردو دەرمانم ئامە
دەبا دەستکەین بە تاولە
ئەتۆ ( داش ) و من ( دامە )
دەبا قوماری بکەین
ئەتۆ ( داش ) و من دامە !

یاللا یاسولتان هاوار
دەڕوا ئێستە بورهانی
سەیدی کاکە جان هاوار
لە مەزرەی سەهۆلانی
دلی یارم ئەرم کەی
با بکا میهرەبانی
ڕوحمی خوای لە دلدابێ
من ماچ کەم سەرکولمانی

شیرین و شیرین و شەمامە
شەمامەی کوردستانی

بەژن ڕێك و پێك و جوان
تۆ گولی چوار بێستانی
( وەی ) هەموو دنیا دەیزانێ
لەبەر دلی بابانی
سەبارەت بە چاوی (ئەسمەر)
گاوەدان بێ سلێمانی
دەردت لە مالم حەلیم

زەحمەتە بێ تۆ بژیم
سنگت مەکتەبی ( ... )
لێی دەردەچێ موعەلیم
روحمی خێرت بێ سوتام
هەکچێ بە وێنەی ( ڕەژی ) م
دەردت لەماڵم کاڵێ
کەزیەت بەندی ڕەشماڵێ [1]

## گیژی کوردستان زەمین

سبحەینانی لاجانێ
ئێوارەی بەری مێرگان
چادرەو ڕەشماڵێ هەڵدەی
لە کوێستانی سەرڕەندان
یاری ئازیز دانیشێ
بۆی بلێی هەڵبەستو بەندان
پێی بلێی سەرگەدانت بم
نە قاوەم دەوێ نەفنجان
ئای وەرە، گوڵ وەرە ، کیژی کوردستان زەمین
من فەرهاد و تۆشیرین
دەری بابانت شێوێ ، زەحمەتە بەبێ تۆژین

( مقام )

لە تەنهایی شەوی ژینا ئەنیم هەنگاوی کوێرانە
نیە دەستێ دەرم بێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە
نیە جوانێ سەری کاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا خەوی سەر باوەشی گەرمی

(١) لە زۆر جێگەی تردا نوسراوەتەوە و دووبارە بووەتەوە .

ئەگیرم چاوی بێ تینم ، بە تاریکی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دوو چاوێ ، کە ڕوناکی بکا ڕێگام
( دەرگــام لێوە کــــە جوانـــێ )
تــەڕبووم لــــــە بــەر بارانێ
من لەبــەر ئەگریجەت دەمـــرم
لـــە هەنیەی دەگرن ســـانێ
ناسکۆلـــە قــەولت دامـــێ
بەمن پێم بلێ شەرتت کـــوانێ )
ــ لە ئاهەنگێکی مالاندا سالی ١٩٦٧ تۆماری کردوو .

## ( شەمامەوشلێره )

هۆنراوە : زیرەك

شەمامەو شــلێره ــ شەمام شلکی
کەمێك وەرە ئێرە ــ ئەی وەی تەنکی
براکەی خۆت بنێرە ــ شەمام شکلی
چاو کالی برۆ ڕەشــان ــ هەی وەی تــەنکــی
هەی شۆخی بێ ئیمـــان ــ شەمام شــــلکی
وەرگەڕام لــە ئیمـــان ــ = =
بۆ تۆ مردم ییـــــلا ــ = =
گای وای بــە قوربـــان ــ = =
شــەمامەو شـــلێره ــ شەمام تەنکـــــی
براکـــەی ێبو ( دلێره ) ! ــ ئەی وەی تەنکی
ئەو بەندە زۆر جوانـــە ــ هەی وەی شـــلکی
لـــەبۆ مندالانـــە ــ هەی وەی شلکی

مال بـەبێ کابانـــــە ـ هەی وەی شلکی
ئەو شەو شـەو بەهارە ـ شـەمام شـلکی
یـاری مـن نازدارە ـ شـەمام شـلکی
بێ روحـم و غەدارە ـ شـەمام شـلکی
( شـەمام ) ەو شـلێرە ـ شەمام شـلکی
کەمێـک وەرە ئێـــرە ـ ئەی‌وەی شلکی
گوناح نییـە خــێرە ـ ئەی‌وەی شلکی
چاوت جوانە لە چاو نەرمان ئەی وەی شلکی (١)

## سەوزە ـ ١ ـ

بەسم لێ بگرە ( سەیزادە ) سەرەسوێی بانی
لە مـن مالی زۆر لە تۆش جوانی
( ئەتۆ سپەردەی غەوسی گەیلانی ) : حەسەن
سەوزە مەڕۆ سەوزلێ ، باریکە تۆم دەوێ
میوانی رۆژێم مەمخەرە شەوێ
من لەگەردنی زەردت ( بەوەللا دوو ماچم دەوێ
مەیلم بە تۆدا ( نازەنین ) وە مزانی مەردی !
نەم زانی بۆ من بە قوربان هەر ئاخو دەردی
هەرکەسێ بیکـا ( بەقوربان ) مەنعی دلداری
پەڕۆ پۆ دەرکا ( یارەبی ) وێنـەی پاساری
( بریا هی من بوای ( ڕەش ئەسمەر ) تۆ بە یەکجاری ) حەسەن ،
سەوزە مەڕۆ سەوزەلێ باریکـــەی عەمرم
تووو سەری بابت ٠٠ وا مەکە دەمرم
ـ لە ئاهەنگێکی مالآن لە سلێمانی تۆماری کردووە ـ

---

(١) ئەم کۆپلەیە فۆلکلـــۆرە و لە زۆر شوێنی تردا ووتـراوە و نوسراوە ئەم گۆرانییە هی هوونەرمەند (ڕەسوڵ گەردی)یە.

## پێبکەنە بتبێنم

بێ دکتــــۆر ، دەواو دەرمـــان
شێتت کــردم ، ســـەرگەردان
دەورەدەســـتم بــە دامــــان
خــۆشم دەویٚ بــە دینــم
جــوانی وێنــەی خـــەرامان
دەوەرە جـــاریٚ جــووت بین
شەوێـک هــەتاکــوو بەیــان

***

پیٚ بکـــــــەنە با بتبیـــنم
دەرچێ گیـــانی شـــیرینـم
ڕەبی لــــەپێش‌دا بمـــرم
کــەژاڵ مــەرگت نــەبینــم
ئەلـــلا مــن زووتــر بمــرم
بــەلکــوو ئەو بکا شـینم

***

( قورگـی . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . )

***

سینگت باغــی شـنۆیــه
کوڵمت گوڵــی لیمــۆیه
گوارەت لــە گویٚ سێ گۆیه
خــەڵکی شێتی ( جن ) یانن
ئەو دلــەی من شێتی تۆیـــه
خزمینــه مەکــەن لۆمەم
هــەروەك تولــه گــەزۆیــه
ئاوری ســـە مــن بەرداوه
برنجی ( عــەنبەر بۆیــه )

خزمینه لۆمەم مەکەن
لە جەرگم دێ بۆسۆیە

## بەلەرزانە

ئەی وەی بە لەرزانە ، ناسکۆل بە لەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت پەخشو پەرێشانە .
خۆشم دەوێ ، ( ئاسکی ناسکی تەسکێ بەو قورعانە )
بۆ لای کێ بچم ؟ گیانە دەست وەزامەوە

***

کێ دەرمانم کا ( ئەی هاوار ) شەو بەلامەوە
لە دەرەوە زیکرو لائیلاهە ئیلەڵلایە
قورِ وەسەرم گیانە ، یارم بە تەنیایە
دەنکێ ، بە بیللا جوانێ ، خوات وەیرتایە
ئەی وەی بە لەرزانە ، . .. . .

لەکەل دەر کەوتم بناسە دەنگم
تۆزی غەریبی ناسکۆل نیشتووە لەرِەنگم
جا چۆن وا دەبێ شەرتی دلداری
تۆ لەعەیش و نۆشێ دای من لە غەمباری

## ئەی لەلەنجەیە

هەروەك بازوو بەند بتکەمە بالم
ئێستا لێم دووری تالآن بەمالم
ئەی وەی لەنجەیەو خانم لەنجەیە
ئێشتیام لە کراسی کرێشەیە
ئەگەر نەمدەیە حەوت ماچ بەجارێ
حەوت گۆستت کەوێ هەر یەك لە شارێ
کێ تەفرەی داوی بەردی لێ بارێ

---

لەناهەنگێکی مالآن لە سولەیمانی تۆماری کردوە .

ئەی لەنجەو خـانم تالآن بـە مالم
وەگ پـەروانە ، مـن ، سوتاوە بالـم
هەرکەسێ نـەی بێ دوو دۆست و یارێ
سەر بگرێ لـەقورِ سوبحو ئێـوارێ
بەشل و مـل ، هاتنــە میـوانـێ
گوارەی زێرِ ، دێنمــە جۆلانـێ
قـەد باریکـە و نـەشمیلانێ
دایکەکەت بمرێ ، باوکت بێئیمـان
وا بوون بە باعیس دلەکەی هەردووکمان (١)
ئەی وەی لـەنجەو خانـم لـەنجەیە
لـەنجـەی بـە سـەری پەنجـەیە
بە رِۆژ حەرەسم ئاگـام لەپۆسـتە
چاوەرِێی کیژێکم دوو چـاوی مەستە
بەرۆژ حەرەسـم وام لـە ئیدارە
عاشقی کیژێکم یـەکجـار غـەدارە
بە رۆژ حـەرەسم ئاگام لـە کالە
عەشقی کیژێکـم چـاوی غـەزالـە
بە رِۆژ حـەرەسـم مەئموور مەرکەزم
دوو بزنی رِووتم هەیە ، بەبـێ مەرەزم
ئەی وەی لەنجـەو خانـم لەنجـەیە
کەیفم لـە کراسی ، ( ئای ) کرێشەیە
رۆینـەی بە سەری پەنجــەیە .

---

(١) یەکـەم کەس سەیدعەلی ئەسغەر ئەم بەستەیەی تۆمار کردووە .. بەهۆنراوەیەکی تر: بِروانە ل٧ ( بەستەو مەقام ) **عثمـان شـار باژێری .**

## – ١ – ( كرماشان )

هەڵپەست وهەوا :

حەسەنزیرەك

کرماشان شاری شیرینم
شاری جوان و کوردنشینم
حەز دەکەم دایمە بتبینم
خۆشم دەوێ کچە جیران
بە دۆستم بێ یا دەزگیران
دەوەرە ، وەرە بابان و یەران
کرماشان شارێکی جوانی
شاری گەورەی کوردستانی
ساحیبی تاق وەسانی
خۆشم دەوێ زێدەجوانی
خۆشم دەوێ کچە جیران
بە دۆستم بێ یا دەزگیران
سوورە گوڵەی ئێو موکریان
کرماشان شارێکی جوانە
شاری گەورەی کوردستانە
ساحیبی تاق وەستانە
کرماشان جێگای ئەجدادی
جێگای شیرین ، جێی فەرهادی
تا مردن هەر تۆم لە یادی

( مەقام )

« بێستون ئیستاش کە فەسڵی لالەی سەوز ئەبێ »
« باسی خوێن و داخی دڵی فەرهاد ئەکات »

## کرماشان ٢

کرماشان شـــارێکی ڕەنگینی
جێگەی فەرهاد جێی شــــیرینی
حــــەز دەکــەی دایمـــە ببینی
خۆشم دەوێ‌ی کچە جیران

کرماشان شـاری دڵخـــۆشی
کرماشان نەمکــەی تۆ فەرامۆشی
شـاری شـیرین‌و ســەرخۆشی
خۆشم دەوێ‌ی کچە جیران

کرماشان تـــەرفی تۆم تەواوە
تێ‌یـــدا ماندووی من حـــەساوە
چوون وێنـــەی بووك بۆم ڕازاوە
خۆشم دەوێ‌ی کچە جیران

***

## ( ڕێبوار و ڕێبوار )

هۆنراوەی فۆلکلۆری
هەوا : زیرەك

ئەو چـــاوە بازەی ( بە قوربان ) خـــوا بـــە تۆی داوە
مەینـــەتی دنیــــا ( بابەکـــەم ) هـــەر بۆ من مـاوە
ڕێبوار و ڕێبوار ( ســووره گوڵ ) بـــە ڕێبـــوارت‌بم
لـەمووچـەی بەردێ ( سەیزادە ) نیـوە کــارت‌بم
تۆ زێڕی خـالیس ( بـەقوربان ) مــن عــەییـــارت‌بم
شــــەرتە تا دەمـرم ( شۆڕەژن ) فیــدای کارت‌بم
دوو چــاوی بازی ( تۆبیللا ) بوون بـــە جــەلابـم
پێ‌یان بفـــەرموو ماڵ و ێران نـە دەن عـــەزابم
ڕێبوارو ڕێبوار ( خـانم گیـــان ) ئەمنیش ڕێبـــوارم

ئەمنیش وەکوو تۆ ( شۆڕەژن ) دڵ بریندارم
شەرتە تا مەحشەر ( جوانیژن ) عاشق ئیخلاس بم
کەعبە کەچ نەکەم چاو جوانێ هەر یەکە ناس بم (١)
مەقام ( فارسی ........ )
(١) ئەڵێ : هەرتۆ شوناس بم .
ئەگەر نەبوایە ( جوانێ ژن ) بە بۆنەی خاڵت
جا من چیم دەکرد ( ماڵ وێران ) لە دەوری ماڵت
پشتێن شل و مل ( جوانێ گیان ) هەستە لە خەوێ
لە گەردنی زەردت ( ئەی هاوار ) دوو ماچم دەوێ
دەردی ئەمن و تۆ ( شۆڕەژن ) لە گولەکەی کەوێ
ڕێبوارو ڕێبوار ......

## ( ئەی گەردەو گەردە )

هۆنراوە : زیرەك

ئاواز : کۆن (١)

جوانی بە ملی من جوانی ـ بەینەڵڵا خان ومانی
سەبارەت بە یاری من ـ ئاوەدان بێ سلێمانی
ئەو داخەی من دەکوژێ ـ ژنی گولەی مێردانی
ئەی گەردە و ماڵم گەردە ( ئۆف )
گەردن هەڵاڵەی زەردە
دەوەرە مەردو مەردانە
دەست لەو سەگبابەی بەردە
( مەم ) کنێری ( گۆ ) پرتەقاڵ ( ئەسمەر ) دینم بۆتو بوو بەتاڵ
نەخۆشت کردووم بیللا ـ لۆمەم دەکەن کوڕو کاڵ
جوانی بەینەڵا جوانی ـ بە ملیۆنێ هەرزانی

(١) مامۆستا تایەرتوفیق بەر لە زیرەك تۆماری کردووە و ئەم گورانییەی ووتووە .

ئاورت لـــــه من بەرداوە ـ دەرمـــانی حەوت دەردانـــی
ئەی گـەردە و مالـم گـەردە
گـەردن هەلالـەی سـوورە
قـەدت دەلێی بلـــوورە
عەشقی بەژن و بالای بـووم
سپییە دەلێی کافـوورە
هەر چۆنێـک دەلێـموایە ـ ئـەو دلـەم بۆی هەلوەلایە
سوێنـد دەخـۆم بە قورعانێ ـ ئـەو ژنە بۆ مـن تێی دایە
دەلـــێی بازی تـەرلانی ـ کـە روێشـکی گەرمەلانـی
ئەی گەردەو گەردە

# ( کاوەی دلێر )

هۆنراوە وگۆرانیی
حەسەنزیرەك

ئـەی نەتەوەی کاوەی دلێـر
ئەی کوردەکان ، ئەی بەچکە شێر
ئەی نشتمان ، نیشتیمانی جوان
خـاکی ئاری‌یە وەتەنی کـوردان
بۆت تێ دەکۆشم بە دلو بە گیان
بۆ سەرکەوتنی خـاکی کوردستان
ئەی کاوەکە ، ئەی لاوەکـــە
تێ بکۆشین ، جـەرگم تاوەکە
ئەی نشتمانی ، نیشتیمانی جوان
خاکی ئاری‌یە ، وەتەنـی کوردان

## ( نی یەلەماڵ )

چاوت نەرمە لە گەڵ نەرمان
پڕت کردووە لە ئلە و دەرمان
بۆت هەڵنایە لەبەر شەرمان

نی یە لە ماڵ ، قەد نی یە لە ماڵ
یاری خۆش جەمل ، مەمك پرتەقاڵ

ئەو چاوانەی هەلیان دێنی
بە کلەو دەرمان ، دەیان ڕەنگێنی
رۆژ نی یە مردووم لێ نەمرێنی
بۆلێم زیزی و نامدۆینی

هەرچی دەچم نی یە لە ماڵ ، نی یە لە ماڵ
یاری خۆش جەماڵ ، مەم پرتەقاڵ ـ نی یە لەماڵ
چاوی ڕەشت دڵڕاکێش
زۆر نەترس وبێ ئەندێشن

نی یە لە ماڵ
ئەو چاوانەی بە خومارەوە
مەمکت سێون ، بە دارەوە
خودا ، داوی یە مەیشارەوە
نی یە لە ماڵ ...

چاوت جوانە لەگەڵ برۆت
ئەو خاڵانەی دەوری لێموت
دایکت ماچ کەم یانا بۆ خۆت

نی یە لە ماڵ ...

# شەویکی یادگاری

* ڕادیۆی تاران بەشی کوردی کۆڕیکــی ئاهەنگی گۆرانیی و مۆسیقاو هۆنراوەی بۆحەســەن ساز کردووە لە شەوی / ١٣ فەروەردین ماه / ساڵی ١٣٥٠ / ١٩٧١ ز ـ

لەپێش‌دا بە دەنگــی ( حەســـەن زیرەك ) ئــەم هۆنراوەیــەی ئەحمــەد هــەردی ـ خــوێنرایەوە کــە وەکو بۆیــژ ( خطیب ) ێکــی دەنگ‌سازو پڕسۆز هۆنراوەی ( دڵــداری کچــی‌تازە ) ی خوێنــدەوە

( ئەم دڵەی [1] وەك بت‌پەرستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکــەت
تۆیژ ئەکا بۆ تیشکی چــاوو زولفە تێك ئاڵاوەکــەت
گەرچــی ئەیشێلی بــە زەبری قۆندەرە و پێلاوەکــەت
قــەت بە دڵ ڕەق باست ناکــەم نایژڕێنم ناوەکــەت
چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خــوا پێــداوەکــەت
مەستی کردووی ، بۆیە نابینێ لــە عاستم چاوەکەت [2]
باخــەوان بۆ ئــەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتــەوە
بۆ ئەوەی گــەورەی بکاو بۆ یارە بیگۆڕێتــەوە [3]

بیفرۆشــێ بەو کــەسەی خەڵقی ئەڕوتێنێتــەوە [4]
بــۆ ئــەوەی مێــزی شــەرابی پــێ برازێنێتەوە
کچ لــە لای ئێمــە گوڵێکە بۆیە پەروەردەی ئەکەن [5]

---

(١) حەسەن زیرەك ئەڵێ ( ئەو دڵە ) لە باتی ( ئەم دڵە ) ٠
(٢) حەسەن زیرەك لە باتی ( لە عاستم ) ئەڵێ لە ( حەندم ) ٠
(٣) حەسەن زیرەك لە باتی‌لە خەڵقی ئەڵێ ( کەخەڵقی ) ٠
(٤) حەسەن زیرەك لە باتی‌لە ( بۆ یارە ) ئەڵێ ( بەپارە ) ٠
(٥) حەسەن زیرەك لەباتی ( کچ لە لای ئێمە ) ئەڵێ ( کچ لە نێــو کــوردی ) ٠

تا برازێنێتەوە ، مێزی شـــەرابی دەولـەمەن (٦)
( ئەو شەو شەوێکی یادگاری‌یە ( ١٣ ) فەروەردین ماهــە
( ل ٢٦ ڕازی تەنیایی ـ ئەحمەد هەردی )

***

پاشان کابرای موزیع ئەڵێ

ساڵی ١٣٥٠ مە جلیسێکی دۆستانەمان گرتووە زۆر خۆش وەختێ کە بە هونەرمەندی بە ڕێزمان ( آغای زیرەك ) هونەرمەندێکی بە ئیوبانگی قەدیمی کوردستانە ،

ئەمجا بە هاوکاری دەزکاری ئۆرکێستی مۆسیقای رادیۆی کوردی تاران ... ئەم بەستەیە ئەڵێ :

## لایەلایە

شەوێکی شادو ( بیللا ) جـەژنی دلـداره
ئـەی هـاوار جـەژنـی دلــداره
کەنگێ یار دێ بۆ لام دڵ بێ قـەراره
لایـە لایـەت بۆ دەکـــەم ،
بـەلکـم خـەو بتـبـاتەوه
دەست خـەمە ئێـومە مکۆلانت
تاکــوو رۆژ ، بـە لاتـەوه
با خـڕخاڵبم بــە پاتـــەوه

***

شەوێکی خۆش و بە بیلا مانگـی سەفەره
ئەی هـاوار مانگـی سـەفەره
یارم زۆر جوان و ، جوانە ، خۆ ڕەش ئەسمەرە
خۆشم دەوێ مەمك. گـەوهـەره

( مەقـام ) :

---

(٦) حەسەن زیرەك لەباتی ( تابرازێنێتــە وە ) ئـەڵێ ( بۆ گە وەی برازێنێتـــەوە ) .

گەر ئەپرسی من لەبەرچی کــــەم ئەخۆم
من بە برسی قەد مـەزانە خــەم ئەخـۆم
ئاوی سوێری چـاو و باری تاڵی لێــو
سوێرو تاڵیَ دەم دەم و ژەم ژەم ئەخــۆم
( نالی ) بڕوانە ژین ژمارە ١٢٤٦ ، ٣٠/٥/١٩٥٧

هەستە بێ بۆ لام ( توخودا ) وەك جاری جاران
بۆت مـردم وەك جـاری جـاران
بە کوێری دوژمن ( توخودا ) بە دیـدەی یاران
بۆت مردووم ، کـــەوی نساران
لایەلایـەت . . .
نەنوشتەی مەلا ( گیانە ) نە دوعـــای سـەیی
هیچیـان بەفریای ( ئەی‌هاوار ) دەردم نەگەیی
لایەلایەت . . . . .

***

## لایەلایە
## نووسراوە
## هەی‌نیزام

خۆ مـن کوێستانی ( لەند ) ی نیم
بێنم کارگو ڕێواســـــان
خۆ مـن تەلـەڤزیۆن نیــم
دامنێـن بـۆ قـەو باسان
ئەمـن قـەرەنی ئاغـــا نیـم
گـەورەی عیـلی بلباســان
عاشقی چـاوی ئەو کچـەبووم
دەی‌ڕفێنم ســووكو ئاسـان

***

هەی نیزام و خـۆم نیــزام

مـن نیـزام نیـمو عـەسكەرم
لـەسـەر بالآی لێـو ئالـێ
لە دونیـــا دەر بــە دەرم
دونیـــا هــەموو دەیزانــێ
موفتـــەلای ڕەش ئەســمەرم

***

( قەمتەرە ) لەگەڵ ( بورهـــان )
( گولیجـــە ) مولكی ( دەرمان )
( میراوا ) دەگەڵ ( بۆكـــان )
( حەسـار ) دەگەڵ ( قازیـلان )
( هــەرمێـلە ) مولكی خــانان
هەمــود بە قوربانـــی بـێ
دەگەڵ ( كاولی ســـــازندان )

***

هەی نیـزام و خــۆم نیـزام
لێرەكانـــە ســـەر بــازم
موبتــەلای دوو چــاوی بازم
ســەفەرێكم كــەوتە بــەر
مــن ئیزنــی لێ دەخــوازم

***

( بەردە مـۆرە ) ی گیرفانــم
دەسرۆكەی دەستم ( فاتـــم )
داوم كـــــەوتۆتە داوی
حەتمــەن نابێ ( نەجــاتم ) !

***

چــاوت ئەستێرەی رۆژە
ئـەبرۆت لـەخـەو دەمێنـێ

بەژنە باڵات زۆر جــوانە
ڕەبـی بابـت بمێنــــــێ
دەوەرە دەستــم دەسـتۆکـــە
جەرگم خوێــن دەدەڵێنــــێ
ئاوری لـــــەمن بـەرداوە
لێــو ئاڵ گیـــان نام دوێنــێ

***

بـەو خــودایــەی بێ مـەکانە
غـــەریبم لێـــرە کانـــە
ئەو دڵـــەم بـەحری غـەمانـە
پێــم ووت ئاوێزانت بـــم
سنگت تاقی مـووروانـــە
هەی نیزام

***

## ( ئەسمەر یارم جوانە )

هونراوە : فۆلکلۆر
گۆرانی حەسەن زیرەك

هــەی نیزام .....
خوزگەم بە وەی یاری جــوانە
لــە ناو جاحێلان سـوڵتـانــە
کە دەمرێ ســاحیب ئیمـــانە
ئەسمەر یارم جوانە ، ڕووی مانگی تابانە
ئەسمەر ئەسمــەر
لە حوجرێدا خـەتمم دەکــرد
یار لـە ناکاودا بانگـــیکرد
قورئان بـە سەر لێو ئاڵیان برد
ئەسمەر یارم جوانە .....

چاوم بە چاوە کاڵەکەت
لێوم بە لێوە ئاڵەکەت
گەر بمرم دێمە ماڵەکەت
ئەسمەر یارم جوانە .....
ڕووی مانگی تابانە .. ئەسمەر ئەسمەر

ڕۆژی جومعە پاش سەڵایە
دوو شت خۆشن لەم دنیایە
ئیمانو چاوی لەیلایە
ئەسمەر ، ئەسمەر ..

( مەقام ) :
( جێم نیە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێ لانە خۆم )
قەسەم بە خاڵی نەخشینت
بە دوو لیمۆی ژێر پۆشینت
کچێ ناوێرم بکەم شینت
ئەسمەر یارم جوانە .....

قەسەم بەو خاڵەی لەڕووتە
فنجانەی دەستت یاقووتە
دلم لەگەڵ دلت جووتە
ئەسمەر یارم جوانە .....

لۆرکێو لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ
خاتوونێ لۆرکێ ......
شلو ملو چاو بە کلی ، تاقانەی دایکێ
شلو ملو چاو بە کلی ، بۆت مردم ناسکێ

گۆزەی هەلگرت جەرەی دانا ـ ئۆف ئۆف لۆرکێ
دەری هێنا جامو شانە ـ خاتونێ لۆرکێ

گۆزەی هەڵگرت جەڕەی پڕ کرد ــ خاتونێ لوڕکێ
بە بای شە ماڵ مەمکی خڕ کرد ــ بۆت مردم ناسکێ
گۆزەی سوورو ئاوی شەوێ ــ دەی مەڕۆ تەسکێ
دەمم وە خاڵانت کەوێ سوگ بڕۆ لورکێ
گۆزەی سووری ئاوی ساردە ــ ئۆف ئۆف لۆرکێ
بۆی تێکردم مانگی چاردە ــ خاتونێ لۆرکێ
گۆزەی هەڵگرت بۆ گوێ رووبار ــ ... ... ...
ئەفسوونی کرد شۆخی عەیار ــ ... ...
ئەفسوونی کرد شۆخی نازدار ــ ... ...

## « جوانی لای بانە »

شل‌شل بمکوتن بە نەباتەوە
بمنێنە زەخمی ( گیان ) سەر گۆناتەوە
کەمەرەشل ، خاڵ لە مل ، جوانی جوانە
جوانی لای بانە
دەبێنەو ماچت کەم دەم بچکۆلانە ،
بە بەمەحرەمانە
شل‌شل بمکوتن تۆزم نەمێنێ
بە شەرات یاری خۆم
شەدەلار ، مەزەدار ، بووکی پار
جوانی لای بانە
دەبێنە ، دەی ماچت کەم
خاڵ دانە دانە
شل‌شل بمکوتن ، با بۆ خۆم بمرم
خەم و میحنەت و دەرد تاکەی ڕابگرم ؟
شەدەلار .....
کفنەکەم ببڕن بە دەمی مقەست

شەرتە مەیلەکـەت بەر نەدەم لە دەست،

شەدەلار ، مـەزەدار پووکی لای بانە
دەیێنە ، دەی ماچت کەم دەردم گرانـە
دەست لەبانی دەست ، هەر خزمـەتکارم
بە جواب دانەکەت، (مەڕۆ) هەرمنەت بارم
شـەدەلار . . . . .
هەی داد هەی بێداد ، لەم دەوران دبلە
هەر جوانێک بە دەستی پیرێک زەلیـلە
شـەدەلار . . . . .

## کیژەمەرۆجوانی ـ ٢ ـ

لەبێ لوتفیەکەت جـەرگم بڕاوە ، دەی
سەیی‌توو شاڵت مردم ، بەرکـە بەملاوە ، دەی
تووبی توخودا ، گیانم بەرکــە بەملاوە ، دەی
کیـژێ مـەڕۆ جـوانی
سـێوی سـەرلکـانی
چـەند لـە بـەردڵانـی
( مـەقام ) : سـێگا
چ خـودا بەرداره ، جـوانێ غەرقم کـەی لە خەم ـ دەی
مەیلم بدەیە ، ( مـردم ) یان زۆر و یان کــەم ـ دەی
کیژێ مەڕۆ جوانی ، سێوی سەر لکانی ، تۆم ئارامی گیانی
مەقام : ئەمـان . . . . . .
گیانە قەسەمت ئەدەم ، تو شــەرعی ئیسلام
ئەرێ ئەگـەر موسـولمـانی ، . . . . . .
ئەرێ ئەگەر مووسایت تووبی توو موسـا
ئـەرێ ئەگـەر عیسایت تووبی ، تووعیسـا
گـەر موسولمـانی تووبی ، توو قورعـان

ئەگەر سـەیزادەیت تووبی شالـی جـوان
. . . . . . . . . .
هەڵسە لە خەوێ ( ئەی وەی ) بزانە چیم دەوێ ــ دەی
لەگەردنی زەردت (ئەسمەر) دوو ماچم دەوێـدەی
کیژێ مـەڕۆ جـیـوانی
سـێوی سـەرلـکانی
باخی حـەسەن خـانی

مەقام ( راست )

هەواو هۆنراوە ( زیرەك )

## نام دوێنی ٣

ئەسمـەر بۆچـی تۆراوی ؟
پێم بلێ بۆچی ڕەنجـاوی ؟
وەك گولاڵـە سـوورەی بەهار
لـە دەشتو کێـو خـەملاوی
نامـدوینێ بۆ چیـم نادوێنی ؟ ئۆف
بۆ لێـم زیز بـووی نامـدوێنێ ؟
ئەگەربێ و بمدوێنیە نەمڕەنجێنی ، نەمشەمزێنی
سەردەدەم لە مزگێنی ، ڕۆح دەدەم لە مزگێنی
ئەسمـەر بەینـەڵا جـوانی
سـەرتۆپـی کوردسـتانی
لـەبەر دلـی دۆسـتانی
بیللا دەلـێی خـەرمانی
ئەوجـا ئارامـی دڵانـی
نامدوێنێ . . . . . .
ئـەسمـەر لـە کـوێ میوانی

ژنی گـولەی مێردانـــی
بـــەملیــۆنێ هــەرزانـــی
ئێجـــارەم کـــرد لـــەخانی
مامــزی دەشــتی بۆکانـــێ
نامدوێنی ••••••

( مەقـام ) :

« گوڵ ئەنـدام ، عیلاجێك ، چارەیەك ، رەحمێك ، ئەمان دەستم بە دامانت
« ئازیزەکـەم ، غـەریبی تۆم ، نەخۆشـی تۆم ، بـە گۆشـەی چـاوی بیمارت
« ئەسیری تۆم ، شەهیدی تۆم بە نووکی تیژی موژگانت
( ــــــــ )

شلو ملـ گردو مـرد(*)
دەسـتم لەبۆ مەمکی بـرد
کولمـەی سێوی لاســوورە
تێیدایـە خالـی وورد وورد

## ئای‌شل ئای‌شل

چــــاوت ئەستێرەی دەریازی
هــەڵیـان دێنی چــەند بەنازی
بە کوشـــتنم ئاوات خـــوازی
دەڵێن ، هات ڕابوورد ، گەردن بە خاڵ
دنیـــای ڕوونی لــێ کـــردووم تاڵ
ئەرێ ( ئای شل ئای‌شل ) باوانم شـل
نەجیب زادە و چــاو پڕ لەکــل

* شلو مل : ژیرەك زۆرجار ئەڵێ نەرمو نۆڵ •

حاشم بۆ بکـــه هەی شل و مل
چاوی ئـــەستێرەی ئێـــواره
هەلدێ لەســـەر تاقـــەداره
یاری خـــۆمە لێـــم بێزاره
دەلێـــن ، هـــات ڕابوورد .....
چـاوی ئەستێرەی سپوەیـــله
ئـــەمن مەجنـــوون ، یارم لەیله
بێ وەفایـــە ، دەروون کەیـــله
دەلێـــن ........
چـاوت ئەستێرەی ســـەحەرێ
هەلدێ لە بێژنگ بە ســـەرێ
خۆشم دەوێ ، ڕەش ئەسمەرێ
دەلێن ، هات ، ڕابوورد .....

## سیلەی قەبران

( مەقام ڕاست )

« لە دەوری نێرگـزی مەستت کـەسێ نەی‌ماوە مەیـلی مەی »
« لـه بۆ شەهدی لـەبی لەعلت ، دەنالێنێ دلم وەک نـەی »
« لەتاوی ئاتـەشی عیشقت بکـــەم نالەو فغـــان تاکـەی ؟ »
« ئەوەنـد ســوتاوم ئەسـلەن ، تابی فـریادم نەمـا سادەی »
(   )
لە سـیلەی قـەبران هـاواره
حـــاکم بمـدا لـه سێداره
قەت نایێـــم مەیلی ئـەو یاره
« قەت نایێـم مەیلی غـــەداره »
لە ســیلەی قـەبران هـــای سزایه
حـــاکم بمـــکوژێ لـــەو قەلایـه

نایێم من مەیلی لەیلایە
قەول ئەدا ، شەو لە ژوانم نایە
تەحا لەو ڕێزە خاڵانە
بۆمن چاکن ئەو چاوانە
یاری خۆمە ( های ) بە ( بانە ) = بەهانە
خەبەر بەرن بۆ خزمانم
ئاورێ بەربووەتە خەرمانم
شێواوە دەری بابانم
وەرگەڕێ باڵات های ببینم
با دەرچێت ، گیانی شیرنم
یاڕەبی من مەرگی تۆ نەبینم
چاوت چڕای ، سەحرای چینە
کولمت گوڵی نێو پەرژینە
وەک من دیم ، کافر مەیبینە
چوون سوێسنەی باخی حەوشینە
وەرگەڕێ ، ئاوێزانت بم
یاڕەبی دەست لەملانت بم
خوا بیکا ، شەو بە میوانت بم
یاڕەبی من بە جیرانت بم

ئەی وەی ، ئەی وەی چیم لێ‌هات
بووم بە کۆترەکەی دوور وولات
من پیر بووم و یار بۆچ نەهات
***
قوربانی خەت و خاڵت بم
من بە فیدای ، جوانی ، جەماڵت بم
خولقم کە (ئامین گیان) با لە ماڵت بم

غەریبم من بۆ تۆ ، لە شنۆیە
کولمەکەت گولی لیمۆیە
گوارەی لە گوێ ، سێ گویە

## سەبری ٢

مەقام موحەییەر

ئەمان ئەمان ... گولم ئەی ئامان

وەرە بولبول هەتا عومری من وتۆیە بنالین
ئەتۆ باخی گولانت چوو ، ئەمن داخی دلانم
( لۆلۆلۆ ... هەی دلالولۆ ... دلا لێ لێ )
وەرە قومری بگرین هەتا ڕۆمی من وتۆیە
ئەتۆ سەروی ڕەوانت چوو ، ئەمن ڕۆحی ڕەوانم

## سەبری

سەبری گیان هەستە بەیانە
حازر ، بۆ خەستەخانە
( مەریز ) ! حالیان پەرێشانە
تیماریان کە بەو پەنجانە
ئەی لێلێ جوانی سەبری
ئەمان ئەمان ، ئەمان سەبری
سەد ماشەللا چەند بەمەکری ؟
کە دانیشی ، دەلێی شەکری
سەبری دەلێ من شوو ناکەم
جلی کوردی ، لەبەر ناکەم
بە مەرگی تەنیا ، براکەم
دلی عاشقان لەخۆم ناکەم
ئەی لێلێ وەی سەبری یە
ئەمان ، ئەمان ، وای سەبری یە
چاوی ئەستێرەی جەدی یە

چاو ئەستێرەی فەرەنگی‌یە (١)
سەبری بە چاوی بەمەستەوە
شووشەو پیالە بە دەستەوە
ڕێی لە ڕێبواران بەستەوە
ئەمان سەبری ئەمان سەبری
شیرینی بە وێنەی شەکری
چ بە حەزینی تۆ دەگری !
سەبری بە خودا و بە پێغەمبەر
بە میحرابی چاوی ئەسمەر
کەوتوومە کێژی ئەسکەندەر
نەجات نابم تاکوو مەحشەر

## عەمرەکەم فاتم

سەرهەڵێنە بابتبینم ــ عەمرەکەم فاتم
هەر ئەتۆی گیانی شیرینم ــ = =
یارەبی مەرگت نەبینم ــ = =
تۆی کچی یاری زۆر غەمگینم دیدەکەم فاتم

***

عەمرم فاتم ، چاوم فاتم ــ دیدەکەم فاتم
ڕێم دووردوورودرێژە، بمبوورەهاتم ــ

***

( مەقام ) ... ئەممان ئەمان ...

(١) ئەمان ئەمان وای سەبریە
چاوی ئەستێرەی جەدی‌یە
ئاگای لە حاڵێ من نی‌یە
ڕۆژی حەشرێ جوابی چی‌یە ؟

ــ فۆلکلۆر ــ

« ئەو دڵە وەک بتپەرستێ ...... » (١)

یاری خـــۆمە ، زۆر نازدارە ــ عەمرەکەم فاتم

زۆر جوانە لە گولەی خەســارە ــ عەمرەکەم فاتم

زۆر بتبـــینم جـــارو بـــارە ــ عەمرەکەم فاتم

عـــەمرم فاتـــم ، دیـــدەم فاتـــم ــ چاوی من فاتم

بمبوورە ، گیانـــەکەم ئەمجار ــ = =

بـــۆ لات درەنگ هـــــاتم ــ عەمرەکەم فاتم

***

## هەی‌نار ٣

دیسان شـــەو هـــات بۆ حـــاڵی مـــن

بۆ ئـــەو دڵـــەی پڕ خـــەیاڵی مـــن

عالەم سوتا لە ســـکاڵای مــــن

هـــەی نار هـــەی‌نار باوانـــم یار

دوێنـــێ ڕابوورد کۆچ و کۆچبـــار

قەســـەم بەوخاڵـــەی لـــەڕووتـــە

فنجـــانەی دەستت یاقووتـــە

دەدرەوشـــێین ، دەڵێی زمـــرووتە

چـــاوت ئەستێرەی بیســـت و دوو

هـــەڵـــدێ ، لـــە کەلی ، .... تـوو

موســـولمـــانم مـــەمکـــە بە جـــوو

مەقام ( ڕاست )

( چاوەکەم چاوت هەڵێنە سوورمەی چاوم ئەتۆی ) +

غـــەریب مـــاوم لـــــە هـــەلێرێ

(١) لەهەندێ گۆرانیی‌یەکانی تردا ئەم هـــەلبەستەی ( هەردی ) نووسراوە .

+ لە ئاهەنگێکی ماڵاندا بێ‌مۆسیقا لە هەولێر تۆماری کردووە .

کەس نی‌یە ، بلێ با غەریب ، بە خێریێ
نەمدی ڕۆی ، چاو ئەستێرێ
هەی‌نار ........
دوێنێ ڕۆیی کۆچ و کۆچبار
گەردنی زەردت ، بەمسلم
لە گولەی خەسار ....

## ( گەوهەرێ )

گویز لەری‌وار ، بادەمی
یلدرێ ، ئادەمی
. . . . . . . .
گەوهەری گیان گەوهەرێ
قەد باریکەی ئەسمەرێ
خاڵ لە ڕوو ، وا دێتە دەرێ
داوای دوو ماچم لێ‌کرد ، ( .... )
خەریک بوو ، ئابرووم بەرێ
لەگەڵ یار قەول مان یەکە
بەهار بچینە کانێ قەمتەرێ
هاوار بە مالم خودایە
قەولی داوە بۆچ نایە ؟
سبحەی دەچمە بەغدایە !!
نەخۆش و دەردەدارم ، ( بۆتۆ )
خزمینە مەمکەن لۆمە ، وەللا
دەنگ‌و سادەنگم نایە
خزمینە مەمکەن لۆمە ، وەللا
شوعلەی وێنەی چرایە

***

گەوهەر ، گــەوهەر ، گەوهەرێ
بە عیشــوە ، دێتــــە دەرێ
داوای دوو ماچم لێ کرد ، وەڵلا
نزیــك بوو ، ئابڕووم بــەرێ
قولکی بەر گەردنێت خۆشــە ، وەڵلا
وێنــەی حەوزی کــەوسەرێ

***

## لالە بەدەستان ٢

باوانەکەی بابی من تۆی ، هێزو هــەناوم
لەو ڕۆژەی من لە تۆ بڕام ، لە ڕەنگ گۆڕاوم
هاتم لە جێ ژوانێ نەبووی ، شل بوو هەنگاوم
لە خەستەخانە کەوتووم ، چاو بە مۆلەق وەستاوم
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنینەوە

. . . . . . . .

باوانەکــەی ( بابی زیرەك ) شۆخو دامــاوی
بۆچی ماڵی وێرانم ، زەردی لە ڕەنگ گــۆڕاوی
کیژۆڵەی کوردستانیــلە ، گــەل بە جیماوی
برا کــوژراو بــەملم ماڵ ســوتاوی
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا ، بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
چریکەی قورینگان دێ لە خەوا ، دەڵێن کوێستان چی دێتەوە
شەو داوەتیــان گــرت بە ڕیزە ، لالــە بەدەســتانە
چەند ڕێکــو شــۆخو تەمیزی ، کیژۆڵــەی کوردستانی

## ( داوەت )

چــاوت ئەستــێرەی شەوێ
کولمەت دەنووکی کــەوێ

+ لە ئاهەنگێکــی ماڵاندا لە هەولێر بێ مۆسیقا تۆماری کردووە

باسکم بۆ بکـــه بە ســەرین
مەرگـم ڕەپێشت کـــــەوێ
لە من و لــە گولەکـــەی مێردت
کاممانت زۆر خـــۆش دەوێ
ڕەبی لــــە پێش‌دا بمـــرم
مەرگم ڕەپێشــت کـــەوێ
سازبن با بچین بۆ داتێ ، داوەت خۆشەو خـــۆمانە
شایی‌و گۆوەندی وا خۆشە ، گەلێ لەبەر دلآنــە
با بڕۆین بــەم تــەپو تۆزە
هــەوری لــەملان ئالــۆزە
باســـکم لــە ژوور ســەرینێ
جەحەنەم دەشـــــکێ گـــۆزە
لـــەبەر داکـی نــەم وێــرا
لێی بکــــەم جەژنە پـیرۆزە *
سوێنــد بە وەڵڵا و بیلـــلایە
بەو دەردەی لــــە دلم دایــە
جـوان و لێو ئاڵ ، خـالـدارە
لـەززەت هەر لـــەوەدایـە
پێم گـوت وەرە با جووت بین
زووبــــە ، وەرە ، ســـەودایە
دیقـم کـرد بۆ بالآی تــۆ
بە، غـــەوسی لـــە بەغـدایە
سازبن ، بابچین بۆ داوەتێ ، داوەت خۆشەو خۆمانە
شایی‌و گۆوەندی وا خۆشە ، گەلێ لەسەر دلآنــە
خۆشـم دەوێ بە دیـنــم کیژۆلــەی کوردستانە

* لەهەولێر لە مالآن تۆمارکراوە بێ مۆسیقا .

« به قوربانی گوارەی زێرت بم
به فیدای خەندەی لێوت بم »
( تێ چریکێنه و ڕاچلەکێنه ، به چریکێکی تیرانه )
( بابچینه مەڵبەندی شەڕێ ، شەڕداوەتی کوردانه )

## شایی‌یە دەگەڕێ

شایی‌یە ، دەگەڕێ ، ئامۆزا ، لە دوور ، زەردو سوور کیژان چاو بەڵەك لە هەولێرن ، لاوی کوردچەسوور ؟ شایی‌یە ، دەگەڕێ ، و ردو درشت ، بەوێنەی ئەستێره عەشقی ( ئامین ) م چی لێ بکەم ؟ نابینم ، دەڵێن مالیان والە هەولێره

## گەشت بەگۆرانیی‌یەکانی خۆی‌دا

لەنێو سابلاخدا بورجێك دیاره
بە قەد ئەو بورجە ، خەم لەدلم باره
هەناسەم سواره ٠
وەره باوانم
لە هەولێر میوانم
ئاهەی بمدوێنە
بینایی چاوانم
( مەقام ) :
یار ، یار یار ئەمان یار ٠٠ ٠٠٠
« لەتەنیالی شەوی ژینا ئەبێم هەنگاوی کوێرانه »
« لێ یە دەستێك دەرم بێنێ ( بابمرم ) لە ناو ئەم گۆڕە وێرانه
ـ هەردی ـ
( حەیفە ، بە ملم ، بە ژینم ، ویژدانم ، ئەژنەوی پێ بنێ
خۆ ڕاوە شێنێ ، بە دینم لە ناو ئەم کوردستانه ))

(١) ئەم گۆرانیی‌یەی بێ مۆسیقایەو
لە ئاهەنگێکی مالان لە هەولێر تۆماری کردووه ٠

کوردە ، هەستە ، با نەلێن غەشیمە ، تێکۆشـــــە
باپێت بلێین قارەمانــە *

لە حـوجرە دا خـــەتمم دەکــرد
یەك لـــە ناکاوا بانگی کــــرد
قورت وەسـەر لێوئالیـــان برد
ئــەیوەی وەی وەی بارانــە
وە قومری سـەر بالت جوانــە
دە چریکێـنم بەم زســـــتانە
دەلێن ئەسـمەر خالیـان جوانە
ئــەی وەی وەی وەی بارانـــە

***

لێـــم زیزبووە بـێ وەفـــا
چـــەندم کێش جەورو جـەفا
سنـگت بــە فری باســـەفا
لێم زیزە ... لێم زیزە هاوژینـــم
گەوهـــەرە ، لەعلە ، دورە
لیـۆ قەندو ، ڕوو ماهـو پەروینم
چـــاوڕەشی بـــە خـومارەوە
خـودا ، داوییـــە مەیشـارەوە
کیژۆلـەی کوردسـتانم
یاری لــە دەبیرستانـم
یاری لــە مەکتەبستانم
زەرد بوو باخو بێسانـم
لێم زیز بووە
ــ ( پۆلی جوانی مەیرۆ ) ...(١)

• • • • • • • • •

---

* لە ئاهەنگێکدا لە هەولێر لەمالاندا بێ مۆسیقا تۆماری کردووە.

– ( ڕۆیی بە جێی هێشتم ) (٢)

. . . . . . . .

– ( دەنـــگی یەت نایــە ) (٣)

١ ، ٢ ، ٣ ، ٥ ، ئەم سێ گۆرانییە.. لە شۆنییتردا
نووسراوەتەوە لەم کتێبەدا ..

## لانکۆڵێ

( معــام ) :

لە باغان ئاهو نالیـــن دێ ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆی
لە مەیخانان سەدای شین دێ ، دەڵێن پـیری موغان ڕۆی
ئەی دلـــە .... نەما قوربان کـــە ئارامی دڵان ڕۆی

نـەرم و تۆڵ و زۆر جوانــــە
ئەبرۆی مالــی کــەوانــە
گولەت لـە کێـوی ( ئاتـــێ )
یارەب لێـیدا ، یـەکانــە
لانکـــولێ وەی لانکـۆلێ
لانك لـــە دار خورمایــە
وەسـتابێ ە لە بەغـــدایە
لانکێ درووستکا بۆ لەیلایــە
دەلێ لــــە بۆچی یار نانوێ
بۆی ساز کەین ، چەرخو سەمایە
دەی بنووە ، ڕۆلــە بنـــووە
لــەبەرچی خـەوت نایــە
دەك ڕۆلـــە ســـەردل خڕبی
باب مردووبی ، یا غەوسی لە بەغدایە *

* لە ئاهەنگێکدا ووتوویەتی بە بێ مۆسیقا لە ماڵان لە شـاری هەولێـر .

دەڕۆم دەچمـــە ( ڕادانە ) !!
دەڵین یارم زۆر جـــوانە
لـە نێـو ( قـــەرەپاپاغـــا )
نزیکـــــە ، بە ئێرانـــە
ئاوری لـــــە مـن بەرداوە
سەر تۆپـی شـار وێرانـە
**گوڵەت لە کێـوی ( ئاتی ) ــ** دەك ڕەبی لێیدا یەکانـــە
بەڵکـــم بۆم بـە جێ بمێنێ
ئەو ( سمت ) ئەو سـاتانـە
نـە خـۆش و دەردەدارم
بۆ ئـەولێوە قـەیتـانە
لانك لانـك لانکـۆلێ
لانك لـبە دار هـەناری
با وەسـتابێ لـە تارانـێ
لانکێ درووست کا بۆچاوجوانێ
دەڵـێ لەلانکێدا نانووم
دەبا بووی سازکـەین جۆلانێ
دەك رۆڵـە سـەر دڵ خرپی
باب مردووبێ ، شەو درەنگـە
بۆ جـێ ژووانـێ
هەی ئەوا ڕۆژی رووناك کـرد
هەموو عالـەم دەیزانـێ

## خۆم لێدەی خۆت لێدەم

خۆم لێدەی ، خۆت لێـدەم ، جەرگت دەردێنـم
هەر دەت سوتێنـم
چـاوت دەردێنـم

هەر دەتخنکێنم
یەکجار ئازامە ـ وەکوو پۆلامە
تەماتەی ڕزیو بگوشم
ئاوی لێ دێنم
پرچت بەڕێو جێیە ـ بڕی ڕشک و ئەسپێیە
مەمکت کوندەی ئاوێیە زگت ڕەشکەی کایمێیە
خۆم لێیدەی خۆت لێدەم جەرگت دەردێنم
هەر دەت سوتێنم
هەر دەتخنکێنم
پشتت دەشکێنم
یەکجار ئازامە ـ وەکوو پۆلامە
تەماتەی ڕزیوبگوشم
ئاوی لێ دێنم *

## هەوارە

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ
کەس نەیە خەبەری دەمێ
جووتێ ڕەشی هیلالی
کەوتبوونە ژێر پەرچەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم
خستومیە بەحری غەمێ
. . . . . . . .
هەوارە بلێ هەوارە
سبەی دەچمە هەوارێ
سەفەرم دوورو درێژە
چیت بۆ بێنم بە دیاری

* بێ مۆسیقا لە ئاهەنگێکی ماڵاندا تۆماری کردووە .

عەریبم لە هەولێری
چاوبازی چاو ئەستێری
یاری خۆم ، نەدیتەوە
پێم بلێ ئەورۆ بەخێری
ماچی کەم دوو کولمانت
روومەت گولی کەتێری
هەوارە .....
بەو خودایەی بێ مەکانە
ئەو دڵەم بەحری غەمانە
نەخۆش و دەردەدارم
سەرتۆپی کوردستانە
پێم گوت ئاوێزانت بم
تاسبەینێ ئەم دەمانە
وەکوو ماینی خۆش تەعلیم
فێری تەقلەو لنگدانە
هەوارە ، بلێ هەوارە
هەڵیاندا ، لەو پێخێری
من سەر کەمە سەر ڕانت
بم شێلە شەنگە پێری
تەمشای قەدو ئەندامی
مەغزی بەدەنی دیارە
لەسەر باڵای ئەوژنە
با بمدن لە سێدارە
جەحەندەم لە منی ماڵ وێران
( هەولێر ) بۆی حەکەدارە
شەرتە تا نەمکوژن من ـ ( دیسان )
دەست هەڵ نەگرم لەو یارە

هەوارە بلێی هەوارە
هەلیاندا ، لە کوێستانی
ئاوری لە من بەرداوە
گوڵی لە کوردستانی
( بەژن ) ڕێکو زۆر جوانی
بە ملوێنێ هەرزانی
لەبەر ئەو گۆزە دەمرم ، ( کوڕە )
ئاسکۆڵ دەی با بۆکانی
ئاوێزانی بالای بم
( کاك ئەحمەد ) لە سلێمانی
باسکت بە ژوور سەرم نێ
خۆشەویستی میوانی

## کورە مەکە هەتیو مەکە

خەمی خۆمە ، دەردی دوان
ڕەنگ زەردی تۆم ، وەك مردوان
بەقا نا کەم بە نووشتوان
ئارامی گیانم ، هەتیو مەکە ، پەنا دیوارە
توخوا مەکە ، خەلکی دیارە ..
خەمی عالەم بۆ من چاکە
یە خەی خۆم دەدڕم سەرپاکە
چونکێ ئەو کچە دەلێ کاکە
ئارامی گیانم ، کوڕە مەکە ، پەنا دیوارە
هەتیو مەکە عالەم دیارە

مەقام :

« مانگی یەکشەو بۆیە دایم زیاد ئەکاو ئەشنێتەوە »
« تا جوانی خۆی وەکوو ڕووی تۆ برازێنێتەوە »

« تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێ دەگا ، ناگا بە ڕووت »
« جا لە داخا ووردە ووردە کەم ئەکاو ئەتوێتەوە »
ــ عەلی باپیر ئاغا

## قەڵای هەولێر

خزمینە ، نەڕۆن سزایە
مەجنوونم لەو کەلە شەیدایە
وەك من بۆ باڵای لەیلایە
ئارامی گیانم ، هەتیو مەکە دایکم دیارە
کوڕە مەکە
چاوم بە چاوە کاڵەکەت
لێوم بە لێوە ئاڵەکەت
ماچکەم ژێر توێی دەسماڵەکەت
ئارامی گیانم ، هەتیو مەکە ، شیرەکەم دەڕژێ
توخوا مەکە ، دایکم دەمکوژێ
دەچمە قەڵای نێو شاری ، بەرابەر هەموو هەولێرێ
یاری خۆم نەدیتەوە ( ئامین گیان)، پێم بڵێ جارێك بە خێرێ
ئامین ، ئامین ، بەژنت شەتڵی شلێرێ
ماچم کرد لە گەڵاڵە ، شبێتی کردم ئەو چاو کاڵە
لە (هەولێر) ماچم نەکرد، با لاڵ بم، بمرم بۆوختەتو خاڵە
پێم وا بێ گولەکەی لە ماڵە .
سوورە گوڵی باخی هەولێر ، بەژنی تۆم شەتڵی شلێر
لەت لەتم کەن بەخەنجەر، لە سەر باڵای دوچاو ئەستێر
دەچمە سەری شەقڵاوە ، بە رابەر بە ( ئەلدیران )
جەرگم هەمووی لەت لەتە برینداری خەنجەرو شیران
خودا بمکەی بە .........

---

لە هەولێر لە ئاهەنگێکی ماڵاندا توماری کردوە بەبێ موسیقا توماری کردووە .

## ئامینێ و ئامینێ ئامین تاقانە

ئامینێ و ئامین هەرتۆی دنیاو دینم
قۆڵەغەت دانێ ، ( وەی ) بیکە بە سەرینم
ئامین تاقانە من مەرگت نەبینم

ئامینێ و ئامین بە تۆ دەڵێم کاڵێ
وەرە با بڕۆین بە جێ بێڵین ماڵێ
بە دەس خۆم نییە دڵ بۆت دەناڵێ

ئەو دەستەی کێیە ؟ وەی لە نیوە شەودا
یارمی ڕاپەڕاند وەی لە شیرین خەودا
ئەنگوستم دەرزی ، زوڵفت خەیاتە
ڕۆحم ئێشکچی دەوری باڵاتە
شەرتە تا مردن هەر دڵ بە تەماتە
هەی داد هەی بێداد ، دەردم تاوتاوە
شەو لە ناڵەی من (وەی) سیروان بێ ئاوە
ئەوا مانگ هەڵات دای لە نێو هۆبە
ماچ کردن خۆشە نۆبە بە نۆبە
( خۆمن صوفی نیم بۆچ پێم کەی تۆبە )
ئەوا مانگ هەڵات دەربەند بوو خاڵی
هەستە سۆشمن بەرگی عەودالی
شل‌شل بی‌پێچە وەی پەنجەی نەناڵی
ئامینێ و ئامین ئامین تاقانە
بم دەبە ماچێ بە مەحرەمانە
چەند ڕۆژە نات‌بینم دەردم گرانە

## دەردت لە من ڕەش ئەسمەر

ئەو خودایەی بێ مەکانە
...م لێرەکانە ....

ئەو دڵـــەم بـەحـری غـەمانه
لێـــو ئاڵـێ لـــە بۆکانــــــە
دەوەرە دەسـتم دە ئەسـتۆ بکـە
بـــە دزی و بــە مەحرەمـانـە
دەردت لـــە من ڕەش ئەسـمەر
بـۆت مـردم ناسـکە دولبـەر
لــە سەر باڵای لێــو ئاڵــێ
لـە دنیـــــا بـووم دەر بەدەر
بازی بـــە راگـــەی بانــی
وە حـدودی شـار وێـرانی
مردم ئـەو مەکـرەی دانــێ
با کـــەوشەکەت پیس نـەبێ
پێت لـــە ســەر چـاوم دانێ
بۆ تـۆ نـەماوم ئامیــــــن
کـورتێی گـوارە جۆلانـێ ٠
بـە خـودای تاق و تـەنیایە
بـەژنت داری بیزایــــە
نـەمری لــەوەی دونیایـە
بۆچ بـــەزەییت پێمدا نایـە ؟
غـەریبو سـەر گەردانــــم
یێـــکەسم لـەو ( بەغـدا ) یـە
دەردت ٠٠٠٠٠٠٠٠٠
وە برینـم دیـــواو دیـــوە
سوێسنەی باخـی حـەوشیوە
لــە دوێنییەوە نــەم دیوە
وە بریـنـــم دیواو دیـــوە
دە کچێ دەستەملانت بـــم

بەفرەو بە بای باریوە
عەقلی لە لا بڕیوم
کوشتمی ئەو کچەتیوە
دەردت . . . . . . . .

دەرمانی حەوت دەردانی
وە باڵم بەستۆ ، جوانی
برنجی ڕەشت و گێلانی
کارخانەی هەمەدانی
سەرتۆپی کوردستانی
بڕنۆی شانی کوردانی
دە وەرە دەستەملانت بم
لەشەو ڕەوێ دەزانی
دەردت لە من . . . .

## سەبری – ٣ –

ڕۆژی جومعە پاش سەڵلایە
دوو شت خۆشن لە دونیانە
ئیمان و چاوی لەیلایە
ئەمان سەبری دیدەم سەبری
بە سەرتادا ، دەسرەی هەوری
سەد ماشەڵڵا چەند بەمەگری
قەدری غەریبان ناگری
لە حوجرێدا خەتمم کرد
یەك لە ناکاودا بانگی کرد
خۆڵت وەسەر لێو ئاڵیان برد
ئەمان سەبری . . . .

ئەو چاوانەی هەلیان دێنی
بە کلەو دەرمان ، دەیڕەنگێنی
رۆژ نییە مردووم لێ نەمرێنی
بۆچی زیزی ، نام دوێنی
ئەمان سەبری ...
چاوم بە چاوە کاڵەکەت
ماچکەم ژێر تۆی دەسماڵەت
خوڵقم کە بێمە ماڵەکەت
قوربانی چاوە کاڵەکەت
ئەمان ئەی وەی دیدەم سەبری
قەستەم بە زولفی چین‌چینت
بە باغچەی دەورە ، پەرژینت
نەخۆش بووی هاتمە سەرینت
لەبەر ، بەدکار ، نەمکرد شینت .
ئەمان سەبری ...

## چی بکەم نیمە چارە

ئەرێ ( ئەو باڵا بەرزەی ئەو تێل بەسەرە )
ئەرێ ( ئەمنی کوشتووە ، خۆی بێخەبەرە )
ئەرێ ( رۆح و ئیمانم ، ئەو ڕەش ئەسمەرە )
« چی بکەم نیمە چارە »
« دڵ عاشقە و برینداره »
« کەس ناناسم لەو شارە »
« یاری خۆمەو لێم بێزارە »
خۆزگە لەو دنیایەدا حاسڵ بایە مرادم
چەند جەفام لە دووت کێشا ، عاقیبەت ڕەنج بە بادم

« چی بکەم نیمە چارە »

عەنتیکەو زێندەلاوە
چۆنی لێ بکەم سڵاوە
سنگی پەنیری کوردی
زوڵفی گیا بەندو خاوە
کەڵەکەی چەپم کونە
لێو ئاڵ بە مست لێیداوە
کچێ ئەگر نەبی بەیارم
خودا حافیز ، ماڵئاوا ..
غەریب ماوم لە بەغدایە
بەژنت چڵە بیزایە
دەڵێم بمدەیە ماچێ
بەژنت چڵە بیزایە
لەوەتا ئەو ژنەم دیوە
هیچ کەسم وە بیرنایە
داوم کەوتووەتە داوی
قەتقەت کۆتایی نایە
چی بکەم نیمە چارە
ئەرێ قوربان کۆچەکەی
ئەی وەی ( ئەحمەد ئاوا ) ت بم
ئەرێ ( باوەشو مندالی ،
جوانێ کۆرپەی ساوات ) بم
ئەرێ ( لە خەوام تەلەبە ،
هەر من خۆم بە زاوات بم
چی بکەم نیمە چارە

## راستی راستی

دەسماڵ حەریری دووبەر
مێردت کرد ، خۆڵم وەسەر

ئەگەر حەز دەکەی نەمرم
کچێ بم شێلە ، ڕەش ئەسمەر

ڕاستی ، ڕاستی ، ڕاستی
من ئەمام بۆ چاوی مەستی
بۆ خۆم دەچمە سەرینی
چوون نەجیبە درەنگ هەڵدەستی
بە چیم زانی یار خۆمڕێ
بە خرینگەی بازنەی دەستی

دەسماڵ حەریری سادە
روو بەندت بۆ من لادە
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم
بمشێلە حاجی زادە
نەخۆش و سەرگەردانم
بەو پەشمینەی پیم دادە
کراسەکەت شمیرکەتی
کەوشەکەت کاڵۆزادە
ڕاستی ، ڕاستی ، . . .
دەسماڵ حەریری سوورە
قەدی دەڵێی بللوورە
قە دەکا بە زاری
دەڵێی سازو سەمتوورە
بۆچی نایەتە کەوان
کافەو لە خەوا بە دوورە
ڕاستی ، ڕاستی ، . . .
نەعەیبەو نەشکۆیە
مەمکەکەت ( نارنجی کۆیە ) !

سنـگت باخـی شنۆیـه
کوڵمـەت گوڵـی لیمـۆیه
خـەڵکـی شێتـی ( جندیانن )
ئەو دڵـەی مـن شێتی تۆیه
ڕاسـتی ، ڕاسـتی ، ...

بـەو خودایەی بـێ مـەکانـه
من غـەریبـم لـێره کانـه
دەڵێـم بمـدەیه ماچـێ
بـه دزیو بـه مەحرەمانـه
ئەو دڵـەم بـۆی سـەرگەردانه
( ئامینێـم ) لـه بۆکانـه
دەڵێـم ئاورت تـێ بـەردام
به ینـەللازێـده جوانـه
ڕاسـتی ، ڕاسـتی ، ...

## لای لای سووره گوڵ ـ ٣ ـ

ڕێگاکـەم دووره ( وەی وەی ) مەنزڵـم کوێستانه
شەو به سـەر دادێ ( ئامین گیان ) خـەم لێم میوانه
له سوێی بالآی تۆ ( ئامین گیـان ) دڵ سەرگەردانه

لای لای سوورەگوڵ ( لای لای ) چۆنت ڕاژێنـم ؟
چـۆنت ڕاژێنـم ، ؟ ڕات نەچـڵەکێنـم
ئیعجـازەم بـده سـەر پەنجەم بێنم

خەڵکـی خەم دەکڕێ ، مـن خەم دەفرۆشـم
هەر وەك سـەماوەر ، لـه کوڵ و له جۆشم

بمدەیە ماچێك دێت فەرامۆشم *

لە دووری باڵات بووم پەڕەوازە
خەمبارت کردم زۆر بێ ئەندازە
بەقات پێ ناکەم کچ بێ مەجازە
عەشقی ئامین بووم چاوی وەك بازە

لە نێو سابلاخدا ، بوورجێك دیارە
بەقەد ئەو بورجە ( لاولاوگیان ) خەم دلم بارە
عەشقی باڵات بووم ، چارم ناچارە

چ خودا بەرداره ، غەرقم کەی لەخەم
مەیلم بدەیە ، یان زۆر و یان کەم
خاڵی سەرلێوت ، من دەگرم بە دەم

ئەو ماڵەی هەمە نەزری ئەڵلابێ
بە شەرت کۆچەکەت ، بەرەو دوابێ
با هەر قەوم و خوێش باناڕەزابێ
لای لای سوورەگوڵ .....

## ئایشیلێ ناسکە جوانی

بەو خودایەی بێ مەکانە
غەریبم لێرەکانە ....
ئاوری لە من بەرداوە

* ئەم گۆرانییە و زۆر هەوای میللی و فۆلکلۆری بۆ کێشی هۆنراوە ... گونجاندنی لەگەڵ ڕیتومی هەواکەدا بە ووشەی ( گیانە ) ( توخوا ) ( وەی وەی ) ( ئامین گیان ) ( شۆڕامین ) ( شیرینێ ) و زۆری تر .. درێژ ئەکرێتەوە .. لێرەدا هۆنراوەکان وەك خۆی بنووسینەوە چاکترە ... گۆرانیی بێژ ئەتوانی ... هاوتاو هاوشانی بۆ دابنێ .

ئامینێــــم زێــنده جــــوانه
ئەو دڵــــەم بەحــــری غەمانه
ئاوری لـــــە مــــن بـــەرداوه
ســـەر تۆپـــی کـوردســـتانـــه
وەی دەڵێـــم بمـــدەیه ماچێ
بـــه دزی و بـــــه مەحـرەمانـــه

ئایشیلێم ناســکه جـوانـێ
مەیـلی جـــارانت کـوانـــێ
گرتم دووماچـــم لــێ کـرد
لـــــه ڕاســـتەی خەیابانـــی
پێــم ووت دەستم ده ئەستۆی بکه
پیربووی ئـــەو مەکـرەی دانیـــێ

خــۆزگه لەو دنیـایەدا حاســڵ بوایه مرادم
چەند جەفام لە دووی کێشا ، عاقیبەت ڕەنج بەبادم
له دنیا خۆشیم نەدی ، لێـــم یەقینــه و ئازادم
چی بکەم یاری سەنگەسەر ، ئەلعان کەوتووه یادم
مه گەر شێخانی شەمزین ، جارجار بێن به فریادم
چەند شـــاری عەزیم گەڕام ،
عێـراق‌و ڕۆم و ( ئەڵمـــان ) !!
نەمدی جوانێك وەکـــوو تۆ
چـــاوباز و ئـــەبرۆ کـــەوان
بـــه قوربانی باڵات بـــێ
چوار پارچه مۆلکـــی ســـەیدان
قـــــەڵادزێ‌و ســـندۆڵان
ســـەنگەســـەر و بنـگـردان
ئەو دڵــەم بۆت شێت‌و شـەیدایه

بۆت مردم کچێ ئامین گیان
خزمینە مەمکەن لۆمە
ئامینێم زێدە جوانە
سەر تۆپی کوردستانە
ئەو دلەم بۆی سەرگەردانە
... لە ئێرانە
ئاوری لە من بەرداوە
بە ملیۆنی هەرزانە
ئاوری لە، من بەرداوە
تەسکە لێم زێدە جوانە
هەی دەلێم بمدەیە ماچێ
بە دزی و بەمەحرەمانە
خەمخۆر وخۆنی سیرینم ـ ٢ ـ

## خەمخۆروخوێن شیرنیم ٢

* خەمخۆرو حوێن شیرینم
خوێناو دێ لە برینم
یارە بێ بەخێر بێتەوە
یاری ڕەزا شیرینم
هێشتا لەسەر لانك بوو
عاشقی چاوی ئامینم
دە وەرە ، دەستم دەستۆکە
با سارێژ بێ برینم
تەمەننا دەکەم لە خودا
یارەبی مەرگت نەبینم

* بە هارەی دەلێی هەورە
بە گرمەی دەلێی بایە
نەخۆشم بۆ ( لێونال ) ێ

لە بۆ لەنجەی توبایە
لەوەتەی ئامینم دیوە
هیچ کەسم وە بیر نایە
خزمینە مەمکەن لۆمە
ئەو دلەم شێتو شەیدایە
جووتێ چاوی بەلەك و
زولفی هەودا هەودایە
* چەند قەزاو لیوا گەڕام
سەرپاکی ( مەروێ ) و ( پشدەر )
بو تۆ مردم ڕەش ئەسمەر
تیرێکت لە جەرگمدا
لە دلم بووە کاریگەر
ئاورت لە من بەرداوە
مەمکی چەپەت وەك گەوهەر
هەی دەلێم بمدەیە ماچێ
بۆ تۆ مردم ڕەش ئەسمەر
( وەی ) سەعات لە هەشت و حەوت
دیمو چاوم پێی کەوت
گرتم بە ( زولفی ) مدا کرد
عەتری حەفتاو حەوت
گرتم دوو ماچم لێ سەند
دایکی زانی ڕەدوم کەوت (١)
جا خودا بەوە ڕوحمی کرد
سەرسێکی دا و کەوت
گەر بهاتباو نەکەوتبا
سەد دارم پێ دەکەوت

(١) رێم کەوت

# ( ئامینێم سووره گوڵ ٢ )

❋ ئەوا من مردم خۆتان سەلامەت
دایدار بەخێر بن هەتا قیامەت
داوم کەوتۆتە داوی من نام بێ ( نەجات ) !
ئامینێم سوورە گوڵ ( ئاخ ) بەلەنجەو لاری
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
کارخانەی قەندو ( برنووی سەواری ) (١)
بە تالآن کەوتیە ناو کوردەواری
بەینەو بەینەللآ لە قولەی خەساری

❋ یارەبی کەس وەك من شەو غەریب نەبێ
دڵ بریندار و بێ تەبیب نەبێ
لە دنیای رۆشن بێ نسیب نەبێ
❋ لە دووری بالآت بووم پەرەوازە
غەمبارت کردم زۆر بێ ئەندازە
بەقات پێ ناکەم ژن بێ مەجازە
عەشقی ئامینێم بووم چاوی وەك بازە
عاشقی لێو ئالم لە ( کانی نیازە )
عاشقی مریەمم یەکجار بە نازە .
❋ گلەیی دەکەم بە لای خوداوە
دەروازەی مەینەت بۆچ ؟ بۆ من کراوە
ئاوری تێ بەردام ئەو بەلەك چاوە
رۆح وەللآهی گیان لە لام نەماوە
جووتێ مەمکانی ، شەمامەی ( ساوا ) !

(١) برنووی سەواری : جۆرە تفەنگێکە .

# هەی بێ دەبڵێن بێ

❋ هەی بێ دەبڵێن بێ ، یارم لە نیوەی شەودا
قەبری مردووت لێو ئاڵ ، پێم بڵێ مەیلت بە کێدا ؟
ئەو دەردەی من دە کوژێ تۆی لە باخەڵ « گوڵە سەی »دا

❋ ( عەنتیکە و زێدەڵاوە ــ . . . ) نووسراوەتەوە

❋ ( عەنتیکە و زێدە جوانە ــ . . . ) نووسراوەتەوە

❋ ڕەبی ( ڕانیە ) ئاوا بێ
ئاوەکەی سارد و سڕووکە
عاشقی مریەم چاوجوان بووم
هەر دەڵێی تازە بووکە
قیمەت گران و وەزن سووکە
وەك ئەشرەفی بچووکە
خزمینە مەمکەن نۆمە
سافە دەڵێی ( مێکووکە )

# سێگا ( باران بارانە )

ڕێگاکەم دوورە مەنزڵم کوێستانە
شەو بە سەردا دێ خەم لێم مەمانە
ئەو دڵەم لە تاوی ماڵات
یاڕەب ماڵی باوکت بێ و یرانە
ڕەحمێ بکە بە حاڵم ماڵ بێ کابانە
باران بارانە ، هەورو بارانە
یار خودا حافیز دەست لێك بەر دانە
بمدەبە ماچێك بە مەحرمانە
کەم بێ و کەم بچۆ کەم بکە لارە

خۆت مەدە لە تیغ من لە سێدارە
ئەو دڵەم لە تاوی باڵات خۆ بێقەرارە
چی بکەم با بمرم چارم ناچارە
نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم
حەقم بە دەستە ئامین تا ڕۆژ بناڵم
ئەو دڵەم لە حەسرەت ، بۆ تۆ عەوداڵم
ئاورت لە من بەرداوە ، من تەنیا باڵم
باران بارانە . . .

## لەنگەر

* هەلم بگرن ، لەنگەر لەنگەر ـ چاو کەژاڵ
  بم بەنە ، ماڵی باب نۆکەر ـ روو بەخاڵ
  شینم بۆ بکەن ، دانەی گەوهەر ـ ڕوو بەخاڵ

ئەمان چاو کەژاڵ
نەمری ڕوو بەخاڵ
( کچێ ) ـ چەندی لێ جوانە
( یار ) ـ باوەش و منداڵ

* توو بی ، تو سورەی وەل فەجری ـ چاوکە ژاڵ
  وەختێ دەمبەن بۆ گوێی قەبری ـ ڕوو بەخاڵ
  ساتێ لە من بگرن سەبری ـ چاوکە ژاڵ
  بزانن لێو ئاڵ چۆن بۆم دەگری ـ چاوکە ژاڵ

* سوێندم خوار دووە ناچمە حەجێ ـ چاوکە ژاڵ
  حەجم بۆ بێتە نێو لەجێ ـ ڕووبەخاڵ
  تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ ـ چاو کەژاڵ
* قەسەم بە ڕەحمانو ڕەحیم ـ چاو کەژاڵ

تا لـــەو دنیـــــایە دەژیـم ــ ڕووبەخاڵ
ناتیم مـــــەیلی یاری قـەدیـم ــ چاو کەژاڵ

* مولکی[1] ( سابلاخ ) و ( لاچین ) ی ــ چاو کەژاڵ
دەیدەم لــە ڕێی پێـــــکەنینی ــ ڕووبەخاڵ

* تاقـــە گـولی ســارای چینی ــ چاو کەژاڵ
دەیدەم لـــــە ڕێی بێــکەنینی ــ ڕووبەخاڵ

* ( چاوم بە چاوەکاڵەکەت )٠٠ لە زۆر جێ‌تی‌تردا نوسراوەتەوە

## مەستم مەستم

( گیـانە ) یا جوابێ بــە خێر یا دڵ‌بیـام کـــە
بەس ، دەســتەو دامێـن شـێخو مـەلام کـە
مەستم مـەسـتم مەستم ، مەستم بۆمەستی چاوی
کوشتوومی زەردەی لێـوی ، کوشتومی زولفی خاوی
بشتین شـلو مـل هەسـتە بەیانـــە
هەتا بێـــك دەگەین ئاخـیر زەمانـــە
هەســـتە لـە خـەوێ ، بزانە چیم دەوی
لــە زولفـی تەڕت دوو ماچـــم دەوێ
مەســتم مەستم مەستم ، مەستم بۆ مەستی چاوی
کوشتمی قەدی باریکـی ، ئامان ئەگریجەی خاوی
یا سولتـــان هـــاوار ماڵ بـــە بەرزەوە
بابەکـــــەی بمرێ بە دەم لــــەرزەوە
مەستم مەستم مەســتم ، مەستم بـۆ مەستی چـاوی
ئامان شیرین زبانی ، کوشتمی ئەگریجـەی خـاوی

---

* پێك‌دەبڕێن ٠
(١) مۆلك : زەوی‌وزار ٠

## هەرتۆم دەوێ تۆ ـ ٢ ـ

* ئەورۆ بەهارە ( گیـــانە ) گوڵ دەبێ پەیدا
گوڵ لە عەشقی گوڵ شێت دەبن شـــەیدا
سـەرتا بـە پـا زێڕ بێ
پڕ دەشتی باژێڕ بـێ
هەمووی چـاو بگێـڕێ
هەرتـۆم دەوێ ، تـۆ

* باوانەکـەی بابی مـن مەڕ دۆشی جـاران
تۆ ناگـۆوڕمـەوە بـە خەڵقـی تاران ،
ئـەی وەی کـــەوی نزاران ٠٠٠

* باوانەکـــەی بابم ، هێــزو هــەناوم
لـە دووری باڵات ، کوێر بووم ، نابنیێ چاوم

* بابچینـە سـەیران فەسـڵی بەهـارە
خونچـان دەپشـکوێ ، بولبول خومارە
گیـــانە دڵ ئینـتیزارە ٠٠٠

* بچینـە سـەیران ، شـیرین وەنەوشـە
چـوون یارم ابێ خۆشـە ٠٠٠٠٠٠٠

* چ خودا هـەڵ دەگرێ غەرقـم کەی لە خەم
مەیـلم بدەیـە ، یان زۆر و یان کـــەم

## یار ئەمان

* دەسماڵ حـەریری سـوورە ـ ئەی هـاوار
قەدی دەڵـــێ‌ی بلـوورە ـ
هیـچ رۆحـم پێ ناکا ٠٠٠
کافرەو لـــە خـوا بەدوورە ـ

قسه دەکـــا بـەزاری
دەلـــێی ســـازو سەمتوورە
ئەی ئەمان ، یار ئەمان ، ئاخ گوڵ ئەمان ، ئافری زەمانـە

* دەســماڵ حـــەریری ئابی ـ ئەی هاوار
عـــەمرو چاوەکـــــەم ڕابی
دەبڕۆ بابـــانت شـــێوێ ـ شۆڕەژن
زووم زانی بۆ مـــن نابـــی
ئەی ئەمان ، یار ئەمان ، ئاخ گوڵ ئەمان ، ئاخری زەمانە

* مەقام ( ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ )
چاوت ئەستێرەی شـــەوێ ـ ئەی هـــاوار
کولمـــەت دەندوکی کـــەوێ
باسکت بوم بکە بە ســـەرین
بە جووت خەومان لێ بکەوێ

* دەسماڵ حـــەریری ســـادە ـ ئەی هـــاوار
نەعەیبـــە و نـــە ئیـــرادە
یم کوژە بەو شەرت جوانێ
ڕووبەندت بۆ مـــن لادە
ئەی ئەمان ، یار ئەمـــان

* لە سەر پردێ گرتیان لەنگـــەر
دەستێ نیزامی خۆڵ بەســـەر
لنگیان دامێ دەستەو خەنجـــەر
بۆ تۆ نەمـــام ڕەش ئـــەسمەر
ئەی ئەمـــان ، یار ئەمان

* سنـــگ بە فری کەلی خانـــە ـ ئەی هـــاوار
یارم دەلـــێی جـــەیرانــــــە
نەخـــۆشـــم بۆ لێو ئالـــێ

دەلـێی خەرمانی گوڵانــە
ئەی ئەمـان ، یار ئەمان

* بەفری بـە بای باریـوی
وەك سـووره‌گوڵ خەملێوی
لـە دوێنێیەوە نەم دیـوی
چـاوجوان گیـان لێی
دیاری دامهـەتیـوی
ئەی ئەمـان ، یار ئەمان

## بەرچەمخەیاتە

* یالـڵا یا سوڵتان هـاوار ــ چەند جوانی
بەرامبەر بـە بورهانـی ــ چەند جوانی
سـەیزادە ... نەمـاوە ــ ڕۆیوە لە ( سەهۆڵانی )
ئاخ ، ئاخ ، هات بەڵەنجـە
ڕۆی بـە پەنجـە
زێـڕو گـەنجـە

پەرچـەم خـەیاتـە
ڕۆحـم لـە لاتـە
دڵ بـە تـەماتـە

* عەنتێـکەو زێـدە لاوە ــ
چـۆنی لێم بکـەم سلاوە
ئاوری لـە مـن بەرداوە
بۆچی لـە مـن تـۆراوە

* ئەو شۆکـە ، شـەو زستانە ــ چەند جوانی
بە فران گـرتی کـۆڵانـە ــ
دەردی مـن بێ دەرمانـە ــ

* کەی دانیشین دوو بە دوو ــ ؟ چەند جوانی

کـــەردنت زەردە وەك بڕنوو
مەمکت خڕە وەك هـولوو
رۆیی و لــە دەستم دەرچوو

❋ ئەسیرو سـەرگەردانـم ــ چەند جوانی
بەدبـەخت و مـال و یرانـم
بۆچـی لــــە مـن ناپرسی
کورتـێ خـەڵـکی بۆکانم

❋ چەند جوان و ڕەش ئەسمەری ــ چەند جوانی
چـــاوباز و برۆ ســـەقەری
خەڵکـی وولاتی پشـدەری

❋ بەدەرکیـــــا ڕابوردم ــ چەند جوانی
دایکی بـە رۆکـی گرتـم
( توران ) بوو رێی لێ گرتم
بۆ کـراسی ( دایـدڕە مردم )

❋ سنـگت باخـی شـێخانـە ــ چەند جوانی
لـــە نزیك ( گڵـۆڵانـــە )
چی بکـــەم ، پارێزی بەرمێ
شـــەو دێزی باخـەوانـــە

❋ بریا هـــەر نەمدیبایـــە ــ چەند جوانی
دیبام ، بم‌ناسی بایـــــە
ناسـیم یاری خـۆم‌بایـــە
ســـبوورەگولەم بە تەنیایە

❋ دەردت لـە مالم ( نوسرەت ) ــ چەند جوانی
بۆ تۆ نەمـــاوم ( عیسمەت )
جوانی وەك مایشیی بەلـــەك
بەزەیی پێم دانایـــــەت

منم غەریب و بەدبەخت

* شیرینە دەڵێی کشمیشە ـ چەند جوانی
ماڵ لە سەروو ( قامیشە )
لە بۆ ( توران ) ێ دەکرم
کراسی ( فەرموو دانیشە )

## ( تۆبە تۆبە )

* ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی
بە کلەو دەرمان ، دەیان ڕەنگێنی
ڕۆژ نی‌یە مردووم لێ نەمرێنی
بۆچ لێنم زیزی و نام دوێنێ

تۆبە تۆبە ، تۆبە تۆبە
تۆبەی ، مەرگمە
یاری من تورانە
کزەی جەرگمە

* چاوت ڕەشە لە گەڵ برۆت
بەو خاڵانەی دەوری لیمۆت
دایکت ماچ کەم ؟ یانابۆ خۆت

* گەڕەکی ( خرێ ) ئەم بەر ، ئەوبەر
ئاوی گونجێی وەکوو کەوسەر
لە بۆ تۆ نەمام ڕەش ئەسمەر
وەختە لە دین بچمە دەر

* لە سەر چی زیزی کچێ گیانە
بۆ تۆ مردم وەی ماڵ ویران
ڕۆحی منت بێ بەقوربان
دڵە ئەسیرو سەرگەردان
یاری من ، ماڵ لە ئێران

بۆ تۆ مردم ماڵ وێران
* غەمی خۆمە و دەردی دوان
ڕەنگ زەردی تۆم وەك مردوان
بەقامەکە بە کچەتیوان
* ئەی ڕەندی ماڵم ڕەندی
کچێ سنگت کارخانەی قەندی
ماشەڵڵا ڕەندو مەندی
لەسەر چیم لێ دڵمەندی ؟
داوای ماچێکم لێ کرد
دایمێ بەڕەندو مەندی
* سلیمانیم شاری کۆنە
لەوێ دەخوێنن سەقرو سۆنە
داخۆ یارم حالی چۆنە ؟
وەکوو ریحانەی بە بۆنە

## ( نەمدیوە و نەمدیوە )

* نەمدیوەو نەمدیوە
برینم ئەو دیوە و دیوە
ئەرێ رەحمەت لەو دایکەی
گیانە تۆی بۆ من دیوە
« نەخۆشم بۆ لیۆئالێ »
وەك سووره گولێ خەملیوە
* سنگت کافەی شەمرانە
ئەو لە نیوی تارانە
لێی دەچنە سەیرانە
هەموو خەڵکی ئێرانە

ئەرێ پارێزی بەرمێ
شەودێزی باخەوانە
❋ کا دەروێشی کوێستانێ
وەرنە سەر خیابانێ
بە ( مەشغوڵ ) یان نووسیوم
لە دەفتەری بۆ کانێ
ئەرێ دەبم بە ( نیزام )
« کەس بە کارم نازانێ »

❋ بازی یانا شمقاری ؟
خاسەکەوی یا باڕی
با لەسەر تۆ بمکوژن
وەك کابرای لە بازاڕی
❋ دەچمە سەر ...
بەکژێ ماڵی ....
سەبارەت بە ( تروان ) گیان
چلدانەی دەگرمەوە
گەر مرادم حاسڵ بێ
سێ شەم ، دەگەڕێمەوە
بە سەفەر دەچمە ئێران
( توران ) دێنم و دێمەوە
❋ جەدی سەی کامل هاوار
ماڵیان ها لە ( قاقلاوە )
نەخۆشم بۆ ( توران ) گیان
بۆچی لە من تۆراوە
ئەگەر نەبی بە یارم
خودا حافیز ماڵ ئاوا

شۆخەی شۆخەی لەو باڵایە

# ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە

ئۆخەی ئۆخـەی لەو باڵایـــە
هەر دەڵێی خەڵقی بێ گەڵایـــە
ئیشتیای لـــە دانـی تەڵایـــە
چەند جوانە ، خوا ، بێ بەڵایـــە

لای لای لای لای ، چەند شۆخ و نازەنینی
یـاری ڕەزا شـــیرینی
ئە یارەبی من زووتر بمرم ، ئەمان
یا ڕەبی مـەرگـی نەبینـی

چـەندە [1] جـوان و مەزە دارە
جووت مەمکـی و یَنـەی هەنارە
بەینـەڵا بــە لەنجــەو لارە
ئاوری لـــە مــن بــەرداوە
پـێی بڵێـن بۆچـی بێنرارە ؟

لای لای لای لای ، کـەوی گـەردن بە خالی
گیان، گیان، گیان، گیان، ناسکی، وە قەد شمشالی
تەمشـــای بەژن و باڵای کـــە
مــەغزی بـــەدەنـی دیارە
لەسەر باڵای جوانێ گیـــــان
با بمــــدەن لـــە سـێدارە
شـــەرتە تاکـوو ، نەمکـوژن
دەست هەڵ گیرنیـم لـــە ویارە
شەو و ڕۆژ ، لـــەیل و نەهـــار
دڵ بـــۆوی بــێ قـــەرارە

(۱) ئەڵێ ( شۆخ ) .

لای لای لای لای ، چەند شۆخ و نازەنینی
یاری ڕەزا شیرینی

ئەی کەوی پەردەی ئەلمەلوو
کەلەگەت و خاڵ لەڕوو
برژانگ ئەلماسی دووسەر
یەك یەك لە جگەرم هەڵچوو
نە مدنعم کەن، .. لە بۆی ئاگرم تێ بەربوو
قوڕی دنیام وەسەرکەن
ڕۆی لە دەستم دەرچوو
لای لای .. ..........
کەوی پەردەی سوڵتانی
وە باڵم بە ئەستۆ جوانی
بۆ دەردی من دەرمانی
ناسکۆڵە و خونجلانی
حەی لە بەر ئەو گۆزە دەمرم
ناسکوڵ دەیەی بۆ کانی
باسکم وە ژوور سەری دە
خۆشەویستی میوانی
لای لای لای لای ، کەوی پەردەی ئەلمە لۆو
گیان، گیان، گیان، گیان، خاسەکەو لە دەستم دەرچوو
ناسکۆڵە و چەندە جوانی
پێم بلێ لە کوێ میوانی ؟
ژنی گولەی مێردانی
لە شەو ڕەوێ دەزانی
وێنەی مایینی خۆش تەعلیم
فێری تەقلە و لنگدانی

ئاورت لە من بەرداوە
زخی گولەی مێردانی
لای لای ... چەند شۆخو نازەنینی
گیان ، گیان ... چەند جوانە
سبحەینێ زوو من هەڵدەستم
عارز ، دەبم چێشتانێ
ئاوری لە من بەرداوە
ناسکۆڵ، دەردم نازانێ !
دەچم بۆ لای ( ...... ) !!
... دەکەم بۆ تارانێ

## ( دینێ مەڕۆ دینێ )

لە بەر دەرکیان بووم بە خاکا ـ    دینێ مەڕۆ دینێ
یەخەی خۆم دەدڕم سەرپاکا ـ    دینێ مەڕۆ دینێ
کابرا ، متمانەم پێ ناکا ـ    خاڵەکەی نەسرینێ
چاوو ئەبرۆت لەیەك تیرن ـ    دینێ مەڕۆ دینێ
مشلی شاهان بە تەك بیرن    دینێ مەڕۆ دینێ
ساحیبی کۆتو زنجیرن    دینێ مەڕۆ دینێ
ساقی بە خوداود بە پیغەمبەر    دینێ مەڕۆ دینێ
بە میحرابی چاوی دڵبەر    دینێ مەڕۆ دینێ
کەوتوومە گێژی ئەسکەندەر    دینێ مەڕۆ دینێ
چاوت چرای سەحرای چینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
کولمت گولی نیو پەرژینی    دینێ مەڕۆ دینێ
وەکوو من دیم کەس نەیبینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
لە بۆی وەر گەڕام لە دینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
چاوو ئەبرۆت بە تەنیایە    دینێ مەڕۆ دینێ

جەفاکێش بووم لەم دنیایە دینێ مەڕۆ دینێ
هەرچی دەڵێم بۆم خەتایە دینێ مەڕۆ دینێ
دوورمو من بیرم نایە دینێ مەڕۆ دینێ

## ( سێوە لاسوورە )

سێوە لاسوورەی زێوێ ـ مەنزەرەی بەردەپانێ
بۆی دەدەم بە گوڵو گوارە ـ حەوزە گەورەی بۆکانێ
ئاسکی دەوری شنۆیە ـ کەوی پەردەی بازیانێ

***

دەبڕۆ لە من حەرام بی ـ هەروەك شەراب لە شێخان
هیچ قەولی راستت نیە ـ غەیری درۆو تەفرە دان
جا ئەگەر قەولم دەدەیتێ ـ بە ڕاستی وەرە کەوان
دەنا بەو لەعنەتەی بی ـ کە خوا کردی لە شەیتان
روحمی خوات لە دڵ دا نیە ـ کافری بێ دین و ئیمان
شل دەبەستێ پشتێنی ـ ئەللا شیرین دەخوێنی
گوڵی مەککەو مەدینەی ـ ژاڵەی لە خوار پێنجوێنی
کەوی پەردەی ئاڵماڵوو ـ مامزی دەشتی بتوێنی
تەعەجوب دەبم ، نازێ ـ بۆچ ؟ لێم زیزەو نام دوێنی

***

سێوە لاسوورە کانی ، لە لەرەی مەمکەکانی
لەبەر گۆزە دەمرم ( نازێ ) دەی بابۆ کانی
باسکم وە ژوو سەرێ نێ ، خۆشەویستی ، میوانی
وێنەی ماینی خوش تەعلیم فێری تەقلە و لنگدانی

***

ئەللاکەجوان و ناسکە ، خوێن شیرێن دەڵێی ئاسکە
شیرینومرو پرئاو ، وەکوو ڕێواسی ناسکە
پێم ووت ئاوێزانت بم ، هەلات ئەم باسکەوباسکە

***

سێوە لاسوورەکانی ، مایینێ بەحری خەمالی
پێم ووت ئاوێزانت بم ، لە شەوڕەوێ دەزانی
ئاورت لە من بەرداوە ، ژنی گولەی مێردانی
چاوی وەستاکەی کوێربێ ، سۆلان دەکشێ پانیانی

* * *

لەبەر ئەو کچە ڕەشتالە ـ قەدی دەڵێی شمشالە
من سەرکەمە سەر ڕانت ، پیاما دە بەو دەستمالە
گەر گولە پرسی کێیە ، ڕام ژێنە بڵێ منداڵە
دیار بوو یەکجار چەقەی کرد ، بم شێلە بڵێ بێحالە
عرووسم ، جووم ، ئەرمەنیم ، دینم بۆ تۆ بەتالە

* * *

هەواوهەڵبەست ( کۆن )
گۆرانیی ( حەسەن زیرەك )

## ( دێوانە بووم )

چاوی جوانە و پرچی درێژە
ئەم شەو جێژوان سەرەو لێژە
بۆ خۆت کوشتوتم ، بمنێژە
دێوانە بووم، دێوانە بووم، من بۆو یارە دیوانە بووم
ئەو شەمع و من پەروانە بووم
چیبوو ؟ لە پڕ بێگانە بووم !
قوربانت بم ئەی بای وادە
چارشێو لەسەر یارم لادە
هەر بە وێنەی مانگی چاردە
دێوانە بووم ، دێوانە بووم
هەروا دەڕوا دەڵێی پۆڕە

گوارەی ئاڵتوون لە گوێی شۆڕە
توخـوا جوانێ دڵ مەگۆڕە
دێوانـــە بووم ، دێوانـــە بـووم
قوربانت بم بای شـــەماڵی
بێت و ئـەو هـــەورە ڕامـاڵی
وە دەرکـــەوێ خـەت و خاڵی
دێوانـــە بووم ، دێوانـــە بـووم
هەروا دەڕوا شـــیلان شیـلان
بۆ خۆی یەکـە و دۆستی چـلان
بە قامەکـــەن بە کچە تیـــوان
دێوانـــە بووم ، دێوانـــە بـووم
دێوانـــە بووم ، دێوانـــە بـووم

## ( لانەو لانت کەم )

چ خودا بەرداوە ، تۆ غەرقم کـــەی لەخـــەم
مـەیلم بدەیە یـان زۆر و یـان کـــەم
لانەو هـەی لانت کـــەم
شـانەو هەی شـانت کـەم
شـەو لـە نـــۆ حەیدا
رۆژ لـــە باخچـــەیدا
خـــودا بستێنێ حـــەقم لـــە دایـــەت
من حەورم کێشـا ، کێ نیشتە سایەت ؟
لانـــەو لانت کـــەم
شـانەو شـــانت کـــەم
یا بـە مووره جـــوانی
مـاڵ لـــە بۆکـانـی

جا ئەبێ تەمەنـــام مـــن بە باڵای لـــێ بێ
کێ بکـــرم بەیر ؟ گوڵ شێوەی تۆی لێ بێ
لانـــەو لانت کـــەم • • •
ئەو ماڵەی هەمە مـــن با نەزری ئـــەللا بێ
بە شـــەرت کۆچەکەت بـــەرەو دوا بـــێ
یالانـــەو لانت کـــەم • • •
سێجار بەو مانگـــەی خـــەرمانەی داوە
من هێشتا مەیلـــی تۆم بـــە کـــەس نەداوە
توخـــودا لێی بپرســـن بۆچی تۆراوە ؟!
« هەر مانگێ نوێ بێ مـــن حاڵم پەشێوە »
« چون هیلالی شێوەی ئەبرووی تۆی پێوە »
ــ فرزەندەی خەڵکی ، یا من چەندەم دڵپێوە
لانـــەو لانت کـــەم • • •

## ئەرێ بێنە ( هەی بێنە ) ــ ٢ ــ

ئەرێ بێنـــە بۆ مـــن بێنـــە *
ئەو گەردنـــە زەردەت بێنـــە
کابانی دەوڵەمەنـــــدی
لەی جوانە بەرهەڵ بێنـــــە
کابانـــی دەوڵـــەمەنـــدی **
مەردبـــە ، دڵەکـــەم مەشکێنە

* * *

بازی ، کـــەوی ، کـــۆتری
رۆژ لـــە رۆژێ جوان تری
دەبا لـــە ســـێدارەم دەن
با بمـــرم لـــە خاتـــری

* * *

کەوی یا نا کەو باڕی ؟
شەهێنی یا شمقاری ؟
با لە سەر تۆ بمکوژن
وەك کابرای لە بازاڕی

* * *

* ئەرێ بێنە یا هەی بێنە .

×× کابانی دوو بزنانە یا ئەڵێ ( کابانی بزنە ڕووتە ) .

کەوی پەردەی سوڵتانی
دەقاسپێنی چەند جوانی !
ئاوری لە من بەرداوە
هەی بە ملیۆنی ! هەرزانی
ئاوری لە من بەرداوە
کوشتمی خاڵی لاملانی

* * *

بازی یا نا شەهێنی ؟
سوورە قوڵنگی گەرمێنی
دەڵێم ئاوێزانت بم
خۆ تۆ سەد ملیۆن دێنی

* * *

کەوی پەردەی هەڵمالوو
بە تاق دەخوێنێ دوو ، روو
ئاوری لە من بەرداوە
کوشتمی ئاورم تێ بەربوو

* * *

## ( زارا )

هەرکێو دەبینی تەمی لەبنە
ئەوە تەمنیە هەناسەی منە
ئەرێ وەی زارا ، گیان دیدەم زارا
با بڕوا یارم بەو لەنجەو لارە ،
سوبحو ئێوارە ، ماچ قەرزدارە
شاهێدیم بۆ بدەن لە گولەی خەسارە
لە دووری بالآت بووم پەڕەوازە
غەمبارت کردم زۆر بێ ئەندازە
بەقات پێ ناکەم ژن بێ مەجازە
ئەرێ وەی زارا ......
ئەی خودایە چی بکەم بۆ تۆزێ دەرمان
بیدەم بە گولەکەت بمرێ بێئیمان
ئەرێ وەی ( زارالێ )
هەر کوێیە دەچم هەر دێمۆ ئێرە
یان یاری خۆمی یان زەینم کوێرە
ئەرێ وەی زارا .......

## ( هەلامە )

خۆشە قسەی ( گوێی بانوو )
لە دەر و ژوور دلت خۆش بێ
لێت رازی بێ کەیبانوو
هەلام هەلام هەلامە
شیرینێ دەچێتە هەلامە
وەرە لەو دەسرەی دەستت
بمرم کفنم تەمامە

بۆ تۆ نەماوم ئامــــــە
بــازی یا نــا شــــــمقاڕی
کــۆتری لـــــە سـیلەیجاڕی
با لــەســە رتۆ بمکـــوژنـ
وەك کابـــرای لـــە بازاڕی
هـــەلام . . . . . . . . .
گولەت پێی کــردم بوختــــان
بۆ تۆ دڵ بوو ســەر گــــەردان
مالـــی گولـــەت بــێ وێـران
وەرە دەســـتم دەســتۆکـــە
کورتێ گیــــان هەموو شەوان
هـــەلام . . . . . . . . .
نە درۆیـــە و نــە بوختــانــە
بەو خــودایەی بێ مـــەکانــە
دوژمــن مالـــی وێــرانـــە
ئاوری لــــــە مــن بەرداوە
ژنــی گــولەی مێــردانـــە
دە وەرە دە وەرە با جووت بـــین
تا ســـبەینێ ئــەم دەمانـــــە
هـــەلام . . . . . . . . .
هەی مالــی بابـــم کالـــێ
کەزیەت بەنــدی ڕەشـــمالـێ
سێ گەز بــە گــەزی کــوردی
باســــکم لە گەردنت ئالـــێ
پێـم عەیبــە وپێـم ئیرادە
لە بــۆت بکـــەم مالەو مالـــێ
هـــەلام . . . . . . . . .

هەی ڕەندی مالم ڕەندی
سنگت کارخانەی قەندی
بەینەللا ڕەندو مەندی
شەوێ گیانە تووشی بووم
گرتم زۆر بە دلمەندی
هەلام ........

پێم ووت گولە لێی داوی ؟
لەسەر چیم لێ دڵمەندی ؟
وەرە ، وەرە با جووت بین
سنگت کارخانەی قەندی

## ( کەومل )

شەرتە لە داخت کەشکۆل لە کۆل کەم
بڕۆ لە بەغدا بەر چاوت چۆل کەم
کەومل ، کەومل ، کەومانی
کوشتومی چاوی جوانی
لەنێو سابلاخدا بورجێک دیارە
بەقەد ئەو بورجە غەم لە دلمبارە
ڕەنگ زەردو زەعیف لێوم بەبارە
کەومل ..........

یا سولتان هاوار مال وە بەرزەوە
گولەکەت بمرێ بە دەم لەرزەوە

کەومل کەومل ، کەومانی
کوشتومی چاوی جوانی
ئەو دەردەی من دەکوژێ
ژنی گولەی مێردانی
لە سلێمان کەندی خۆم دەم بە چۆمدا
بۆ ئایشێ چاومەست لە ( بەردەزەرد ) دا

کەومل ..........
هەستە لە خەوێ بزانە چیم دەوێ
ل کەردنی زەردت دوو ماچم دەوێ
دەردی ئەمن و تۆ لە گولەکەت کەوێ
کەومل ..........

## باوابێ

* مەمکت زەردە لیمۆیە
میسلی نارنجی خۆیە
کولمت گولی لیمۆیە
لە گەڵ توران تێکەڵ بووین
تێربوون لە گفتو گۆیە
پێم ووت روحمی خێرت بێ
ئەو دڵەم بۆت ڕەنجەڕۆیە

باوا بێ باوا بێ
دەستم لە مەمکت دابێ

ئەگەر مەمکان عەزیەت کەم
سەر پەنجەم کۆڵەوار بێ

هیچ عەزیەتیان نادەم
وەی نەبا لێم تەوەللا بێ

✽ هەی مالی بابم کالێ (١)
یارەبی کەس وەك من شەو غەریب نەبێ
و دوو بارە کراوەتەوە .

دەسمالی ( شێلە ) ی ئالە
قەدی دەلێی شمشالە
عرووسم ، جووم ، ئەرمەنیم
دینم بۆوی بەتالە
خزمینە مەمکەن لۆمە
ناسك و شلك و مندالە
ئاوری لە من بەرداوە
مەمکی هەلوچەی کالە
باوابێ . . . . . . . .

هی منێ بێ بۆت دەفرۆشم
محالی ، مەروێ و پشدەر
لەسەر بالآی تۆیە گیان
لە دنیا بووم دەر بەدەر
مەمکی چەپت فنجانە
ئەوی دیکەت وەك گەوهەر
چی بکەم ئەی هاوار چی بکەم
خۆشم دەوێ ی رەش ئەسمەر
باوابێ . . . . . . . .

✽ ئەم کۆپلە هۆنراوەو گۆرانیە لە زۆر شوێن نووسراوەتەوەو دووبارە کراوەتەوە .

# ( شیرین گیان )

بۆ من لە جوملەی ( شیرین گیان ) عەبدی خودا نیم ـ شیرین گیان
مەعاتێ لە دەست ( شیرین شیرین گیان ) میحنەت ڕەهانیم ـ
هەستە لە خەوێ ( شیرین گیان ) بزانە چیم دەوێ ـ شیرین گیان
لە گەردنی زەردت ( شیرین گیان ) دوو ماچم دەوێ ـ شیرین گیان
دڵ گرووی گرتووە ( شیرین گیان ) بۆ من ناسرەوێ ـ شیرین گیان
« وەی شیرین شیرین ، شیرین شیرین ، شیرین شیرین، شیرین گیان»
« ڕۆحی ڕەوانم ، شیرین گیان »
گیانم ، شیرین گیان »
« ماڵ بێ کابانم ، شیرین گیان »
شەرتە گلەیی بێ ( شیرین گیان بە لای خوداوە ـ شیرین گیان
دەروازەی مەنیەت ( شیرین گیان ) بۆ من کراوە ـ شیرین گیان
ئاوری تێ بەردام ( شیرین گیان ) ئەو جووتە چاوە ـ شیرین گیان

# ( دەنگ دێ لە شیلانەکەی )

با دانیشین دوو بە دوو
کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو
بەژنت نەمامی سنجوو
وەی لە باغێکم لێ هەڵچوو
خزمینە مەمکەن لۆمە
بۆ یار ئاورم تێ بەربووە
ئاوری لە من بەرداوە
مەمکی خڕە وەک هەلوو
دەنگ دێ لە شیلانەکەی

بابچینه گوێی بانەکەی
بانگەینە کچە جوانەکەی
بێتەوە لە نێو ڕانەکەی
بەو شەوی بارانەکەی
داخزێ بۆ هەیوانەکەی
ماچ کەین سەر کوڵمانەکەی
با کوێربێ جیرانەکەی
* بە • • • • •

وەی عەنتیکە و مەزەدار
شۆخ و شەنگ و گوێ بەگوار
بۆ تۆ مردم خان عوزار
شۆخ و شەنگ و گوێ بەگوار
بۆ تۆ مردم بووکی پار
زیادە لە عەبدی خوا
شووی کرد بە گولەی شەرمەزار
(نەخۆش) م بۆ توران گیان
وەی لە بۆ سەیزادە عوزار
دەرد و دەرمانم • • • • •
سنگت گەیە بە راپێت
لە بەر بابت ناوێری
بۆیە گلەیی ناکەم لێت
شێت و شەیدام، دێوانە
بۆت کەوتمە کێوی وەك شێت
بەوەڵلا تاکو مردت
من هەر (هەویام) وا پێت

دەنگ دێ • • • • • • •

* دەردو دەرمانم کاڵی
کەزیەت بەندی ڕەشماڵی

* * *

## ( باخەوان خۆم غەریبم )

شەو هەڵات و ڕۆژ هەڵهات
دای لە پردی ( مەهاباد ) !
بۆ تۆ نەماوم توران گیان
گەردن قورینگ و لێونەبات
تۆ بە قسەی بابت نەکەی
ئەو ڕەنجەم نە دەی ( بەباد ) !
توران بۆ خۆت قەولت دا
مانگی تازە لە نوێ هات

* * *

باغەوان گیان من غەریبم
ڕێگای باخت لە کوێیە ؟!
عەشقی چاوی ( توران ) م
ماڵیان لە سەر ( خڕێ ) یە

* * *

هەر دەکەم باسی توران
لە عێراق و لە ئێران

---

* لە زۆر جێی تردا دووبارە کراوەتەوە ئەم کۆپلە هۆنراوەیە لە گۆرانییەکانی ( زیرەك ) دا

جوانێ ڕەحمی خێرت بێ
ئەو شەوانم !! کچی هەڵگرت
بردم بۆ سیلەی قەبران
پێم ووت دەستم ( دەئەستۆکە ) *
تورانێ ، مەردو مەردان
مالیان لە سەر ( خڕێ ) یە
نزیکە بە خەیابان
* دەستمدەستۆکە .

* * *

باخەوان گیان من غەریبم
ڕێگای باخت هەورازە
عەشقی چاوی ( توران ) بووم
قەد بڵندە و بێ مەجازە

* * *

سەرتۆپی کوردستانی
وە بالت بە ئەستۆم جوانی
شەوێ لە نیوەی شەودا
بۆ خۆم بووم بەمیسوانی
ئەوجارە ئەمن چی بکەم ؟
بابی عەیار پێی زانی
ئاوری لە من بەرداوە
بە ملیۆنێ هەرزانی

* * *

باخەوان گیان خۆم غەریبم
ڕێگای باخت بە کوێدا ؟
عاشقی چاوی کەژال بووم

هاوار لەو ( شارەدێ ) دا

***

هاتم لە لای ( نەلێن ) ێ
جەرگم خوێن دەدەلێنی
نەخۆشم بۆ ، کەژالێ
لێم زیزەو نامدوێنێ
پێم وون دەستم دەستۆکە
بە ( ڕۆ )و بە ( سبە )و بە (دوێنێ) !

***

بەخەوان گیان من غەریبم
ڕێگای باخت هەورازە
عەشقی چاوی کەژاڵ بووم
زۆر جوان و زۆر مومتازە

***

بە غەوسی لە بەغدایە
بەو دەردی لەدڵمدایە !
بەوەی بادی هەوایە
زولفی هەودا هەودایە
نەخۆشم بۆ توران چاوجوان
خوشکە گەورەی ( تووبا ) یە
لەوەتا کە نەم دیوە
هیچ کەسم وە بیرنایە

***

عەتییەکەو زێدە لاوە
دوورە لێی بکەم سلاوە
لە پشتێنی بەرە ژوور
وەك شەمامە ، ڕنکاوە
کراس مەخمەر ، دارابی

بـــه باڵاکـــــەی بڕاوە
نـــە کـورتـە و نـە درێـــژە
لـــەسەر ( پانیـە ) ی وەستاوە
*** 
پـووزی وەك کـــری سـپی
پاوانــــەی تـێ کـــراوە
لـــەبەر ئـــەو دایکـەت ئەمرم
مەمکـــی ســـــەر زارت ناوە
توران دەســـتم دەسـتۆبکـــە
مـــارەت لـە مـــن بـــراوە

## کاروانە هەی کاروانە

هـــاتم لـــە لای ( نەلێـــن ) ێ
جـــەرگـم خوێن دە دەڵێنـــێ
غـــەوس لـــە منت نـەستێنێ
. . . . . . . .
بەژنت کـــاری . . . . .
حـــەوت جـارم خۆ پێ گـرتووە
سێ قامەك کـــورتی دێنـــێ
کاروانـــە هـــەی کاروانـە
کاروانـــەی لێـــرە و لـــەوێ
باســـکم بۆ بکـــە بەســەرین
بە جـووت خەومان لێ بکـەوێ
لــە من و لە گوڵەکـەی مێـردت
کامـمانت زۆر خـــۆش دەوێ ؟!
*** 
چەندە هێـــدی لە ســەر خـــۆی
وەك قـــــەندی کلۆ کلـــۆی

وەکـوو برنجـی عەنبـەربۆی

❋ ❋ ❋

شـیرینی وەکـوو گـەزۆی
پێی بلێ بـە گولەکەی سەگباب
« کنگرو ماست بە وەعـدەی خۆی » (١)

❋ ❋ ❋

کاروانە هەی کـاروانـــە
لـــە چۆمـی مەجیدخـانـە
لێـو ئاڵیـم لـە بۆکانـــە
دەڵێـم بمـدەیە ماچـێ
بـە دزیو بـــە مەحـرەمانـە
چەندێکـم بەسـەر هاتووە
ئـەوە دەردی تورانـــە

❋ ❋ ❋

لـەبـەر ئـەو ژنە ڕەشتاڵـە
قـەدی دەلـەی شمشـاڵە ×
چـاوت ئـەستێرەی شـەوێ
کـولمت دەنـدوکی کـەوێ
دەوەرە لێو ئاڵ باجـووت بـین
بـە کراس ( چیتی مەسکەوێ ) !
دە وەرە مەردو مەردانـــە
دوو ماچم لـــە تۆ دەوێ
کاروانـە هـەی کاروانـــە

---

(١) حەسەن زیرەك ئەڵێ ( کنگروماست بەوەختی خـۆی )

× ئەم کۆپلەیە لەزۆر گۆرانیی تری حەسەنزیرەكدا هەیە .

کاروانـــەی شـــاری بانـــە
سەرنەکەوت لـەو کەلیخانـــە
پێم ووت دەسـتم دەسـتۆکـــە
لێـو ئاڵ مـــەردو مەردانـــە
ئاوری لــــە مـــن بـــەرداوە
ڕووی ئـــەو ڕووناك چاوجوانـــە

بـــەو خودایـــەی بێ مـــەکانە
غـــــەریبم لێرەکانـــــە ×

## وەرە وەرە

## بەر پەنجەرە

✻ بە کراسی چیتی والـــــــە
قەدی دەلێی شمشالـــــــە
عرووسم ، جـووم ، ئەرمەنیم
دینم بـۆ تـۆ بـەتاڵـــە

وەرە وەرە بـــەر پەنجـــەرە
گـڵـگـــــلە داری
داکـێ منت بـــە قوربان بێ
ئــــەی مــــەزە داری

✻ کـراسی چیتی نـەمسـەیـە
ئـەو کچـــە جیرانـی مەیـە
بۆ خۆی زۆر شـۆخ وشەنگە
مێردە گولەی دەلێی ( سە ) یە
وەرە وەرە بـەر پەنجـــەرە

× ئەم کۆپلە هۆنراوەیەش لـە زۆر گۆرانیی تردا هاتووەو نوسیومە

کێلگێله داریّ
بەسەر گەردی باڵاکەت بم
بۆم وەرە حەواریّ

✽ بە کراسی چیتی کرێشە
گەردنی وەکوو وەنەوشە
بەلەنجە هاتە خواریّ
تۆپی زێڕی لە کەوشە
ئاوری لە من بەرداوە
مەزەدار و ڕوو خۆشە
✽ ✽ ✽
✽ بە کراس حەریری سوورە
قەدی دەڵێی بللورە
لە گوڵەی مێردت مەترسە
ئەمجا بۆم وەرە ژوورە
✽ ✽ ✽

## دینیٚ مەرۆ دینیٚ – ٢ –

قەسەم بە دوو چاوی مەستت – دینیٚ مەرۆ دینیٚ
بە جووتێ ئەبرۆی پەیوەستت – دینیٚ مەڕۆ دینیٚ
دەبمە بازن لە بۆ دەستت – خاڵەکەی نەسرینیٚ
قەسەم بە دووچاوی جوانت – دینیٚ مەڕۆ دینیٚ
بە دوو برۆی مشلی کەوانت – دینیٚ مەڕۆ دینیٚ
خۆم دەبمە قۆچی قوربانت – بەهلەبەر ئامینیٚ
دەبمە شانە بۆ پەرچەمت – دینیٚ مەڕۆ دینیٚ
خاڵی جوانی دەورەی دەمت – دینیٚ مەڕۆ دینیٚ

✽ ئەم کۆپلەیە کۆپلەیەکیتری بە تورکی ووتوە

من دەبمە شەریکی خەمت ـ بەهلەبەر ئامینێ
قەسەم بە بالای لاولاوت ـ دینێ مەڕۆ دینێ
بە ئەگریجەی تێک ئالاوت ـ دینێ مەڕۆ دینێ
لەبەر خەلکی نابەم ناوت ـ بەهلەبەر ئامینێ
توو بی توو ئەندامی ناسکت ـ دینێ مەڕۆ دینێ
لە خۆم بئالێنە باسکت ـ دینێ مەڕۆ دینێ
جوانە چاوی وەکوو ئاسکت ـ بەهە لەبەر ئامینێ

( مەقام )

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و یاری شیرینم نەهات
زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات

( کوردی )

کاک حەسەنی شوان

ژین ژمارە ( ٨١ ) ١٧ / ٨ / ١٩٧٢

نوسینی خوالێخۆش بوو مامۆستا

( غەفوور ڕەشید داراغا )

لێرەدا بەکورتی چەند دێڕێک لەو نووسینە ئەخەینە بەرچاو •

* لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهاندا سالی ١٩٤٢ ناوچەی سلێمانی تووشی تەنگ و چەلەمەیەکی ئابووری نالەبار بوو • خەلکەکە هەموو ڕوویان کردە کوردستانی ئەودیو ، لەوێ بە باری کەرو ولاخ گەنم و جۆ ئەهێنرا • • هەروەها مەڕو بزن بەڕان خۆی ئەکرد بەم دیودا •

ـ لەقەبزی پاییزی ئەو سالەدا ڕانەمەڕێک لەگەل شوانێکی هەرزەکاری (١) ڕووخۆشیش لە ئێوارەدا خۆی کرد بە ئاوایی چوارتادا ، خێرا جەلەبچیەکانی سلێمانی تێی ئالان و دەستیان کرد بە سەوداکردن • • • • • •
کاکەی شوانیش خۆی کوتایە کونجی چایخانەکە ، توورەکە

ئانە ڕەقەکـەی هەڵ ڕشتە بەر دەسی و بڕێك خوسـانی یەوە
ئەمجابە یەکدوو چـای شیرینەوە ماشی یەوە !! ٠
پاشان جگەرەیەکی زەلی نا بە لای لێوی یەوە ٠٠ پاش یەك
دووڕمژ لەبەر خۆیەوە بـە نەرمی کەوتە بزووتن سۆزی دەروونی
تێـکەڵ ئاوازە ناسکەکەی کـرد ، جاروبار بۆی هەڵئەستا ٠٠
خەڵکی چایخانەکە لـەم دەنگـە خـۆشە لـەم ئاوازە بە کوڵە
سەراسیمە بوون !! ٠
کاك ( ج) خـاوەنی چایخانەکـە تەکی دا بەلایەوە هەر دوو

دەستی کـردە ملی و گـەلێك دڵنـەوازی کـردو پێی ووت
تۆ خـۆت بـە ئاوارە دامەنێ کوردستان هـەر کوردستانـە
چ ئەم دیوو چە ئـەو دیو بێ ، لێرەبێ ڕێزت بە بان چـاوم (١)
کاك حەسەن شـەو لە چایخـانەکە نووست بەیانی کـــە

لەخـەو هەلسا ، چایخانەکـە کزایەوە کاك ( ج ) دەستەوارەیەك
نانی تەڕکراوی بۆ هێنا لەگەل کەمۆلەیەك سەرتوێژی ماست٠٠
لەبەر ئەوەی کاك ( ج ) زۆر حەزی بە ڕابواردن و کۆڕ گرتن
ئـەکرد ٠٠ هـەموو ئێوارەیەك حەسەنی لـە گەڵ خـۆی
ئەهێـنایەوە ماڵـەوە و پاش نان خـواردن کۆڕ گـەرم ئەبوو

(١) ئەم کاك ( ج ) خـاوەن چایخانەیە ٠٠ کاکە ( جەمیلی مەلامحمدە)
کە بە ناوبانگەبە ( جەمیلەشەل ) وئێستا حاجی یە ( حاجی جەمیل )
تا بڵێی کوڕی کۆڕ و ڕوو خۆش و بـەزم و بە زەوق بوو ٠٠٠
( ئێستا سـاڵی ١٩٧٩ ) لـە ( چواتا ) یە ٠٠٠ ئاواتـەخوازی
تەمەن دڕێژیم بۆی ٠٠ / عمشـان / ٠

* مامۆستا غەفـوور ڕەشـید داراغا لـەم شـوانە مەبەستی
( حەسەنزیرك ) وە حەسەنزیرەك سـاڵی ١٩٢٦ لە دایك بووە
تا ئەو ڕۆژگارە تەمەن ( ١٦ ) ساڵان بووە ٠٠٠

کاکەی شـوانە تێی ئەچڕیکان • بە بەسـتە دڵفڕینەکانـی گوێ گرانی سەرسام ئەکرد •

کاکەی شـوانە ماوەی مانگێـک لـە ( چوارتا ) مایـەوە هەموو شەوێ کۆڕ ئەگـیرا لەوێش جارو بار ئەیخـواردەوە و ئەیووت ( بۆیە ئەخـۆمەوە کلۆڵیو کـەساسی و نەبوونی فەرامۆش بکەم • ئەو مانگـە کاک حەسەن لـەلایەن کاک (ج)و خەڵکـەکەوە زۆر ڕێزی گیرا شـەوێک دوای ئـەم بـەزمو ڕەزم و برێک سەریشی گەرم بوو بوو بە خەڵکەکـەی ووت تا بەفر دەشتو دەرو چیاکانی نەگرتووە بابچمەوە ئەو دیو •

ئەوەبوو لەبەرە بەیاندا کاک حەسەنزیرەک کەهێشتا ئازناوی زیرەکی بـە کار نەهێنابوو تۆردوویەک نانی لـە پشت بەست بە چیاکەدا هەڵگەڕا بەرەو کوردستانی ئەودیو •

دیسانەوە کاک حەسەنی شوان

ژین ٩١ /٢٦/١٠/١٩٧٢ ـ بەپێنووسی

مامۆستا غفـور رشید داراغا

ـ ئەوە کاک ( ج ) کـە خاوەنی چایخـانە کـە بـوو لەچـوارتا ساڵی ١٩٤٢ زرتو زیندووە ، خـۆی بۆی گێڕامەوەو ووتیئەو ماوەیـە کـە حەسـەن لـە چـوارتا بوو زوربەی شـەوان کۆڕی گورانی و بەستەی گەرم ئەکرد لـە ماڵان و تەنانەت ئەشیان برد بۆ گوندەکانی دەورو بەری چوارتا بۆ نموونـە ( عەلی ئاغای کانی سـارد ) (١) و ( دەروێش ئاغای تۆڕک ) هاتنە چوارتا یەک لەدوای یەک کاک حەسەنیان لەگەڵ خـۆیان

(١) عەلیئاغای کانیسارد لەسەرەتای پەنجاکاندا بەدەستی خولـە پیزە کوژرا و ئاگری لە ماڵەکەی بەردا • ـ عشمـان ـ •

برد بۆ یەك دوو شەو بۆ كۆڕ گەرم كردن ، كاك ( ج ) ئەڵێ كاك حەسەن لەو كاتەدا نازناوی ( زیرەك ) ی پێوە نەبوو ئەم بەستانەی ئەووت ، لە كۆڕەكاندا لە چوارتا .

١ ـ ❋ هەنار هەنار هەناره
هەناری دیوی بانە
هەنگوینی شانەشانە
چی بكەم بۆ برنجی سەدری
ئەمشەو یارم میوانە

❋ ❋ ❋

٢ ـ گۆرانیی و بەستەی ئەوت بەسەر ( حەمەتاڵ ) و ( سەیعەتا ) دا كە لەو ڕۆژەدا باوبووە (١)

٣ ـ گۆرانیی و بەستەی ئەوت بە سەر سەربازی ئیجباریدا كە ئەو ڕۆژە لە ئێران ڕەزاشا نەریتی بۆ دانابوو .

یاخوا ڕەزا شا چوار كوڕت بمرێ ـ
كێ دیویە اجباری لەكورد بگرێ
سەركە سەر ڕانم ، ڕەگی حەیاتم ـ
ئەچمە اجباری هەر بە تەماتم

٤ ـ بەستە ( ئایشە لەم لە بۆكانە ) كە زۆر جا دووپاتی ئەكردەوە .

٥ ـ جارو بار گۆرانیی بارانەی ( ژمارە ٣ ، ٤ ) ی ئەووت .

❋ وەكوو چوومە ( بنجو بناوان ) ی نازناوی ( زیرەك ) لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوە بەسەریا بڕاوە ، نە باوكی وە نە باپیری نازناوی ( زیرەك ) یان نەبووە ، كەسیش نەی بیستووە كە بە كاك‌حەسەن بڵێن حەسەن زیرەك تا ساڵی ١٩٥٣ كە لە ئێستگەی بەغداد گۆرانیی و بەستەی تۆمار كردووە .

❋ ❋ ❋

# ئازارەکانی زیرەك

زین ٧٩ / ٣ / ٨ / ١٩٧٢

## (١) ـ ووتەی حەسەن زیرەك ـ

* بۆ خۆم ئەگریم کەلەم بەندیخانەیەدا بە بەرچاوی خۆتەوە لەسەر ئەوەی گۆرانیسم بۆ چەند کەسێك نەووتووە ، بە ئارەزووی دلی خۆیان تا لە گۆخستن لێیان داوم . ( ل ٣ ئازارەکانی حەسەن زیرەك ، زین ٧٩ / ٣ / ٨ / ١٩٧٢ .

* بەلێ ئازارەکانی ناو دەنگی بە سۆزی حەسەن زیرەك ئازاری هەموو هونەرمەندێکی کورد بوو ئازاری بێ کۆتایی هەموو نەتەوەی کورد بوو .

( ل ٣ زین ٧٩ ــ ٣ / ٨ / ١٩٧٢ ئازارەکانی حەسەن زیرەك ) ـ .

## (٢) ـ ووتەی حەسەن زیرەك ـ

* ئەگەرچی ووشەکانم لەپلەی نەخوێندەواری و ساکاریمە و زۆر ساکار گۆرانییەکانم ئەبیسترێن بەلام ئەوسەری نیازم هەر ئەو گرە میللییەیە کە دەروونی ئاگر تێبەرداوم و شەیدای خۆراکی جوانو شارو بست بە بستی کوردستانی کردووم و گۆرانییان پیاهەلئەدەم .

ل ٣ زین ٧٩ ــ ٣ / ٨ / ١٩٧٢

ئازارەکانی حەسەن زیرەك . محمدحمەباقی

* بەبێ سێو دوو کردنەوە لەو بڕوایە دام کە ( حەسەن زیرەك ) خاوەنی قوتابخانەیەکی هونەری میللی تایبەتییە و قوتابییانی قوتابخانەکەی ژمارەیەکی زۆرن لە هەموو ناوچەکانی کوردستانن هەن .

ل ٣ ــ هەمانسەرچاوە .

نەك هەر مامۆستایەکی ئەو قوتابخانە هونەری‌یەیە بەلکو بناغەو دانەرێتی ، پێش حەسەن زیرەك گۆرانیی میللـــی و فۆلکلۆری‌مان چیمـــان هـەبوو ؟ لـە وەراما هـــەر ناوی چەند گۆرانیی‌یەکی بێ خاوەن ئەزانین کەچی پاش‌هاتنە کایەی ( حەسەن زیرەك ) گۆرانیی میللی و هەڵپەرکێ بەلێشاو لـــەم چەندسالەی دوایی‌دا ئیستگەکانی ڕادیۆی کوردی ( بەغداد ) و ( تاران ) و ( کرماشـــان ) و ( مەهاباد ) و « سنە » و « تەورێز» پڕ کردووەتەوە ٠ ل ٣ ژین ٧٩ هەمان‌سەرچاوە

## ( بەرکولێك لەژیانی حەسەن زیرەك )

ژین ٨٩ ـ ١٩٧٢/٩/٧

( ٠٠٠٠ )

* بەلام ژیانی پڕ چەرمەسەری‌و دەردو ئازارو بەندیخانەو غەریبـی و بێ‌کەسی و بێ‌درامەتی ، تالاویان هێـنابووە سەر جەستـەی بێ هێزی ( زیرەك ) و ئەویش لـە دەریاو کوڕی ئازاری خۆی‌دا بیزووی بـە دێری هۆنراوەی پڕ ئازاری ( هـەردی و گۆرانو بێـکەس‌و هێمـن‌و پیرەمێردو ٠٠٠ هتد ) ئەکردو ژانی هـەر ئازارێکی شیعرە کانیـان کۆرپەی گۆرانیی‌یەکی تازەی لـــە ( مندالدان ) ی جەرگیا ئەهێنایە دەرەوە لەگەڵ هاتنـە دەرەوەی هەموو سۆزێکی دەروونی‌دا خـۆی ئەخـواردەوە وخـوێن لـەدلیا کز ئەبوو تا ئەهـات ، کە خۆی بۆ دەربڕینی سۆزێك هەڵ ئەووشی ، ئەیویست بە یەکجـاری خـۆی بکات بـە قوربانی نۆتەیەکـی لەرینەوەی قوڕگی کـە هـەزار ئاوازی نەخشان‌و هەزار ئاوازی میـللی !! بۆ بەجێ هێشتین ، لێشاوی

ئەم هەموو ئازارە ، زیرەکی تووشی ( شێر پەنجەی خـــوێن )
( سرطان الدم ) کرد !! [1] •

نوسینی : عثمان شارباژێری

زیرەك ڕۆیی مەردان ماوە

ژین ژمارە ( ٨٨ ) و ( ٨٩ ) و (٩٠)
٥ / ١٠ / ١٩٧٢

— ژیان قەرزێکە ، مەرگ کەی داوای کردەوە ئەیسێنێـــتەوم
— ئەوەی بێ ، ئەمرێ •
— لەهاتن بێ خەبەربووین بەڵام لە مردن خەبەردارین
— سەرەنجامی ژیان مردنە •
— زۆر زیندوو مردووە ، زۆر مردووش زیندووە ،
— ژیان لەو مردنە دایە کـــە مردووەکە کردەوەی چاكو بەرهەمی چاك لە پاش خۆی بە جێ ابهێڵێ ،
— گریمان عەلیمـــەردان مرد ، بەدەستووری فرمێسك هەڵڕشتی ئەمڕۆی کـــۆمەڵ بۆ مـــردوو ، لەوانـــەیە بەم جۆرەو لەمـــە خەستتر بۆی بلاوێننەوە •
— « مامۆستا عەلیمەردان گۆیندەیەکی لێزانو هەڵکەوتوو ، مەقام زانێکی پەردە ناس و تێگـــەیشتوو ، ئاواز دانـــەرو بەســـتە داهێنەرێکی لێ هاتوو •
زینـــدووکـــەرەوەی مەقامی ( ئەلـــلاوەیسی ، و ئای‌ئای‌و خورشیدی و خاوکەر و خەمەنگێز و قەتار ) !

(١) ( حەسەن زیرەك ) ( شێرپەنجـــەی خوێن ) ی نەبوو بەلکوو تووشی ( شێرپەنجەی جەرگ ) بوو بوو •• بڕوانە گفتوگۆکەی حەمەد ئەمین براگەورەی زیرەك • — عثمان —

ڕۆژگار ڕۆڵەیەکی مەقامزانی وەك مەردانی کورد بە خۆیەوە نابینێ ، بەڵام داخی گرانم ئەو هونەرمەندە ئەوگوڵە گەشە بۆن خۆشەی باخی هونەری کورد ئەو ... ئەو ... ، پەنجەی چەرخی چەپگەڕ هەڵیوەران دەبنوو لە باوەشی خاکا ، کاکە عەلی گیان ، با ئەم چەند دڵۆپە فرمێسکەت بۆ بڕێژم !! ...

ئەم دەردی لاوانەوەیەو شەپۆڕی پاش مردوو ، نەك ئێمەی کورد ، هەندێ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتییەکانیش تووشیان بووە ، دوایی کۆچی دوایی هونەرمەندو بوێژو بلیمەت و پیشەوا کانیان ئەکەونە شیوەن و پیاهەڵوتن هەڵڕشتنی فرمێسکی ئەهەنگی بۆی ، کە ئەم دەردەش تووشی کۆمەڵی دوا کەوتوو ئەبێ ، ( بە زیندوویی ئەیکوژێ ، بە مردوویی ئەیپەرستێ !! ) .

❋ ـ ( پیرەمێرد ) تا لەژیاندا بوو، بەندی ( بەندو باو ) بوو بە کەسەرەوە سەری نایەوە !! .

❋ ـ ( نەجمەدین مەلا ) لەژوورەکەی خۆیدا بە کەساسیو بێکەسی سەری تیاچوو !! پشیلەکانی خۆی چاویان دەرهێنا!!.

❋ ( قانع ) یشاعیری کورد ئاشەوانی کوڵەی کوتا ، مردن لە لیفەشڕەکەی ڕزگاری کرد ، بەڵکوو لە گۆڕیشدا لێفە شڕەکەی لە کوڵ ئەو نەبووەوە .

❋ ( سێوە ) لە نوێنی نەخۆشیدا و لە برسا مرد .

❋ ( حەسەن زیرەك ) وێڵیو سەرگەردانی ، تەمەنی چنیو هەژاریو خاکەساریو خەمباری کوشتی .

ئەمانە تا لە ژیاندا بوون ئەو ڕێزو ئازەیان نەدرایە ، کە شایستەیان بوو ، بەڵام پاش مردنیان خوا حەقە درێغی نەکراوە.

- له زه‌ماوه‌ندو نوسین‌و پیا هه‌ڵدان و ڕێزلێنان که ئه‌م خووخده‌یه له خۆیدا ، خوویه‌کی جوانه به‌ڵام جوان تریش وایه به زیندوویی ئه‌و نازو ڕێزه‌ی بدرێتێ نه‌ك به مردوویی .

- لێره‌دا جێی خۆیه‌تی که بڵێم ( ڕووس ) ئه‌ڵێ
« له ژیانا گوڵێك بکه به یه‌خه‌ی هاوڕێ‌که‌تا له‌وه چاکتره، که گومه‌زێك له سه‌ر گۆڕه‌که‌ی درووست بکه‌یت » .

- ( حه‌سه‌ن زیره‌ك ) به ڕه‌حمه‌ت بێ ، تا مرد ، که‌س به چاکی ناوی نه‌برد ، که مردیش هه‌یهوو ، هه‌ر ده‌سته‌و به ئه‌ژنۆدا ئه‌کێشرێ ، و هه‌ر ئاخه بۆی هه‌ڵ ئه‌کێشرێ به تایبه‌تی لای حه‌سه‌ن دۆستان .

- له سه‌ر ( ئه‌حه‌ی ناسر ) نووسرا به‌جێیه ، که نه‌گوێمان له ده‌نگی بووه و نه به‌رهه‌مێکی بۆ به‌جێ هێشتووین مردووه بۆیه له سه‌ری نووسرا !! ...

- له‌سه‌ر ( ته‌له = طالب مجید ) بۆ ئانوسرێ (1) که گۆرانیی به تام و تۆمارکراوی له ( اذاعه ) ی کوردی به‌غدا هه‌یه .
چونکه زیندووه (2) شه‌رمه له‌سه‌ری بنووسرێ ، که ئێستا له‌سلێمانی ئه‌ژی ، نه‌خۆش‌و پیرو که‌نه‌فت ، پێیه‌کانی به یارمه‌تی گۆچان ، به گیڕی و خواری لاشه‌یان هه‌ڵگرتووه، به‌شه‌قامه‌کانی شاردا ئه‌ڕواو سه‌ری له گوێی قه‌بر ئه‌له‌رزێ، هه‌ژار و بێ ده‌ره‌تان ، که‌سێك نی‌یه ئاوڕی لێ بداته‌وه .

(1) تا ئه‌م نوسینه ... که‌سێك له‌سه‌ر ژیان‌و گوزه‌ران و گۆرانیی ... ( ته‌له‌ی ) نه‌نووسی بوو .. به‌ڵام دوای ئه‌م نووسینه ... ئاوڕی لێ درایه‌و شتی ده‌رباره نووسرا .

(2) ته‌له ناوی ( طالب مجید عثمان ) ه‌سالی ۱۹۱٥ له سلیمانی له‌دایك بووه سالی ۱۹۷۸ کۆچی دوایی کرد ..

ژین ژمـاره ( ٨٩ )
١٢ / ١٠ / ١٩٧٢
عثمان شاربازێڕی

ـ ٢ ـ

ـ حەسەن جەزراوی ـ بە چاوی کوێر و لـەشی ناسـاغو تەمەنی پیری ، کوڕێکی بچکـۆلانەی لەگـەرمەی تەمموز وقرچەی نیـوە ڕوی بەغدادا ، دەستی کێش ئەکاو ئـەیهێنێ بۆ ( اذاعه ) ی کوردی بەغدا بۆ ( فحصی گۆرانیی ) مانگـی بە ( ٢٠ ) بیست دینار ، لە جێیـەکی وەکوو ( بەغداد ) و مانگـی بیست دینار ئەبێ گوزەرانو ژیان چی بێ ؟!

ـ حەسەن جەزراوی هونـەر مەندێکە لە گۆرانییدا کـە زۆر بلیمەت و زانایـە ، خاوەنی ( کاڤوکێ ) یـە کە ( اذاعـە ) ی ئەردەن مۆسیقای ئـەو گۆرانی یەی وەرگرتووە ، ئافرێتێکی گۆرانیی بێژی عەرەب ئەو گۆرانییەی وەر گرتووەو کردویێتی بە ( یابوشـامیه ) .

✻ ( نەسرین شیروان ) ی کـەساس و کلـۆل و هـەژارو لـە ( اذاعە ) بەش براو ، گلـەییش ئەکـەین بۆ ئافرەتمـان نایەتە کۆڕی هـونەر ، یاهونەری کوردی لـە ( عنصـر ) ی ئافرەتدا هـەژارە ، ئەوی حاڵی نەسرین بزانێ تف لـە چارەی هونەر ئەکا (١) .

ـ ئەوەی شیاوە بێڵێم حـاڵو گوزرانی ( گولبـەهار = فاطمه محمد ) بولبولی یادینان لە حـاڵی نەسرین چاکتر نییـە، تەنیـا ئەوەندە هەیە گوڵبەهـار بیست دینـارێك لە ( ئێستگە) وەردەگرێت بـە ( سیفەتی ) ئەندام لـە کۆڕسی کوردیدا و مووچەی تۆمارکردنی گۆرانیش وەرئەگرێ .

- ئەگەر مشوور خۆری هونەری کوردی ئەیەوێ هونەرەکەمان گەشەبکا ، با یارمەتی هونەرمەندانمان بدرێ و مشووری گوزەرانی ئەوان بخورێ ، ئەوسا هونەرەکەمان گەشە ئەکا •
- ( ئەحمەدی زەهرائی ) گۆرانیبێژێکی کوردستانی ئێرانە هاوینی ساڵی ( ١٩٧٠ ) لە پێنجوین یەکترمان ناسی ، گلەیی ئەکرد لە گوێگری کورد ئەیووت ، گۆرانیبیان ئەوێ ، شاباشیان تەنیا ( دەم خۆش ) و ( ئافەرین ) ە • ئافەرین و دەم خۆشی هیچ دادێکی من نادا ، کاتێک لەسەر کانییەکە •••

- ٣ - ژین ژمارە ( ٩٠ )

عثمان شارباژێڕی

١٩ / ١٠ / ١٩٧٢

لە ( ناوشاخان ) ی پێنجوین داوام لێ کرد گوێم لە دەنگی ابێ ووتی ( ژنەکەم و منالێکم لە ماڵەوە برسییانە !، چوار مانگە لە پێنجوینم » یەك مانگیتر بمێنمەوە سواڵ کردن دەستم ماچ دەکا ) !
ناتوانم گۆرانیی بڵێم برسیمە ، خاوەنی سکی برسی گۆرانیی

---

(١) گەمەقسەی ساڵی ١٩٧٢ ئێستا ساڵی ١٩٧٩ ••• ئەوسا ( پاشا ) بوولە چاوئەمرۆدائێستا یەکجار هەژاروپەککەوتەیە • پاش چەند ساڵێکی دوورو درێژ لە گۆرانییووتن و تۆمارکردندا ، کەچی لانەیەکی نییەتیا بحەوێتەوە •
* ئەمە ووتەی ساڵی ١٩٧٢ بوو حاڵی ئێستای گولبەهار زۆر لە بارە •
(١) لەم ژمارەیەدا تەنیا لەژیانی مامۆستاعەلیمەرداندا چەند بڕگەیەکیتری خراوەتەسەر ••• دەستکاری نوسینەکەم نەکردووە •

بۆ ناوترێ و نایزانێ !!

ئەمە حالی هەندێکە لە هونەرمەندەکانمان کە تا لە ژیاندان ( با بە هووچەیە حەلوا یادیان بکەینەوە ، لە سەد فاتیحاو ڕەحمەت چاکترە بە مردوویی بۆیان بچێ ) .

* ( تایەر توفیق ) دەنگێکی خوایی و بە سۆزو قورگێکی ڕەوان و سازی هەیە ، خزمەتێکی زۆرێ هەیە لە گۆرانیی کوردیدا ، سێ ، چوار نەخۆشی بوونە هاودەمی هەمیشەیی ، دەستێکی دلسۆز نییە پەلی بگرێ و بینێرێ بۆ دەرەوەی وولات بۆچار و تیمار .

* ( ڕەسول گەردی ) زیندوو کەرەوەی ( حەیران ) لە بەری چاوی ڕۆشن بکا .

* ئەوەی مەبەستمە لێرەدا لێی بدوێم مامۆستا ( عەلی مەردان ) . بە تەمەنی پیری و بە سالاچوویی هۆشی هونەری لەگەل ( کوێر ) دا بەسەر ئەبا و فێری ( سۆلفێج ) و ( مۆسیقا ) و ( گۆرانیی ) یان ئەکا ... لەم تەمەنەدا تەقەللا لە پێناوی نان و ژیان و گوزەران دریان بەو توانایەی داوە ، چۆریان لەو چاوەیە بڕیوە . کەبتوانێ وەك چەند سالێك لە مەوبەری بەستە دروست بکاو دابهێنێ ، سەرەڕای قۆت و تەگەرەکە ئەفرێتە سەر ڕێی هونەری !! ، ئەو .

مامۆستا لەژیانی هونەری خۆیدا بە چوست و چالاکی پەیامی هونەری خۆی گەیاندووەتە جێ و چەپکە گولی خۆی پێشکەش بە کورد کردووە ، ( ئەللاوەیسی و هیجرانی و ئای ئای و محەیەر چەرکەسی ) و بەستەکانی ( کۆلان بە کۆلان ) و ( ستفاتیمە ) ( کراس کودەری ) و ( گولەباخ ) و سەدانی تر پێی هونەری ( مامۆستا عەلی مەردان ) یان لەسەر لووتکەی هەرە بلندی هونەری گۆرانیی کوردی داناوە ، ئەمڕۆ

لاچوون و جولانی ، نی یه لیرەدا چەند ڕیزو ستایش پیشکەش بکەم بە مامۆستا عەلی مەردان هەر کەمە چونکە یەکەم کەسە لە کوردا ، کە مەقامە کوردی یەکانی بە ڕاستی و و تۆمار کردبی ٠

ڕیکی و شیوەی کوردی و دەستووری مۆسیقازانی ووتبی

- مامۆستا چاوگ و چاوەی مەقامی کوردی یە پاش سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ئەو گۆرانیی و مەقامی کوردی ژیاندووەتەوە گۆرانیی یەکانی لە قوڕگێکی خاوینی کوردی یەوە هاتووەتە دەر ، لکەو مۆرکی بیگانەی یان پیوەنی یە ٠

پیویستە تا عەلی مەردان لە ژیان دایە ، کەڵکی لێ وەربگیری مەقامە ڕەسەنە ( قمت ) یکانمان بە یارمەتی ئەو پەیژەی مۆسیقایان بۆ دابنری ٠ و ( لقه ) مەقامەکانیشمان ، ( چۆنیتی پیکهاتن و دەستپیکردن و چۆن ووتن ) یان دیاردی بکری و بە پێی توانا ( نۆتە ) یان بۆ دابنری ، چونکە ئەگەر گۆرانیی و بەستەی خۆش و خاوینی کوردەواری مان هوی لە خودی ئەو مەقامانە درووست ئەکرین ٠

لەکوتایی دا نزای تەمەن دژیری بۆ مامۆستا عەلی مەردان ئەکەم ، جا بۆ ئەوەی نەبیتە دروی پاش مردوو یە پیویستم زانی ٠

تا لە ژیاندایە کورتەیەك لە ژیانی بنووسم بەڵکوو ( خۆ ) یشی لەمن چاکتری ئەزانی و ماوە ، ژیانی هونەری بە دریژی بنووسی ٠

* [ حەسەن زیرەك ] بە ڕەحمەت بێ جگەر گۆشەی ( بەستە ) ی کوردی بوو ، کە مرد ریزی زانرا ، ( عەلی مەردان ) باوکی ( مەقام ) ی کوردی یە تا ماوە ڕیزی ئەگرم ٠

# عەلی مەردان (١٩٠٤)

* عەلی کوڕی ( عبدالقادر ) کوڕی ( وەسمان ) کوڕی ( حەمەگوڵ ) ە .

* باوکی خەڵکی ( کانیسارد ) ی شارباژێرە وەك خۆی ئەڵێ باخێکمان هەیە لەوێ بە ناوی باپیرە گەورەمەوە بە ناوی ( باخی گوڵان ) یاچەمی ( حەمەگوڵ ) !.

* لە مانگی ( شوبات ) ی ساڵی ١٩٠٤ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە .

* دایکی لە خێڵی زەنگەنەیە .

* لە تەمەنی نۆساڵاندا چووەتە بەر خوێندن لە تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی لە کەرکووك لای(مەلاسالح)ی شوانی دەرسی ئایینی خوێندووە .

* پێنج ساڵ لە حوجرەدا خوێندوویەتی لە فەقێکانی هاوڕێیەوە وەکوو ( مەلامحمد ) و ( ئەوڕەحمانی جەباری) ( حەمە عەلی داودی )یەوە زۆر گۆرانیی لەوانەوە فێر بووە .

* باوکی مردووە خاڵی بە خێوی کردووە .

* لە گۆرانییدا دڵگری ( خدری بارام چاوەش ) بووەو زۆر حەزی بە دەنگی کردووە لەوەوە فێری ئەڵاوەیسی ، خورشیدی ، ئای ئای ، و خاوکەرو هۆرەو قەتار ، بووە ) .

* لە باقوبە لای ( مورتەزا خانی ئەسفەهانی ) فێری مەقامە فارسیەکان بووە .

* مەقامی ( نەوا ) ی بە فارسی تۆمار کردووە .

* مەقامی ( قوریاتی تورکی ) تۆمار کردووە لەگەڵ ( نەچەئاغلەر ).

* لە ٢٩ / کانوونی دووەم / ی ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ یەکەمجار کردنەوەی ئێستگەی کوردی لە عێراقدا .. یەکەم گۆرانیی بێژ ئەوە کە چووەتە ئێستگەی کوردی بەغداد .

* یەکەمین گۆرانیی کە تۆمارکردووە مەقامی ( ئای ئای ) یە بە شێوەی باجەلانی ، کە لەوکاتەدا مەئموورمەخزەن بووە لە ئەشغالی بەعقووبە .

* لە ئێستگەی لوبنان مەقامی ( عەجەمی ) بە شیعری عومەر خەیامەوە خوێندووە .

* لەئێستگەی شام ( ئەڵڵاوەیسی ) ووتووە .

* لەئێستگەی کرماشان لە ئێران مەقامی ( هومایۆن ) ( چوارگا ) ( شوور ) ( بەیات ) و بەستەی ( گوڵەباخ ) و ( گیانە بەسیەتی ) تۆمار کردووە .

* بە زمانی عەرەبی گۆرانیی تۆمارکردووە ، چ مەقام وەکوو ( محب غادر ) و مەقامی موخالف ( شربنا علی زهر الربیع ) و ( أبوذیه ) – ( حبیبي لا تصدمني ) .

* لە ئێستگەی کوردی ئێران مەقام و گۆرانییەکانی ماوەی ( سەعات و نیوێکە ) و چوارهەزار تمەنیان داوەتێ لەمان ( مەقامی چوارگای تورکی ، مان الله ، راست خاناباد ، چوارگا ، هومایۆن و لەگەڵ بەستەکانیان .

* لەو سەردانەیدا بۆ ئێران ( حەسەن زیرەك ) ی رەحمەتی زۆر یارمەتی دەری بووە زۆر خزمەتی کردووە و رێزی زۆری گرتووەو حەسەن زیرەك ئەڵێ :

« ساڵە های ساڵ مامۆستا عەلی مەردان لەوەتی ( سەورە ) بووە: ( شۆرشی چواردەی تەمموز ١٩٥٨ ) هەموو ساڵێك جارێك سەری ئەدام لە ئێراندا ، مەمنونیم ، نۆکەریم ، خزمەتچیم » .

عەلی مەردان بەرزە ، زۆر بەرزە ، کورد قەدری نازانێ ! ئەمن

قۆندەرەکانی ئەخەمە سەرچاوم ! [1] .

* مامۆستا عەلی مەردان دەربارەی حەسەن زیرك ئەلێ .

« حەسەن چاومە ... حەسەن گیانمە ، خۆشەویستمە ، ئەوەندەی ئەو ڕێزی گرتووم کەم هونەرمەندی کورد بووە وایبووە ... کە چوومە ئێران .. خۆی و میدیای زەندی ژنی .. خزمەتێکیان کردووم بێ وێنە .. ( حەسەن منی بردە ماڵی خۆی و نەیهێشت لە ئوتێل بم .. ) .. لە وێنەی حەسەن دەگمەن هەڵکەوێ ! .

* کۆڕێکی هونەری لە ئێراندا گێڕراوە دەربارەی ( مەقامات ) مامۆستا عەلی مەردان بەشداری تێدا کردووە سەبارەت بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی لێیان کردووە ، سەعاتێکیان بە دیاری بۆ ناردووە بۆ بەغدا و ( کاس ) ێکیان بەخەڵات داوەتێ .

* مامۆستا عەلی مەردان ساڵی ١٩٧٤ .
کار کەنار کراوە و لە بەغدا دائەنیشێ .

* چوار کوڕو چوارکچی هەیە .

* دوا گۆرانیی کە بۆئیستگەی کوردی بەغداد تۆمارکردێ ساڵی ( ١٩٧٢ ) بووە بەڵام لە کۆڕێکی ئاهەنگی ئێستکەدا لە ناوەندی ساڵی ١٩٧٥ کە ( عیسا بەرواری ) پێکی هێنا و منیش تیایا بە شدار بووم مامۆستا عەلی مەردان گۆرانیی ( کۆڵان بە کۆڵان ) ی ووت و تۆمارکرا ... وە ئەوە دائەنرێ بە دوا گۆرانیی ئەو لەئێستگەدا ..

(١) بۆ عەلی مەردان ئەگریم ئەوەندەی ( داوود پێغەمبەر ) دەنکی خوشەو چەپلە لێدەرێکی نیە ( حەسەن زیرەك ) ژین ژمارە ( ٧٩ ) ٣ / ٨ / ١٩٧٢ ئازارەکانی حەسەن : نوسینی محمدحمەباقی .

* مامۆستا عەلی مەردان هۆنراوەی زوربەی شـــاعیرانی کۆن و نوێی کوردی کردووە بـە گۆرانیی نالی ، وەفایی ، ئەثیری پیرەمێرد ، بێکەس ، گـۆران ، هـەردی ، تایەربەگی جـاف، ئەخۆل ، مەولەوی سەیدفەتاحی جەباری •

* ئەو مەقامانەی مامۆستا عەلی‌مەردان تۆماری کردوون ئەمانەن •

( ئای ئای ، ئەڵلاوەیسی ، بەیاتی‌کورد ، بەیاتی تورك ، ئورفە، ئەوج ، پێنجگا ، نەوا ، قـەتار ، خاوکـــەر ، خورشــیدی خەمەنگێز ، بەیات ، هیجـران ، مەدمی ( خوێنین ) مالـیـەڵلا ، ئەبوعەتا ، هۆرەی‌دەروێشی حجازدیوان ، حجــاز حجازغەریب، حجازیك راست ، ئەوشار ، شوور ، شووشتەر ، سێـــگا ، ماهوور ، سەبا ، مەنسووری دەشت ، حسەینی ، مخالف ، هوزام، هومایون ، موحەیەرچـەرکەسی ، ڕەش‌بەســت ، نەهـاوەند حجازکار ، حەیران قەزاز ، مەسنەوی ، حیجازمەسنەوی •

## لـەبیرەوەری سالێــکی حەسەن
## ( زیرەك ) دا

* ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەری کوردی‌مان کوژایەوە ![(١)]

* ئەو هــونەرمەندە بــە سەدان ئاوازی فۆلکلۆری لــە فەوتان رزگار کــرد و ابوژانی‌یەوە ، بە سەدان گۆرانیی بە سۆزی بــۆ تۆمار کردین •

* تا لەژیانا بوو بۆ ئەو هونەرمەندە بەهرەدارە ئەوەی شایستەی بوو بۆی نەکــرا ، بەڵکــوبە پێچەوانــەوە ئەوەی بەو کــرا •••• کــرا ! •

* لە ابائی شاباش و ئافەرینی ئە و زیرەکەی بۆ هونەر ئەژیا تانووت و نوقورچ و ئازاردانی بوو •

* بەندیخانــە ، سزا ، گاڵتــە پێکــردن ، بێــکاری ، ســـەر

گەردانی ، هەزاری هیچان نەیان توانی کۆل بە زیرەك بدەن و واز لە هونەر بهێنێ •

زین ژمارە ــ ١١٧ ــ ٥ / ٧ / ١٩٧٣

فائق عمر توفیق

* ( حەسەن زیرەك ) نەمردووە ، هەزارەها سالی‌تر چریکەی دێ لە دەروونی هەزارەها کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان •

( عەزیز کافرۆشی ) زین ژمارە ( ٨٢ ) ــ ٢٤ / ٨ / ١٩٧٢

( گولێکی کۆڕی هونەر )
هەلـوەری
هاوکاری ١٣٤
١٦ / ٩ / ١٩٧٢
حەیدەر نانەکەلی

* ( چەند هونەرە مرۆڤێکی نەخوێندەوار و نەزان بتوانێت ئەو ئاوازە رێك و بەجەرگانە دابنێ کە کامە مۆسیقاژەنی بەرزە رێی پێ نەبا ؟[1] •

مرۆڤ ••• بە خۆ خەریك کردن‌و فێر بوون و کردو کۆشش ئەتوانێ ببێ بە هونەرمەند بەلاَم ناتوانێ ببێ بە بەهرەمەند ••

( بەهرە ) ووزەیەکی شاراوەی گیانیی و خواپێداوی یە لە مێشك و پەنجەی مرۆڤدا ، بە هەلکەوتووەکان کەوتووە•••

سەبارەت بەمەیە کامە مۆسیقازانێکی هونەرمەندمانە تا ئەمرۆ نەگەیشتوونەتە پلەی ( زیرەك ) لە دانانی ئەو ئاواز و گورانیانە یانەدا •• کە زیرك گەیشتووێتی و چووتە ناخی دلی

(١) حەسەن بەر لەوەی هونەرمەند بێ ، بەهرەمەند بوو •

کوردو کوردەوازی‌یەوە •زوربەی زۆری کورد تامەزرۆی هەموو گورانیەکانی (زیرەك) ە •• کەئەمە نموونەی بەهرەمەندی•• و هەلکەووتوویی ــ (حەسەن زیرەك) ە ــ عثمان‌شاربازێری•
لەگەل ئەوەشا کە توانیویێتی هەلبەستی جوانیشی بۆ گۆرانییەکانی خۆی دابنێ •

* (حەسەن زیرەك) هونەرمەندی فۆلکلۆری راستەقینەیە •
* (حەسەن زیرەك) شایەنی ئەوەیە کە پلەی هونەرمەندی پێ بدرێ !! (١)

پەیکەری هونەریشی بۆ درووست بکرێ ، تا هەمیشە ببێتە مایەی شانازیمان و خاوەنی راستەقینەی ئاوازو گۆرانیی کوردیمان •

هاوکاری ٢٥٤ ــ ١٤ / ٢ / ١٩٧٥
سابیرڕەشید

ئەو دەنگەی
نامرێ

* منیش هەر وەك کەسانی‌تر دەنگی زولالی حەسەن زیرەك کاری تێ کردووم •
* هەموو ئێواران کاتێ سەر لە نووسین هەل ئەگرم‌و دەست ئەکەم بە پشوودان ، گۆرانییەکانی خۆیان ئەکەن بە مایکرۆفۆنی گوێم و ئەلەرێنەوە و مێشکم زاخاو ئەدەنەوە و دلم ئارام ئەبێتەوە !!

جارجارەش خەریك ئەبم ئەکەومە جم‌وجوول‌و چەپلە لێدان‌و هەلپەرین و لاسایی کردنەوەی •

---

(١) لەمەوبەر (هونەرمەند و بەهرەمەند) مان باس کرد حەسەن زیرەك نەك هونەرمەند بەلکوو هونەرمەندێکی زۆر مەزنی گۆرانیی کوردی‌یە ! •

* تا ئەهات ( حەسەن زیرەك ) ئەهاتە خەیاڵمو ، ئەی ووت باوکت دەنگەکەشم لێ ئەمرێنێ بۆ قینی لە من ئەیبیستمەوە ؟!
چاکە بۆ خۆم مردم و نەکەوتمە ژێر دەستی یەکێکی وەك باوکت !

ـ نەخێر ـ ( حەسەن زیرەك ) نەمرە ، گەرچی ( خوشی ) مردووە بەلام دەنگەکەی هەر ئەمێنێ ، نامرێ ، نەء ، نامرێ ! •

( گۆرانییەکانی زیرەك )

ـ هیوا عمر احمد
ـ حەسەن زیرەك
ل ۲۹ ـ ۱۹۷٦

* « ئەوەی بە دوای فەرهەنگێکی گۆرانیی فۆلکلۆریو پیشانگەیەکی هۆنراوەی هەڵبژاردەی تەڕوبرا ئەگەڕێ ، گەشتێ بکا بە ناو گۆرانییەکانی زیرەکا » •

* دکتۆر مفتی زادە ئەڵێ [ کاك زیرەك ] تا ئێستا نزیکەی هەزار گۆرانیی و بەستەی لە رادیۆی کوردی عێراق و ئێران تۆمارکردووە ] و ( مەحموود زامدار ) لە ژمارەی (۲۳۱)ی هاوکاری ساڵی ۱۹۷٤ دا ژمارەی گۆرانییەکانی بە نزیکەی ( ۱۵۰۰ ) گۆرانیی داناوە ! !

بە هەر جۆرێك بێ هونەری گورانیی بێژی زیرەك هێندە پەسند کراوە ، وپێشوازی لێ کراوە کە هەموو لایەك هەموو ماڵێکی گرتووەتەوە ، لەبەر ئەمە بە ڕای من

ژمارەیەك بووتری بۆ گۆرانییەکانی لە ڕاستییەوە دووره (٦) •

* ڕووناکی مۆمێك شاردنەوەی گرانە ، چ جادەنگـە زولاڵەکەی ( زیرەك ) کـەتیشکی ڕووناکی خۆرێکی ڕەسەن بوو •
ل ١٢ ـ حەسەن زیرەك : هیوا عمر احمـد •

* حەسەن بووە سۆمای چاوی هەموو کوردێ ، هونەر و دەنگـە بە سۆزەکـەی بووەتە هـەوێنی ئاهەنگەکانی ـخەڵکـی •
ل ١٣ ـ حەسەن زیرەك هیوا عمر احمد ١٩٧٦ •

* ( بەخشنییێکی دانسقەی پەروەردگار لـە ( زیرەك ) دا ڕەنـگ ئەداتەوە ، ئەویش بەهرەی دەنگ خۆشی ، هۆنەری و هەست ڤاسکی و ئاوازی سازییە ) ل ٢٦ ـ حەسەن زیرەك ـ هیـوا عمـر احمـد ١٩٧٦ •

تا سەر ژمێرێکی گشتی گۆرانییەکانی نەکرێ ••• بە تەواوی ژمارەی گۆرانییەکانی تا ئەمرۆ بـە ڕاستی نازانرێ چەندە • ( عثمان ) تەنیا لە مەکتەبەی ئێستگەی کوردی بەغداد ( ٥٦ ) گۆرانیی وتووە و هـەیەتی تا لە عێراقـدا بووە •• هـەتا تەمموزی ١٩٥٨ ـ ئایا ئەبێ لـە ئێستگە کانی ئێران [ ٩٤٤ ] گۆرانیی تۆمارکراوی هەبێ بە پێی قسەی •

---

بەڵێ ئەمەش ڕای منـە •• چونکـە سالی ( ١٩٦٦ ) دکتـۆر محمد صدیقی موفتی زادە ، لە چریکـەی کوردستان دا ئەڵێ ( کاك زیرەك ) ٥ هەزار گۆرانیی هەیەو سالی ( ١٩٧٣ ) محمد ئەمین ابراگەورەی زیرەك ئەڵێ ( ١٠٠٩ ) گۆرانیی هـەیە • • واتە لە سـالی ( ١٩٦٦ تا ١٩٧٢ ) حەسەن زیرەك لەو شـەش ساڵەدا ٤ گۆرانیی وتووە !! کاك حەحمـوود زامداریش ••• ئەڵێ ( ١٥٠٠ )، گۆرانیی هەیە ••

( تروسکایی‌یەك لە ژیانی حەسەن زیرەك )

* بە ڕاستی ( زیرەك ) شۆڕە سوارێکی کارامەو بەجەرگ و کۆڵ نەدەر بوو ، چ لە ڕووی دەربردنی ژیانەوەو چ لە ڕووی هەوڵدان و تێکۆشان لە هونەری گۆرانیی کوردی‌دا .

ل ٤ تروسکایی‌یەك لە ژیانی حەسەن زیرەك نەوزادمحەمەد

* زیرەك هەرچەندە لە سەرەتادا بە چەند کردەوەیەکی ناشیرینی !! کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا هیچ لە ڕێزی کەم‌ناکاتەوە (١).

ل ٥ تروسکالی‌یەك لە ژیانی حەسەن زیرەك

نەوزاد محەمەد ـ ١٩٧٧ ـ

* لە ناو کۆمەڵدا بووە بە چڵە پۆپەی گەشی‌ی گۆرانیی و کاریگەرێکی ئەو تۆی کردووەتە سەر گۆرانیی کوردی کە هەتا هەتایە شەقڵی ئەو کاریگەری‌یەی هەر پێوە دە مێنێ .

ل ٥ ـ تروسکایی‌یەك لە ژیانی ... نەوزدا محەمەد

( حەسەن زیرەك ) ی بلیمەت

شێرزاد عبد الرحمن .

ئەو مرۆڤە ساکارە چی‌گۆڕی ؟

* لەماوەی ژیانی پڕ ئەشکەنجەی خۆی‌دا توانی بێشکەیەك بۆ گۆرانیی‌کوردی درووست بکا . ل ٤ ..

* کتێبخانەی گۆرانیی کوردی دەولەمەند کرد . ل ٥ .

* بە داهێنانەکانی خۆی لە پاڵ ئەوەی کە مرۆڤێکی نەخوێندەوار

(١) دکتور محمد صدیقی موفتی زادە ؟! یاخود بە پێی ووتەی حەمەد ئەمینی برای ( ٩٥٣ ) گۆرانیی تۆمارکراوی هەبێ لە ئیستگە کانی ئێران ... یاخود ( ١٤٤٤ ) گۆرانیی تۆمارکراوی هەبێ بە پێی بۆ چوونی کاك مەحمود زامدار .

ـ عثمان ـ

بوو شەپۆلی گۆرانیی کوردی بگۆڕیت ! • ل ٥ •

* ( حەسەن زیرەك ) بە ( لوتکە ) ی گۆرانیی کوردی ناوزەد ئەکرێ وە هەتا سەر بە لوتکەی گۆرانیی کوردی ئە مێنێتـەوە •

ل ٦ ( حەسەن زیرەك ) ە بلیمەت

* ( حەسەن زیرەك ) لـە جیاتی ئەوەی مەدالیای بە سنگـەوە ، بکرێ ، خۆی لـە خۆیدا مەدالیایە وە مەدالیاکەی تەنهـا مەدالیای هونەرمەندێکی ئاسایی نییە • بەڵکوو مەدالیـای هونەری میللەتێکە ـ حەسەن زیرەکی بلیمەت •

شێرزاد عبد الرحمن ( ١٩٧٨ ) •

* ( حەسەن زیرەك ) یەکێکـە لـە بەسـتە بێژە نایابەکانـی کوردەواری • ( صالح دیلان ) •

ل ٤ ـ حەسەن زیرەك ـ هیوا عمر احمد

( حەسەن زیرەك ) ی مامۆستاو قوتابخانە

مەحموود زامدار ) هاوکاری ژ ٢٣١

٢٣ / ٨ / ١٩٧٤

* کە لـە ناو کورددا ناوی ( حەسەن زیرەك ) دەهێنرێ ( هەموو شتێك ئەکەوێتە پێـکەنین و خـۆشی و چڕانو خەمێـکی شیرینو ئاوارە •

ـ ملیۆنەها کوردی دڵتـەڕو جوانی خواز و ( ئافرەت پەرسـت و کوردستان و یست ) لەگەڵ دەنگە زولاڵەکەی ئەم هونەرمەندە بلیمەتەدا ئەلاوێن و ئەگرۆزێنەوە •

* هەرچەندە پەیدابوونی ( حەسەن زیرەك ) لەم ساڵانەی دواییدا کـە گۆرانییو سازو ئاوازی کوردی تێدا کەوتبووە گێژەنێکی ترسناك و ڕۆچوونێکی سەیر • خۆی لە خـۆیدا دیاردەیەکی هونەری بوو •• ئەوەندەیش بوو بە مایەی ( کۆدەتا ) یەکـی مەزن و ( کۆدەتا ) یەکی مەزن و خێر بەخش •

* له نێو ئێمەی کلۆڵدا ، کەتا ( حەسەن زیرەك ) یێك سەر هەڵئەدا دەیان ( حەسەن زیرەك ) سەر ئەبێتەوە ... لەباتی ئەوەی رۆژی مەرگی زیرەکی مامۆستا بکرێ بە ( ڕۆژی هونەری کورد ) و لە جیاتی ئەوەی هەموو ســـاڵی یادێکی تاڵی ئەم بلیمەتـــە بکەینەوە . دێین هەزار ناو و ناتۆرە و ڕای گۆج و گـەوج و شاخداریشی بۆ هەڵ ئەبەستین و لــە گۆڕیشا هەر وازی لــێ ناهێنـــین .

ل ٥ هاوکاری ژمارە ( ٢٣١ ) ١٩٧٤/٨/٢٣
( مەحموود زامدار )

سەرچاوەکان .

١ ـ شریتی گۆرانییەکانی ـ هی ئێستـــگە کوردی‌یەکان و هی ئاهەنگی تایبـــەتی .

٢ ـ گفتو گۆیەکی تۆمارکراو بە دەنگی خۆی لەگەڵ ( ابو صباح )و

٣ ـ گفتو گۆیەکی ئێستگە لەگەڵ ( حسین ) و ( حەمەد ئەمینی ) برای حەسەن زیرەکدا .

٤ ـ گفتوگۆیەکی ئێستگە لە گەڵ ( میدیای زەندی ) و ( ساکارو ئارەزوو ) دا .

٥ ـ چریکەی کوردستان . کۆکردنەوەی ( حەسەن زیرەك ) ساڵی ١٩٦٦ لە تاران چاپی کردووە و ژیانی خـۆی بە هـۆنراوە و شانزە گۆرانیی خۆی تیایە .

ب


١٤٨ ئەرێ یێنە
١٥٥ ئامینێ گیان (١)
١٥٦ ئامینێ گیان (٢)
١٥٧ ئامینێ گیان (٣)
١٦٥ ئامینێ چاوی تۆ
١٨٥ ئەرێ ناز
٢٢٨ ئەی بەناز
٢٣٠ ئامینێم سوورەگوڵ
٢٣١ ئەی وەی لەرزانە
٢٥٨ ئەسمەرێ دولبەرێ هاجەرێ
٢٦٢ ئەی یار ئەی یار
٢٨٣ ئەی وەی بارانە
٢٩١ ئەرێ ئەی دە بلێ
٢٩٨ ئەی پەری
٣٣١ ئامینێ ئەورۆ ئەورۆ
٣٤٣ ئەی لە مینا
٣٤٦ ئەی گوڵی من
٣٦٧ ئەرێ هۆ لەیلێ
٣٧١ ئامینێو ئامین
٣٧٣ ئەی وەی لە گوڵ
٣٨٨ ئەسمەرێ دولبـــــەرێ گوارەکانت
٣٩٨ ئەمان
٤١٨ ئەی لە لەنجەبە
٤٤١ ئەسمەر یارم جوانە
٤٥١ ئای شێ ئای شل

١٦١ بووك زێنێ
١٨٦ بۆم بلێ نەرمە نەرمە
١٨٧ بۆم بلێ تۆزە تۆزە
١٨٨ بۆم بلێ
٢٠ بووك مریەم
٢٠٩ بۆ منت ناوێ ؟
٢١٩ بەزمە
٢٢٦ بەناز ، بەناز ، بەنازی
٢٦١ باغی نازەنینی
٢٧٨ باران بارانە ١
٢٩٠ بەتەوریات
٢٩٦ باران بارانە ٢
٣٠٢ بەردە
٣٠٦ بۆی دێنم
٣٠٨ بۆت مردم ناسکە جوانی
٣٥٢ باغی زەمبیل
٣٥٤ بەهار هاتەوە
٣٨٣ بە دیناری
٣٨٥ بە لەرزانە ١
٤١٦ بە لەرزانە ٢
٥٤٦ باوابێ
٥٥١ باخەوان گیان خۆم غەریبم


پ ــ ج ــ چ


١٩٦ پۆلێ جوانێ مایرۆ
٢٦٦ پێ بکەنە با بتبینم ١
٤١٢ پێ بکەنە با بتبینم ٢

٤٨٤ ئامینێ تاقانه
٤٩٨ ئایشیلێ ناسکه جوانێ
٥٠٤ ئامینێم سووره‌گوڵ ٢
٥٢٥ ئۆخه‌ی ئۆخه‌ی له‌وبالآیه
٤٤٥ جوانی لای بانه
١٤٥ چاوت جوانه‌ له‌یلا
١٨٢ چه‌خماخ لێده
١٨٣ چارۆگه هه‌ولێری‌یه ١
١٨٤ چارۆگه هه‌ولێری‌یه ٢
٢٣٥ چارۆگه‌و چارۆکێ ١
٢٣٧ چارۆگه‌و چارۆکێ ٢
٢٣٨ چارۆگه‌و چارۆکێ ٣
٢٣٩ چارۆگه‌و چارۆکێ ٤
٢٧٨ چاو جوان یه‌قوربانت ١
٣٤١ چاو جوان به‌قوربانت ٢
٣٧٩ چاو ڕه‌ش تۆ مه‌ڕۆ
٤٩١ چی بکه‌م نیمه چاره

د

١٤٦ ده تێی‌که
١٦٣ ده‌سماڵ حه‌ریر
٨٩ ده‌چمه سه‌ر ناڵه‌شکێنه
٢١١ ده‌نا لێی‌ده به‌رهه‌ڵێنه
٢١٢ ده‌نا لێی‌ده به‌ر هه‌ڵبێنه
٢٣٢ دڵه‌که‌ی وه‌رگرتم
٢٥٢ ده‌نگی‌یار نایه
٢٧٠ دووگمه‌ت داخه
٣١٢ ده‌نگ دێ له به‌رمووره‌که‌ی
٥١٨ په‌رچه‌م خه‌یاته
٢٢٢ جه‌لسه
٣٣٦ جه‌میله
٣٨٧ جوانی جوانی
٤٧٨ هه‌واره بڵێ هه‌واره
٤٨١ هه‌تیو مه‌که
٢٤٨ هه‌ر تۆم ده‌وێ تۆ ١
٥١٣ هه‌ر تۆم ده‌وێ تۆ ٢
٥٤٠ هه‌لامه

و ، ز ، ژ ، ح

١٣٧ زاوا له بوکێ مه‌ده
٥٣٨ زارا
١٤٢ وه‌ك قومری
١٤٣ وه‌ك قومری
١٥٤ وا مه‌که ١
٢٦٨ وامه‌که ٢
١٧٢ وه‌ره قوربان ١
١٧٩ وه‌ی له‌من‌و وای له کێ
٣٢٠ وه‌ره قوربان ٢
٣٢٨ وه‌ره مریه‌م
٥٦٠ وه‌ره وه‌ره به‌ریه‌نجه‌ره

ی ، ك

١٣٩ که‌ژو که‌ژاڵێ
١٥٨ کیژان ده‌چنه
١٧٦ کراس ڕه‌شێ ١
١٧٧ کراس ڕه‌شێ ٢

٣١٦ داینێ تۆ داینێ
٣٣٩ دەوەرە گوڵم
٣٧٥ دەنگ دێ لە شیلانەکەی
٣٩٤ دانە دانە
٤٦١ دەلێدە تەپڵی شادمانی
٣٨١ داوەت ١
٤٦٨ داوەت ٢
٤٨٦ دەردت لە من ڕەش ئەسمەر
٥٢٩ دینێ مەڕۆ دینێ
٥٣٢ دێوانە بووم
٥٤٩ دەنگ دێ لە شیلانەکەی ٢
٥٦٢ دینێ مەڕۆ دینێ

١٩٧ هەم نارنجو هەم بێیە
١٩٨ هەم نارنجو هەم بێیە
٢٤١ هەوری لار
٢٥٣ هەی نار ١
٢٥٤ هەی نار ٢
٢٥٧ هەوری لە کۆڵ
٢٥٩ هۆ لەیلی
٢٨١ هەی هێران خۆشە گەرمێن
٢٨٧ هەی ئێران و هەی عیراق
٣٢٩ هاتەوە
٣٣٨ هۆ لەیلو لەیلو لەیلانە
٣٦٩ هۆ نازەنین
٢٨٨ هەی نیزام ـ ١ ـ

٢١٣ کەتانەو کەتانە
٢١٥ کەتانەو کەتانە
٢٢٩ کیژە مەڕۆ جوانی ١
٢٦٤ کراس ڕەشێ ٣
٢٩٣ کاروانە
٣٠٣ کۆڵوانە سوور
٣١٨ کانیو سەرکانی
٣٣٠ کەویار
٣٤٩ کاکی جووتیار
٤٠٢ کوێستانان
٤٠٠ کیژی کوردستان زەین
٤٢٠ کرماشان
١٤٩ یار ، یار ، یار
٢٤٧ یارەبی چی بوو ؟
٢٩٧ یارەکەم نازدارەکەم
٤٢٨ کاوەی دلێر
٤٤٧ کیژێ مەڕۆ جوانی ٢
٥١٥ یار ئەمان
٥٤٤ کەو مل
٥٥٧ کاروانە هەی کاروانە
٣٥٥ یا عەبابەیلێ

گ ، ل ، م

٤٩٥ لای لای سوورە گول ٣
١٨٩ لای لای سوورە گول ١
١٨٩ لای لای سورە گول ٢
١٧٠ لادە
٥٣٤ لانەو لانتکەم

٤٣٥ هەی نیزام ــ ٢ ــ
٤٦٢ هەی نار ــ ٣ ــ
٢٠٧ لەبەر بیری دانەمەڕی
٢٢٣ لەپێیدا
٢٣٤ لەنێو سابــلاخدا
( هەی لەیلی)
٢٤٤ لالەبەدەستان ١
٤٦٦ لالەبەدەستان ٢
٢٤٩ لۆرکێ ١
٤٤٣ لۆرکێ ٢
٢٥١ لەوکەلە
٥٠٩ لەنگەر
٢٦٧ لای لایــە
٢٩٥ لێم زیزە بێ وەفا
٤٣٣ لایە لایەت بۆ ئەکەم ٢
١٩٥ مریەم بۆکانی ١
٢٠٢ مەناڵە بولبول
٣٠٥ مریەم بۆکانی ٢
٣٢٦ مەلەرز
٥١٢ مەستم مەستم
٢٥٦ گەوهەرێ ١ ، ٢
٢٨٥ گەر دەرم کەی
٤٠٠ گەردو گەردانە
٤٢٦ گەردەو گەردە
٤٧١ گەشت بە گۆرانییەکانــی خۆیدا

٤٧٤ لانکۆلێ
٢٠٤ لایە لایەت بۆ دەکەم ١
٣٦٩ ساقی
٢٦٥ فاتمۆکــێ
٤١١ سەوزە
٤٥٣ سیلەی قەیران
٢٥٦ سەبری ٢
٤٨٩ سەبری ٣
٥٣٠ سێوە لاسوورە
٢٤٦ عەمرەکەم چاوەکەم
٤٥٩ عەمرەکەم فاتم

ق ، ڕ ،
١١٣ ڕۆییو بەجێی هێشتم
٢٤٠ ڕەزییە
٤٢٣ ڕێبوارو ڕێبوار
٤٩٣ ڕاستی ڕاستی
٢٠١ قاسپە قاسپی کەو ١
٢٧٢ قەت نەمری یاری ..
٣٢٣ قاسپەی کەو ٢
٤٨٣ قەڵای هەولێر
ش ، ت ،
٨٤ توخوا پاش مردنم
٢١٨ تۆبە تۆبە ١
٥٢١ تۆبە تۆبە ٢
١٩٣ شەو
٣٠١ شلێرە

١٦٧ نامدوێنی ١
١٦٩ نامدوێنی ٢
١٧٣ نەسیحەت بێ بۆ دڵداران
١٧٣ نەسیحەت بێ بۆ دڵداران
١٧٩ نازانم لە کێ پرسم
١٨١ نازانم لە کێ پرسم
٢٠٨ نازدارو نازدار ١
٢١٥ نەمام نەمامە ١
٢١٥ نەمام نەمامە ٢
٢١٧ نەمام نەمامە ٣
٣١٠ نازدارو نازدار ٢
٣٤٣ نەسرە
٣٤٤ ناکەم ناکەم
٤٢٩ نییە لە ماڵ
٤٤٩ نامدوێنی ٣
٥٢٣ نەمدیوەو نەمدیوە

س، ع، ف

٣٢١ سەوزەڵێ
٣٢٧ سۆیبەی باڵا بەرز
٣٥١ سەبری ١
٣٦٦ سابلاخ
٣٢٢ شوفێر
٣٢٤ شۆڕێ شۆڕێ
٣٢٥ شاییە دەگەڕێ
٣٤٠ شەدەلار
٣٩٢ شۆڕێ
٤٠٤ شیرینێو شیرینێو شەمامە
٤٠٥ شەمامەو شلێرە
٤٣١ شەوێکی یادگاری
٤٧٠ شاییە دەگەڕێ ٢
٥٤٨ شیرین گیان

خ

١٥٠ خەمخۆرو خوێن شیرینم
١٧٤ خونچەی دڵەکەی من
١٢٢ خونچەی دڵەکەم
١٩٤ خاسێ تۆ خانمی
١٩١ خۆم بە خولامی
٢٢٠ خانمی مەزەدار
٢٢١ خان باجی
٢٨٦ خەنەبەندان
٤٧٦ خۆم لێدەی خۆت لێدەم
٥٠٠ خەمخۆرو خوێن شیرینم ٢